ئۆشۆ

کتێبی پیاو

و. لە ئینگلیزییەوە/ بەرهەم ناودەشتی

چاپی یەکەم
2013

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
زنجیرە: (432)

ناسنامەی کتێب

کتێبی پیاو

- ناوی نووسەر: ئۆشۆ
- ناوی وەرگێڕ: بەرهەم ناودەشتی
- نەخشەسازیی و بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: 2013
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: 1000 دانە

ناونیشان: سلێمانی ــ بازاڕی سلێمانی ــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.
ژمارەی مۆبایل: (07701574293) (07501191847)

پێڕست

بەشی یەکەم 5
ئادەم 5
قوربانی 24
سەرکۆنەکردن چییە؟ 29
کۆیلە 36
کوڕ 44
چۆن دایکم خۆش بوێت؟ 50
ڕۆژهەڵات 53
ئاژەڵ 64
ئالودەبووی سێکس 73
ڕاهیب 89
بۆچی ئایینەکان لە ڕابردوودا دژە ژیان بوون؟ 91
هاوڕەگەزخواز 96
تۆربا 101
بەشی دووەم 107
حەوا 107
مل پان 119
دەرۆزەکەر 130
پەیوەندیی ژن و مێرد 139
مێرد 147
ئەم شتە جەوهەرییانە چین کە وا بکەیت ژنەکەت هەر دڵخۆش بێت؟ 154
باوک 155
هاوڕێ 163
گرفتاری پلەی بۆی 170
بەشی سێیەم 179
سیاسەتمەدار 179
ئۆشۆ، شتێکت هەیە بە منی بڵێیت؟ 180
قەشە 183
زانا 188
بزنسمان 192

ئەمریکا 195
بودا 221
تایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکی ڕۆشنبووەوە چییە؟ 227
بەشی چوارەم 229
مرۆڤی نوێ 229
تێرامێنی ئاخ 235
جەنگاوەر 244
قومارچی 254
ئەفرێنەر 261
پێبوون 267

بەشی یەکەم

ئادەم

ئادەم یەکەم مرۆڤ بوو، نەك لەبەرئەوەی یەکەم بوو– لەوانەیە پێش ئەو کەسی تر هەبووبن؛ بەڵام کەس نەبوت (نا). بۆیە مێژوو ناتووانێ تۆماریان بکات، ئەوان پێویستیان بە نەفس نییە. ئەمەش هەستی منە: چۆن دەشێ ئادەم یەکەم کەس بووبێت؟ لەوانەیە پێش ئەو ملیۆنان کەس هەبووبن؛ بەڵام کەس نەیوت (نا). ئەوان نەیاندەتوانی ببنە مرۆڤ، ئەوان نەیاندەتووانی ببنە نەفس. ئادەم وتی نا. بێگومان باجی ئەو دەربڕینەی دا. لە باخی خۆشبەختی کرایە دەرەوە.

ئادەم مرۆڤە و هەموو مرۆڤێکیش هاوشێوەی ئادەمە. هەموو دۆخێکی منالی، باخی عەدەنە. هەموو منالێك ئەوەندەی ئاژەڵان دڵخۆشە، ئەوەندەی گیانەوەرە بەراییەکان؛ ئەوەندەی درەختەکان دڵخۆشە. منالت بینیووە کە بەناو درەختەکاندا، بە لێواری کەنار دەریاکاندا رادەکات؟ ئەوە هێشتا مرۆڤ نییە، چاوەکانی هێشتا روونن، بەڵام ئاناگایە. دەبێت لە باخی عەدەن بێتە دەرەوە.

ئادەم یەك جار نەکرایە دەرەوە –هەموو ئادەمێك دەبێت چەند جارێك بکرێتە دەرەوە. دەبێ هەموو منالێك لە باخی خودا بکرێتە دەرەوە، ئەمە بەشێکە لە گەشەکردن. ئێش و ئازارەکە هی گەشەکردنە. مرۆڤ پێویستە لەدەست بدات

بۆنەوەی جارێکی تر بەدەست بێنێت، بۆنەوەی ئاگایانە بەدەست بێنێت. ئەمە باری سەر شانی مرۆڤ و چارەنووسیەتی، عەزاب و ئازادیەتی، کێشە مرۆڤ و پێگەیەتی– هەدرووکیانە.

ئۆشۆی خۆشەویست،

بۆچی ئێمە قەت لەوەی کە کێین و ئەو بوونەی پێمان دراوە رازی نین؟ هەمیشە بەدوای شتێکی باشتردا دەگەڕێین کە بیکەین، بەدوای ئەوەدا وێڵین کەسێکی تر بین. هەمیشە ئەوەمان دەوێ کە کەسێکی تر هەیەتی نەك ئەوەی کە پێمان دراوە، هەروەکو پەندەکە دەڵێت، "گیای ئەودیو پەرژینەکە هەمیشە سەوزترە".

بۆچی وایە؟

لەبەرئەوەیە کە تۆ هۆشت پەرت کراوە. تۆ ئاراستەی شوێنێك کراویت کە سروشت نایەوێ. تۆ بەرەو ئیمکانیەتی راستەقینەی خۆت ناڕۆیت. هەوڵ دەدەیت ئەوە بیت کە خەڵك دەیەوێ، بەڵام ئەمە ناتوانێ رەزامەندبەخش بێ. کاتێك ئەمە رەزامەندبەخش نییە، لۆژیك دەڵێت "لەوانەیە بەس نەبێت– با زیاترت بۆ بێت". ئینجا تۆ بەدوای زیاتردا دەچیت، پاشان لە دەوروبەرت دەڕوانیت. هەر کەسێك کە دێت ماسکێکی پۆشیووە کە خەندەی لەسەر لێوانە، دڵخۆش دیارە، بۆیە هەموان فریوت دەدەن. تۆش بە ماسکێکەوە دێیت، بۆیە ئەوانیتر پێیان وایە تۆ دڵخۆشتریت. تۆ پێت وایە ئەوانیتر دڵخۆشترن.

گیا لەودیو پەرژینەکەوە سەوزتر دیارە– لە هەردوو دیوەکەوە هەروایە. ئەو خەڵکانەی لە دیوەکەی تری پەرژینەکە دەژین، گیاکەی تۆ دەبینن و سەوزتر دیارە. بە راستی سەوزتر، چڕتر و باشتر دیارە. ئەمەیە کە وەهمی دووری دروستی دەکات. کاتێك نزیکتر دەکەویتەوە، ئینجا دەزانیت کە وا نییە. بەڵام خەڵك، یەکتری

لە دووریدا دەهێڵنەوە. تەنانەت هاوڕێیانیش، تەنانەت عاشقەکانیش یەکتری لە دووریدا دەهێڵنەوە. نزیکیی زۆر مەترسیدار دەبێت، لەوانەیە واقیعی تۆ ببینن.

تۆش هەر لە سەرەتاوە گومڕا کراویت، بۆیە هەر شتێک کە دەیکەیت مایەی نەگبەتییە. سروشت هەڵگری بیرۆکەی پارە نییە، ئەگینا درەختەکان دۆلاریان دەدا. سروشت بیرۆکەی پارەی تیا نییە، پارە تەنیاوتەنیا داهێنانی مرۆڤە— بەسوودە؛ بەڵام مەترسیداریشە. تۆ کەسێک بە پارەیەکی زۆرەوە دەبینیت و پێت وایە پارە خۆشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت: سەیری ئەو کەسە بکە، چەنێک دڵخۆش دیارە؛ بۆیە راکە بەدوای پارەدا. کەسێک تەندروستترە— راکە بەدوای تەندروستیدا. کەسێک شتێکی تر دەکات و زۆر بە قەناعەت دیارە— دوای بکەوە.

بەڵام ئەوە هەمیشە ئەوانیترن و کۆمەڵگە هەمیشە بەو شێوەیە بەڕێوە چووە بۆئەوەی تۆ قەت بیر لە ئیمکانیەتی خۆت نەکەیتەوە. تەواوی نەگبەتییەکەش ئەوەیە کە تۆ خۆت نەبیت. تەنیا خۆت بە و ئینجا چیتر نەگبەتی و پێشبڕکێ و سەرقاڵبوون بەوەی ئەوانیتر زۆرتریان هەیە و تۆ زۆرترت نییە، بوونی نابێ.

ئەگەر حەزیش دەکەیت گیاکە سەوزتر بێت ئەوا پێویست ناکات بڕوانیتە دیوەکەی تری پەرژینەکە. تۆ دەتوانیت لە دیوەکەی خۆتەوە گیاکە سەوزتر بکەیت. شتێکی هەر زۆر سادەیە کە گیاکە سەوزتر بکەیت. بەڵام تۆ هەر دەڕوانیتە شوێنی تر و هەموو مەزراکان جوان دیارن— جگە لەوەی تۆ.

دەبێ مرۆڤ رەگ لە ئیمکانیەتی خۆیدا، جا هەرچییەک بێت، دابکوتێت و نابێ کەس رێنمایی بکات. دەبێ بۆ هەر شوێنێک کە دەڕوات، بۆ هەر شتێک کە دەیەوێ ببێ، یارمەتی بدات. ئەو کاتە جیهان ئەوەندە رەزامەندبەخش دەبێت کە ناتوانیت بڕوای پێ بکەیت.

•

من قەت هەستم بە هیچ نارەزامەندی و بێ قەناعەتییەك نەكردووە، تەنانەت هەر لەمناڵییەوە. ئەمەش لەبەر هۆكاری سادەی ئەمەی كە قەت رێگەم نەداوە كەس هۆشم پەرت بكات لەوەی كە كردوومە و لەوەی كە هەوڵمداوە ببم. ئەمە یەكجار زۆر پارمەتیدەرم بووە. زۆر قورس بوو و سەختییەكان هەر زیاتر و زیاتر دەبوون و ئێستاش تەواوی جیهان لەدژمە. بەڵام ئەمە هەراسانم ناكات. من بە تەواوی دڵخۆشم، بە تەواوی قەناعەتم هەیە. ناتوانم بیر لەو ئەگەرە بكەمەوە كە وەها نەبم. لە هەر دۆخ و پێگەیەكی تردا بوومایە لە خەم و بەدبەختیدا دەبووم.

من ماڵم نیە، شوێنم نییە لێی بژیم، پارەشم نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، شتێكم هەیە كە قەناعەتێكی رەهام دەداتێ. من بە پێی توانای خۆم ژیاوم و تەنانەت ئەگەر مردنیش هات تورەم ناكات. من بە شێوازی خۆم ژیاوم. لەوانەیە تەواوی جیهان دژم بێت– ئەمە دڵگرانم ناكات. خەڵكی تەنانەت ئەگەر كەسێك لەدژیان بێت تورە دەبن. ئەوەندە تورە دەبن كە تەنانەت ناتوانم لێی تێبگەم.

جیهان لە دژی تاكێتییە. لەدژی ئەوەیە كە خودی سروشتیت بێت.

دەیەوێ تەنیا رۆبۆتێك بیت و لەبەرئەوەی رازی بوویت رۆبۆت بیت ئەوا لە تەنگوچەڵەمەدایت. تۆ رۆبۆت نیت. ئەمە ویستی سروشت نەبووە كە رۆبۆتت لێ دروست بكات. بۆیە، لەبەرئەوەی تۆ ئەوە نیت كە نیاز بوو ببیت، كە چارەنووست بوو ببیت، ئەوا بە بەردەوامی دەگەڕێیت: "چ شتێك بزرە؟" لەوانەیە مۆبیلیاتی باشتر، پەردەی باشتر، خانووی باشتر، مێردی باشتر، ژنی باشتر، ئیشی باشتر..." تەواوی ژیانت لە تەنگەتاوی و تەقەلادایت لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر. بەڵام كۆمەڵگە هەر لە سەرەتاوە هۆشی تۆی پەرت كردووە.

هەوڵی من ئەوەیە بتگەڕێنمەوە بۆ سەر خۆت و تۆ لە پڕ دەزانیت کە تێکڕای ئەو بێ قەناعەتییە نەماوە. پێویست ناکات چیتر هەبێ- تۆ خۆت بەسیت. هەموو ئەوانیتر بەسن.

بۆچی ئەوەندە قورسە بۆم کە خۆمم خۆش بوێت؟

هەموو منالێك بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە بەرانبەر خۆی لەدایك دەبێت. ئەوە کۆمەڵگەیە کە خۆشەویستی وێران دەکات، ئەوە ئایینە کە ئەو خۆشەویستییە وێران دەکات- چونکە ئەگەر منالّ بە خۆشویستنی خۆیەوە لە گەشەکردن بەردەوام بێت، ئەی کێ عیسای مەسیحی خۆش بوێت؟ کێ سەرۆکی وڵاتی خۆش بوێت؟ کێ دایك و باوکی خۆش بوێت؟

دەبێ خود خۆشویستنی منالّ پەرت بکرێت. دەبێ وەها پرۆگرام بکرێت کە خۆشەویستییەکەی هەمیشە ئاراستەی شتێکی دەرەوەی خۆی بکرێت. ئەمە مرۆڤ زۆر لاواز دەکات، چونکە کاتێك تۆ کەسێکی دەرەوەی خۆت خۆش دەوێت، جا پاپا بێت یان باوك، هاوسەر یان منالەکان- ئەو شتەی خۆشت دەوێ هەرچییەك بێت- ئەوا وابەستەت دەکات بە شتەکەوە. لە چاوی خۆتدا دەبێتە شتێکی لاوەکی، دەبێتە دەرۆزەکەر.

تۆ وەکو ئیمپراتۆر لەدایك دەبیت، بەتەواوی لەناو خۆتدا رەزامەندیت. بەلام باوك دەیەوێ خۆشت بوێ، دایك دەیەوێ خۆشت بوێ. هەمووانی دەوروبەرت دەیانەوێ ببنە ئەو شتەی تۆ خۆشت دەوێ. کەس ئاپرژێتە سەر ئەوەی کە مرۆڤ گەر نەتوانێت خۆی خۆش بوێت ئەوا ناتوانێت کەسی تری خۆش بوێت.

بۆیە کۆمەڵگەیەکی زۆر شێت دێتەکایەوە کە تیایدا هەر کەسێك هەوڵ دەدات کەسێکی خۆش بوێت-و هیچیان نییە ببەخشن. نە کەسەکەی تریش هیچی هەیە ببەخشێت. بۆچی عاشقەکان بە بەردەوامی شەڕ، بۆڵەبۆڵ و یەکتری هەراسان

دەکەن؟ هۆکارە سادەکە ئەوەیە کە ئەوەیان دەست ناکەوێت کە پێیان وابوو دەستیان دەکەوێت. هەردووکیان دەرۆزەکەرن، هەردووکیان بەتاڵن.

منداڵێکی بە دروستی پەروەردەکراو زەمینەی بۆ خۆش دەکرێت لە خۆشویستنی خۆیدا گەشە بکات بۆئەوەی ئەوەندە پڕ بێت لە خۆشەویستی کە هاوبەشیپێکردن ببێتە پێویستییەک. ئەو، ئەوەندە باری خۆشەویستی دەکەوێتە سەر شانی کە کەسێکی دەوێ بەشی بدات. ئەو کاتەش خۆشەویستی قەت وابەستەت ناکات بە کەسەوە. تۆ بەخشندەیت؛ بەخشندە قەت دەرۆزەکەر نییە. ئەویتریش هەر بەخشندەیە.

کاتێکیش دوو ئیمپراتۆر، دوو سەرداری دڵی خۆیان، یەکتری دەبینن، خۆشییەکی بێ هاوتا هەیە. کەس وابەستەی کەسی تر نییە، هەر کەسێك سەربەخۆ و تاکەکەسە، لەخۆیدا بەباشی لەنگەری گرتووە. ئەو، رەگ و ریشەی هەیە کە لە قووڵایی بوونیدایە، واتە ئەو شوێنەی کە ئەو شیلەیەی پێی دەوترێت خۆشەویستی بەرەو سەرەوە دێت و بەشێوەی هەزاران گوڵەباخ شکۆفە دەکات.

ئەم جۆرە کەسە تاوەکو ئێستا مومکین نەبووە بەهۆی رزگارکەرەکانتەوە، نوێنەرەکانی خوداتەوە و هەموو هاوشێوەکانی ترەوە. ئەوان لەپێناو شکۆمەندی خۆیاندا، لە پێناو نەفسی خۆیاندا، تۆیان رووخاندووە. بە تەواوی تۆیان داڕماندووە.

تۆ دەتووانیت لۆژیکەکە بزانیت. یا ئەوەتا رزگارکەرەکە دەبێتە بابەتی خۆشویستنی تۆ و تۆ تەنیا دەبیتە ئەو تارماییەی کە کوێرانە دوای دەکەوێت. یان ئەگەر تۆ بە تەواوی بە قەناعەت بیت، لێوانلێو بیت لە خۆشەویستی و بەشێوەی هەزاران گوڵەباخ شکۆفە بکەیت، ئەو کاتە کێ باکی هەیە بەوەی رزگار بکرێت؟– تۆ هەنوکە رزگار بوویت. کێ باکی بە بەهەشت هەیە؟ تۆ تیایدایت.

بەڵام فێربوونی خۆشویستنی خود سەخت نییە، سروشتییە. ئەگەر تۆ توانیووتە شتێك بکەیت کە ناسروشتییە، ئەگەر فێربوویت چۆن ئەوانیتر خۆش بوێت بەبێ خۆشویستنی خۆت، ئەوا شتەکەی تر زۆر ئاسانە. تۆ تەقریبەن مەحاڵت ئەنجامداوە. ئەمە تەنیا پرسی تێگەیشتنە، تێگەیشتنێکی سادە، کە "من خۆمم خۆش دەوێت، ئەگینا مانای ژیان لەدەست دەدەم. قەت گەشە ناکەم، هەر پیر دەبم. هیچ ناکێتییەکم نابێت. بە راستی مرۆڤ نابم، شکۆمەند و سەربەخۆ نابم".

سەرەڕای ئەمەش، ئەگەر تۆ نەتوانیت خۆت خۆش بوێت، ئەوا ناتوانیت کەسی تریشت لە جیهاندا خۆش بوێت. کەواتە زۆر کێشەی دەروونی سەریانهەڵداوە چونکە تۆ لە خۆت دابڕێنراویت. تۆ بێ نرخیت، تۆ ئەوە نیت کە دەبێ ببیت. دەبێ کردارەکانت راست بکرێنەوە. دەبێت لە ناو بۆتەی کەسایەتییەکی دیاریکراودا بتوێنرێنیتەوە.

لە ژاپۆن درەختی چوارسەد ساڵەیان هەیە، بەڵام بەرزییەکانیان تەنیا شەش ئینچە (ئینچێك دوو مەتر و پەنجاو چوار سانتیمەترە). پێیان وایە تەنیا شێوەیەکی هونەرییە. ئەمە کوشتنێکە، کوشتنێکی تەواو! درەختەکە کۆن دیارە، بەڵام تەنیا شەش ئینچ بەرزە. دەکرا سەد پێ بەرز بن، بگەنە تەوقی ئاسمان. چییان کردووە؟ چ ستراتیژییەکیان بەکارهێناوە؟

هەمان ستراتیژ لەدژی مرۆڤایەتی، لەدژی مرۆڤەکان بەکارهێنراوە. ئەوان درەختەکە دەخەنە ناو ئینجانەیەکەوە کە بنی نییە. بۆیە هەرکاتێك کە درەختەکە رەگەکانی درێژ دەکاتەوە ئەوا دەیبڕن، چونکە ئینجانەکە بنی نیە. تا رەگەکانیش بە قووڵاییدا نەڕۆن ئەوا درەختەکە ناتوانێت بەرز بێتەوە. پیر دەبێت، بەڵام قەت گەشە ناکات. لەبەرانبەر مرۆڤیشدا هەمان شت کراوە.

خۆشەویستیت بۆ خۆت پێویستییەکی بنچینەییە بۆ گەشەت، لەم رووەوە، من فێرت دەکەم خۆپەرست بیت– کە سروشتییە.

هەموو ئایینەکانت فێریان کردوویت خاکی بیت. خۆت بکەیتە قوربانیی هەر بیرۆکەیەکی گەمژانە: ئاڵا– پارچە پەڕۆیەکی شڕ. تۆ خۆت دەکەیتە قوربانیی وڵاتەکەت– کە شتێك نییە جگە لە خەیاڵ، چونکە زەوی لە هیچ شوێنێك دابەش ناکرێت بەسەر وڵاتەکاندا. ئەمە تەڵەکەبازیی سیاسییەکانە کە زەوی لەسەر نەخشە دابەش دەکەن. تۆ بۆ ئەو هێڵانەی لەسەر نەخشە کێشراون! قوربانی دەدەیت. تۆ بۆ ئایین دەمریت: هەموو ئایینەکان بەشێوەیەك ئاراستە کراون کە تاکەکەس دەکەوێتە داوەوە. ئەگەر تۆ بۆ وڵاتەکەت بمریت ئەوا پێت دەوترێت شەهید– تۆ تەنیا خۆکوژی ئەنجام دەدەیت و ئەمەش لەبەر هۆکارێکی گەمژانەیە. ئەگەر تۆ بۆ ئایینەکەت بمریت ئەوا دەچیتە بەهەشت، خۆشی لە نیعمەتێکی تاهەتایی دەبینیت. ئەوان تۆیان ئیستیغلال کردووە. بەڵام یەك شت لەو ئیستیغلالکردنەدا بنچینەییە، ئەویش خۆشنەویستنی خۆتە، رقلێبوونی خۆتە، چونکە تۆ هیچ نرخت نییە. هەر کەسێك پڕە لە رق و کینە لە خۆی، پێتشت وایە ئەگەر تۆ رقت لە خۆت بێت دەتوانیت کەسێك بدۆزیتەوە کە خۆشی دەوێیت؟ تەنانەت ئەگەر ئامادە نەبیت خۆت خۆش بوێت، مەحاڵە کەسێکی تر خۆشی بوێیت. تۆ ئەو بیرۆکەیەت قبوڵ کردووە کە ئەگەر پەیڕەوی لە رێسا دیاریکراوەکان، دۆگما ئایینییەکان، ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان نەکەیت، ئەوا هیچ بەهایەکت نییە.

کاتێك تۆ لەدایك بوویت، ئەوا وەکو مەسیحی، وەکو کاسۆلیك، وەکو کۆمەنیست لەدایك نەبوویت. هەر منداڵێك بەوپەڕی پاکێتی دێتە دنیاوە. هیچ شتێکی لەسەر نەنووسراوە– نە ئینجیل، نە گیتا، نە سەرمایە– نا؛ هیچ شتێکی لەسەر نەنووسراوە. هیچ کتێبێکی پیرۆز لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. بە بەرائەتێکی تەواوەوە

لەدایك دەبێت، بەڵام بەڕانەتەکەی دەبێتە گەورەترین کێشە بۆی؛ چونکە هەموو ئەوانەی دەوروبەری گورگن- لە بەرگی سیاسی، قەشە، دایك و باوك، مامۆستا خۆیان حەشار داوە. هەموویان باز دەدەنە سەر بەڕانەتەکەت. ئەوان دەست دەکەن بە نووسینی شت لەسەرت کە دواتر تۆ دێیتە سەر ئەو باوەڕەی میراتی تۆیە.

ئەوان میراتی تۆیان وێران کردووە. ئێستا ئاسانە بۆیان کۆیلەت بکەن، وات لێبکەن هەر شتێك کە بیانەوێ بیکەیت. تەنانەت کوشتنی خەڵکی بێگوناهیش.

مافیای ئایینی هەن، مافیای سیاسی هەن و ئەمانە بەردەوام دەبن لە قۆرخکردنی تۆ. لەوانەیە ئەمانە دوژمنی یەکتری بن، بەڵام هەموویان لەسەر یەك خاڵ کۆکن: ئەمەی کە نابێ مرۆڤ ڕێگەی بدرێ خۆی خۆش بوێت. ئەمە ڕەگ و ریشەی لە بوونی خۆی دەپچڕێنێت و ئەو کاتە دەستەوستان و بێ ڕەگ دەبێت، تەنیا تەختەیەك دەبێت؛ بۆئەوەی هەرچییەك بتەوێ بتوانیت لێی بکەیت.

خەڵکی ئەم وڵاتە (واتە ئەمریکا) خەڵکانی بێگوناه و هەزاری ڤێتنامیان دەکوشت. ئیشی ئەوان چی بوو؟ ئەمە یەك لایەنەش نەبوو. تۆ خەڵکی خۆتت دەنارد کە هیچ تامی ژیانیان نەکردبوو، بۆ کوشتن و کوژران بە ناوی دیموکراسی و بەناوی ئەمریکاوە. بەڵام بۆ دەبێت کەسێك لەژێر هەر ناوێکدا بێت خۆی بکاتە قوربانی؟ موسڵمانان و مەسیحییەکان شەڕیان کرد، یەکتریان کوشت، بە ناوی خوداوە. هەردووکیان لەژێر هەمان ناودا، واتە خودا، شەڕی یەکتری دەکەن و یەکتری دەکوژن. چ جیهانێکی سەیرمان هێناوەتە کایە.

بەڵام ستراتیژەکە زۆر سادەیە: خۆشەویستیی سروشتیی کەسەکە لە بەرانبەر خۆی، لەناو ببە. ئەو کاتە، ئەو ئەوەندە لە چاوی خۆیدا بێ بەهایە کە ئامادەیە هەر شتێك بکات بۆ میداڵی زێڕ، تەنیا بۆئەوەی هەست بە کەمێك بەها بکات-

هەستیش بکات کە کەسێکە. ئەی لەسەر سنگی ژەنەراڵەکانت پارچەی ڕەنگاو ڕەنگ دەبینیت؟ چ گەمژەییەکە ئەمە؟ لەکاتێکدا کە ژەنەراڵەکە بەردەوام دەبێ لە کوشتنی خۆی، لەناوبردنی خۆی، پارچە ڕەنگاوڕەکانیش زیاد دەکەن.

تۆ دەتوانیت هەموو ئەو ڕەنگانەت لەسەر قەمیسەکەت هەبێت. پێم وانییە هیچ یاسایەك هەبێت ڕێگر بێت لەمە، بەڵام تۆ گەمژە دەردەکەویت. ئەو ژەنەراڵانە، گەمژە دەرناکەون، ئەوان ڕێزیان لێ دەنرێت، ئەوان پاڵەوانی مەزنن. چیشیان کردووە؟ خەڵکێکی زۆری وڵاتەکەی تۆیان کوشتووە، خەڵکێکی زۆری وڵاتانی تریان کوشتووە. ئەم بکوژانە خەڵات دەکرێن. کۆمەڵگەیەکت بینیوە عاشقەکانی پاداشت بکات؟ نا، عاشقەکان مەحکوم دەکرێن. هیچ کۆمەڵگەیەك ڕێگە بە ڕێزلێنانی عاشقەکانی نادات، عەشق بەلای کۆمەڵگەوە نەفرەتە.

بۆیە یەکەم شت کە هەموو ئەو بەرژەوەندییە بونیادگرتووانە دەبێ بیکەن پەرتکردنی تۆیە لە خۆشەویستی— و تا ئێستا سەرکەوتوو بوون.

بۆ ملیۆنان ساڵ...مرۆڤ هەر بە کۆیلەیی ماوەتەوە، هەستی بە گرییەکی قووڵی سوکی و بێ نرخی کردووە لە خۆیدا؛ چونکە ناتوانێ هەموو ئەو شتانەی پێویستنی، فەراهەم بکات. لە ڕاستیدا، هەرچییەك کە پێویست بێت ئەوەندە ناسروشتییە کە ڕێگایەك نییە بۆ فەراهەم کردنی. لەسەر ئەم بێنرخییەی تۆش ڕزگارکەر بەردەوام دەبێت لە گەورەتر و گەورەتر بوون، چونکە ئەوان دەڵێن بەڵێن دەدەن کە ڕزگارکەر بن، تۆ ڕزگار دەکەن. تۆ ناتوانیت خۆت ڕزگار بکەیت. ئەوان هەرگیز ڕێگەیان نەداویت فێری مەلەکردن بیت، بە تەنیا لەوانەیە بخنکێیت.

سیاسییەکان بەردەوامن لەوەی ئومێدت پێ بدەن کە بەزوویی هەژاری نامێنێت— و کەچی هەژاری هەر زیاد دەبێت. کەم ناکات زیاد دەکات.

لە ئەسیوپیا رۆژانە هەزار کەس دەمرن. لەوانەیە سەرت بسوڕمێت کە لە ئەمریکا نیو ملیۆن خەڵك بە دەست زیادەخۆری و ورگنیبەوە دەناڵێنن. ئەوان هەر قەڵەو و قەڵەوتر دەبن. لە ئەسیوپیا خەڵکی چرچ و لاواز دەبن، لە برسا دەمرن. لە ئەمریکا بەهۆی زۆرخواردنەوە دەمرن. لە ئەسیوپیا بەهۆی نەبوونی هیچ خواردنێکەوە دەمرن.

پێت وایە ئەو جیهانەی کە هێناومانەتەکایەوە سەلیمە؟

نیوەی هیندستان بەزوویی تووشی هەمان چارەنووسی ئەسیوپیا دەبێت- و حکومەتی هیندستان گەنم دەفرۆشێت، گەنم هەناردەی جیهانی دەرەوە دەکات. خەڵکەکەی خۆی لەبرسا دەمرێت- ڕێژەیەکی کەم نییە: لە سەدا پەنجای خەڵکی هیندستان لەژێر هێڵی هەژارییەوەن. لە هەر ساتێکدا دەشێ ڕێژەکە لە ئەسیوپیا گەورەتر بێت. بەڵام سەرکردە سیاسییەکان گەنم بە وڵاتانی تر دەفرۆشن چونکە دەیانەوێ کارگەی ناوکی بونیاد بنێن، وزەی ئەتۆم بەرهەم بێنن، بۆئەوەی بتوانن لەو پێشبڕکێ دەبەنگانەیەدا بەشدار بن کە لە ئارادایە.

هەموو کەسێك دەتوانێ ئەوە بزانێ کە لانی کەم سێ سەد ساڵ دەخایەنێت تا هیندستان دەبێتە هێزێکی ناوکیی هاوشێوەی ئەمریکا و روسیا. جا پێت وایە لەم سێ سەد ساڵەدا ئەمریکا و روسیا هەر چاوەڕوان دەبن؟ بگرە بەهەمان ئاراستەی تێکشکاندن و مەرگ گەشە دەکەن.

هەموو ئەمە بەناوی سادەبوون و خاکیبوونەوە ڕوویداوە.

دەمەوێ تۆ بە تەواوی خۆپەرست بیت. خۆتت خۆش بوێت، خۆت بە. هیچ جۆرە خەڵکێك بەکێشت نەکات- چ ئایینی، چ سیاسی، چ کۆمەڵایەتی، چ پەروەردەیی. یەکەم بەرپرسیارێتیی تۆ نە بەرەو ئایینە نە بەرەو نیشتمان. یەکەم بەرپرسیارێتیت بەرەو ڕووی خۆتە. ئەوەش بزانە: ئەگەر هەر کەسە هەر خۆی

خۆش بوێت، خەمی خۆی بێت، ئەوا زیرەکییەکەی دەگاتە لوتکە، خۆشەویستییەکەی لەسەریەوە دەڕژێت. پێم وایە، فەلسەفەی خۆپەرستی بە راستی دەیکاتە کەسێکی خاکی و سادە چونکە زۆری دەبێ بۆ هاوبەشیپێکردن، زۆری دەبێ بۆ بەخشینەوە، ئەمە بەخشین و پێدانە دەبێتە خۆشییەك بۆی، ئەم هاوبەشیپێکردنە دەبێتە ئیحتیفالێك بۆی.

خاکیبوون تەنیا دەتووانێ بەرهەمێکی لاوەکی خود خۆشویستن بێت.

لەبەرئەوەی خۆت خۆش ناوێت، هەست بە لاوازی دەکەیت- چونکە خۆشەویستی خۆراکە، هێزی تۆیە. بەشێوەیەکی سروشتی، تۆ چۆن دەتووانی هەست بە بەرپرسیارێتی بکەیت؟ تۆ بەردەوامیت لە بەرپرسیاریتی خستنەئەستۆی ئەوانیتر. خودا بەرپرسە، چارەنووس بەرپرسە، ئادەم و حەوا بەرپرسن. ئەو شێنە مارەی حەوای فریودا تا سەرپێچی فەرمانی خودا بکات- ئەو شێنە مارە بەرپرسە.

دەتووانی ئەو گەمژەییەی فرێدانی بەرپرسیارێتی بۆ سەر شانی ئەوانیتر ببینیت؟ من هەوڵم داوە لەگەڵ ماردا بدوێم. ئەوان قسە ناکەن. لە راستیدا تەنانەت گوێشیان نییە، بۆم دەرکەوتووە کە مارەکان گوێیان نییە، گوێ بەشێك نییە لە پێکهاتەی فسیۆلۆجیان. ئەگەر نەشتووانن ببیستن، چۆن دەتوانن قسە بکەن؟ ئەی چۆن دەتوانن حەوا قایل بکەن؟

بەڵام هەر دەبێ بەرپرسیارێتی بخەینە ملی یەکێکی تر. ئادەم دەیخاتە ملی حەوا. حەوا دەیخاتە ملی مارەکە. مارەکە-ئەگەر بتووانێ قسە بکات- دەیخاتە ئەستۆی خودا. بەمشێوەیە بەردەوام دەبین لە فرێدانی بەرپرسیارێتیمان، بەبێ ئەوەی تێبگەیت لەوەی کە ئەگەر لە خۆت بەرپرس نەبیت ئەوا بە راستی تاکەکەس نیت.

خۆلادان لە بەرپرسیارێتی رووخێنەری تاکەکەسێتییە. بەڵام تۆ تەنیا ئەو کاتەی کە خۆشەویستییەکی یەکجار زۆرت بۆ خۆت هەبێت دەتووانیت بەرپرسیارێتی قبوڵ بکەیت.

من بەرپرسیارێتیی خۆم قبوڵ دەکەم و خۆشی لێ دەبینم. قەت بەرپرسیارێتیم نەخستووەتەئەستۆی کەسێکی تر، چونکە ئەمە لەدەستدانی ئازادییە، ئەمە کۆیلەبوونە، لەژێر بەزەیی ئەوانیتردا. من هەرچییەك بم، بە تەواوی و بەتەنیا لێی بەرپرسم. ئەمە هێزێکی زۆرم دەداتێ. ئەمە رەگ و ریشە، هاوسەنگبوونم ئەداتێ. بەڵام سەرچاوەی ئەم بەرپرسیارێتییە ئەوەیە کە خۆمم خۆش بوێت. منیش بەهەمان شێوە بوومەتە قوربانیی ئیستیغلالکردنی بەکۆمەڵ. بەڵام هەر لە سەرەتاوە رووتم کردەوە کە ئەگەر بە پاڵ بمبەنە بەهەشت ئەوا رەتی دەکەمەوە. بە ئیرادەی خۆم، ئامادەم بچم بۆ دۆزەخ. لانی کەم سەربەخۆییم هەیە، هەڵبژاردنم هەیە.

دایك و باوکم، مامۆستاکانم، ئوستادەکانم لە ململانێدا بوون لەگەڵمدا. بەڵام من وتم "یەك شت روون و ئاشکرایە: ناتووانم هیچ بەرتیلێك قبوڵ بکەم بۆئەوەی ببمە کۆیلە. ئامادەم تاهەتایە لە ئاگری دۆزەخدا بناڵێنم، بەڵام هەر خۆم دەبم. لانی کەم ئەوەندە خۆشییەم دەبێت– ئەمەی کە هەڵبژاردنی خودی خۆمە و کەس ناچاری نەکردووم.

ئەگەر وەکو زیندانییەك بتبەن بۆ بەهەشت، پێت وایە خۆشی لێ دەبینیت؟ گەر بەدوای عیسای مەسیح یان موسا یان بودا یان کریشنا دا بچیتە بەهەشت– ئەمە چ جۆرە بەهەشتێك دەبێت کە تیایدا چاوەڕوان دەکرێت باوەڕدارێکی کوێرانە بیت. تۆ ناتووانیت پرسیار بکەیت، ناتووانیت لە هیچ شتێك بەدواداچوون بکەیت. ئەم بەهەشتە لە دۆزەخ خراپتر دەبێت.

-بەڵام خەڵکی لە سەرچاوەکەیانەوە پەرت کراون.

دەمەوێ بگەڕێنەوە چاوگەکەتان، ڕێز لە خۆتان بگرن. هەست بە خۆشی بکەن و شانازی بکەن کە بوون پێویستی پێتانە، ئەگینا لێرە نەدەبوون. خۆشی لەوە ببینە کە هەبوون بەبێ تۆ نابێ. هەر بۆیەش لە بنەڕەتەوە تۆ لێرەیت: هەبوون دەرفەتێکی بە تۆ داوە، ژیانێکی پێداوە بە گەنجینەی گەورەی شاراوەوە لەناو تۆدا– گەنجینەی جوانی، گەنجینەی شادی، گەنجینەی سەربەستی.

بەڵام تۆ بوونخواز نیت! تۆ مەسیحیت، تۆ بوداییت، تۆ هیندۆسیت. دەمەوێ تەنیا باوەڕ بە یەك شت بێنیت: بە بوون. پێویست ناکات بچیتە هیچ پەرستگایەك یان کەنیسەیەك. ئەگەر ناتوانیت ئاسمان، ئەستێرەکان، خۆرئاوابوون، خۆرهەڵات، شکۆفەکردنی گوڵەکان، چریکەی باڵندەکان ئەزموون بکەیت... تەواوی بوون سروتێکی پەرستنە! بەهۆی قەشەیەکی دەبەنگەوە ساز نەدراوە– لە سەرانسەری شوێنەکەدا هەیە.

تۆ تەنیا پێویستت بەوەیە متمانە بە خۆت بکەیت؛ ئەمەش ناوێکی ترە بۆ خۆشویستنی خۆت. کاتێکیش تۆ متمانە بە خۆت دەکەیت و خۆتت خۆش دەوێ، بە ئاشکرا هەموو بەرپرسیارێتیی هەرچییەك کە هەیت، هەر کەسێکیت، هەڵگرتووە. ئەمە ئەزموونێکی گەورەی بوونت پێدەبەخشێ کە کەس ناتوانێ جارێکی تر کۆیلەت بکات.

دەتوانی جوانیی تاکەکەسێك ببینیت کە دەتوانێ لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت؟ هەرچییەکیش ڕوودەدات– خۆشی یان ناخۆشی، ژیان یان مەرگ– ئەو مرۆڤەی خۆی خۆش ویستووە ئەوەندە یەکگرتووە لەناو خۆیدا کە دەتوانێ نەك تەنیا خۆشی لە ژیان ببینێت بەڵکو دەتوانێ خۆشی لە مردنیش وەربگرێ.

سوکرات لەلایەن کۆمەڵگاکەیەوە سزا درا. خەڵکانی وەکو سوکرات هەر دەبێ سزا بدرێن، چونکە تاکەکەسن و ڕێگە نادەن کەس ڕکێفیان بکات. ئەو ژەهرخوارد کرا. ئەو لەناو جێگەدا راکشابوو و ئەو پیاوەی نیازی بوو ژەهری بداتێ، ئامادەی دەکرد. خۆر لەئاوابووندابوو- ئەوە کاتی گونجاو بوو. دادگا ئەو کاتەی دیاریکردبوو، بەڵام پیاوەکە ژەهرخواردکردنەکەی دوا دەخست. سوکرات پرسیاری لە پیاوەکە کرد، "کات تێدەپەڕێت، خۆر ئاوا دەبێ- دواخستن بۆچی؟"

پیاوەکە بڕوای نەکرد کەسێك کە خەریکە دەمرێ ئەوەندە ورد بێت لەبارەی کاتی گونجاوی مردنی خۆی. لە راستیدا، دەبێ ئەو سوپاسگوزار بێ بۆ دواخستنەکە. پیاوەکە سوکراتی خۆش ویست. ئەو لە دادگادا گوێبیستی ببوو و جوانی کەسەکەی بینیبوو: ئەو بە تەنیا زیرەکییەکەی لە هەموو ئەسینایییەکان زیاتر بوو. ئەو ویستی کارەکە کەمێك دوابخات بۆئەوەی سوکرات بتوانێ کەمێك زیاتر بژیت. بەڵام سوکرات ڕێگەی پێنەدا. ئەو وتی "تەمبەڵ مەبە. ژەهرەکە بێنە".

ئەو پیاوەی ژەهرەکەی دەدایە سوکرات، پرسیاری کرد "بۆچی ئەوەندە بە جۆش و خرۆشیت؟ گەشانەوەیەك لە روخسارتدا دەبینم، سۆراخکردنێك لە چاوەکانتدا بەدی دەکەم. تێناگەیت؟- تۆ دەمریت".

سوکرات وتی "ئەمەیە کە دەمەوێ بیزانم. ژیانم زانیوە. بە هەموو نیگەرانییەکان، عەزابەکانەوە جوان بوو، هەر خۆشی بوو. تەنیا هەناسەدان خۆشییەکە. من ژیام، خۆشەویستیم کرد، هەرچییەك ویستم کردم، هەرچییەکەم ویست وتم. ئێستا دەمەوێ تامی مردن بکەم- و هەرچی زووتر باشتر.

"تەنیا دوو ئەگەر هەیە: یان ئەوەتا وەکو رۆحانییەکانی خۆرهەڵات دەڵێن رۆحم لە فۆرمی تردا بەردەوام دەبێ لە ژیان- ئەمە جۆش و خرۆشێکی گەورەیە کە ئەم

گەشتەی ڕۆح ئەنجام بدەیت بەبێ قورسایی جەستە. جەستە قەفەسە، سنووربەندی هەیە. یان لەوانەیە ماددەگەراکان ڕاست بڵێن، کاتێك کە دەمریت، جەستەت دەمرێت و هەموو شتێکی تر دەمرێت. لەوە بەدوا کەس نامێنێت. ئەمەش جۆش و خرۆشێکی گەورەیە- ئەمەی کە نەبیت!

"دەزانم مانای هەبوون چۆنە و ساتی ئەوە هاتووە بزانیت نەبوون چۆنە. کاتێکیش کە چیتر نیم، کێشە چییە؟ بۆچی دەبێ نیگەرانی بم؟ من نایم تا نیگەران بم، کەواتە ئێستا بەفیڕۆدانی کات بۆچی؟"

ئەمە ئەو پیاوەیە کە خۆی خۆش دەوێت. تەنانەت بەرپرسیارێتی مردنیشی هەڵبژاردووە- چونکە دادگا هیچی نییە لەدژی. ئەوە تەنیا غروری خەڵك بوو، غروری خەڵکی ڕەشۆکی کە نەیانتووانی زیرەکییەکەی سوکرات تێبگەن. بەڵام ئەوان زۆرینە بوون و هەموویان بڕیاری مەرگی سوکراتیان دا.

ئەوان نەیانتووانی وەڵامی تاکە پرسیارێکی ئەو بدەنەوە. پێم وایە تەنانەت نەیانتووانیووە لەوەش تێبگەن کە دەیڵێت- چ جای وەڵامدانەوە. ئەوانیش هەموو پرسیارەکانیان لەناوبرد، کەچی شارێکی دیموکراسیش بوو- خەڵکی بڕیاریاندا ئەم مرۆڤە مەترسیدارە، دەبێ ژەهری بدرێتێ.

هەڵەی چی بوو؟ هەڵەکەی ئەوە بوو کە "گەنجەکانمان یاخی دەکات، گەنجەکانمان گوماناوی دەکات، گەنجەکانمان نامۆ دەکات. ئەو کەلێنێك دروست دەکات لەنێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێدا. ئەوان چیتر گوێمان لێ ناگرن، ئەوان مشتومڕ لەسەر هەموو شتێك دەکەن- ئەمەش بەهۆی ئەم پیاوەوەیە".

بەڵام دادوەرەکان کەمێك لە خەڵکی ئاسایی باشتر بوون. ئەوان بە سوکراتیان وت "ئێمە چەند ئەلتەرناتیڤێکت ئەدەینێ. ئەگەر تۆ ئەسینا جێ بێڵیت و بەڵێن بدەیت قەت نەگەڕێیتەوە، ئەوا دەتووانیت لە مردن ڕزگار بیت. یان، ئەگەر دەتەوێ

لە ئەسینا بمێنینەوە، ئەوا چیتر قسە مەکە، بچۆرە ناو بێدەنگییەوە. ئەو کاتەش دەتووانین خەڵک قایل بکەین بەوەی رێگە بدەن بژیت. ئەگینا، سێیەم ئەڵتەرناتیڤ ئەمەیە: دەبێ سبەینێ لە کاتی خۆرئاوابووندا ژەهر بخۆیتەوە".

سوکرات چی کرد؟ ئەو وتی "ئامادەم سبەینێ یان ئەمڕۆ ژەهر بخۆمەوە، هەرکاتێك ژەهرەکە ئامادە بوو، بەڵام ناتووانم لە وتنی راستی بوەستم. ئەگەر زیندوو بم بەردەوام دەبم لە وتنی، تا دوایین هەناسەم. ناشتووانم تەنیا بۆ رزگارکردنی خۆم ئەسینا جێ بێڵم، چونکە ئەو کاتە هەمیشە هەست دەکەم ئەو لاوازەم کە لە مردن ترسا، کە لە مەرگ رایکرد، کە نەیتووانی بەرپرسیارێتی مردنیش بخاتە ئەستۆ. من بە پێی بیرکردنەوە، هەستکردن و بوونی خۆم ژیام. دەمەوێ بەو شێوەیەش بمرم".

"هەست بە گوناهیش ناکەم. کەس بەرپرس نییە لە مردنم، من بەرپرسم. دەمزانی ئەمە روودەدات، چونکە قسەکردن لەبارەی راستی لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەر درۆکان، فریودانەکان، وەهمەکان دەژیت، داواکردنی مردنە. سەرکۆنەی ئەو خەڵکە هەژارە مەکەن کە بریاری مردنی منیان داوە. ئەگەر کەسێك بەرپرس بێت، ئەوە منم. دەشمەوێ هەمووتان بزانن کە من لەسەر بەرپرسیارێتی خۆم ژیاوم و لەسەر بەرپرسیارێتی خۆشم ئەمرم.

"دەژیام، تاکەکەس بووم. دەمرم، تاکەکەسم. کەس بڕیار بۆ من نادات، من بڕیاردەری خۆمم".

ئەمەیە شکۆمەندی. ئەمەیە خود بوون. دەبێ مرۆڤ وەها بێت. ئەگەر تەواوی ئەرزیش پڕ بن لە مرۆڤی وەکو ئەو پیاوە، دەتووانین ئەم ئەرزە زۆر جوان، زۆر پڕخۆشی، زۆر بەرفرە بکەین لە هەموو شتێك...

بەڵام تاکەکەس غایبە، بۆیە دەبێ بەرپرسیاریێتی خۆت هەڵبگریت. بەڵام تۆ تەنیا ئەو کاتە دەتوانیت هەڵیبگریت کە دەست بکەیت بە خۆشویستنی هەر شتێك کە هەیت؛ هەبوون ویستی بەو شێوەیە بێت. ئەگەر بوون عیسایەکی تری بویستایە، ئەوا دانەیەکی دروست دەکرد. بوون بە مەسیحی یان هەر ئایینێکی تر ناشیرینە.

خودی خۆت بە، تەنیا خۆت. بیریشت بێت، تۆ سەرکێشییەکی گەورە ئەنجام دەدەیت کاتێك رایدەگەیەنیت تەنیا خۆتیت. پەیوەندیت بە هیچ جەماوەرێکەوە، هیچ مێگەلێکەوە نییە. ئەمانە هەمووی مێگەلن: مەسیحی، کۆمەنیست، هیندۆس. تۆ خۆت وەکو تاکەکەس رادەگەیەنیت، دەشزانیت ئەمە بە تەواوی مەترسیدارە. لەوانەیە جەماوەر بەهیچ شێوەیەکی نەتبەخشن. بەڵام چەندەی زیاتر سەرکێشانە بژیت، ئەوەندە زیاتر دەژیت. مومکینیشە کە لە چرکەساتێکدا، تەواوی ئەبەدیەت بژیت، ئەگەر ئامادە بیت لە گشتێتی خۆتدا بژیت، مجازەفەی هەموان و هەموو شتێك بکەیت. من نامەوێ بزنسمانێك بیت، دەمەوێ قومارچییەك بیت. کاتێك قومار دەکەیت هەموو شتێك دەخەیتە ناو ئەگەر و نەگەرەوە. هیچ شتێك بۆ ساتێکی تر هەڵمەگرە. ئەو کاتە هەر شتێك کە روویدات، نیعمەتێکی گەورەت بۆ دەهێنێ: تەنانەت ئەگەر ببیتە دەرۆزەکەریش، بوونت شکۆمەندانەتر دەبێت لە هی ئیمراتۆرێك.

ناشێ مرۆڤ بکەوێتە بارێکی خراپترەوە. بەڵام تێی کەوتووە؛ ئەو، ئەو خەندەیەی بیر چووەتەوە کە هەر منداڵێك لەگەڵیدا لەدایك دەبێت. رێگای بەرەو تەندروستی و گشتێتی بیر چووەتەوە.

دەرگاکە رێك لەم ساتەدا دەکرێتەوە- هەمیشە ئێستا و لێرەوە، کە تیایدا ژیان و مەرگ بە بەردەوامی بەیەك دەگەن. تۆ روانگەی مەرگت هەڵبژاردووە چونکە لە

بەرژەوەندی ئەوانەدایە کە لە دەسەڵاتدان و بیرت چووەتەوە کە ژیان تێدەپەڕێت لەکاتێکدا کە لە خەمباریدا نقوم بوویت.

جارێکیان شاگردێکی پرسیاری لە کۆنفشیوس کرد چۆن شادمان بین، چۆن خۆشبەخت بین. کۆنفشیوس وتی "تۆ پرسیارێکی سەیر دەکەیت، ئەم شتانە سروشتین. گوڵەباخێك پرسیار ناکات چۆن گوڵەباخ بێت". هەرچی پەیوەندی بە خەمباری و نەگبەتییەوە هەیە، تۆ لە قەبردا کاتی پێویستت هەیە، ئەو کاتە دەتوانیت چەندی دەتەوێ خەمبار بیت. بەڵام تا ئەو کاتەی زیندوویت، بە تەواوەتی زیندوو بە. لەم گشتێتی و چڕییەوە خۆشبەختی سەرهەڵدەدات و مرۆڤی دڵشاد بە دڵنیاییەوە فێر دەبێت سەما بکات. من لەگەڵ ئەم پەندەدا کۆکم.

ئێمە دەمانەوێ گشت مرۆڤایەتی دڵشاد بێت و سەما بکات و گۆرانی بڵێت. ئەو کاتە تەواوی ئەم هەسارەیە پێدەگات، لە ئاگاییدا دەسوڕێتەوە. مرۆڤی خەمبار، مرۆڤی نەگبەت ناتوانێ ئاگاییەکی زۆر تیژی هەبێت. ئاگاییەکەی لێڵە، تەماوییە، قورسە، تاریکە. تەنیا ئەو کاتەی کە لە ناخی دڵتەوە پێدەکەنیت، لەپڕ هەموو تاریکی وەکو تریشقەیەك نامێنێ.

لە پێکەنینەکەتدا تۆ خودی رەسەنی خۆتیت.

لە دڵتەنگیتدا روخسارە رەسەنەکەت بە شوناسێکی ساختە داپۆشیووە کە کۆمەڵگە لێتی چاوەڕێ دەکات. کەس نایەوێ تۆ ئەوەندە دڵخۆش بیت کە لەسەر جادە دەست بکەیت بە سەما. کەس نایەوێ تۆ پێکەنینێکی پڕ بەدڵت هەبێ؛ ئەگینا دراوسێکان دەست دەکەن بە لێدانی دیوارەکەی نێوانتان "بەسە. دڵتەنگی باشە، پێکەنین بێزارمان دەکات". خەڵکی خەمبار ناتوانن بەرگەی کەسێك بگرن کە خەمبار نەبێ.

ئاکە تاوانی خەڵکانی وەکو سوکرات ئەوە بوو کە بێ پادە خەڵکی دڵشاد بوون و شادییەکەیان ئیرەییەکی گەورەی لەناو ئەو کۆمەڵە خەڵکانەدا دەهێنایە کایەوە کە لە دڵتەنگیدا بوون. کۆمەڵانی خەڵک نەیاندەتوانی بەرگەی ئەو کەسە دڵخۆشانە بگرن. دەبێ ئەوان لەناوببرێن چونکە ئەگەری یاخیبوونت تیایدا دەبزوێنن و تۆ لەو یاخیبوونە دەترسیت.

هەر کە مرۆڤ عاشقی یاخیگەری بوو، ئەوا لەسەر ڕێگای ڕاستە.

قوربانی

بۆچی تۆ خودی خۆت ناناسیت؟ دەبێ ئەمە ئاسانترین شت بێت لە جیهاندا و کەچی قورس بووە، بووە بە قورسترین شت. ئەمە تەقریبەن ئەستەم بووە، خۆت بناسیت. چی ڕوویداوە؟ تۆ توانات هەیە بناسیت. تۆ لەوێیت، توانای ناسینیش هەیە؟ دە کەواتە چی بووە؟ بۆچی ئەم توانای زانینە ناتووانێ بپرژێتە سەر خۆی؟

تەنیا یەك شت ڕوویداوە و تا ڕاستی نەکەیتەوە لە خۆت بێ ئاگا دەبیت. ئەوەش دابەشبووتێکە کە لەتۆدا دروستکراوە. تۆ یەکپارچەیی خۆتت لەدەستداوە، کۆمەڵگە تۆی کردووە بە خانوویەکی دابەشکراو، دابەشکراو لەبەرانبەر خۆتدا.

ستراتیژەکە سادەیە، هەر کە لێی تێگەیشتی، دەکرێ بەلایەوە نێیت. ستراتیژەکە ئەوەیە، کۆمەڵگە خەیاڵی ئەوەی پێبەخشیوویت چۆن بیت. ئەو خەیاڵەشی ئەوەندە بە قووڵی لە تۆدا چەسپاندووە کە هەمیشە ئارەزوومەندی خەیاڵی "چۆن بم"بیت و بیرت چووەتەوە کێیت. تۆ خووت گرتووە بە خەیاڵی نموونەیی ئایندە و واقیعی ئێستات بیر چووەتەوە.

چاوەکانت کەوتوونەتە سەر ئایندەی دوور. بۆیە ناتووانن بپرژێنە سەر ناوەوەت. بە بەردەوامی بیر لەوە دەکەیتەوە چی بکەیت، چۆن ئەمە بیت. زمانت لەسەر

(دەبێت و پێویستە) راهاتووە و واقیعیش تەنیا لە (وەهایە) پێکدێت، واقیع دەبێت و پێویستە ناناسێت.

گوڵەباخ گوڵەباخە، پرسیارێك نییە لەسەر ئەوەی شتێکی تر بێت. بەڕوو بەڕووە. نە گوڵەباخ قەت هەوڵ دەدات ببێتە بەڕوو و نە بە پێچەوانەشەوە. نە نیگەرانیشن. پێویستیان نە بە پزیشکی دەروونی و نە بە دەروونشیکار هەیە. گوڵەباخ ساخلەمە چونکە واقیعی خۆی دەژیت. تەواوی هەبوون هەروایە جگە لە مرۆڤ. تەنیا مرۆڤ خەیاڵەکان و دەبێتەکانی هەیە. "دەبێت ئەمە و ئەوە بیت"– ئینجا تۆ لەبەرانبەر (وەهایە)ی خۆتدا پارچە پارچە دەبیت. (دەبێت) و (وەهایە) دوژمنی یەکترین.

تۆش ناتووانیت هیچ شتێك بیت جگە لە خۆت. با ئەمە بە قووڵایی دڵتدا بچێتە خوارەوە: تۆ تەنیا دەتووانیت ئەوە بیت کە هەیت، قەت نابیتە هیچ شتێکی تر. هەر کە ئەم راستییە چووە قووڵاییەوە، واتە ئەمەی کە "من تەنیا دەتووانم خۆم بم" هەموو خەیاڵەکان بزر دەبن. بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نامێنن. کاتێکیش خەیاڵێك نییە، واقیع پەیدا دەبێت. ئەو کاتە چاوەکانت لە ئێستای ئێرە دەبن، ئەو کاتە تۆ ئامادە دەبیت بۆ ئەوەی کە هەیت. دابەشبوونەکە، نەماوە. تۆ یەکێکیت.

ئەمە یەکەم هەنگاوە. لەگەڵ خۆتدا یەك بە. پاشان دووەمین و دوایین هەنگاو دێت: لەگەڵ بووندا یەك بە. دووەمیان ئاسانە. یەکەمیان قورس بووە بەهۆی پرۆگرامکردنی یەکجار زۆرەوە، بەهۆی پەروەردەوە، بەهۆی هەوڵێکی زۆری بە شارستانیکردنەوە.

ئەگەر تۆ هەنگاوی یەکەم بنێیت تەنیا بۆ قبولکردنی خزت و خۆشویستنی خۆت وەکو ئەوەی کە هەیت، سات لەدوای سات...بۆ نموونە، کە خەمباریت. ئەم ساتە تۆ خەمباریت. تەواوی پرۆگرامەکەت دەڵێت "نابێ خەمبار بیت. ئەمە خراپە. دەبێ دڵخۆش بیت". ئێستا دابەشبوونەکە روودەدات و کێشە دروست دەبێ. تۆ

خەمباریت: ئەمە حەقیقەتی ئەو ساتەیە. پرۆگرامەکەشت، ئەقڵەکەت دەڵێت "نابێ وەها بیت، دەبێت دڵخۆش بیت. پێبکەنە! خەڵکی لەبارەی تۆوە چۆن بیر دەکەنەوە؟"

لەوانەیە ئەگەر زۆر دڵتەنگ بیت ژنەکەت جێت بێڵێت، لەوانەیە هاوڕێکانت دەستبەردارت بن ئەگەر زۆر خەمبار بیت، ئەگەر بە خەمباری بمێنییەوە زیان بە ئیشەکەت دەگەیەنیت. دەبێ پێبکەنی، دەبێ بزەت بێت، دەبێ لانی کەم وەها دەریخەیت کە دڵخۆشیت. ئەگەر تۆ دکتۆریت نەخۆشەکانت دڵیان خۆش نابێت ئەگەر خەمبار بیت. ئەوان دکتۆرێکی دڵخۆش، دەم بەخەندە و تەندروستیان دەوێ، کەچی تۆ وەها خەمبار دیاریت. پێبکەنە- تەنانەت ئەگەرچی نەتووانیت خەندەیەکی راستەقینە بخەیتە سەر لێوانت، خەندەیەکی ساختە پیشان بدە. لانی کەم وەها دەریبخە.

ئەمەیە کێشەکە: تۆ وەها دەریدەخەیت، وەها رەفتار دەکەیت. تۆ دەتووانیت بزەت بێت، بەڵام ئەو کاتە دەبیتە دووان. تۆ راستیت سەرکوت کردووە، بوویتە ساختە.

ساختەش لەلایەن کۆمەڵگەوە ستایش دەکرێت. ساختە دەبێتە قەدیس، ساختە دەبێتە سەرکردەی گەورە، ساختە دەبێتە مەهاتما گاندی. هەمووانیش دەست دەکەن بە وێڵبوون بەدوای ساختەدا. ساختە، خەیاڵی نموونەیی تۆیە.

هەربۆیە ناتووانیت خۆت بناسیت. چۆن دەتووانیت خۆت بناسیت ئەگەر خۆت قبوڵ نەکەیت؟ تۆ هەمیشە بوونی خۆت سەرکوت دەکەیت. ئەو کاتە دەبێ چی بکرێت؟ کاتێك تۆ خەمباریت، خەمباری قبوڵ بکە: ئەمە تۆیت. مەڵێ "من خەمبارم". مەڵێ خەمباری شتێکی جودایە لە تۆ. تەنیا بڵێ، "من خەمباریم. ئەم

ساته. من بریتیم له خەمباری". خەمبارییەکەت بە رەسەنایەتییەکی سەراپاگیرەوە بژی و بەسەر ببە.

ئەو کاتە تۆ سەرت دەسوڕمێت کە دەرگایەکی موعجیزەئاسا لە بووندا دەکرێتەوە. ئەگەر تۆ بتوانیت خەمبارییەکەت بەبێ هەبوونی ویێنای دڵخۆشی بەسەر ببەیت ئەوا دەستبەجێ دڵخۆش دەبیت، چونکە دابەشبوونەکە ون دەبێت. چیتر دابەشبوون بوونی نابێ. "من خەمبارم" ئیتر هیچ پرسیارێك نییە لە هیچ شتێکی تر. بۆیە هیچ تەقەلایەك نییە، هیچ ململانێیەك نییە. "من تەنیا ئەوەم" و لێرەوە ئارامی هەیە.

لەم ئارامییەدا شکۆ هەیە و لەم ئارامییەدا خۆشی هەیە.

هەموو ئازارە دەروونییەکە تەنیا لەبەر ئەوە دروست بووە کە تۆ دابەش بوویت. ئازار واتە دابەشبوون. خۆشبەختیش بە مانای دابەشنەبوون دێت. ئەمە بەلای تۆوە ناکۆك دیارە: ئەگەر کەسێك خەمبار بێت، خەمبارییەکەی قبوڵ بکات چۆن دەتوانێ دڵخۆش بێ؟ ئەمە ناکۆك دیارە، بەڵام وایە. تاقی بکەرەوە.

ناشڵێم هەوڵ بدە دڵخۆش بیت. من ئەمە ناڵێم "خەمبارییەکەت قبوڵ بکە بۆئەوەی بتوانیت دڵخۆش ببیت"- من ئەمە ناڵێم. ئەگەر ئەوە ئەنگیزەی تۆیە ئەوا هیچ شتێك روونادات، تۆ هێشتا لە ململانێدایت. تۆ لە سیلەی چاوتەوە تەماشا دەکەیت: "کاتێکی زۆر تێپەڕیووە و من تەنانەت خەمبارییم قبوڵ کردووە و دەڵێم من خەمبارم، و خۆشی هێشتا نەهاتووە". بەم شێوەیە نایەت.

خۆشی ئامانجێك نییە، بەرهەمێکی لاوەکییە. ئەمە دەرەنجامێکی سروشتی یەکبوونە، یەکگرتنە. تەنیا یەکگرتوو بە لەگەڵ خەمباریدا، بەبێ هیچ ئەنگیزەیەك، بێ هیچ مەبەستێك. هیچ پرسیارێك لەبارەی مەبەست نییە. ئەمە چۆنایەتی تۆیە

لەم ساتەدا، ئەمە راستی تۆیە لەم ساتەدا. ساتێکی تریش لەوانەیە تووڕە بیت: ئەمەش قبولْ بکە. ساتێکی تریش لەوانەیە شتێکی تر بیت: ئەمەش قبولْ بکە.

بە قبولکردنێکی گەورەوە، سات بە سات بژی، بەبێ دروستکردنی هیچ دابەشبوونێك و تۆ لە رێگەدایت بەرەو زانین لەبارەی خود. دابەشبوون بەلاوەنێ: دابەشبوون تەواوی کێشەکەیە. تۆ لەدژی خۆتی. هەموو خەیاڵە نموونەییەکان فڕێ بدە کە ئەم دژایەتیەت تیایدا دروست دەکەن. تۆ بەو شێوەیەیت کە هەیت: بە خۆشییەوە، بە سوپاسگوزارییەوە، قبوڵی بکە. ئەو کاتە لەپڕ هارمۆنییەك هەستی پێدەکرێت. دوو خودەکەی ناو تۆ، خودە خەیاڵییەکە و خودە واقعییەکە، چیتر ململانێ ناکەن. ئەوان ئاوێتە دەبن و دەبنە یەك.

ئەوە بە راستی خەمباری نییە کە ئازارت پێدەبەخشێ. ئەمە ئەو لێکدانەوەیەیە کە دەڵێت خەمباری هەڵەیە، ئەم لێکدانەوەیەیە ئازارت دەداتێ و دەبێتە کێشەیەکی دەروونی. ئەوە تووڕەیی نییە کە ئازاربەخشە. ئەوە ئەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێت تووڕەیی هەڵەیە، ئەم بیرۆکەیەیە کە شڵەژانی دەروونی دروست دەکات. ئەوە لێکدانەوەکەیە، نەك راستییەکە. راستییەکە هەمیشە ئازادت دەکات.

عیسا دەڵێت "حەقیقەت ئازادت دەکات" و ئەمە گرنگییەکی گەورەی هەیە. بەڵێ: راستی ئازادیبەخشە، بەلام زانین لەبارەی راستییەوە نا. حەقیقەت بە و ئازادت دەکات. راستی بە و ئازادبوون هەیە. پێویست ناکات بیهێنیت، پێویست ناکات چاوەڕێی بکەیت: دەستبەجێ روودەدات.

چۆن حەقیقەت بیت؟ تۆ هەنوکە حەقیقەتیت. تەنیا ئەوەیە کە خەیاڵی نموونەیی هەڵەت هەڵگرتووە. ئەمانە گرفت دروست دەکەن. خەیاڵە نموونەییەکان فڕێبدە: بۆ چەند رۆژێك بوونێکی سروشتی بە. رێك وەکو درەختەکان، ئاژەڵەکان و باڵندەکان، بوونی خۆت بەو شێوەیەی کە هەیت قبولْ بکە. ئەو کاتە بێدەنگییەکی گەورە

سەرهەڵدەدات، چۆن دەکرێ پێچەوانە بێت؟ لێکدانەوەیەك بوونی نییە: ئەو کاتە خەمباری جوانە، قووڵایی هەیە. ئەو کاتە تووڕەییش جوانە، ژیان و زیندوویێتی هەیە. ئەو کاتە سێکسیش جوانە، چونکە ئەفراندنی تێدایە.

کاتێك لێکدانەوەیەك نییە، هەموو شتێ جوانە. کاتێك هەموو شتێك جوانە، تۆ ئارامت گرتووە. لەو ئارامگرتنەدا تۆ کەوتوویتە ناو چاوگی خۆت و ئەمە زانین لەبارەی خود دەهێنێت. ئەمەیە دەستەواژەی "خۆت بناسە" واتە بەربوونەوە ناو سەرچاوەی خود. ئەمە پرسی زانین نییە، ئەمە پرسی وەرچەرخانی ناوەوەیە.

ئەی مەبەستم لە چ جۆرە وەرچەرخانێکە؟ من خەیاڵێکی نموونەییت نادەمێ کە وەها بیت. من ناڵێم دەبێت لەوەی کە هەیت وەربچەرخێیت و ببیتە کەسێکی تر، تەنیا ئارام بگرە لە هەر فۆرمێکدا کە هەیت و ئینجا ببینە.

دەزانی چی دەڵێم؟ تەنیا مەبەستەکە ببینە: ئازادیبەخشە. ئینجا هارمۆنییەکی گەورە، مۆسیقایەکی گەورە دەبیسترێت. ئەو مۆسیقایە زانینی خودە. ئەو کاتە ژیانت دەست دەکات بە گۆڕان. ئەو کاتە تۆ کلیلێکی سیحریت کە هەموو قفڵەکان دەکاتەوە.

سەرکوتکردن چییە؟

سەرکوتکردن ژیانێکە کە نیاز نەبوو وەها بژیت.

سەرکوتکردن کردنی ئەو شتانەیە کە قەت نەتویستووە.

سەرکوتکردن ئەوەیە ئەو مرۆڤە بیت کە نیت؛

سەرکوتکردن شێوازی لەناوبردنی خۆتە.

سەرکوتکردن خۆکوژییە– هەڵبەت زۆر بە هێواشی، بەڵام زۆر بە دڵنیاییەوە. ژەهرخواردنێکی هێواشە.

دەربڕین ژیانە، سەرکوتکردن خۆکوشتنە

ئەمەیە پەیامی (تانترا): ژیانێکی سەرکوتکراو مەژی، ئەگینا بەهیچ شێوەیەک ناژیت. ژیانی دەربڕین، ئەفراندن و خۆشی بژی. بەو شێوەیە بژی کە خوا ویستوویەتی، بەشێوەیەکی سروشتی بژی. لە قەشەکانیش مەترسە. گوێ بۆ غەریزەکانت بگرە، گوێ بۆ جەستەت بگرە، گوێ لە دڵت بگرە، گوێ لە زیرەکیت بگرە. پشت بە خۆت ببەستە، ڕەمەکیبوون (عەفەویبوون) بۆ کوێت دەبات بۆ ئەوێ برۆ، ئەو کاتە قەت بزر نابیت. کە بەشێوەیەکی ڕەمەکی لەگەڵ ژیانی سروشتیتدا ڕۆیشتیت، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگەیتە دەرگاکانی خوداوەند.

سەرکوتکردن شێوازێکی خۆدوورگرتنە لە سەرکێشی. بۆ نموونە، تۆ فێر کراویت قەت تووڕە نەبیت، و تۆ پێت وایە کەسێك کە قەت تووڕە نییە زۆر بەسۆز دەبێت. تۆ هەڵەیت. کەسێك کە قەت تووڕە نییە ناتوانێت خۆشەویستیش بکات. ئەمانە بەیەکەوەن، بەهەمان ئاقاردا دێن.

کەسێك کە بە ڕاستی خۆشەویستی دەکات هەندێ جار بە ڕاستی تووڕە دەبێت. بەڵام تووڕەییەکەی زۆر جوانە- لە خۆشەویستییەوەیە. وزەکەی گەرم و گوڕە و بەهۆی تووڕەییەکەیەوە هەست بە ئازارچەشتن ناکەیت. لە ڕاستیدا، هەست بە سوپاسگوزاری دەکەیت کە تووڕە بووە. تێبینیت کردووە؟ ئەگەر کەسێکت خۆش بوێت و شتێك بکەیت و کەسەکە بە ڕاستی تووڕە بێت، هەست بە سوپاسگوزاری دەکەیت چونکە ئەوەندە خۆشی ویستوویت کە دەتوانێ تووڕە ببێت. بە پێچەوانەوە بۆچی؟ کاتێك تۆ ناتوانیت تووڕە ببیت، ئەوا هەر نەرم و نیان دەبیت. کاتێك ناتەوێ هیچ شتێك بکەیت- ناتەوێ هیچ سەرکێشییەك بکەیت- هەر بزە و خەندەت دەکەوێتە سەر لێو. گرنگ نییە.

ئەگەر منالەکەت نیازی بێت خۆی هەڵبداتە ناو چاڵەکە، هەر نەرم دەبێت؟ هاوار ناکەیت؟ وزەی ناوەوەت ناکوڵێت؟ هەر بزەت دێت؟ ئەمە مەحاڵە.

کاتێك خۆشەویستی دەکەیت، دەشێ تووڕەش ببیت. کاتێك تۆ خۆشەویستی دەکەیت، ئەوا دەتووانیت بیکەیت. ئەگەر خۆتت خۆش بوێت– و ئەمە شتێکی پێویستە لە ژیاندا، ئەگینا ژیانت لەکیس دەچێت– قەت سەرکوتکەر نابیت، تۆ گوزارشت و دەربڕین لە هەر شتێك دەکەیت کە ژیان دەیبەخشێت. تۆ دەریدەبڕیت– خۆشییەکانی، خەمەکانی، بەرزاییەکانی، نزمایییەکانی، ڕۆژەکانی و شەوەکانی.

بەڵام تۆ وەها پەروەردە بوویت کە ساختە بیت، وەها بەخێو کراویت کە ببیتە دووڕوو. کاتێك هەست بە تووڕەیی دەکەیت، بەردەوام دەبیت لە خەندەیەکی ڕواڵەتی. کاتێك هەڵدەچیت، سەرکوتی دەکەیت. کاتێك هەست بە نارەزووی سێکسی دەکەیت، سەرکوتی دەکەیت و هەر بەردەوام دەبیت لەو ڕێسایە. تۆ قەت ڕاست نیت لەگەڵ ئەوەدا کە لەناوەوەتدایە.

ئەمە شتێکە ڕوویداوە...

(جۆ) و (میج)ی کچە بچوکەکەی گەشتێکیان بۆ پارکێکی یاری ئەنجامدا. لە ڕێگەدا بۆ ژەمە نانێکی گەورە لایاندا. لە پارکەکە گەیشتنە مێزێکی فرۆشتنی سۆسج و میج وتی "باوکە، من..." جۆ قسەی پێ بڕی و کیسەیەك گەنمەشامی پێدا.

کاتێك گەیشتنە لای دۆندرمە فرۆشەکە، میج–ی بچوك جارێکی تر هاواری کرد "باوکە، من..." جۆ جارێکی تر قسەی پێ بڕی، بەڵام ئەم جارەیان وتی "من، من! دەزانم تۆ چیت دەوێ—دۆندرمە؟"

لە وەڵامدا وتی "نا باوکە، دەمەوێ بڕشێمەوە".

هەر ئەوە بوو کە لە سەرەتاوە دەیویست. بەڵام کێ گوێ دەگرێت؟ سەرکوتکردن گوێ لە سروشتی تۆ ناگرێت. سەرکوتکردن فێڵێکە بۆ لەناوبردنی تۆ.

دوانزە سەرلوس دەچنە ناو بارێکەوە کە چاکەتی (لیڤی)یان لەبەردایە و پێداویستییەکانیان هەڵگرتووە. دەچنە لای خاوەنەکە و دەڵێن "تکایە سیانزە پەرداخ بیرە، تکایە". ئەویش وتی "بەڵام ئێوە تەنیا دوانزە کەسن".

"سەیرکە، ئێمە سیانزە پەرداخمان دەوێ".

بۆیە سیانزە پەرداخیان دەداتێ و هەموویان دادەنیشن. پیرەمێردێکی بچوکیش لە سوچێکەوە دانیشتووە و سەرۆکی سەرلوسەکان دەچێتە لای و دەڵێت "هانێ باوکە، ئەم پەرداخە بیرەش بۆ تۆ".

پیرەمێردەکەش دەڵێ "سوپاس، سوپاس، ئێوە بەخشندەن، کورم".

"قەینا، ئێمە لاریمان نییە لە یارمەتیدانی معوەقەکان".

"بەڵام من معوق نیم".

"ئاخر معوق دەبی ئەگەر جارێکی تر تۆ نەیکڕیت".

ئەمەیە سەرکوتکردن؛ فێڵێکە بۆ کەم ئەندام کردنی تۆ. فێڵێکە بۆ لەناوبردنت، فێڵێکە بۆ لاوازکردنت. ئەمە فێڵێکە بۆئەوەی رووبەڕووی خۆت بکرێیتەوە. شێوازێکی دروستکردنی ململانێیە لەناو تۆدا و هەرکاتێك مرۆڤ لە ململانێدا بێت لەگەڵ خۆیدا، ئەوا بێگومان زۆر لاوازە.

کۆمەڵگە رۆڵێکی گەورەی بینیووە– هەر کەسێك لە کەسەکانی رووبەڕووی خودی خۆی کردووەتەوە. بۆیە تۆ بە بەردەوامی لەناو خۆتدا شەڕتە. وزەی ئەوەت نییە هیچ شتێکی تر بکەیت. ناتووانی تێبینی ئەوە بکەیت کە لەناوتا روودەدات؟ بە بەردەوامی شەڕە. کۆمەڵگە تۆی دابەشکردووە: تۆی کردووە بە شیزۆفرینی و سەری لێت شێواندووە. تۆ بوویتە تەختە، نازانیت کێیت، نازانیت بۆ کوێ دەڕۆیت،

نازانیت لێرە چی دەکەیت. نازانیت بۆچی هەر لە بنەڕەتەوە لێرەیت. بە ڕاستی سەری لێت شێواندووە.

لەم پشێوییەشەوەیە کە ڕێبەرە گەورەکان لەدایک دەبن: ئەدۆڵف هیتلەر، ماو تسی تۆنگ، جۆزێف ستالین. لەم پشێوییەشەوە پاپای ڤاتیکان سەرهەڵدەدات و لەم پشێوییەوە هەزاران شتی تر سەرهەڵدەدات. بەڵام تۆ لەناو دەبردرێیت.

(تانترا) دەڵێت: کەسێکی دەربڕ بە. بەڵام بیرت بێت، دەربڕین بەمانای نابەرپرسیارێتی نییە. تانترا دەڵێت: زیرەکانە دەربڕ بە و لەلای تۆوە زیان بە کەس ناگات. کەسێك کە ناتوانێ زیان بە خۆی بگەیەنێت قەت زیان بە کەسی تر ناگەیەنێ. ئەو کەسەش کە زیان بە خۆی دەگەیەنێ کەسێکی مەترسیدارە. ئەگەر تەنانەت خۆی خۆش نەوێ، هەر مەترسیدارە. دەشێ زیان بە هەر کەسێك بگەیەنێ. لە ڕاستیدا زیان هەر دەگەیەنێ.

کاتێك تۆ خەمباریت، کاتێك تۆ دڵتەنگیت، کەسانی تر لە دەوری خۆت دەهێنیتەکایەوە کە خەمبار و دڵتەنگن. کاتێك دڵخۆشیت، دەتەوێ کۆمەڵگەیەکی دڵخۆش بێنیتەکایەوە، چونکە دڵخۆشی تەنیا دەشێ لە جیهانێکی خۆشبەختدا دروست ببێت. ئەگەر تۆ بە خۆشییەوە بژیت، دەتەوێ هەموان دڵخۆش بن-ئەمەیە ئایینی ڕاستەقینە. لەناو خۆشیی خۆتەوە، بەرەکەت بەسەر هەموو بووندا دەبارێنیت.

تۆشۆ، من وەکو کاسۆلیکێك ئەوەندە زۆر پرۆگرام کراوم کە هیچ میوایەك بۆ خۆم نابینم: ئایا هێشتا دەتوانیت یارمەتیم بدەی؟

کاسۆلیك بیت یان کۆمەنیست، ماوی بیت یان جولەکە هیچ جیاوازییەکی نییە، هەمووی وەکو یەکە . بێگومان کاسۆلیکەکان زۆر سیستەماتیکیتر، زۆر زانستیتر کاردەکەن. ئەوان شارەزایەتییەکی گەورەیان پەیدا کردووە لە پرۆگرامکردنی

خەڵك. بەڵام هەموو ئایینەكان زۆر یان كەم ئەمە دەكەن، هەموو كۆمەڵگاكان بە شێوازی خۆیان ئەمە دەكەن: هەمووان پرۆگرام بوون.

لەو ساتەوە كە لەدایك دەبیت، هەر لە یەكەم هەناسەتەوە، پرۆگرامكردن دەست پێدەكات: حەتمییە. دایك و باوك پرۆگرامت دەكەن، ئەو منداڵانەی یارییان لەگەڵدا دەكەیت پرۆگرامت دەكەن، دراوسێ، قوتابخانە، كەنیسە، دەوڵەت هەموویان پرۆگرامت دەكەن. بەشێوەیەكی ئاگایانە پرۆگرامكردنێكی زۆر روونادات، بەڵام نائاگایانە منداڵ بەردەوام دەبێت لە وەرگرتن. منداڵ بە لاساییكردنەوە فێر دەبێت.

بۆیە نیگەران مەبە. ئەمە بارودۆخێكی ئاساییە لە جیهاندا: هەمووان پرۆگرام كراون. دەبێ هەموویانیش لە پرۆگرامبوون بێنە دەرەوە. ئەمە قورسە. ئەمە وەكو داكەندنی جل نییە– ئەمە وەكو داماڵینی پێستتە. سەختە، تاقەتبەرە، چونكە ئێمە لەگەڵ پرۆگرامبوونەكەماندا بووین بە یەك. تەنیا وەكو كاسۆلیك، كۆمەنیست، هیندۆس، مەسیحی خۆمان دەناسین. گەورەترین ترست لە بەلاوەنانی پرۆگرامبوون ئەوەیە كە بكەویتە ناو قەیرانی شوناسەوە...بەلاوەنانی پرۆگرامبوون قورسە، چونكە ئەمە سەرانسەری رابردووی تۆ، ئەقڵی تۆ، نەفسی تۆ، هەموو شتێكی تۆیە. بەڵام ئەگەر ئامادەیت، ئەگەر ئازایت، ئەگەر ئەوەندە جەسارەت دەكەیت لەگەڵما بیت، ئەوا ئەستەم نییە.

ئەمە بەسەر زۆر كەسدا هاتووە. ببە بە بەشێك لەم رووداوە، تەماشاكەر مەبە. وەرە پاڵ سەماكەوە! بانگەوازی من بۆ هەمووانە، بانگەوازی من بێ قەید و مەرجە. بە هەر پرۆگرامبوونێكدا تێپەڕیوویت دەشێ لابرێت، چونكە لە دەرەوەڕا بەسەرتدا سەپێنراوە– و چونكە لە دەرەوەڕا بەسەرتدا سەپێنراوە، دەشتوانرێ لە دەرەوەڕا لەسەرت لابرێ.

من ناتووانم خودات پیشان بدەم، ناتووانم راستیت بدەمێ، ناتووانم ناوەرۆکی ناوەوەت بدەمێ، بەڵام دەتووانم هەموو ئەو زبڵەی لەسەرت کۆ بووەتەوە لاببەم. هەر کە ئەم زبڵەش لابرا، خوا لای تۆ بەدیار دەکەوێ. کە هەر هەموو تەگەرەکان لابران، بەهاری ژیانت دەست پێدەکات، بەرائەت بەدەست دێتەوە. بەرائەتی بەدەستهێنراوە، بەهەشتی بەدەستهێنراوەیە، تۆ جارێکی تر دەچیتەوە ناو باخی عەدەن.

مرۆڤی مۆدێرن بەدەست رابردووەوە دەناڵێنێت. مرۆڤی مۆدێرن بە دەست گوناهەکانی خۆیەوە ناناڵێنێت وەکو وتاربێژەکان بەردەوام وا دەڵێن. تۆ بەدەست گوناهەکانی سەدەکانەوە دەناڵێنێت...بەڵام ئێستا شتەکان دەگەنە لوتکە. مرۆڤ پارچەپارچە دەبێت. تاوەکو ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆمان بە یەکپارچەیی هێشتووەتەوە، بەڵام ئێستا شتەکان دەگەنە خاڵێکی وەها کە یان دەبێت مرۆڤ بە تەواوی بگۆڕێت و دەبێ بینینی بۆ ژیان بگۆڕێت، یان خۆی بکوژێت.

ئەگەر تۆ دوای رابردوو بکەویت، ئەوا لەسەر لێواری خۆکوژییەکی جیهانیدایت. ئەمەشە سەرکردە سیاسییەکانت هەوڵ دەدەن بیکەن: ئامادەکردنی بۆمبە ئەتۆمییەکان، بۆمبە هایدرۆجینییەکان، بۆمبە سوپەرهایدرۆجینییەکان — کۆکردنەوەی بۆمب لەدوای بۆمب. ئەوان هەنوکە زۆرێکیان هەیە! لە راستیدا، تەنیا پێش دەساڵ دەیانتووانی هەموو کەس حەوت جار بکوژن. پێش دە ساڵ ئامادە بوون ئەم زەوییە حەوت جار وێران بکەن، هەرچەندە مرۆڤ تەنیا یەك جار دەمرێت— پێویست ناکات دوو جار بیکوژیت، ئەمە پێویست نییە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ زیندوو بێتەوە، دەبێ سیاسییەکان وریا بن— پلانێکی ورد دابنێن. بەڵام ئیتر پێش دە ساڵ شتەکان بەو شێوەیە بوون.

ئێستا، تۆ سەرت دەسوڕمێت: ئەوان دەتووانن حەوت سەد جار زەوی وێران بکەن- دەتوانرێ هەر کەسێك حەوت سەد جار بکوژرێت! ئێستا ئەمە یەکجار زۆرە و پێویست نییە. حەوت ئاساییە- لەوانەیە خەڵکانێکی فێڵباز نەمرن. بەڵام حەوت سەد جار!؟ هێشتاش توخمی مرۆڤ بەردەوام دەبێ. ئەنانەت وڵاتانی هەژاریش ئارەزوومەندی چوونە پاڵ ئەو پێشبڕکێیە دەکەن- لەبرسا دەمرن، بەڵام بۆمبی ئەتۆمیان دەوێ. لەبرسادەمرن! بەڵام دەسەڵاتی زیاتریان دەوێ بۆ کوشتن و وێرانکردن.

ئەنانەت لە چاوی باڵندەیەکیشەوە ئەوە دەبینیت کە زەوی خۆی بۆ خۆکوژییەکی جیهانی، دارمانێکی سەراپاگیر، ئامادە دەکات. مرۆڤی مۆدێرن تەنیا قوربانیی رابردووە. قەشەکانیش بەردەوام دەبن لە وتنی ئەوەی کە مرۆڤی مۆدێرن عەیبێکی هەیە و بەردەوام دەبن لە ستایشکردنی رابردوو؟

مرۆڤی مۆدێرن بەرهەمێکی لاوەکیی سەرتاپای رابردووە! مەسیحی، هیندۆس، بودایی و هەموو ئایینەکان- هەموو جۆرە کەلتوورەکان هاوبەشیيان لەم بارودۆخەدا کردووە. ئەوان بەرپرسن. ئەگەر هەموویان بزر نەبن، ئەگەر تەواوی رابردووی ناخۆشانە بەلاوە نەنێین و لە نوێوە دەست پێنەکەینەوە، لە ئێستادا نەژین بەبێ ئەوەی بیر لە کامڵبوون بکەینەوە، خەیاڵی نموونەییمان هەبێ، دەبێ و پێویستەمان هەبێ، واجب و سوننەتەکانمان هەبێ، ئەوا مرۆڤ لەناو دەچێت.

کۆیلە

یەکێك لەو کێشانەی کە دەبێ هەموو مرۆڤێك ڕووبەڕووی بێتەوە، ئەو جیهانەیە کە تیایەتی. بوونی مرۆڤ و نیازەکانی جیهان بەیەکەوە ناگونجێن. جیهان دەیەوێ ئەو خزمەت بکات، کۆیلە بێت، لەلایەن ئەوانەوە بەکاربێت کە لە دەسەڵاتدان.

ئەویش بە شێوەیەکی سروشتی رقی لەمەیە. دەیەوێ خۆی بێت. جیهان رێگە بە کەس نادات دۆخە سروشتییەکەی خۆی بێت.

جیهان هەوڵ دەدات هەمووان لە کالآیەکدا بەرجەستە بکات: یەکەڵك، ئیشکەر، ملکەچ- قەت یاخیگەر نەبێ، قەت خۆی نەسەلمێنێت، قەت تاکەکەسێتی خۆی رانەگەیەنێ، بەڵام هەمیشە خزمەتکار بێ، تەقریبەن وەکو رۆبۆتێك. جیهان نایەوێ تۆ مرۆڤ بیت. دەیەوێ ماکینەی ئیشکەر بیت. چەندەی لە ئیشدا بیت، ئەوەندە قابیلی رێزیت، ئەوەندە جێگەی فەخریت.

ئەمەشە کێشەکە دروست دەکات. کەس لێرە بۆ ئەوە لەدایك نەبووە کە ماکینە بێت. ریسواکردنە، سووککردنە، لابردنی شانازی و شکۆمەندییە وەکو بوونێکی رۆحی تێکی بشکێنێت و بیکەیت بە کیانێکی میکانیکی.

لێرەوە هەموو منالێك، هەر لە سەرەتاوە، هەر کە لە نیازەکانی کۆمەڵگە، دایك و باوك، خێزان، سیستەمی پەروەردە، ولات، ئایین بەئاگا دێت- دەست دەکات بە داخستنی خۆی. تەنیا لە ترسەوە، دەبێتە بەرگریکار، چونکە دەبێ رووبەرووی زلهێزێك بێتەوە. زرۆیش بچوك و ناسکە، زۆریش هەستیارە، زۆریش دەستەوسانە، زۆریش وابەستەیە بە هەمان ئەو خەڵکەی کە دەبێ خۆی لێیان بپارێزێت.

کێشەکەش زۆر ئاڵۆزتر دەبێ چونکە ئەو خەڵکەی کە دەبێ خۆیان لێ بپارێزێت، ئەو خەڵکانەن کە پێی وایە خۆشیان دەوێت. لەوانەشە درۆ نەکەن. نیازەکانیان باشە بەڵام ئاگاییان نییە، بە زوویی دەچنە خەوی قووڵەوە. نازانن کە بوکەڵە بوون بە دەستی هێزێکی کوێرەوە کە پێی دەوترێت کۆمەڵگە، دامەزراوە- هەموو بەرژەوەندییە بونیادگرتووەکان بەیەکەوەن.

منالْ رووبەرووی تەنگژەیەك دەبێتەوە. دەبێ لەدژی ئەوانە شەڕ بکات کە خۆشی دەوێن و پێی وایە ئەوانیش خۆشیان دەوێ. بەڵام شتێکی غەریبە کە ئەو

خەلكانەی خۆشیان دەوێ، وەکو خۆی خۆشیان ناوێ. ئەوان دەڵێن "خۆشمان دەوێیت، بەلام تەنیا ئەگەر تۆ ئەو ڕێگەیە بگریتە بەر کە ئێمە شوێنی دەکەوین، ئەگەر شوێن ئەو ئایینە بکەویت کە ئێمە شوێنی کەوتووین، ئەگەر ملکەچ بیت بەو شێوەیەی کە ئێمە ملکەچین".

ئەگەر تۆ ببینە بەشێك لەو میکانیزمە گەورەیە، کە تیایدا تەواوی ژیانت دەژیت... شەڕکردنی لەدژی، بێمانایە، تۆ تێکدەشکێنرێیت. وەها ژیرانەترە کە مل بدەیت و تەنیا فێری ئەوە بیت بڵێیت بەڵێ، چ ئەوەی بتەوێ یان نەتەوێ. (نا)یەکەت سەرکوت بکە. لە هەموو هەلومەرجەکاندا، لە هەموو بارودۆخەکاندا، چارەڕێی ئەوەت لێ دەکرێت بڵێیت بەڵێ گەورەم. (نا) قەدەغەیە. (نا) گوناهە بنچینەییەکەیە. ملکەچی، گوناهە بنچینەییەکەیە– و کۆمەڵگە تۆڵەیەکی گەورە دەکاتەوە.

ئەمە ترسێکی گەورە لە منالدا دروست دەکات. تەواوی بوونەکەی دەیەوێ ئیمکانیەتەکەی بسەلمێنێت. ئەو دەیەوێ خۆی بێت چونکە بەدەر لەمە ناتوانێت هیچ مانایەك لە ژیاندا بەدی بکات. بەدەر لەمە، قەت خۆشبەخت، دڵشاد، تێر، بە قەناعەت نابێت. قەت هەست بە ئاسودەیی ناکات، هەمیشە لە پارچەپارچەییدا دەبێت. بەشێك، بەشە هەرە سروشتییەکەی بوونی، هەمیشە هەست بە برسێتی، تینوویەتی، تێرنەبوویی، ناتەواوی دەکات.

بەلام هێزەکان زۆر گەورەن و شەڕکردن لەدژیان زۆر مەترسیدارە. بەشێوەیەکی سروشتی، هەر منالێك بۆ خۆپاراستنی، پەیتا پەیتا، دەست دەکات بە فێربوونی بەرگری لە خۆی. ئەو هەموو دەرگاکانی بوونی دادەخات. خۆی بۆ هیچ کەسێك دەرناخات، تەنیا نواندن دەکات. ئیتر دەبێتە ئەکتەرێك. ئەو بە پێی ئەو فرمانانەی ئەوانیتر پێی دەدەن رەفتار دەکات. گومانەکان لێیەوە سەرهەڵدەدەن،

سەرکوتیان دەکات، سروشتی وەهایە کە دەیەوێ خۆی بسەلمێنێت، سەرکوتی دەکات. زیرەکییەکەی دەیەوێ بڵێت " ئەمە راست نییە، ئەوە چی دەکەیت؟"- زیرەکییەکەشی بەلاوە دەنێت. وا سەلامەتترە ناخۆش بێت، وا سەلامەتترە زیرەك نەبێت. هەر شتێك کە بتخاتە ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندییە بونیادگرتووەکان مەترسیدارە. کردنەوەی خۆشت، تەنانەت لە بەرانبەر ئەو خەڵکانەی زۆر لێتەوە نزیکن، مەترسیدارە.

هەربۆیە، هەمووان داخراون. کەس ناوەرۆکی خۆی بە بێ مەترسی ناکاتەوە وەکو گوڵ کە لە با و لە باران و لە خۆرەتاودا سەما دەکات...زۆر ناسکە بەڵام ناترسێ. ئێمە هەمووان بە ناوەرۆکێکی داخراوەوە دەژین، ترسی ئەوەمان هەیە کە ئەگەر بکرێینەوە ئەوا ناسك دەبین. بۆیە هەمووان جۆرەها قەڵغان بەکاردێنن- تەنانەت ئەو دۆستایەتییەی کە تۆ باسی دەکەیت وەکو قەڵغان بەکارت هێناوە. ئاکۆك دیارە، چونکە دۆستایەتی واتە کرانەوە بە رووی یەکتریدا، ئاڵوگۆڕی نهێنییەکان، ئاڵوگۆڕی دڵەکان.

بەڵام ئەمە تەنیا حاڵی تۆ نییە. هەمووان لەو هاودژییەدا دەژین. خەڵکی دۆستایەتی وەکو قەڵغان بەکاردێنن، نزا وەکو قەڵغان بەکاردێنن. کاتێك دەیانەوێ بگرین ناتوانن بگرین، ئەوان بزەیان دێت، چونکە بزە وەکو قەڵغان کار دەکات. کاتێك نایانەوێ بگرین، دەگرین چونکە فرمێسك لە هەندێ بارودۆخدا دەتوانێ وەکو قەڵغان بێت.

خەندەکانمان تەنیا پرۆفەی لێوەکانمانن و لە پشتییەوە حەقیقەت شاراوەتەوە- واتە فرمێسکەکانمان.

تەواوی ئەم کۆمەڵگەیە لە دەوری بیرۆکەیەك پێکهاتووە کە لە بنچینەدا ساختەیە. لێرەدایە کە ئەوانیتر چاوەڕێت لێدەکەن ببیت، نەك ئەوەی کە هەیت.

هەربۆیە هەموو شتێك بووەتە ساختە. تەنانەت لە دۆستایەتیدا، تۆ دوورایییەك دەهێڵیتەوە. لەوانەیە تا ئەو ڕادەیە ڕێگە بە کەسێك بدەیت نزیك بێتەوە کە نەتوانێت ئەودیوی دەمامکەکەت ببینێت. ئەگینا لەوانەیە بزانێ ئەوە رووخساری خۆت نییە، ئەوە دەمامکە روخساری تۆی لە پشتەوەیە. هەمووان لەو جیهانەی کە ئێمە تیایدا ژیاوین ناڕاست و نارەسەن بوون. رونیای من بۆ رۆحانی، کەسێکی یاخییە، مرۆڤێکە کە بەدوای خودە بنچینەییەکەیدا، بەدوای روخسارە بنچینەییەکەیدا وێڵە. ئەمە مرۆڤێکە کە ئامادەیە هەموو دەمامکەکان، هەموو رواڵەتەکان، هەموو دووڕووییەکان فڕێ بدات و پیشانی جیهانی بدات بە راستی کێیە، جا خۆش بویسترێت یان مەحکوم بکرێت، ڕێزی لێ بنرێت یان سوك بکرێت، تاجی لەسەر بنرێت یان لەخاچ بدرێت گرنگ نییە، چونکە ئەوەی کە خۆت بیت گەورەترین بەرەکەتە لە هەبووندا. تەنانەت ئەگەر تۆ لە خاچیش بدرێیت، بە قەناعەت و ئاسودەییەکی ناوازەوە لەخاچ دەدرێیت.

ئەمە مرۆڤی حەقیقەتە، مرۆڤی سەرڕاستە، ئەو مرۆڤەیە کە خۆشەویستی دەناسێت و بەزەیی دەناسێت و تێدەگات کە خەڵکی کوێرن، نائاگان، خەوتوون، لەرووی رۆحییەوە خەوتوون. ئەوەی کە دەیکەن، تەقریبەن لە خەویاندایە.

تۆ ماوەیەکی درێژە پرۆگرام کراویت، ساڵانێکی زۆرە– سەرانسەری ژیانت– ئێستاش لە پرۆگرام دامالێن کاتێکی کەمی دەوێ. تۆ جۆرەها بیروباوەڕی ساختە، بەناو بیروباوەڕت لێ بار کراوە. کاتی کەمی دەوێ فڕێیان بدەیت، تەنیا ئەوەی بەوە بزانت کە ساختەن و رووکەشن. لە راستیدا، هەر کە زانیت شتێك ساختەیە، فڕێدانی قورس نییە. ئەو ساتەی کە ساختە بە ساختە دەبینیت، ئیتر خۆی هەڵدەوەرێت.

خودی پێزانینەکە بەسە. پەیوەندییەکەت دەپچڕێت، شوناسەکەت ون دەبێت. ئەو ساتەش کە ساختە بزر دەبێت، واقیع بە هەموو تازەییەکەیەوە، بە هەموو جوانییەکەیەوە لەوێیە. چونکە سەرڕاستی جوانییە، راستگۆیی جوانییە، راستبوون جوانییە.

تەنیا ئەوەی کە خۆت بیت، جوانبوونە. هۆشیاریت، تێگەیشتنت و بوێریت لەوەدا کە مکوڕیت و پابەندیت بە دۆزینەوەی خۆت، هەموو ئەو روخسارە ساختانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە لەلایەن خەڵکەوە پێت درابوون.

ئەوان بەهەمان شێوە ئاگاکان– دایك و باوکت، مامۆستاکانت– لێیان تووڕە مەبە. ئەوانیش وەکو تۆ قوربانین. باوکەکانیان، مامۆستاکانیان، قەشەکانیان، تەقلیان تێکداون و دایك و باوکت و مامۆستاکانت تۆیان ڕزاندووە.

تۆ قەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە ئەوەی فێر کراویت لەلایەن دایك و باوکتەوە –کە خۆشیان دەوێیت– لەلایەن مامۆستاکانتەوە، لەلایەن قەشەکانتەوە، دەشێ هەڵە بێت. بەڵام هەڵە بووە، جیهانێکی سەراپا هەڵەی دروستکردووە. ئینچ بە ئینچ هەڵە بووە. بەڵگەکانیش لە سەرانسەری مێژوودا بڵاو بوونەتەوە: هەموو جەنگەکان، هەموو تاوانەکان، هەموو لاقەکردنەکان...

بەناوی ئایینەوە، بەناوی خوداوە، بەناوی ئازادییەوە، بەناوی دیموکراسییەوە، بەناوی کۆمەنیزمەوە، ملیۆنان کەس کوژراون، پارچە پارچە کراون، بە زیندوویی سوتێنراون– بەو ناوە جوانانەوە. بەڵام ئەوەی کە لە ژێر ئەو ناوە جوانانەدا روویداوە ئەوەندە قێزەونە کە رۆژێك لە رۆژان مرۆڤ دەڕوانێتە مێژوو وەك بڵێی مێژووی شێتی بووە، نەك مرۆڤایەتییەکی سەلیم.

ژیان لە هەموو ڕێگایەکی مومکینەوە لەلایەن هەموو ئایینەکانەوە مەحکوم کراوە. کاتێکیش هەمووان ژیان مەحکوم دەکەن– سەرانسەری جیهان پڕە لە

مەحکومکەران– منداڵێکی بچوك دەتوانێ چی بکات؟ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو هەموو مەحکومکردنە.

یاخیگەری بناغەی مرۆڤی دینیی راستەقینەیە– یاخیگەری بەرانبەر هەموو قەشەکان، هەموو سیاسییەکان، هەموو بەرژەوەندییە بونیادگرتووەکان؟

تەنیا ئەو کاتە دەتوانیت پرۆگرامبوون بەلاوە بنێیت. ئەو سانەش کە چیتر پرۆگرامکراو نیت، پرسیار ناکەیت ئامانجی ژیان چییە. هەموو پرسیارەکەت بە شۆڕشێکدا تێپەڕ دەبێت. تۆ پرسیار دەکەیت، چۆن دەتووانم سەراپاگیرتر بژیم؟ چۆن دەتووانم خۆت بە تەواوی نغرۆی ژیان بکەم؟– چونکە ژیان ئامانجی هەموو شتێکە، لێرەوە ناشێ ئامانجێك بۆ ژیان هەبێ. بەڵام تۆ لەبرسا مردوویت و جگە لە مردن پێناچێ شتێکی تر هەبێ. ژیان لە دەستت دەترازێ و مەرگ لە هەر ساتێکدا نزیکتر دەبێتەوە. ژیانی تۆ هیچ نییە جگە لە مەرگێکی هێواش.

کێش ئەمەی بەسەر تۆدا هێناوە؟– هەموو خێرخوازەکانت، چاکەکارانت، پەیامبەرانت، رزگارکەران و نوێنەرانی خودا. ئەمانە ئەو کەسانەن کە ژیانی تۆیان کردووەتە مەرگێکی هێواش و لەم کارەدا زۆر زیرەك بوون. ستراتیژێکی زۆر سادە بەکارهێنراوە: ئەوان دەڵێن ژیانت سزایەکە.

مەسیحییەکان دەڵێن تۆ لە گوناهێکی بنچینەییدا لەدایك بوویت، چۆن دەتووانی ژیانت هەبێ؟– تۆ تەنیا گوناهکارێکیت. لێرەوە تاکە رێگە بۆ گەیشتن بە ژیانی راستەقینە ئەوەیە ئەم ژیانە بوەستێنیت کە جگە لە گوناه شتێکی تر نییە. قەدیسەکانی تۆ کێن؟ ئەو کەسانەی کە ژیان لە کەمترین ئاستیدا دەژین، ئەوان قەدیسی تۆن، چەندەی کەمتر بژین، ئەوەندە مەزنترن. هەموویان لە مۆتەکەدا دەژین و ئامۆژگاریشت دەکەن دوایان بکەویت. تەواوی تەقەلایان ئەوەیە کە ئەوەندەی دەکرێ ژیانت کورت بکەیتەوە.

ژیان مەحکوم کراوە، سێکس مەحکوم کراوە، هەبوونی حەز بۆ ژیانێکی ئاسوودە مەحکوم کراوە. خۆشی بینین لە هەر شتێک- خواردن، جلو بەرگ- مەحکوم کراوە. ئەمە کورتکردنەوەی ژیانە. بەش لەدوای بەش ژیانت لێ دەسەنرێتەوە.

ئەگەر چاوێک بگێڕیت بە مێژوو پەرستگە مەسیحییەکان، (جەینییەکان)، بودییەکان، هیندۆسییەکاندا، سەرت دەسوڕمێت: جێی باوەڕ نییە کە مرۆڤەکان بەو شێوازە نامرۆڤانەیە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە- بەناوی ئایینەوە؛ هەموو جۆرە پڕوپوچییەک...

ئەگەر کەمتر زیندوو بیت، ئەمە یارمەتی سیاسییەکان دەدات، چونکە ئەو کاتە کەمتر یاخی دەبیت، زیاتر ملکەچ دەبیت، زیاتر تەقلیدی دەبیت، زیاتر نەریتی دەبیت- تۆ مەترسییەک نابیت.

ئەمە یارمەتی قەشە دەدات ئەگەر کەمتر زیندوو بیت- لەبەر هەمان ئەو هۆکارانە.

ئەگەر تۆ بە راستی زیندوو بیت، ئەوا مەترسییەکیت لەسەر هەمووان؛ هەموو ئەوانەی هەوڵ دەدەن ئیستیغلالت بکەن، هەمو ئەوانەی مشەخۆرێکن بەسەر تۆوە. دەبێ تۆ بە ددان و نینۆک بجەنگیت. تۆ بەلاتەوە باشتر دەبێ زیندوو بیت نەک کۆیلە، چونکە تەنانەت مەرگیش بۆ کەسێکی تەواو زیندوو مەرگ نییە، بەڵکو بەرجەستەبووی ژیانە. هەرچەندە دەشمرێت بەلام لە ژیانێکی چڕوپڕ و سەراپاگیر بەردەوام دەبێت. لە مردن ناترسێت، لە هیچ شتێک ناترسێت.

ئەمەیە وا دەکات هەموو بەرژەوەندییە بونیادگرتووەکان لە مرۆڤی زیندوو بترسن. ئەوان ستراتیژێکی زۆر ئاڵۆزیان دۆزیووەتەوە و ستراتیژەکە ئەوەیە ئامانجێکت بدەنێ بۆ ژیانت. ئەوەی کە ببیتە کەسێک.

تۆ هەنوکە ئەوەیت کە هەبوون ویستوویەتی ببیت.

تۆ ئەوە نیت ببیتە کەسێك.

بەڵام بەردەوام دەبن لەوەی کە بڵێن دەبێ ببینە عیسای مەسیح. بۆچی؟ عیسا نەدەبوو بە من، ئەی بۆچی من ببم بە عیسا؟ دەبێ عیسای مەسیح عیسای مەسیح بێت، منیش خۆم بم. بەڵام هەموو مەسیحییەکان چی دەکەن؟- هەوڵ دەدەن لاسایی عیسای مەسیح بکەنەوە، هەوڵ دەدەن بە شێوەیەك لە شێوەکان ببنە عیسا. هیندۆسەکان هەوڵ دەدەن ببنە کریشنا. بوداییەکان هەوڵ دەدەن ببنە بودا. سەیرە! کەس خەمی خۆی نییە، هەمووان هەوڵ دەدەن ببنە کەسێکی تر. ئەمە بە تەواوی ژیانت کورت دەکاتەوە. لێرەوە من دەڵێم،

ژیان ئامانجی نییە چونکە ژیانی ئامانجی خۆیەتی.

هەموو ئامانجەکان بەلاوە بنێ،

خودی بیرۆکەی ئایندە بەلاوە نێ،

ئەوە بە تەواوی بیر خۆت بەرەوە کە سبەینێیەك دەبێت. لە هەموو رەهەند و ئاراستەیەکەوە خۆت کۆ بکەرەوە. لێرە و ئێستادا تەرکیز بکە و لەو ساتە دیاریکراوەدا تۆ دەتوانیت لە تەواوی ئەبەدیەتەکەیدا درك بە ژیان بکەیت.

کوڕ

هەموو دایك و باوکان هیوایان هەیە، و لە رێگەی هیواکەیانەوە منداڵەکانیان لەناودەبەن. دەبێ تۆ خۆت لە دایك و باوك دەرباز بکەیت. رێك وەکو چۆن رۆژێك لە رۆژان دەبێ منداڵ لە منداڵدانی دایکی بێتە دەرەوە، ئەگینا منداڵدان دەبێتە مەرگ. چەندەی ئازاربەخش بێت و چەندەی لەوانەیە دایك هەست بە بەتاڵی بکات، بەڵام دەبێ منداڵ هەر بێتە دەرەوە.

پاشان رۆژێکی تر له ژیاندا، دهبێ منداڵ له چاوەڕوانییەکانی دایک و باوك بێته دەرەوە. تەنیا ئەو کاتە، بۆ یەکەمین جار دەبێته بوونێك له بەرژەوەندی خۆی به تەنیا. ئەو کاتە لەسەر پێیەکانی خۆی دەوەستێ. ئەو کاتە بە راستی ئازاد دەبێت.

ئەگەر دایك و باوکانیش وریا بنەوە، تێگەیشتووتر بن، ئەوا یارمەتی منداڵەکانیان دەدەن ئەوەندەی دەکرێ و ئەوەندەی زووە ئازاد بن.

بەو شێوەیە ئەوان منداڵەکان وا پرۆگرام ناکەن کە قابیلی بەکارهێنان بن، بەڵکو یارمەتی منداڵەکان دەدەن فێری خۆشەویستی بن.

جیهانێکی سەراپا جیاواز چاوەڕێی لەدایکبوونە، کە تیایدا خەڵکی کار دەکەن... دارتاش کار دەکات چونکە تەختەی خۆش دەوێت. مامۆستا وانە دەڵێتەوە لە قوتابخانە چونکە وانەوتنەوەی خۆش دەوێت. پینەدۆز بەردەوام دەبێ لە پینەدۆزی چونکە حەزی لێیەتی.

ڕێك لە ئێستادا شتێکی زۆر سەرلێشێوێنەر ڕوودەدات. پینەدۆز بووەتە نەشتەرگەر، نەشتەرگەر بووەتە پینەدۆز. هەردووکیان تووڕەن. دارتاش بووەتە سیاسی، سیاسی بووەتە دارتاش. هەردووکیشیان تووڕەن.

پێدەچێ تەواوی ژیان لە قووڵایی تووڕەییدا بێت. سەیری خەڵك بکە؛ هەموویان تووڕە دیارن. هەر کەسە لە شوێنێکە کە نەدەبووایە لێی بێت. پێدەچێت هیچ کەس لە شوێنی خۆی نەبێت. هەمووان ناڕەزامەند دیارن، ئەمەش بەهۆی چەمکی قازانجەوە کە بەدوایانەوەیە.

من چیرۆکێکی زۆر جوانم بیستووە:

(خاتوو گینسبێرگ بە گەیشتنی بۆ بەهەشت، بە شەرمەنییەوە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو فریشتەیەی قسەکانی تۆمار دەکردن. وتی "پێم بڵێ، دەکرێ قسە لەگەڵ کەسێك بکەیت کە لێرەیە؟"

فریشتەکە لە وەڵامدا وتی "بە دڵنیاییەوە، ئەگەر ئەو کەسەی مەبەستتە، لێرە لە بەهەشت بێت".

خاتوو گینسبێرگ وتی "ئۆه، دڵنیام لەوە. لە ڕاستیدا دەمەوێ مریەمی پاکیزە ببینم". فریشتەکە کۆکەیەکی کرد و وتی "ئاه، بەڵێ. لە ڕاستیدا ئەو لە بەشێکی ترە. بەڵام ئەگەر سووریت لەسەر ئەوە، داواکارییەکەت دەگەیەنم. ئەو خاتوونێکی نەرم و نیانە و لەوانەیە حەز بکات سەردانێکی بەشەکە بکات".

داواکارییەکە بە ڕێك و پێکی گەیشت و لە ڕاستیدا مریەمی پاکیزە نەرم و نیان بوو. لە ڕاستیدا زۆری پێنەچوو کە خاتوو گینسبێرگ خۆی لە ئامادەبوونی مریەمی پاکیزەدا بینییەوە.

خاتوو گینسبێرگ کاتێکی زۆر سەیری ئەو شێوە درەوشاوەیەی کرد کە لە پێشیەوە دەرکەوت و دواجار وتی، "تکایە بمبەخشە لە پرسیارکردنەکەم، بەڵام هەمیشە ویستوومە ئەم پرسیارەت لێبکەم. پێم بڵێ، هەستێکی چۆنە کوڕێکی ئەوەندە دانسقەت هەبێت کە لەدوای ڕۆیشتنیەوە سەدان ملیۆن کەس وەکو خودا بکەونە نزا و پاڕانەوە لێی؟"

مریەمی پاکیزەش لە وەڵامدا وتی "لە ڕاستیدا خاتوو گینسبێرگ، ئێمە هیوادار بووین ببێتە دکتۆر"). دایك و باوك هەمیشە هیوا دەخوازن– و هیواکەیان ژەهراوی دەبێت. با پێت بڵێم: منداڵەکانت خۆش بوێت، بەڵام قەت هیوایان لەسەر هەڵمەچنە. ئەوەندەی دەکرێ خۆشت بوێن و هەستێکیان پێ بدەن کە لەبەر خودی خۆیان خۆشتان دەوێن نەك لەبەر کەڵکێك کە دەشێ هەیانبێ.

بێ ڕادە منداڵەکانت خۆش بوێ و هەستێکیان پێبدە کە بەو شێوەیەی کە هەن قبوڵیان دەکەن. ئەوان بۆ تێرکردنی هیچ داواکارییەك نین. چ ئەمە بکەن یان ئەوە

بکەن، هیچ جیاوازییەك لەو خۆشەویستییەدا دروست ناکات کە پێیان بەخشراوە، خۆشەویستی بێ مەرجە.

ئەو کاتە دەشێ جیهانێکی تەواو نوێ بێتە کایەوە. ئەو کاتە خەڵکی بەشێوەیەکی سروشتی بەرەو ئەو شتانە دەڕۆن کە حەزیان لێیە. خەڵکی بەشێوەیەکی سروشتی بەو ئاقارانەدا دەڕۆن کە بەشێوەیەکی غەریزی حەز دەکەن پیایدا بڕۆن. ئەگەر تۆ ڕەزامەند نەبیت، ئەگەر شتێك نەدۆزیتەوە کە تەنیا پیشەیەك نییە بەڵکو شتێکی وەکو بانگەوازێکە، ئەرکێکە، ئەوا قەت ناتووانیت هەست بە دڵخۆشی بکەیت لەبەرانبەر دایك و باوکتدا، چونکە ئەوان هۆکاری بوونتن لەم جیهانە پڕ نیگەرانییەدا. تۆ ناتووانیت هەست بە سوپاسگوزاری بکەیت، شتێك نییە لەبارەیەوە سوپاسگوزار بیت. هەر کە تۆ ڕەزامەند بوویت، ئەو کاتە بێ ڕادە هەست بە سوپاسگوزاری دەکەیت.

سوپاسگوزارییەکەشت تەنیا ئەو کاتە مومکینە کە نەبیتە شتێك. چارەنووسی تۆ ئەوەیە ببیتە کەسێك. چارەنووسی تۆ ئەوەیە لە خۆتدا بەهایەك بیت. ببیتە ئامانجێك لە خودی خۆتدا.

ئەی نابێت ئێمە تەواوی هێز و توانامان ببەخشینە خۆشەویستی؟

پاوك مكورە: "خۆشت بوێم- من باوکتم!" و دەبێ منداڵەکە وەها دەربیخات کە خۆشی دەوێ. تەنانەت پێویست نییە منداڵ دایکیشی خۆش بوێت. ئەوە یەکێکە لە یاساکانی سروشت کە دایك غەریزەی سروشتی هەیە بۆ خۆشویستنی منداڵ، بەڵام نەك بە پێچەوانەوە- منداڵ غەریزەی سروشتی نییە بۆ خۆشویستنی دایك. ئەو پێویستی بە دایکە، ئەمە شتێکە، ئەو دایك بەکاردێنێت، ئەمەش شتێکە، بەڵام یاسایەکی سروشت نییە بڵێت کە دەبێت دایکی خۆش بوێت. ئەو کەیفی بە دایکی دێت چونکە زۆر یارمەتیدەرە، زۆر بە کەڵکە، بەبێ ئەو ناتووانێت هەبێت. بۆیە

سوپاسگوزارە، بەڕێزە- هەموو ئەم شتانەی ئاسایین- بەڵام خۆشەویستی سەراپا دیاردەیەکی جیاوازە.

خۆشەویستی لە دایکەوە بەرەو منداڵ دەڕژێت نەک بە پێچەوانەوە. ئەمەش زۆر سادەیە، چونکە خۆشەویستی منداڵ بەرەو منداڵی خۆی ئاراستە دەکرێت، ناتوانێ بە پێچەوانەوە بڕوات- وەکو چۆن رووبارەکان بەردەوام دەبن لە رژانە ناو ئۆقیانووس، نەک سەرچاوەکە. دایک سەرچاوەکەیە و خۆشەویستی بەرەو پێشەوە بۆ نەوەیەکی نوێ دەڕوات. پێچەوانەکردنەوەی ئەمە کردارێکی سەپێنراوە، ناسروشتییە، ئایدیۆلۆژییە.

بەڵام منداڵەکە دەبێ وەها دەربببخات چونکە دایک دەڵێت "من دایکی تۆم- دەبێ خۆشت بوێم!" و منداڵەکەش دەتوانێ چی بکات؟ تەنیا دەتوانێ وەها دەرببخات، بۆیە دەبێتە سیاسەتمەدار. هەموو منداڵێک هەر لە بێشکەوە دەبێتە سیاسەتمەدار، ئەو دەست دەکات بە پێکەنین کاتێک دایک دێتە ژوورەوە- پێکەنینێکی (جیمی کارتەر)انە! هەست بە هیچ خۆشییەک ناکات، بەڵام خەندەی لەسەر لێوانە. دەبێ دەمی بکاتەوە و هەندێ پرۆڤە بە لێوەکانی بکات- ئەمە یارمەتی دەدات، ئەمە رێوشوێنێکی مانەوەیە (دەربازبوونە). بەڵام خۆشەویستی دەبێتە ساختە.

هەر کە فێری جۆرە کەم بەهاکەی، جۆرە پلاستیکەکەی خۆشەویستی بوویت، ئەوا زۆر قورس دەبێت جۆرە راستەقینەکە، رەسەنەکە بدۆزیتەوە. ئەو کاتە دەبێ خوشك و براکانی خۆش بوێت و بە راستی هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەمە. لە راستیدا کێ خوشکەکەی خۆش دەوێت و بۆچی؟ ئەمە هەموو ئەو بیرۆکانەن کە چەسپێنراون بۆ پێکەوە هێشتنەوەی خێزان. بەڵام ئەواو ئەم پرۆسەیەی ساختەکاری دەتگەیەنێتە حاڵێك کە تیایدا کاتێك دەکەویتە داوی خۆشەویستی، ئەم خۆشەویستییەش ساختەیە.

تۆ بیرت چووتەوە خۆشەویستی راستەقینە چییە. تۆ دەکەویتە داوی خۆشەویستیی رەنگی قژ– ئێستا، ئەوە چ پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە؟ پاش دوو رۆژ تۆ چیتر بەهیچ شێوەیەك ناڕوانیتە رەنگی قژەکە. یان دەکەویتە داوی خۆشەویستی شێوەیەکی دیاریکراوی لوت یان جۆری دیاریکراوی چاو، بەڵام پاش مانگی هەنگوینی هەموو ئەم شتانە تاقەتپڕوکێنن! ئەو کاتەش دەبێ بە شێوەیەك لە شێوەکان بەڕێوە بڕۆیت، نمایش بکەیت، فریو بدەیت.

ڕەمەکیبوونەکەت (عەفەوییبوونەکەت) دارِزاوە و ژەهراوی بووە، ئەگینا نەدەکەوتیتە داوی خۆشەویستی پارچەکان. بەڵام تەنیا پارچەکانت خۆش دەوێت. ئەگەر کەسێك پرسیارت لێ بکات "بۆچی ئەم ژنە یان ئەو پیاوەت خۆش دەوێت؟" وەڵامەکە ئەمە دەبێ "چونکە زۆر جوانە" یان "لەبەر لوتی، چاوەکانی، جسمی، ئەمە و ئەوە"– و هەموو ئەمەش پوچە! ئەو کاتە ئەم خۆشەویستییە ناکرێ زۆر قووڵ بێت یان ناشێ هیچ بەهایەکی هەبێت. ئەمە ناتووانێ ببێتە ئینتیما. ئەمە ناتووانێ هەڵڕژانێکی درێژخایەنی هەبێت. بەزوویی وشك دەبێت– زۆر دەستکردە. لەناخی دڵەوە هەڵنەقولاوە؛ بەڵکو دیاردەیەکی ئەقڵە. لەوانەیە وەکو ئەکتەرێك دەربکەوێ و هەربۆیە کەیفت پێی دێت، بەڵام کەیف پێهاتن خۆشەویستی نییە.

خۆشەویستی سەراپا دیاردەیەکی جیاوازە، پێناسەنەکراوە، رازئامێزە– ئەوەندە رازئامێزە کە عیسا دەڵێت "خودا خۆشەویستییە". ئەو خودا و خۆشەویستی دەکاتە هاومانا، پێناسەنەکراو. بەڵام ئەو خۆشەویستییە سروشتییە بزرە.

تۆ پرسیاری ئەوەت لێکردم، ئایا نابێت ئێمە تەواوی هێز و توانامان ببەخشینە خۆشەویستی؟ پێت وایە ئەمر پرسیاری کردنی شتێکە تا ئەوەندەی لە تواناماندایە؟ ئەمە پرسی کردنی شتێك نییە. ئەمە دیاردەیەکی دڵە. ئەمە جۆرێکە لە پەرزبوونەوەی ئەقڵ و جەستە. ئەمە پەخشان نییە، شیعرە. ماتماتیك نییە،

مۆسیقایە، ناتوانیت بیکەیت، تەنیا دەتوانیت ببیت. خۆشەویستی شتێك نییە بیکەیت، شتێکە کە هەیت. بەڵام ئەم (دەبێت)انە قورسن لەسەر ڕەمەکیبوونەکەت. خۆشەویستی قەت (دەبێ) نییە، ناکرێ فرمانی پێبکرێت. تۆ ناتوانیت خۆت ناچار بکەیت ئەوەندەی بکرێ خۆشەویستی ببەخشیت. ئەوەیە کە خەڵکی دەیکەن و بۆیە خۆشەویستی لە جیهاندا بزرە.

چۆن دایکم خۆش بوێت؟

دەبێ دایك بە شێوازێکی سەراپا جیاواز خۆش بویسترێت. ئەو خۆشەویستی تۆ نییە– و ناشتوانێ ببێ. ئەگەر تۆ زۆر هۆگری دایکت ببیت، ئەوا ناتوانیت خۆشەویست بدۆزیتەوە. ئەو کاتە لە قووڵایی ناختدا لە دایکت تووڕە دەبیت– چونکە بەهۆی ئەوەوەیە کە ناتوانیت ڕوو بکەیتە ژنێکی تر.

بۆیە ئەوە بەشێکە لە گەشەکردن کە دەبێت مرۆڤ لە دایك و باوکی دوور بکەوێتەوە. وەکو ئەوە وایە کە لە منداڵداندایت و دەبێ لێی بێیتە دەرەوە. ئەمە جێهێشتنی دایکت بوو؛ بە شێوەیەك لە شێوەکان...بە شێوەیەك لە شێوەکان بێوەفابوون بوو بەرانبەری. بەڵام ئەگەر لەناو منداڵداندا منداڵ پێی وابێت ئەوە بێ وەفایی دەبێ– "چۆن دەتوانم دایکم جێ بهێڵم کە منی هێناوەتە دنیاوە؟"– ئەو کاتە خۆی و دایکیشی دەکوژێت. دەبێ لە منداڵدان بێتە دەرەوە.

یەکەم جار ئەو بە تەواوی لەپاڵ دایکیدایە...پاشان دەبێ ناوکەپەتکەکە ببڕدرێت. خۆی دەست دەکات بە هەناسەگۆڕکێ؛ ئەمە سەرەتای گەشەکردنە. دەبێتە تاکەکەس، دەست دەکات بە چالاکی بە شێوەیەکی جودا. بەڵام بۆ ساڵانێکی زۆر هەر وابەستە دەبێت. بۆ شیر، خواردن، پەناگە، خۆشەویستی، پشت بە دایکی دەبەستێ؛ ئەو دەستەوستانە.

بەلام کە بەهێز و بەهێزتر دەبێت، زیاتر و زیاتر دەست دەکات بە دوورکەوتنەوە. پاشان شیر دەوەستێ و ئینجا دەبێ پشت بە خواردنێکی تر ببەستێ. ئێستا تەنانەت زیاتریش دوور دەکەوێتەوە.

ئینجا دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان بچێتە قوتابخانە، هاوڕێ دروست بکات. کاتێکیش دەبێتە گەنجێك، دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ژنێکەوە و بەشێوەیەك لە شێوەکان بەتەواوی دایکی بیر دەچێتەوە، چونکە ئەم ژنە نوێیە کۆنترۆڵی دەکات، بەسەریدا زاڵ دەبێت.

ئەگەر ئەمە ڕوو نەدات، دیارە شتێك هەیە. ئەگەر دایك هەوڵ بدات دەست بە تۆوە بگرێت ئەوا ئەرکەکەی وەکو دایك ڕاناپەڕێنێت. ئەمە ئەرکێکی زۆر ناسکە. دایك دەبێت یارمەتیت بدات بڕۆیت– ئەمەیە ناسکییەکەی. دەبێ دایك بەهێزت بکات بۆئەوەی بتوانیت لێی دوور بکەویتەوە. ئەمەیە خۆشەویستی ئەو. ئەو کاتە، ئەو ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات. ئەگەر تۆ دەست بە دایکتەوە بگریت، ئەو کاتە هەڵە دەکەیت. ئەمە ڕۆیشتنە بە پێچەوانەی سروشت.

وەکو ئەوە وایە ڕووبار بە ئاراستەی سەرەوە بگەڕێتەوە... ئەو کاتە هەموو شتێك دەشێوێت.

دایك سەرچاوەی تۆیە. ئەگەر تۆ دەست بکەیت بە سەرناوکەوتن بەرەو دایکت، ئەوا بە ئاراستەی پێچەوانە دەڕۆیت. دەبێ دوور بکەویتەوە. دەبێت ڕووبار دوور لە سەرچاوەکەی بەرەو ئۆقیانووس بڕوات. بەلام ئەوە بەو مانایە نییە کە تۆ دایکت خۆش ناوێت.

بۆیە بیرت بێ کە دەبێ خۆشەویستی بۆ دایکت زیاتر وەکو ڕێز بێت، نەك وەکو خۆشەویستی. دەبێ خۆشەویستی بۆ دایکت تایبەمەندیی مەزنایەتی، ڕێز– ڕێزێکی

قووڵ—ی هەبێت. ئەو تۆی هێناوەتە دنیاوە. دەبێ خۆشەویستی تۆ پڕاوپڕ لە ئەزا بێت.

بۆیە هەر شتێك كە دەتووانی بۆی بكەیت، بیكە، بەڵام خۆشەویستییەكەت مەكە بەو خۆشەویستییەی كە بۆ خۆشەویستەكەت هەتە، ئەگینا دایكت لەگەڵ ئەو كەسەدا لێ دەشێوێت. كاتێكیش ئامانجەكان دەشێوێن، خۆت سەرت لێ دەشێوێت. بۆیە بیرت بێت چارەنووسی تۆ دۆزینەوەی خۆشەویستێكە— ژنێكی تر، نەك دایكت. ئەو كاتە تەنیا بۆ یەكەمین جار بە تەواوی پێگەیشتوویت. چونكە دۆزینەوەی ژنێكی تر بەو مانایەیە كە ئێستا تۆ بە تەواوی لە دایكت دابڕاویت...ئێستا دوایین ناوكەپەتك بڕدراوە.

هەربۆیە هاودژییەكی ئاڵۆز لەنێوان دایك و هاوسەری كوڕەكەیدا هەیە— لە سەرانسەری جیهاندا. دەبێ هەروابێت، چونكە دایك بە شێوەیەك لە شێوەكان هەست دەكات ئەو ژنە كوڕەكەی لێ سەندووە. ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەكان سروشتییە، بەڵام نەزانانەیە. دەبێ دایك دڵخۆش بێت بەوەی كە ژنێكی تر دۆزراوەتەوە. ئێستا منداڵەكەی چیتر منداڵ نییە... بووەتە كەسێكی پێگەیشتوو.

كەواتە تۆ تەنیا بە یەك ڕێگە دەتووانیت پێگەیشتوو بیت— ئەگەر لە دایك دوور بكەویتەوە. ئەمەش لە زۆر ئاستی بووندا وەهایە. دەبێت كوڕ ڕۆژێك لە ڕۆژان لە باوك یاخی ببێت— نەك بەبێ ڕێز...بە ڕێزێكی قووڵەوە. بەڵام دەبێ یاخیبوون ڕووبدات. ئەمە ئاسكییەكەیە؛ شۆڕش لەوێیە، یاخیبوون لەوێیە، بەڵام لەگەڵ ڕێزێكی زۆردا. ئەگەر ڕێز نەبێ كەواتە ئەمە قێزەونە. ئەو كاتە یاخیبوون جوان نییە. ئەو كاتە شتێك بزرە. یاخی ببە... سەربەست بە...بەڵام بەڕێز بە، چونكە باوك، دایك، سەرچاوەكەیە.

کەواتە دەبێ مرۆڤ لە دایک و باوک دوور بکەوێتەوە. نەک تەنیا لە ڕوویەکەوە بەڵکو هەندێ جار لە زۆر ڕووەوە، لێیان دوور بکەوێتەوە. بەڵام نابێ ئەمە ببێتە تووڕەیی. نابێت دڕێو بێت، دەبێ هەر جوان و بەڕێزانە بێت. ئەگەر تۆ دوور دەکەویتەوە لێیان، بڕۆ، بەڵام دەستێک بە پێیەکانی دایک و باوکتدا بێنە. پێیان بڵێ کە دەبێ بڕۆیت،... بگری. بەڵام پێیان بڵێ کە بەدەست خۆت نییە- دەبێ بڕۆیت. ئەحەدییەکە بانگی کردوویت و دەبێ بڕۆیت. یەکێک بە جێهێشتنی ماڵەوە دەگری. یەکێک بەردەوام دەبێت لە چەند جارێک ئاوڕدانەوە، بە چاوی تەڕەوە، بە یادی رابردووەوە. ئەو ڕۆژانەی تێپەڕین جوان بوون. بەڵام چی بکرێ؟

ئەگەر هەر دەست بە ماڵەوە بگریت ئەوا هەر معوەق دەبیت. هەر منداڵکار دەبیت. قەت نابیتە پیاوێک لە بەرژەوەندی خۆت. بۆیە ئەوەی کە پێتی دەڵێم ئەوەیە بە ڕێزەوە دوور بکەوە. هەر کاتێک پێویستیان بوو، خزمەتیان بکە، ئامادە بە. بەڵام قەت بە هەڵە تێنەگەیت لەوەی کە دایکت، خۆشەویستەکەتە، ئەو دایکی تۆیە.

ڕۆبۆت

بۆچی سۆفییەکان دەڵێن مرۆڤ ماکینەیە؟

چونکە مرۆڤ ماکینەیە. مرۆڤ بەو شێوەیەی کە هەیە بە تەواوی ناگایە. هیچ نییە جگە لە خووەکانی، کۆی خووەکانی. مرۆڤ ڕۆبۆتە. مرۆڤ هێشتا مرۆڤ نییە: تا ئەو کاتەی کە ئاگایی نەیەتە ناو بوونتەوە، ئەوا هەر وەکو مەکینەیەک دەمێنیتەوە.

بۆیە سۆفییەکان دەڵێن مرۆڤ ماکینەیە. لە سۆفیەکانەوەیە کە (گورجییێف) ئایدیای (مرۆڤ ماکینەیە) بە خۆرئاوا دەناسێنێت. بە دەگمەن هەیە کە تۆ بەئاگا بیت. لە تەواوی حەفتا ساڵەکەی ژیانتدا، ئەگەر بەناو ژیانێکی ئاسایی؛ تەواو

لەناوەوە و لە دەرەوەڕا بژیت بەبێ ئازاری گەشەکردن، بەبێ هەبوونی ئازاری گەشەکردنی مرواریبیەکی زۆر جوان لە ناوەوەتدا– ئەوا قەت تەنانەت حەوت چرکەی هۆشیاریش ناناسیت لە سەرانسەری ژیانتدا.

تەنانەت ئەگەرچی ئەو حەوت چرکە یان کەمترەی هۆشیاریش بزانیت، تەنیا بە ڕێکەوت دەبێ، بۆ نموونە، لەوانەیە ئەو کاتە چرکەساتێکی هۆشیاری بزانیت کە کەسێك بێت و لەپڕ لولەی تفەنگەکەی بخاتە سەر دڵت. لەو چرکەساتەدا، بیرکردنەوەت، بیرکردنەوە خووگرتووەکەت، دەوەستێت. بۆ ساتێك تۆ بەئاگا دێیت، چونکە زۆر ترسناکە، تۆ ناتووانیت بەشێوەیەکی ئاسایی خەواڵوو بیت. لە هەندێ بارودۆخی ترسناکدا تۆ بەهۆش دێیتەوە. ئەگینا هەر لە خەوێکی قووڵدایت. تۆ لە ئەنجامدانی شتەکانت بە شێوەیەکی میکانیکی بە تەواوی شارەزایت.

تەنیا لە قەراغ ڕێگایەکەوە بوەستە و تەماشای خەڵك بکە، ئینجا دەزانیت کە هەموویان لە خەویاندا دەڕۆن. هەموویان ڕێبواری خەواڵوون، تۆش هەروا.

دوو وێلگەڕ دەستگیر کران و تۆمەتی کوشتنیان درایەپاڵ کە لە کۆمەڵگاکەدا ئەنجام درابوو. دادگا تاوانەکەی بەسەردا ساغ کردنەوە و دادوەر حوکمی هەڵواسین تا مردنی بەسەردا سەپاندن و خوا عەفویان بکات.

هەردووکیان زۆر باش بوون تا سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەی کە حوکمەکە جێبەجێ دەکرا. لەکاتێکدا کە بۆ لەسێدارەدانەکە ئامادە دەکران، یەکێکیان ڕووی کردە ئەویتر و وتی "یە نەفرەت بم کە بێ هۆشم. ناتووانم تەرکیز بکەم. بۆچی، تەنانەت نازانم چ ڕۆژێکی هەفتەشە".

وێلگەڕەکەی تر وتی "دووشەممەیە"

"دووشەم؟ ئۆی خوایە! ئەم شێوازە چ شێوازێکی بێ تامە کە هەفتەکەی پێ دەست پێبکەی!"

تەنیا بڕوانە خۆت. تەنانەت لە سەرە مەرگیشدا، خەڵکی بەردەوام دەبن لە دووبارە کردنەوەی ڕێسا کۆنە خووگرتووەکان. ئێستا چیتر هەفتە بوونی نییە، ئەو بەیانییە هات کە هەڵواسرێن. بەڵام هەر خووە کۆنەکە بوو- یەکێك دەڵێت دووشەممەیە: تۆش دەڵێیت "دووشەممە؟ ئۆی خوایە چ شێوازێکی سواوە کە هەفتەکەی پێ دەست پێبکەیت!"

مرۆڤ پەرچەکرداری هەیە. بۆیە سۆفییەکان دەڵێن مرۆڤ ماکینەیە. مەگەر ئەوەی کە دەست بکەیت بە وەڵامدانەوە، مەگەر ئەوەی کە ببیتە بەرپرس...پەرچەکردار لە ڕابردووەوە دێت، وەڵامدانەوەکان لە ساتی ئێستاوە هەڵدەقوڵێن. وەڵامدانەوە عەفەوییە (ڕەمەکییە)، پەرچەکردار تەنیا خوویەکی کۆنە.

تەنیا تێبینی خۆت بکە. ژنەکەت شتێکت پێ دەڵێت: پاشان هەر شتێك کە بیڵێیت، تێبینی بکە، تێی ڕامێنە. ئەمە تەنیا پەرچەکردارێکە؟ و تۆ سەرت دەسوڕمێت: 99%ی کردارەکانت کردار نین، چونکە وەڵامدانەوە نین، تەنیا میکانیکین.

ئەمە چەندەها جار ڕوویداوە و ڕوودەدات: تۆ هەمان شت دەڵێیت و ژنەکەت بەهەمان شێوە پەرچەکرداری دەبێت و پاشان تۆ پەرچەکردار پیشان ئەدەیت و دووبارە و سێبارە هەمان شت ڕوودەداتەوە. ئەو دەزانێت، تۆش دەزانیت، هەموو شتێك چاوەڕوانکراوە.

بیستوومە دەڵێن:

کوڕێکی ئەو سەروەختە لە باوکی پرسی "جەنگەکان چۆن دەست پێدەکەن؟"

باوك وتی "لە ڕاستیدا کوڕم، با بڵێین ئەمریکا لەگەڵ ئینگلتەرە شەڕی کرد..."

دایك هەڵیدایە "ئەمریکا لەگەڵ ئینگلتەرە شەڕ ناکات،"

باوك كە دیاربوو پەستە، وتی "كێ وتی دەیكات؟ من تەنیا نموونەیەكی گریمانەیی بۆ كوڕەكە دەهێنمەوە."

دایك هاواری كرد "قسەی پڕوپوچ! تۆ هەرچی بیرۆكەی هەڵەیە دەیخەیتە مێشكییەوە".

باوك وتی "هیچ شتێك پڕوپوچ نییە! ئەگەر گوێ لە تۆ بگرێ قەت هیچ بیرۆكەیەك ناچێتە مێشكیەوە".

هەر كە قۆناغی شەڕە قاپ نزیك بووەوە، كوڕەكە دەستیكردەوە بە قسە، "سوپاس دایكە، سوپاس باوكە. نابێ قەت جارێكی تر پرسیار بكەمەوە جەنگەكان چۆن دەست پێدەكەن".

تەنیا تێبینی خۆت بكە. ئەو شتانەی كە دەیانكەیت؛ چەندەها جار كردووتن. شێوازەكانی پەرچەكردارت، تۆ هەمیشە پەرچەكردارت هەبووە. لە هەمان بارودۆخدا تۆ هەمیشە هەمان شت دەكەیت. تۆ هەست بە نیگەرانی دەكەیت و جگەرەكەت دەردێنیت و دەست دەكەیت بە كێشانی. ئەمە پەرچەكردارە، هەر كە هەستت بە نیگەرانی كردووە، ئەمەشت كردووە.

تۆ ماكینەیەكیت، ئەمە ئێستا تەنیا پرۆگرامێكی داڕێژراوە لە تۆدا: هەست بە نیگەرانی دەكەیت؛ دەستەكانت دەچنەوە ناو گیرفانەكانت، پاكەتەكە دێتە دەرەوە. تەقریبەن وەكو چۆن ماكینەیەك ئەمە دەكات. جگەرەكە دێنیتە دەرەوە، جگەرە دەخەیتە دەمتەوە، جگەرەكە دادەگیرسێنیت و ئەمە هەمووی بەشێوەیەكی میكانیكی بەڕێوە دەچێت. ئەمە ملیۆنەها جار كراوە و تۆ دیسان هەمان شت دەكەیتەوە. هەر جارەش كە ئەمە دەكەیت، بەهێزتر دەبێت، ماكینەكە میكانیكیتر دەبێت، لێهاتووتر دەبێت. چەندەی زیاتر بیكەیت، ئەوەندەش كەمتر ئاگایی پێویست دەبێ بۆ كردنی. بۆیە سۆفییەكان دەڵێن مرۆڤ وەكو ماكینە كار

دەكات. مەگەر ئەوەی كە ئەم خووە میكانیكییانە تێكبشكێنیت...سۆفییەكان شێوازی زۆریان هەیە بۆ تێكشكاندنیان. بۆ نموونە، زۆر ئامراز دەخەنەڕوو. ئەوان دەڵێن: شتێك بكە كە پێچەوانەی ئەوەیە كە هەمیشە كردووتە. تاقی بكەرەوە. تۆ دێیتە ماڵەوە، دەترسیت، وەكو جاران درەنگ هاتوویتەوە و ژنەكەت لەوێ دەبێ بۆ شەڕ لەگەڵتدا. تۆش پلانی ئەوە دادەنێیت چۆن وەڵام بدەیتەوە، چی بڵێیت- ئەمەی كە لە فەرمانگە ئیشێكی زۆر هەبوو، و ئەمە وابوو و ئەوە وا چوو. ئەویش بە هەموو پلاندانانەكەت دەزانێت، دەشزانێ ئیازنە چی بڵێیت ئەگەر پرسیار بكات بۆچی دواكەوتیت. تۆش دەزانیت ئەگەر بڵێیت لەبەرئەوە درەنگ هاتوویتەوە چونكە ئیشێكی زۆر هەبوو ئەوا باوەڕ ناكات. قەت باوەڕی بەمە نەكردووە. لەوانەیە ئەنوكە تەئكیدی كردبێتەوە، لەوانەیە تەلەفۆنی بۆ فەرمانگە كردبێت، لەوانەیە ئەنوكە لێكۆڵینەوەی لەوە كردبێت لە كوێیت.

بەڵام هێشتا ئەمە ڕێسایەكە. سۆفییەكان دەڵێن: ئەمڕۆ بڕۆرە ماڵەوە و بەشێوەیەكی تەواو جیاواز رەفتار بكە. ژنەكەت لێت دەپرسێت "لە كوێ بوویت؟" و تۆش دەڵێیت "لەگەڵ ژنێك خەوتبووم". جا بزانە چی ڕوودەدات. تووشی شۆك دەبێت! نازانێ چی بڵێت، تەنانەت ڕێگەیەك نادۆزێتەوە بۆئەوەی قسەكانی دەربېڕێت. بۆ ساتێك بە تەواوی سەرگەردان دەبێت، چونكە هیچ پەرچەكردارێك، هیچ ڕێسایەكی كۆن لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا نایەتەوە.

یان لەوانەیە، ئەگەر زیاتر بوویتە ماكینەیەك، بڵێت "بڕوات پێ ناكەم!"- هەروەكو چۆن پێشتریش قەت بڕوای پێت نەكردووە. "حەتمەن سوعبەت دەكەیت!"

هەموو رۆژێك كە دێتە ماڵەوە...

لەبارەی دەروونشیکارێکەوە بیستوومە کە بە نەخۆشەکەی دەڵێت "ئەمڕۆ کە چوویتە ماڵەوە..."- حەتمەن ئامرازێکی سۆفییانەی پێداوە- چونکە نەخۆشەکە دووبارە و سێبارە سکاڵای کردووە. "من هەمیشە لە چوونەماڵەوە دەترسم. ژنەکەم ئەوەندە خەمناك، ئەوەندە دڵتەنگ دیارە، ئەوەندە نائومێدە، کە خەریکە دڵم دەتەقێ. دەمەوێ لە ماڵەوە رابکەم".

دەروونشکارەکە وتوویەتی "لەوانەیە تۆ هۆکارەکە بیت. شتێك بکە: ئەمڕۆ گوڵ و دۆندرمە و شیرینی بۆ ژنەکەت ببەوە و کاتێك دەرگا دەکاتەوە باوەشی پیا بکە، ماچێکی باشی بکە. ئەو کاتە دەستبەجێ دەست بکە بە یارمەتیدانی: مێزەکە و مەنجەڵەکە و ئەرزەکەش بشۆ و بسڕەوە. شتێکی تەواو نوێ ئەنجام بدە کە پێشتر ئەنجامت نەداوە".

بیرۆکەکە سەرنجڕاکێش بوو و پیاوەکە تاقی کردەوە. چووە ماڵەوە. ئەو ساتەی ژنەکە دەرگای کردەوە و گوڵ و دۆندرمە و شیرینی و ئەم پیاوە گەشاوەیەی بینی کە قەت بە پێکەنینەوە لەباوەشی نەگرتووە، نەیتوانی باوەڕ بەوە بکات کە روودەدات! لە شۆکێکی تەواودا بوو، باوەڕی بە چاوەکانی خۆی نەدەکرد: لەوانەیە ئەمە کەسێکی تر بێت! دەبووایە جارێکی تر سەیر بکاتەوە. ئەو کاتەش کە ماچی کرد و دەستبەجێ دەستیکرد بە پاککردنەوەی مێزەکە و چووە سەر مەغسەلەکە و دەستیکرد بە شتنی مەنجەڵ و قاپەکان، ژنەکەی دەستیکرد بە گریان. کاتێك پیاوەکە هاتە دەرەوە وتی، "بۆچی دەگریت؟" ژنەکە وتی "ئەوە شێت بوویت؟ من هەمیشە گومانی ئەوەم هەبوو ئەمڕۆ یان سبەی شێت دەبیت. ئێستاش ئەوە روویدا. بۆچی ناچیتە لای پزیشکێکی دەروونی؟" سۆفییەکان ئەم ئامرازانەیان هەیە. ئەوان دەڵێن: سەراپا جیاواز رەفتار بکە و نەك تەنیا ئەوانیتر سەریان

دەسوورِمێت؛ تۆش سەرت دەسوورِمێت. تەنانەت لە شتە بچوکەکانیشدا. بۆ نموونە، کاتێك تۆ نیگەرانیت، خێرا دەڕۆیت. خێرا مەڕۆ، هێواش بڕۆ و ئینجا دەزانیت، سەرت دەسوورِمێت کە ناگونجێ، تەواوی ئەقڵی میکانیکیت دەستبەجێ دەڵێت "ئەوە چی دەکەیت؟ تۆ قەت ئەمەت نەکردووە!" ئەگەر هێواش بڕۆیت سەرت دەسوورِمێت: نیگەرانی نامێنێ، چونکە تۆ شتێکی تازەت کردووە.

ئەمە شێوازەکانی (ڤیپاسانا) و (زازێن)ە. ئەگەر تۆ بچیتە ناو قووڵاییانەوە ئەوا بنەماکان هەر یەکن. کاتێك تۆ رۆیشتنی (ڤیپاسانا) ئەنجام دەدەیت، دەبێ هێواشتر لە هەر جارێکی پێشوو بە رێدا بڕۆیت ، ئەوەندە هێواش کە تەواو نوێیە و ئەقڵی پەرچەکرداری ناتوانێ ئیش بکات. ناتوانێ ئیش بکات چونکە پرۆگرامی بۆی نییە، هەروا بە سادەیی لە ئیش دەکەوێ.

هەربۆیە لە (ڤیپاسانا)دا زۆر بە بێدەنگی تێبینی هەناسەگۆرکێ دەکەیت. تۆ هەمیشە هەناسەت داوە بەڵام قەت تێبینیت نەکردووە، ئەمە شتێکی نوێیە. کاتێك تۆ بە بێدەنگی دادەنیشیت و تەنیا تەرکیز دەکەیتە سەر هەناسەگۆرکێیەکەت– هاتنەناو، چوونەدەرەوە، هاتنەناوەوە، چوونەدەرەوە– ئەقڵ سەری لێ دەشێوێت: ئەوەی چی دەکەیت؟ چونکە قەت نەتکردووە. ئەوەندە نوێیە کە ئەقڵ ناتوانێ کاردانەوەیەکی بەپەلەی لەبەرانبەریدا هەبێ، بۆیە کپ دەبێ.

بنەماکە یەك شتە. ئاخۆ سۆفیانەیە، بودییانەیە، هیندۆسییانەیە، گرنگ نییە، ئەگەر تۆ بچیتە قووڵایی بنەماکانی تێرامان لە ناخ (مێدیتەیشن)* ، ئەو کاتە جەوهەرەکە یەك شتە: چۆن لە ئۆتۆماتیکیبوون داماڵرێیت.

* مێدیتەیشن پرۆسەیەکی رامانی قووڵە لە ناخ و لە بێدەنگیدا بەتایبەت بۆ مەبەستی رۆحی، بۆئەوەی ئەقڵت هێور بێتەوە.

(گورجییێف) لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو کە شتی زۆر سەیر بەرانبەر شاگردەکانی بکات. کەسێك دەهات کە هەمیشە سەوزەخۆر بوو و دەیگوت "گۆشت بخۆ". ئێستا ئەمە هەمان بنەمایە- ئەم پیاوە کەمێك لە خودی خۆی زیاتر بوو، کەمێك نائاسایی بوو. ئەو دەیگوت "گۆشت بخۆ". ئێستا، بڕوانە سەوزەخۆرێك کە گۆشت دەخوات. تەواوی جەستە دەیەوێ فڕێی بداتەوە و دەیەوێ بڕشێتەوە و تەواوی ئەقڵ سەری لێ شێواوە و هەراسانە و ئەو دەست دەکات بە عەرەق کردنەوە، چونکە ئەقڵ ڕێگایەکی نییە بۆ هەلکردن لەگەڵ ئەم دۆخە.

ئەمە بوو گورجییێف دەیەویست ببینێت، کاردانەوەت بەرانبەر بارودۆخێکی نوێ چۆنە. گورجییێف بە کەسێك کە هەرگیز کحولی نەخواردووەتەوە دەگوت"بخۆرەوە، بخۆرەوە ئەوەندەی دەتووانی". بە کەسێکیش کە کحول خۆرەوە بوو دەیگوت "بۆ ماوەی مانگێك وازبێنە. بە تەواوەتی وازبێنە".

ئەو دەیویست بارودۆخێك بهێنێتەکایەوە کە بۆ ئەقڵ ئەوەندە تازەیە کە کپ دەبێت، وەلامی پێ نابێ بۆی، هیچ وەلامێکی لەپڕی پێنابێت.

ئەقڵ بە شێوازی توتی (بەبەغا) ئیش دەکات.

هەربۆیە مامۆستاکانی (زێن) هەندێ جار لە شاگرد دەدەن. ئەمەش هەمان بنەمایە. ئێستا، کاتێك تۆ دەچیتە لای مامۆستایەك پێشبینی ئەوە ناکەیت بوداییەك لێت بدات، وایە؟ کاتێك تۆ دەچیتە لای (بودا) چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت کە کەسێکی بە بەزەیی و بەسۆز بێت، دەتداتە بەر بارانی خۆشەویستی و دەست بە سەرتدا دەهێنێت. ئەم بودایییەش لێت دەدات- شتەکانی هەڵدەگرێت و بە هەموو کەیفی خۆی لە سەرت دەدات. ئێستا، ئەمە مایەی شۆکە: بودایییەك لێت بدات؟ بۆ ساتێك ئەقڵ دەوەستێت، نازانێ چی بکات، ئیش ناکات.

ئەم ئیشنەکردنەش سەرەتایە. هەندێ جار کەسێك تەنیا بەوەی کە مامۆستا ڕۆحییەکە شتێکی سەیری ئەنجام داوە، ڕۆشن بووەتەوە.

خەڵکی، چاوەڕوانییان هەیە، خەڵکی لە چاوەڕوانییەکاندا دەژین. ئەوان نازانن کە مامۆستا ڕۆحییەکان لەگەڵ هیچ چاوەڕوانییەکدا ناگونجێن.

هیندستان بە (کریشنا) و (ڕاما) ڕاهاتبوو و خەڵك کەیفی پێدەهاتن. دواتر (ماهاڤیرا) هات، بە ڕووتی وەستا. تۆ ناتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە کە کریشنا بە ڕووتی دەوەستێت، ئەو هەمیشە جلی جوانی لەبەر دەکرد، ئەوەندەی بکرایە جوان. ئەو یەکێك بوو لە جوانترین کەسەکان. خشڵی دروستکراو لە ئاڵتون و مرواری بەخۆیەوە دەخست.

پاشان لەپڕ ماهاڤیرا پەیدا بوو. ماهاڤیرا مەبەستی لە ڕووتبوونەوە چی بوو؟ سەرانسەری وڵاتی تووشی شۆك کرد: بەهۆی ئەو شۆکەوە یارمەتی خەڵکێکی زۆریدا. دەبێ هەر مامۆستایەکی ڕۆحی بڕیار بدات شۆك بگەیەنێ. ئێستا، لە هیندستان چەند سەدەیەکە مرۆڤی وەکو منیان نەناسیووە. بۆیە هەرچییەك کە بیکەم، هەرچییەك کە بیڵێم، شۆکە. هەموو وڵات تووشی شۆك دەبێت، لەرزینێکی گەورە بە سەرانسەری بڕبڕەی وڵاتدا ڕەت دەبێ. بە ڕاستی خۆشی لێدەبینم، چونکە ناتووانن بیر بکەنەوە....

تازە نامەیەکم پێگەیشتووە کە دەڵێت "هەمیشە پێمان وابووە تۆ لەسەروو سیاسەتەوەیت. ئەی بۆچی قسە لەسەر سیاسەت دەکەیت؟"

لەبەرئەوە. چونکە لەسەروو سیاسەتەوەم. کێی تر دەتووانێت قسەی لەسەر بکات؟ ئەوانەی کە تیایدان، ئەوان ناتووانن قسەی لەبارەوە بکەن- ئەوان لایەنگرن.

ئەو کەسەی لەسەرەوەی چیاکەیە زۆر باشتر دۆڵەکە دەبینێت لەوانەی کە لە خوارەوەن. ئەو باڵندەیەی کە دەفڕێت هەموو ئەو شتانە دەبینێت کە لەسەر زەوی روودەدەن، بینایییەکی باشتری هەیە.

دەتووانم باشتر ببینم، چونکە چیتر بەشێك نیم لە دۆڵەکە. دەتووانم ئەوە ببینم کە لە دۆڵەکەدا روودەدات، دەتووانم ببینم چی لە (نیبودەلهی) روودەدات، چونکە زۆر لەسەرووییەوەم. بەڵام ئەقڵی هیندی هەر چاوەڕوانییە کۆنەکانی هەیە. وا دادەنرێ کە قەدیس قسە لەبارەی سیاسەت نەکات. بەڵام لە راستیدا قەدیس دوای چاوەڕوانییەکانی کەس ناکەوێ.

من بۆ ئەوە لێرە نیم کە وەڵامگۆی چاوەڕوانییەکانی تۆ بم. ئەگەر چاوەڕوانییەکانی تۆ جێبەجێ بکەم قەت ناتوانم وەرتبچەرخێنم. من لێرەم بۆ تێکشکاندنی هەموو چاوەڕوانییەکانی تۆ، لێرەم بۆئەوەی تووشی شۆکت بکەم. لەو ئەزموونە شۆکئامێزانەشدا ئەقڵت دەوەستێت. تۆ ناتووانیت سەری لێ دەرکەیت؛ و لەو دەرچەیەشەوەیە کە شتێکی نوێ دێتە ناو تۆوە.

بۆیە جاروبار شتێك دەڵێم کە هیندییەکان پێیان وایە نابێ بوترێت. بەڵام تۆ کێیت تا بڕیار بدەیت دەبێ چی بڵێم و چی نەڵێم؟ و بەشێوەیەکی سروشتی؛ کاتێك ئەوان شتێك بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانیانە، دەستبەجێ بە گوێرەی خووە کۆنەکانیان کاردانەوەیان دەبێ.

ئەوانەی کە بە پێی خووە کۆنەکانیان کاردانەوە نیشان دەدەن، تێناگەن. ئەوانەش کە بەگوێرەی خووە کۆنەکانیان کاردانەوەیان نییە، بێدەنگ دەبن؛ دەچنە ناو فەزایەکی نوێوە.

من قسە بۆ شاگردەکانم دەکەم: من بە شێوەیەك لە شێوەکان هەوڵ دەدەم لێیان بدەم. ئەمە هەمووی بە مەبەستە. کاتێك رەخنە لە (مۆراجی دێسای) دەگرم

زۆر لەبارەی مۆراجی دێسای-یەوە نییە. زیاتر لەبارەی ئەو مۆراجی دێسایەیە کە لە ناو تۆ دایە؛ چونکە هەمووان سیاسییەك لەناویاندایە. بە لێدانی مۆراجی دێسای لەو مۆراجی دێسای-یەم داوە کە لە تۆ دایە، سیاسەتمەدارەکەی ناو تۆ.

هەمووان سیاسییەك لەناویاندایە. سیاسەتمەدار واتە ئارەزوو بۆ زاڵبوون، ئارەزوو بۆ نمرە یەك بوون. سیاسەتمەدار واتە تموح، ئەقڵێکی تەموح. کاتێکیش کە لە مۆراجی دێسای دەدەم، ئەگەر تۆ هەست بە لێدانەکە بکەیت و بیر بکەیتەوە "پێناچێت ئەم کابرایە بە راستی رۆشن بووبێتەوە، ئەگینا بۆچی دەبێ وا بە توندی لە مۆراجی دێسای بدات؟" ئەوا تۆ لە پرۆسەی بە ئەقڵانیکردندایت. هیچ حەقت بەسەر مۆراجی دێسای-یەوە نییە: تۆ خەریکی رزگارکردنی مۆراجی دێسای ناوەوەی خۆتیت ، دەتەوێ سیاسەتمەدارەکەی خۆت رزگار بکەیت.

من هیچ حەقم بە مۆراجی دێسای-ەوە نییە. چیم داوە لە مۆراجی دێسای داماو؟ بەڵام حەقم هەیە بەسەر سیاسەتمەدارەکەی ناو تۆ.

سۆفییەکان دەڵێن مرۆڤ ماکینەیە چونکە مرۆڤ تەنیا بە گوێرەی ئەو پرۆگرامانەی تێی ئاخنراوە کاردانەوە نیشان دەدات. دەست بکە بە رەفتار کردن بەشێوەی وەڵامگۆیی، ئەو کاتە تۆ ماکینە نیت. کاتێکیش تۆ ماکینە نیت ئەوا مرۆڤیت: ئەو کاتە مرۆڤەکە لەدایك دەبێت.

ئاگادار بە، وریا بە، تێبینی بکە و بەردەوام بە لە فڕێدانی هەموو ڕێساکانی ناوەوەت. لە هەر ساتێکدا بێت هەوڵ بدە وەڵامگۆی واقیع بیت- نەك بە گوێرەی ئایدیا ئامادەکراوەکانی ناوەوەت بەڵکو بەپێی ئەو واقیعەی کە لە دەرەوە هەیە. وەڵامگۆی واقیع بە! بە تەواوی ئاگاییەکەتەوە بەڵام نەك بە ئەقڵت.

ئەو کاتەش کە بەشێوەیەکی عەفەوی وەڵامگۆ دەبیت و کاردانەوەت نابێ، کردار لەدایك دەبێت. کردار جوانە، کاردانەوە ناشیرینە. تەنیا مرۆڤی هۆشیاری کرداری

هەیە، مرۆڤی نامۆشیاری کاردانەوەی هەیە. کردار ئازادییەخشە. کاردانەوە بەردەوام دەبێ لە دروستکردنی هەمان کۆت و زنجیر. بەردەوام دەبێت لە ئەستوورکردن و رەقترکردن و بەهێزترکردنیان.

ژیانێکی وەڵامگۆیانە بژی نەك پڕ کاردانەوە.

ئاژەڵ

من مێردەکەمم خۆش دەوێت، بەڵام رقم لە سێکسە و ئەمە ناکۆکییەکە دروست دەکات. ئایا سێکس ئاژەڵانە نییە؟

بەڵێ. بەڵام مرۆڤ ئاژەڵێکە- ئەوەندەی هەر ئاژەڵێکی تر ئاژەڵە. بەڵام کاتێك دەڵێم مرۆڤ ئاژەڵە، مەبەستم ئەوە نییە کە بە ئاژەڵێتییەکەی تەواو دەبێت. دەشێ لە ئاژەڵ زیاتریش بێت، دەشێ کەمتریش بێت. ئەوەیە شکۆمەندیی مرۆڤ، ئازادی و مەترسی، عەزاب و خۆشییەکەی. دەشێ مرۆڤ لە ئاژەڵەکان نزمتر بێت، دەشێ لە خوداکانیش بەرزتر بێت. مرۆڤ ئیمکانیەتێکی ناکۆتای هەیە.

سەگ سەگە: هەر سەگیش دەبێت. بە سەگی لەدایك دەبێ و بە سەگیش دەمرێت. مرۆڤ دەتوانێ ببێتە بودا و دەشتوانێ ببێتە ئەدۆڵف هیتلەر. بۆیە مرۆڤ لە هەروو سەرەکەوە کراوەیە.

دەتوانی ئاژەڵێکی مەترسیدارتر لە مرۆڤ، شێتتر لە مرۆڤ بدۆزیتەوە؟ تەنیا بیر لە دیمەنێك بکەرەوە: پەنجا هەزار مەیموون لە ستادیۆمێکدا منداڵانی بچوك دەکوژن- فڕێیان دەدەنە ناو ئاگر. بۆچوونت چۆن دەبێت بەرانبەریان؟ سەدان منداڵ فڕێ دەدرێنە ناو ئاگر...ئاگرێکی گەورە رێك لەناوەڕاستی ستادیۆمەکە داگیرساوە و پەنجا هەزار مەیمون خۆشی لێ دەبینن، سەما دەکەن و منداڵەکان فڕێ دەدرێن- منداڵەکانی خۆیان. چۆن بیر دەکەیتەوە لەبارەی ئەم مەیمونانەوە؟

پێت وانابێت کە ئەم مەیموونانە شێت بوون؟ بەڵام ئەمە لە مرۆڤایەتیدا روویداوە. ئەمە لە (قرتاج) روویدا: پەنجا هەزار کەس منداڵیان سوتاند. ئەوان سێ سەد منداڵیان لە یەك کاتدا سوتاند. وەکو قوربانییەك بۆ خودا. منداڵی خۆیان!

بەڵام قرتاج لەبیر بکە، ئەمە زۆر لەمێژە. هیتلەر لە سەدەی بیستەمدا چی کرد؟ بێگومان، ئەمە سەدەیەکی زۆر پێشکەوتوو بوو، بۆیە هیتلەر توانی شتی گەورەتر لە قرتاج ئەنجام بدات. ئەو ملیۆنان جولەکەی کوشت. بە هەزاران کەس بە زۆر رەوانەی ژوورەکانی غاز دەکران و دەخنکێنران. سەدان کەسیش لە دەرەوەرا سەیریان دەکرد. چۆن بیر لەم خەڵکانە دەکەیتەوە؟ چ جۆرە مرۆڤێکن...؟خەڵکی دەخنکێنرێن، دەسوتێنرێن، دەکرێنە هەڵم و ئەوانیتر تەماشا دەکەن؟ دەتووانی بیر لە ئاژەڵ بکەیتەوە شتی وا بکات؟

لەماوەی سێ هەزار ساڵدا، مرۆڤ بە پێنج هەزار جەنگدا تێپەڕیووە– کوشتن و کوشتن و کوشتن. تۆش دەڵێی سێکس ئاژەڵانەیە؟ ئاژەڵان قەت شتێکی "ئاژەڵانەتر" لە مرۆڤیان ئەنجام نەداوە. تۆش پێت وایە مرۆڤ ئاژەڵ نییە؟

مرۆڤ ئاژەڵە. ئەو بیرکردنەوەیەش کە مرۆڤ ئاژەڵ نییە یەکێکە لە تەگەرەکانی بەردەم گەشەکردنت. بۆیە ئێوە بە دڵنیاییەوە ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە ئاژەڵ نین و ئەو کاتە لە گەشەکردن دەوەستن. دەبێت یەکەم درکپێکردن ئەوە بێت: من ئاژەڵم و دەبێت بەئاگا بم و لەمە تێپەڕم.

جارێکیان ئەمە روویدا:

پیاوێك نامەیەکی بۆ هۆتێلێکی شارۆچکەیەك نووسی لە ئێرلەندە و پرسیاری ئەوەی کردبوو ئاخۆ سەگەکەی رێگەی پێ دەدرێت لەوێ بمێنێتەوە. ئەویش ئەم وەڵامەی وەرگرتبووەوە: بەڕێز،

ئەوە سێ ساڵە لە بزنسی هۆتێلدا ئیش دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا قەت پێویستی نەکردووە تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم بێت سەگێکی گێرە شێوێن لەو چەند سەعاتە کەمەی سەر لە بەیانیدا بکاتە دەرەوە. قەت سەگێك هەوڵی نەداوە چەکێکی بانکیی خراپم بداتێ. قەت سەگێك ئاگری بەر نەداوەتە چەرچەفەکانی پێخەف. قەت خاولییەکی هۆتێلەکەم لە جانتای سەگێکدا نەدۆزیووەتەوە. سەگەکەت بەخێر بێت.

تێبینی: ئەگەر دەتوانی کەفالەتی خۆت بکەیت، تۆش دەتوانیت بێیت!

ئاژەڵەکان جوانن، هەرچییەك بن، بەریئن. مرۆڤ تەڵەکەبازە، زۆر هەڵپەرستە، زۆر دزێوە. مرۆڤ دەشێ بکەوێتە خوارەوەی ئاستی ئاژەڵان، چونکە مرۆڤ دەتوانێ بکاتە سەروو مرۆڤ، سەروو خوداکان. مرۆڤ توانایەکی ناکۆتای هەیە: دەتوانێ نزمترین بێت و دەشتوانێ بەرزترین بێت. تەواوی پەیژەکە لە بوونیدا هەیە، لە یەکەم پلیکانەوە تا دوایین پلیکانە.

کەواتە یەکەم شت کە دەمەوێ پێتی بڵێم: بە سێکس مەڵێ تەنیاوتەنیا ئاژەڵییە؛ چونکە سێکس دەشێ تەنیا ئاژەڵی بێت– ئەمە مومکینە، بەڵام پێویست ناکات وەها بێت. دەکرێ بەرز بێتەوە، دەکرێ ببێتە خۆشەویستی، دەشێ ببێتە نزا. ئەمە بەندە بە تۆوە.

سێکس لە خۆیدا وەکو شتێکی جێگیر نییە، تەنیا ئەگەرێکە. دەتوانی بیکەیتە ئەو شتەی کە خۆت حەز دەکەی و دەتەوێ. ئەمەیە تەواوی پەیامی (تانترا): دەکرێ سێکس ببێتە (سامادی). ئەمەیە روئیای تانترا: دەکرێ لە رێگەی سێکسەوە دوا خۆشی بێتە ناو تۆوە. دەکرێ سێکس ببێتە پردی نێوان تۆ و کۆتا.

تۆ دەڵێیت: من مێردەکەمم خۆش دەوێت بەڵام رقم لە سێکسە و ئەمەش ناکۆکی دروست دەکات. چۆن دەکرێ مێردەکەت خۆش بوێت و لەگەڵ ئەوەشدا رقیشت لە سێکس بێت؟ حەتمەن تۆ یاری بە وشەکان دەکەیت.

تەنیا هەوڵ بدە تێبگەیت. کاتێك تۆ پیاوێکت خۆش دەوێت، دەتەوێ دەستیشی بگریت. کاتێك پیاوێکت خۆش دەوێت، حەزیش دەکەیت هەندێ جار باوەشیشی پیا بکەیت. کاتێك پیاوێکت خۆش دەوێت نەك تەنیا حەز دەکەیت گوێت لە دەنگی بێت بەڵکو دەتەوێ روخساریشی ببینیت. کاتێك گوێت لە دەنگی خۆشەویستەکەت دەبێت، کاتێك دوورە، دەنگەکە بەس نییە. کاتێك تۆ دەیبینیت، دڵت زیاتر ئاو دەخواتەوە. کاتێك دەستی لێدەدەیت، بە دڵنیاییەوە تەنانەت ئاسودەتریش دەبیت. کاتێك ئامێ دەکەیت، بە دڵنیاییەوە دیسان ئاسودەتریت. سێکس چییە؟ تەنیا بەیەکگەیشتنی دوو وزەی قووڵە.

حەتمەن تۆ هەندێ (تابو)، هەندێ حەرامت لە ئەقڵتدا هەڵگرتووە. سێکس چییە؟ تەنیا دوو کەس لە بەرزترین خاڵدا بەیەك دەگەن- نەك تەنیا دەست دەگرن، نەك تەنیا جەستەی یەکتری لە باوەش دەگرن، بەڵکو ڕووبەری وزەی یەکتری دەبڕن. بۆ دەبێ رقت لە سێکس بێت؟ دەبێ ئەقڵت بەهۆی (ماماتماس) پرۆگرام کرابێت، واتە ئەو خەڵکە بەناو ئایینییەی کە تەواوی مرۆڤایەتییان ژەهراوی کردووە، کە سەرچاوەی گەشەیان ژەهراوی کردووە.

بۆ دەبێت رق دابگریت؟ ئەگەر پیاوەکەت خۆش بوێت، ئەوا دەتەوێ تەواوی بوونتی لەگەڵدا هاوبەش بکەیت: پێویست بە رق ناکات. ئەگەر رقیشت لە سێکس بێت، چی دەڵێیت؟ وەکو ئەوە وایە بڵێیت دەتەوێ پیاوەکە لە رووی داراییەوە ئاگای لێت بێ، چاودێری ماڵ بکات، ئۆتۆمبێل و چاکەتی خوریت بۆ بێنێتەوە. تۆ دەتەوێ پیاوەکە بەکار بێنیت... و بەمەش دەڵێیت خۆشەویستی؟ و ناشتەوێ هیچ شتێکی لەگەڵدا بەش بکەیت.

کاتێك تۆ خۆشەویستی دەکەیت، هەموو شتێك بەش دەکەیت. کاتێك تۆ خۆشەویستی دەکەیت، هیچ نهێنییەکت نابێت. کاتێك تۆ خۆشەویستی دەکەیت،

دڵت بە تەواوی دەکەیتەوە، تۆ لەوێیت. کاتێك خۆشەویستی دەکەیت، ئامادەیت لەگەڵیدا بڕۆیت تەنانەت بۆ دۆزەخیش ئەگەر بچێت.

بەڵام ئەمە روودەدات. ئێمە زۆر شارەزاین لە وشەکان: ناڵێین خۆشمان ناوێ؛ بۆیە وا دەریدەخەین کە خۆشمان دەوێ و رقمان لە سێکسە. سێکس تەواوی خۆشەویستی نییە- راستە، خۆشەویستی لە سێکس زیاترە، بەڵام سێکس بناغەکەیەتی. بەڵێ رۆژێك لە رۆژان سێکس نامێنێ، بەڵام رقلێبوونی وای لێناکات بزر ببێت. رقلێبوونی، شێوازی کەبت کردنەکەیەتی. هەر شتێکیش سەرکوت بکرێت بە شێوەیەك لە شێوەکان دەردەکەوێتەوە.

تکایە هەوڵ مەدە ببیتە راهیب یان راهیبەیەك.

بیرت بێت، سێکس سروشتییە. مرۆڤ دەتوانێ بچێتە سەرووییەوە، بەڵام نەك کەبتی بکات. ئەگەر کەبتی بکەیت، زوو یان درەنگ رێگەیەکی تر دەدۆزێتەوە بۆ دەربڕینی. لادانێك دێتە ناوەوە- دەبێ جێگرەوەیەك بدۆزێتەوە. جێگرەوەکانیش بەهیچ شێوەیەك یارمەتیدەر نین، ناشتوانن یارمەتیدەر بن. کاتێکیش کێشەیەکی سروشتی وەها وەرچەرخاوە کە تۆ بیرت چووەتەوە و لە شوێنێکی تر وەکو جێگرەوەیەك پەیدا بووەتەوە، دەتوانیت لەگەڵ جێگرەوەکەش بەردەوام بیت لە شەڕ، بەڵام بێ سوودە.

جێگرەوەکان قەت یارمەتیدەر نین، تەنیا لادان دروست دەکەن. ئەگەر دەتەوێ رۆژێك لە رۆژان بچیتە سەروو سروشتەوە، سروشتی بە. سروشتی بە: ئەم یەکەم پێویستییە. من ناڵێم شتێکی زیاتر لە سروشت نییە، سروشتێکی باڵا هەیە- ئەمەیە تەواوی پەیامی (تانترا). بەڵام زۆر زەمینی بە ئەگەر دەتەوێ بۆ تەوقی ئاسمان بەرز بیتەوە.

ناتووانی ئەو درەختانە ببینیت؟ ئەمانە رەگیان لە زەویدا داکوتاوە و چەندەی باشتر رەگیان داکوتابێت، ئەوەندەش زیاتر بەرز دەبنەوە. دەبێ چەندەی زیاتر بیانەوێ بەرزتر ببنەوە، قووڵتر رەگ لە ئەرزدا بیەنەخوارەوە. ئەگەر درەخت بیەوێ بگاتە ئەستێرەکان، دەبێ بگاتە دۆزەخ– ئەمە تاکە رێگەیە.

با رەگت لە جەستەتدا بێت ئەگەر دەتەوێ ببیتە رۆحێك. رەگت لە سێکسدا بێت ئەگەر بە راستی دەتەوێ خۆشەویستی بکەیت. بەڵێ؛ چەندەی زۆر وزە بگۆڕێت بۆ خۆشەویستی، پێویستییەکی کەمتر و کەمتر بۆ سێکس دەبێ؛ بەڵام رقت لێی نابێت.

رق پەیوندییەکی دروست نییە لەگەڵ هیچ شتێکدا. رق تەنیا ئەوە پیشان دەدات کە تۆ دەترسیت. رق تەنیا ئەوە پیشان دەدات کە ترسێکی گەورە لە تۆدا هەیە، رق تەنیا ئەوە پیشان دەدات کە تۆ لە قووڵاییدا هێشتا بەکێش بوویت. ئەگەر رقت لە سێکس بێت، ئەوا وزەت دەست دەکات بە جوڵە بەرەو شوێنێکی تر. وزە دەبێ بجوڵێت.

ئەگەر خودا وزەی سێکست بداتێ؛ ئەوا پیرۆز دەبێ. هەر شتێك لەلایەن خوداوە بێت پیرۆزە و هەموو شتێکیش لەلایەن خوداوەیە. مەبەستیشم لە "خودا" کەسێکی دیاریکراو نییە، مەبەستم لە تەواوی هەبوونە.

کاتێك باڵندەی (کوکو) دەست دەکات بە خوێندن، قەت بیرت لەوە کردووەتەوە خوێندنەکە بۆ چییە؟ بۆ راکێشانی شەریکی سێکسە. بەڵام کەس (کوکو) بە بێ حەیا ئیدانە ناکات. کاتێك گوڵەکان دەکرێنەوە و بۆنەکانیان دەنێرن، پێت وایە بۆ چییە؟ ئەوان ریکلامی ئەمە دەکەن "من بووم بە گوڵ، ئێستا پەپولەکان، هەنگەکان پێشوازییان لێدەکرێت و بەخێربێن". بۆ چیش؟ بۆ ئەوە کە گوڵ تۆوی بچوکی هەیە کە لەگەڵ پەپولەکان و هەنگەکاندا دەڕۆن. چونکە هەمان ئەو پۆلێنە

لە تەواوی هەبووندا هەیە: رووەك هەیە نێرە، رووەكیش هەیە مێیە. دەبێ رووەكی نێر تۆوەكانی بۆ رووەكی مێ، بۆ خۆشەویستەكەی، بنێرێت.

سەمای (تاوس)ت بینیووە؟ پێت وایە بۆ تۆ سەما دەكات؟ و شتێكت بیر بێت: تاوسی سەماكەری كلك شێوە پەلكەزێرینە نێرەیە. ئەو مێیینە بەلای خۆیدا بەكێش دەكات. تەنیا مرۆڤایەتییە ئەساغەكەیە كە تیایدا دەبێ مێیینە نێرینە بەكێش بكات.

لە سەرانسەری سروشتدا، ئەوە نێرەیە كە مێیینە بەكێش دەكات. لەبەر ئەو هۆكارەش، لە سەرانسەری سروشتدا نێرە جوانترە- چونكە مێیینە پێویستی بە هیچ جوانییەك نییە، تەنیا مێیینەبوون بەسە. بەلام سەیرە- مرۆڤ بە بەردەوامی لەسەر سەری وەستاوە. دەبێ ئەوە نێرە بێت كە زۆر جوان بێ بۆئەوەی مێیینە بەلایدا بەكێش ببێت.

بەلام ئایینەكان پشێوییان دروست كردووە. بەو رادەیەی كە ئەگەر پیاوێكی دەولەمەند ببینیت كە ژنەكەی لەگەڵیدایە، وەكو خزمەتكار دەردەكەوێت و ژنەكەش وەكو هیچ دەرناكەوێت جگە لە ریكلامێك بۆ سامانەكەی ئەو. هەموو مروارییەكان، هەموو ئاڵتونەكان، هەموو ئەڵماسەكان- ئەمە ریكلامە بۆ پیاوەكە. ئەو تەنیا بزنسمانێكە. سامانەكانی لە رێگەی ژنەكەیەوە دەزانرێن- سامانەكانی، جوانییەكەی، دەبێ زیرەكییەكەی بشاردرێتەوە.

هەر كاتێك تۆ سروشت دەشێوێنیت و دەست دەكەیت بە بەرهەمهێنانی یاسا و رێساكانی خۆت، بیرت بێ ئەمە تاوانە- شایەنی لێخۆشبوونیش نییە.

مرۆڤ ئەگەر تێرامان لە ناوەوەی ئەنجام نەدات، شێت دەبێ- شێتێك بەدوای ژناندا. پیاویش تێرامان لەناخی بەلاوە قورسترە لە ژنان. ئەو دایكە بەئەزموونانەی دوو سێ منالیان بووە دەشێ پێش منالبوون پرسیاریان لێبكرێت و دەتوانن بلێن

ئاخۆ ئەوەی لە منالْداندایە کچە یان کوڕە، چونکە کچ بێدەنگە و کوڕیش دەست دەکات بە یاری تۆپی پێ. دەست دەکات بە وەشاندنی پێی لێرە و لەوێ. لە تێرامان لە ناخ، کچان دەتووانن بچنە قووڵایی زیاترەوە. لەلایەکەوە دەتووانن زیاتر بچنە قووڵایی تێرامانی ناخ، لەلایەکی ترەوە نایبەتمەندیی سێکسیان نێگەتیڤە، شتێکی ناچاری نییە لەسەریان.

من لە ئەزموونی جموجۆڵەکانمدا لەناو هەموو جۆرە راهیب و راهیبەکاندا تووشی سەرسوڕمان بووم، چونکە هیچ راهیبێك بە راستی دەستبەرداری سێکس نەبووە، بەڵام (راهیبە)کان سێکس ناکەن. دەتووانن سێکس نەکەن، رەگەزێکی شەڕانگێزانەیان نییە و سەرەڕای ئەمەش سروشت زەمینەی ئەوەی بۆ خۆش کردوون کە هەموو مانگێك وزەی سێکسییان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە جەستە بچێتە دەرەوە، ئەوان جارێکی تر بۆ ماوەی مانگێك پاك دەبنەوە. بەڵام پیاو لە تەنگژەدایە. وزەی سێکسەکەی تەنیا دەشێ بە تێرامانی قووڵتر لە ناخ کپ بکرێتەوە. ئەو کاتە ئیتر شێت نابێ.

ئەگەر بە قووڵی تێرامانی ناخ ئەنجام نەدەیت، ئەوا ناتووانیت بچیتە سەرووی شێتگیریيە سێکسییەکەت.

جارێکیان خۆپیشاندانی خوێندکاران بیووە ئاژاوە. لەپڕ پیاوێك لەناو قەرەباڵغییەکە دەرپەڕییە دەرەوە کە کچێکی لەڕولاوازی لە باوەش گرتبوو. پۆلیسێك کە بە خێرایی بەرەو رووی دەهات هاواری کرد "بێنە، رادەستمی بکە، دەبێ دەربازی دەکەم". پیاوەکە وەڵامی دایەوە " برۆ بۆ دۆزەخ. برۆ یەکێك بۆ خۆت بدۆزەرەوە ".

تەنانەت لە ئاژاوەشدا، کاتێك خەڵکی دەکوژرێن، تەقەیان لێدەکرێت، ئەقڵی مرۆڤ بە بەردەوامی لەلای سێکسە. سێکس گەورەترین کۆت و بەندی پیاوە.

دەبێ تۆ هەموو نەقەلایەك بخەیتەگەڕ بۆئەوەی تێڕامان لە ناخت هەبێ، بۆئەوەی هەموو وزە سێکسییەکەت، لەبری چوونە خوارەوە، دەست بکات بەرەو جوڵەی سەرەوە. لەبری دۆزینەوەی ژنێکی جوان، دەست بکە بە دروستکردنی پیاوێکی جوان لە ناوەوەتدا. لەبری دۆزینەوەی ژنێکی سەرنجڕاکێش، وزەکەت دەتوانێ سەرنجڕاکێشت بکات.

بەلام پیاو لە ژن دەبەنگترە، تەواوی مێژوو پیاو دروستیکردووە و تۆ دەتوانیت شێتییەکە ببینیت: ئەوە مێژووی مرۆڤایەتی نییە، بەلکو مێژووی شێتییە، جەنگەکانە، لاقەکردنە، سووتاندنی خەلکی زیندووە، وێرانکردنە. ئێستاش گەیشتوونەتە ترۆپك، دەشێ رۆنالد ریگن* دوایین لاپەڕەی مێژوو بێت- هەرچەندە کەسی لێ نابێ بیخوێنێتەوە و لەوانەشە کەس نەبێ بتوانێ بینووسێتەوە.

ژن و مێردێك کوڕە بچوکەکەیان دەبەن بۆ سێرك. لەکاتی نمایشی غۆرێلاکەدا دەبووایە پیاوەکە بچێت بۆ دەستشۆر و کاتێك لەوێ نەبوو، کوڕە بچوکەکە نقورچی لەدایکی دا و وتی "ئەو شتە چییە لەنێوان هەردوو قاچی غۆرێلاکە هەلواسراوە؟"

دایکی زۆر شەرمەزار بوو و بەخێرایی وتی "ئۆه، ئەوە هیچ نییە کوڕم".

کاتێك مێردەکە گەڕایەوە، ژنەکە رۆیشتبوو هەندێ گەنمەشامی بکڕێت و لەکاتێکدا کە لەوێ نەبوو، کوڕە بچوکەکە نقورچی لە باوکیدا و وتی "باوکە ئەو شتە گەورە چییە لەنێوان هەردوو قاچی غۆرێلاکە هەلواسراوە؟"

باوکەکە خەندەیەکی کرد و وتی "کوڕم، ئەوە چوکیەتی".

کوڕە بچوکەکە بۆ کاتێك سەرگەردان بوو و ئینجا وتی "ئەی بۆچی دایکم وتی هیچ نییە؟"

* سەرۆکی ئەمریکا لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا

باوکەکە بە شانازییەوە وتی "کوڕم، من ئەو ژنەم بەناز کردووە".

ئالودەبووی سێکس

سێکس بابەتێکی ئاڵۆزە، ناسکە، چونکە چەندەها سەدە لە ئیستیغلال کردن، گەندەڵکردن، چەندەها سەدە لە ئایدیای لادەرانە، پرۆگرامکردن هەمووی پەیوەندی هەیە بە وشەی "سێکس"ەوە. وشەکە زۆری لێ بار کراوە. ئەمە یەکێکە لەو وشانە لە بووندا کە پڕە لە شت. تۆ دەڵێیت "خودا"، بەتاڵ دیارە. کەچی دەڵێیت "سێکس" زۆر پڕ دیارە. هەزار و یەك شت لە ئەقڵدا سەرهەڵدەدات: ترس، لادان، بەکێشبوون، ئارەزوویەکی بێ سنوور و بەهەمان شێوە دژەئارەزوو. ئەمانە هەمووی پێکەوە سەرهەڵدەدەن. وشەی سێکس- خۆی پشێوی دروست دەکات. وەکو ئەوە وایە کەسێك ئاشە بەردێکی هەڵدابێتە ناو حەوزێکی هێمنەوە، ملیۆنان شەپۆل دروست دەبن- تەنیا وشەی سێکس! مرۆڤایەتی لەژێر باری بیرۆکەگەلێکی زۆر هەڵەدا ژیاوە. تێبینی ئەوەت کردووە کە لە تەمەنێکی دیاریکراودا سێکس گرنگی پەیدا دەکات؟ نەك ئەوەی تۆ بیکەیتە شتێکی گرنگ. ئەوە شتێك نییە تۆ وا بکەیت رووبدات، خۆی روودەدات. لە نزیکی تەمەنی چواردە ساڵیدا، لەناکاو وزەکە لێوانلێو دەبێت لە سێکس. وەها روودەدات وەك بڵێیت دەروازەکانی لافاو لە تۆدا کراونەتەوە. سەرچاوەی تەمومژاوی وزە کە هێشتا نەکرابوونەوە، کراوەن و تەواوی وزەکەت دەبێتە سێکسی، بە سێکس رەنگرێژ دەبن. بیر لە سێکس دەکەیتەوە، گۆرانی سێکس دەڵێیت، بە سێکس بە رێگەدا دەڕۆیت- هەموو شتێك بە سێکس ئاوێزان دەبێت. هەموو کردارێك رەنگرێژ دەبێت. ئەمە روودەدات، تۆ هیچ شتێکت نەکردووە. ئەمە سروشتییە، بەرزبوونەوەش (چوونە سەرووی ئەمە) سروشتییە. ئەگەر سێکس بەشێوەیەکی گشتگیر گوزەری کرد، بەبێ ئیدانە، بەبێ بیرۆکەی

دەربازبوون لێی، ئەو کاتە لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا یان ئەو دەورە– ئەو دەروازانەی لافاو جارێکی تر دادەخرێن. ئەمەش ئەوەندەی چالاکبوونی سێکس سروشتییە، دەست دەکات بە بزربوون.

سێکس بەبێ هیچ تەقەلایەکی تۆ بەرز دەبێتەوە. ئەگەر هیچ هەوڵێك بدەیت کە کەبتکەر بێت، لەبەرئەوەی بە دەست خۆت نییە، ئەوا لە جەستەتدا، لە بایۆلۆژیتدا، بونیادی گرتووە. تۆ وەکو بوونەوەری لەخۆگری سێکس لەدایك دەبیت، هیچ کەموکورییەکی تیا نییە. ئەمە تاکە رێگەی لەدایکبوونە. بۆئەوەی مرۆڤ بیت دەبێ سێکست تیا بێت. کاتێك تۆ هاتیتە دنیاوە، دایك و باوکت نزایان نەدەکرد، گوێیان لە پاڕانەوەی قەشەیەك نەدەگرت. ئەوان لە کەنیسە نەبوون، ئەوان سێکسیان دەکرد. تەنانەت بیر کردنەوە لەوەی کە دایك و باوکت سێکسیان دەکرد کاتێك تۆ لەدایك بوویت، قورس دیارە. ئەوان پێکەوە خەوتبوون، وزە سێکسییەکانیان بەیەك دەگەیشت و لەیەکتریدا ئاوێتە دەبوون. ئەو کاتە تۆ لەدایك بوویت، واتە لە کردارێکی سێکسی قووڵدا. یەکەم خانە، خانەی سێکس بوو و لەو خانەیەوە خانەی تر دروستبوون. بەڵام هەر لە بنەڕەتدا، هەر خانەیەك هەمیشە لەخۆگری سێکس دەبێت. تەواوی جەستەت لەخۆگری سێکسە، لە خانەکانی سێکس دروست کراوە. ئێستا ژمارەیان ملیۆنەهایە.

بیرت بێت: تۆ وەکو بوونەوەرێکی لەخۆگری سێکس هەیت. هەر کە قبوڵت کرد، ئەو ململانێیەی کە چەندەها سەدەیە هەر بەردەوامە، نامێنێت. هەر کە بە قووڵی قبوڵت کرد، بێ ئەملاو ئەولا، کاتێك سێکس وەکو شتێکی سروشتی بیری لێ دەکرێتەوە، ئەوا لەگەڵیدا دەژیت. تۆ پرسیارم لێ ناکەیت چۆن بەسەر خواردندا بەرز بیتەوە (دەچیتە سەروویەوە)، پرسیارم لێ ناکەیت چۆن بەسەر هەناسەگۆڕکێدا بەرز بیتەوە– چونکە هیچ ئایینێك فێری نەکردوویت بچیتە ئەودیو

هەناسەگۆڕکێ. ئەگینا، پرسیارت دەکرد "چۆن لە هەناسەگۆڕکێدا بەرز بیتەوە؟" تۆ هەناسە دەدەیت! تۆ گیانلەبەرێکی هەناسەگۆڕیت، هەروەها گیانلەبەرێکی سێکسیشیت. بەڵام لێرەدا جیاوازییەك هەیە. چواردە ساڵی تەمەنت تەقریبەن سێکست نییە، یان بەلایەنی زۆردا، بوکەڵەیەکی لەبنەڕەتدا سێکسیت کە لە ڕاستیدا لەخۆگری سێکس نیە- تەنیا خۆی ئامادە دەکات، پرۆڤە دەکات، و هیچی تر. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، لەپڕ وزەی سێکسی پێدەگات.

تێبینی بکە...منداڵێك لەدایك دەبێت- دەستبەجێ، لە ماوەی سێ چرکەدا دەبێ هەناسە بدات، ئەگینا دەمرێت. ئینجا دەبێ هەناسەگۆڕکێ لە سەرانسەری ژیانیدا هەر هەبێ، چونکە لە یەکەم هەنگاوی ژیاندا لەگەڵیدا هاتووە. ناتوانێ بچێتە سەرووییەوە. لەوانەیە پێش ئەوەی بمریت، تەنیا پێش سێ چرکە، بوەستێت، بەڵام نەك پێش ئەوە. هەمیشە بیرت بێت، هەر دوو سەرەکەی ژیان، سەرەتا و کۆتایی، کتومت وەکو یەکن، هاوسەنگن. منداڵ لەدایك دەبێت، لە سێ چرکەدا دەست دەکات بە هەناسەدان. کاتێك منداڵ پیرە و دەمرێ، ئەو ساتەی کە لە هەناسەگۆڕکێ دەوەستێت، لەماوەی سێ چرکەدا مردووە.

سێکس لە تەمەنێکی زۆر درەنگدا دێت: بۆ ماوەی چواردە ساڵ منداڵ بەبێ سێکس ژیاوە. ئەگەر کۆمەڵگەش زۆر کەبتکراو نەبێت و لێرەوە مێشکی پڕ نەبێت بە سێکس، منداڵ دەتوانێت بە تەواوی لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بژیت کە سێکس، یان هەر شتێکی وەکو سێکس، بوونی هەیە. منداڵ دەتوانێ بەشێوەیەکی ڕەها هەر بێگوناه بێت. ئەو بەرائەتەش مومکین نییە، چونکە خەڵك زۆر کەبتکراون. کاتێك کەبت ڕوودەدات، شانبەشانی ئەمەش، مێشك پڕبوون ڕوودەدات.

بۆیە قەشەکان بەردەوام دەبن لە کەبتکردن و لێرەوەش دژەقەشە هەن، هێفنەرییەکان[*] و هەبتر هەن- ئەمانەش بەردەوام دەبن لە هێنانەکایەی پۆرنۆگراف(بڵاوکراوەی سێکسی)ی زیاتر. کەواتە لەلایەکەوە ئەو قەشانە هەن کە بەردەوام دەبن لە کەبتکردن و پاشان ئەوانیتر هەن، دژەقەشەکان، کە بەردەوام دەبن لە باق و بریق پێدان و رەونەقدارترکردنی ئارەزووی سێکسی. هەردووکیان پێکەوە هەن- دوو رووی هەمان دراون. کاتێك کەنیسەکان نامێنن، تەنیا ئەو کاتە گۆڤارە سێکسییەکانی (پلەی بۆی) نامێنن، نەك پێش ئەمە. ئەوان شەریکن لە بزنسەکەدا، ئەوان دوژمن دیارن، بەڵام بەوە مەخەڵەتێ. ئەوان لەدژی یەکتری قسە دەکەن، بەڵام بەو شێوەیە شتەکان بەڕێوە دەڕۆن.

بیستوومە دوو کەس بێ ئیش ببوون، مایەپوچ ببوون، بۆیە بڕیاریاندا بزنسێك بونیاد بنێن، بزنسێکی زۆر سادە. دەستیان کرد بە گەڕان، لە شارۆچکەیەکەوە بۆ شارۆچکەیەکی تر. یەکەم جار یەکێکیان دەچووە ناو شارۆچکەکە، لە شەودا ڕەزووی دەگرتە پەنجەرە و دەرگای خەڵکی. پاش دوو سێ ڕۆژ، ئەوەی تریان دەهات پاکی بکاتەوە. ئەمەیان بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە دەتوانێ هەموو شوێنەوارێکی ڕەزوو پاك بکاتەوە یان هەر شتێك کە روویدابێت. ئینجا دەستی دەکرد بە پاك کردنەوەی پەنجەرەکان. لەم کاتەدا ئەوەی تریان نیوەی ئیشەکەی لە شارۆچکەیەکی تر تەواو دەکرد. بەم شێوەیە دەستیان کرد بە بەدەستهێنانی پارەی زۆر. ئەوەیە کە لەنێوان کەنیسە و هێفنەرییەکان و ئەو کەسانەی بە بەردەوامی پۆرنۆگراف دروست دەکەن، ڕوودەدات.

بیستوومە دەڵێن:

---

[*] هیوگ هێفنەر، دامەزرێنەری گۆڤاری سێکسی (پلەی بۆی).

(خاتوو کێنێن)ی جوانکیلە لەبەردەم کلاوڕۆژنەی دانپیانانەکان لە کەنیسە، دانیشتبوو. ئەو وتی "باوکە، دەمەوێ دان بەوەدا بنێم کە ڕێگەم بە هاوڕێ کورەکەمداوە ماچم بکات".

قەشەکە بەوپەڕی بایەخپێدانەوە پرسیاری کرد "ئەوە هەموو ئەو شتەیە کە کردووتە؟"

"لە ڕاستیدا، نا. ڕێگەشمدا دەست بە قاچمدا بێنێت".

""ئەی دوایی؟"

"ئینجا ڕێگەمدا پانتۆڵەکەم دابنێ."

"ئەی دوایی، ئەی دوایی...؟"

"ئینجا من و دایکم چووینە ژوورەوە".

قەشە ئامێکی هەڵکێشا "ئۆه، نەفرەت"

ئەوان هەردووکیان شەریکن لەو گەلەکۆمەیەدا. هەر کاتێك تۆ زۆر کەبتکرابوویت ئەوا دەست دەکەیت بە دۆزینەوەی ئارەزوویەکی لادەرانە. ئارەزووی لادەرانە کێشەکەیە، نەك سێکس. ئێستا ئەو قەشەیە نەخۆشی عەسەبی هەیە. سێکس کێشەکە نییە، بەڵکو ئەم مرۆڤە لە کێشەدایە.

هەردوو راهیبە، خوشکە (مارگرێت ئالیس) و خوشکە(فرانسیس کاسرین) لە دەرەوە لە قەراغی ڕێگایەك پیاسەیان دەکرد. لەپڕ دوو پیاو گرتنیان و بردنیان بۆ لاکۆڵانێکی تاریك و لاقەیان کردن.

خوشکە مارگرێت ئالیس وتی "باوکە، بیانبەخشە، چونکە نەیانزانی چی دەکەن".

خوشکە کاسرین هاواری کرد "بێدەنگە بە! ئەمەیان دەیزانی چی دەکات".

ئەمە هەر وایە. بۆیە قەت ناکە بیرۆکەیەك لەدژی سێکس لە ئەقڵتدا هەڵمەگرە، ئەگینا قەت ناتووانیت بەسەریدا بەرز بیتەوە. ئەو کەسانەی کە دەگەنە سەروو سێکس ئەوانەن کە بەشێوەیەکی سروشتی قبوڵی دەکەن. ئەمە قورسە، دەزانم، چونکە تۆ لە کۆمەڵگەیەکدا لەدایك بوویت کە لەبەرانبەر سێکسدا نەخۆشی عەسەبی هەیە، بەڵام ئەگەر کەمێك هۆشیار بیت، دەتووانیت لەمە بێیتە دەرەوە. بۆیە شتە راستەقینەکە ئەوە نییە چۆن بگەیتە ئەودیو سێکس، بەڵکو ئەوەیە چۆن بگەیتە ئەودیو ئەم ئایدۆلۆژیا لادەرانەیەی کۆمەڵگە: ئەم ترسە لە سێکس، ئەم کەبتەی سێکس، ئەم مێشکپڕبوونە بە سێکس.

سێکس جوانە. سێکس لە خۆیدا دیاردەیەکی هاوسەنگی سروشتییە. ئەمە ئەو کاتە روودەدات کە منداڵ ئامادەیە لەدایك ببێت و رووداني شتێکی باشە- ئەگینا ژیان نەدەبوو. ژیان لە رێگەی سێکسەوە هەیە، سێکس نێوەندەکەیەتی. ئەگەر تۆ لە ژیان تێبگەیت، ئەگەر ژیانت خۆش بوێت، دەزانیت کە سێکس پیرۆزە. ئەو کاتە تۆ لەگەڵیدا دەژیت، ئەو کاتە تیایدا شاد دەبیت و هەروەکو چۆن هاتووە بەو شێوەیەش دەڕوات، وەکو خۆی. بە هاتنی تەمەنی چل و دوو ساڵی یان ئەو دەوروبەرە، سێکس بەرەو ئاوابوون دەچێت بەو شێوە سروشتییەی کە پەیدا بوو. بەڵام بەو شێوەیە روو نادات.

تووشی سەرسوڕمان دەبیت کاتێك دەڵێم نزیکی چل و دوو ساڵی. تۆ خەڵك هەیە دەیناسیت کە حەفتا ساڵ، هەشتا ساڵن و هێشتا نەچوونە ئەودیویەوە. تۆ "خەڵکی پیری بۆخەڵ" دەناسیت. ئەوان قوربانیی کۆمەڵگەن. چونکە ئەوان نەتووانن سروشتی بن، ئەمە پاشماوەیە- چونکە ئەوان ئەو کاتەی کە دەبووایە خۆشی ببینن و شاد بن، کەبتیان دەکرد. لەو ساتانەی شادیدا بەشێوەیەکی سەراپاگیر تیایدا نەبوون. ئەوان ئۆرگازمی نەبوون، ئەوان نابەدڵ بوون.

بۆیە هەر کاتێك تۆ لە هەر شتێکدا نابەدڵ بیت، درێژتر دەخایەنێ.

ئەمەیە تێگەیشتنی من: ئەو خەڵکە، ئەگەر بە دروستی، بە سۆزەوە، بەشێوەیەکی سروشتی ژیابن، ئەو کاتە لە چل و دووەمین ساڵدا دەست دەکەن بە بەرزبوونەوە بەسەر سێکسدا. ئەگەر بە شێوەیەکی سروشتی نەژیابن و لەشەڕدابووبن لەگەڵ سێکسدا، ئەو کاتە چل و دوو دەبێتە ترسناکترین کاتیان چونکە بە هاتنی ئەو کاتە وزەکانیان بەرەو ئاوابوون دەچێت. کاتێك تۆ گەنجیت دەتووانیت شتێك کەبت بکەیت چونکە زۆر پڕ وزەیت. بڕوانە ناکۆکهاتنەوەی راستییەکە: گەنجێك دەتووانێ بە ئاسانی ئارەزووە سێکسییەکەی کەبت بکات چونکە وزەی کەبتکردنی هەیە. ئەو دەتووانێ سەرکوتی بکات و بەردی لەسەر دابنێت. کاتێك وزەکان دەڕۆن، ئاوا دەبن، ئەو کاتە سێکس خۆی دەسەلمێنێت و تۆ ناتووانیت کۆنترۆڵی بکەیت.

من بەسەرهاتێکم بیستووە: (ستەین)ی تەمەن شەست و پێنج ساڵ، سەردانی ئۆفیسی کوڕەکەی کرد کە ناوی (دکتۆر ستەین) بوو و داوای شتێکی لێکرد کە توانا سێکسییەکەی زیاد بکات. دکتۆرەکە دەرزییەکی لە باوکیدا و پارەکەی رەتکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ستەین سوور بوو لەسەر ئەوەی دە دۆلاری پێبدا. هەفتەیەك دواتر ستەین بۆ دەرزییەکی تر هاتەوە و ئەم جارە بیست دۆلاری دایە کوڕەکەی.

"بەڵام باوکە دەرزییەکان تەنیا بە دە دۆلارن".

ستەین وتی "هەڵیگرە! دە دۆلارەکەی تر هی دایکتە".

ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ...بۆیە پێش ئەوەی ببێتە باوکە یان دایکە، تکایە لەگەڵیدا تەواو بیە. چاوەڕێی تەمەنی پیری مەکە، چونکە ئەو کاتە شتەکان دزێو دەبن. ئەو کاتە هەموو شتێك لە وەرزی خۆی تێدەپەڕێ.

بۆچی پۆرنۆگرافی ئەوەندە زۆر رامدەکێشێت؟

لەوانەیە پەروەردەکەت هۆکار بێت- وانە هەفتەییەکانی کەنیسەت. ئەگینا هیچ پێویست نییە بایەخ بە پۆرنۆگرافی بدەیت. کاتێک تۆ دژی واقیعیت، دەست دەکەیت بە خەیاڵکردنەوە. ئەو رۆژەی پەروەردەی ئایینی لەسەر رووی زەوی بزر دەبێت، پۆرنۆگرافیش نامێنێت. ناکرێ پێش ئەمە لەناوبچێت.

ئەمە زۆر ئاکۆک دیارە. گۆڤارەکانی وەکو (پلەی بۆی) تەنیا بە پشتیوانی (ڤاتیکان) هەن. بەبێ پاپا گۆڤاری پلەی بۆی نابێت، ناتوانێ هەبێت. هیچ هۆکارێکی بۆ هەبوون نابێت. قەشە لە پشتیەوەیەتی.

بۆچی دەبێت بایەخ بە پۆرنۆگرافی بدەیت کاتێک خەڵکی زیندوو لێرەن؟ ئەوەندەش جوانە کە بڕوانیتە خەڵکی زیندوو. تۆ هیچ ئارەزوومەند نابیت بەرانبەر درەختێکی رووت، وایە؟ چونکە هەموو درەختەکان رووتن! تەنیا یەک شت بکە: هەموو درەختەکان داپۆشە...و زوو یان درەنگ ئەو گۆڤارە نهێنییانە دەبینیت بڵاو بوونەتەوە- درەختی رووت! و خەڵکیش دەیانخوێننەوە، دەیانخەنە ناو ئینجیلەکانیان و سەیریان دەکەن و خۆشییان لێ دەبینن. تاقی بکەرەوە و دەزانیت.

دەکرێ پۆرنۆگرافی بزر ببێت بەڵام تەنیا ئەو کاتەی کە خەڵک رووتبوونیان بەشێوەیەکی سروشتی قبوڵ بکەن. تۆ ناتەوێ پشیلە و سەگ و شێرەکان و پڵنگەکان بە رووتی لە وێنەدا ببینیت- ئەوان هەر رووتن! لە راستیدا کاتێک سەگێک بەلاتا رەت دەبێت، تەنانەت درک بەو راستییەش ناکەیت، تۆ تێبینی ناکەیت کە رووتە. بیستوومە لە ئینگلتەرە چەند خانمێک هەن کە بە قوماش لەشی

سەگەکانیان دادەپۆشن. ئەوان دەترسن- دەشێ رووتی سەگ رۆحێکی دینی هەراسان بکات.

بیستوومە (بێرتراند رەسێل)ی فەیلەسوف لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیوویەتی کە ئەو کاتەی منداڵ بووە، واتە لە رۆژگاری (ڤیکتۆری)دا، تەنانەت قاچی کورسییەکانیش داپۆشراون، چونکە قاچ بوون!

لێگەڕێ با مرۆڤ سروشتی بێت و پۆرنۆگرافی نامێنێت. با خەڵکی رووت بن...نەک ئەوەی کە بە ڕووتی لە ئۆفیسەکانیان دانیشن، پێویست ناکات ئەوەندەش دوور بڕۆیت. بەڵام لە کەنار رووبارەکان، لەسەر رووبارەکان، یان کاتێک لە ماڵەکانیان پشوو دەدەن، لە باخەکانیان لەبەر خۆرەتاو رادەکشێن، دەبێ رووت بن! با منداڵان لە دەوری رووتەکان یاری بکەن، لە دەوری دایک و باوکی رووت. پۆرنۆگرافی نامێنێت! کێ سەیری گۆڤاری پلەی بۆی دەکات؟ بۆچی ئەمە دەکات؟ لە شتێک بێبەش دەکرێیت، لە فزولیەتێکی سروشتی بێبەش دەکرێیت، بۆیە پۆرنۆگرافی هەیە.

لەو قەشەیەی ناو ناخت دەرباز بە، بڵێ ماڵئاوا. ئەو کاتە لەناکاو دەبینیت پۆرنۆگرافی نەماوە. قەشەکەی ناو نائاگاییت بکوژە و دەبینیت گۆڕانێکی گەورە لە بووننتدا روودەدات. تۆ زیاتر هاوسەنگ دەبیت.

فرۆشیارێکی گەشتیار کە شەوێک لە هۆتێلێک دەمێنێتەوە، ئینجیلێک لە پاڵ سەرینەکەیدا دەدۆزێتەوە. لەسەر بەرگی یەکەم ئەم نووسینە هەبوو: "ئەگەر دڵت تێکەڵ دێت لاپەڕە چل و چوار بخوێنەرەوە؛ ئەگەر نیگەرانی خێزانەکەتی لاپەڕە شەست و هەشت بخوێنەرەوە. ئەگەر هەست بە تەنیایی دەکەیت، لاپەڕە نەوەد و دوو بخوێنەرەوە".

ئەو هەستی بە تەنیایی دەکرد، بۆیە لاپەڕە ئەوەند و دووی کردەوە و خوێندیەوە. کاتێك تەواوی کردبوو، چاوی کەوتبوو بەو دێڕە دەستنووسەی کە لە خوارەوەی لاپەڕەکە نووسرابوو: "ئەگەر هێشتا هەست بە تەنیایی دەکەیت، تەلەفۆن بۆ 62485 بکە و داوای گلۆریا بکە".

***

تۆ ئەبەدیەتت بە تۆڕی بێدەنگییەکەی خۆت گرتووە و تۆ دەماندەدەیتە بەر لێزمەی مرواریيەکانی ڕوونییەکەت. کاتێك تۆ قسەمان بۆ دەکەیت پێدەچێ ڕۆشنبوونەوە و خۆشبەختی زۆر نزیك بن، بودییەت تەنیا هەنگاوێکی مابێت.

ئەی بۆچی کاتێك لەگەڵ کچە هاوڕێکەمدام وەکو گۆریلایەکی بەدمیزاج رەفتار دەکەم؟

(دیڤاگیت) هەموو کەسێك کاتێك لەگەڵ کچە هاوڕێکەیدایە وەکو گۆریلا رەفتار دەکات. ئەگینا کچە هاوڕێکان زۆر بێتاقەت دەبن. چەندەی زیاتر وەکو گۆریلا رەفتار بکەیت، ئەوەندە زیاتر ئەوان هەست بە رەزامەندی دەکەن. تەنیا تێبینی بکە: رەفتارکردنی تۆ وەکو گۆریلا خۆشییەکی وەهایە، هیچ کچە هاوڕێیەك نایەوێ لەکیسی بچێت. ئەگەر زۆر محترمانە رەفتار بکەیت، کچە هاوڕێکەت زۆر ناڕازی دەبێ.

بەڵام ڕۆشنبوونەوە هێشتا هەنگاوێك لە گۆریلاوە دوورە. جیاوازی نییە لە کوێیت، ڕۆشنبوونەوە هەمیشە لە دووریی هەنگاوێکدایە. تەنیا لە گۆریلاکە وەرە دەرەوە و تۆ ڕۆشن بوویتەوە.

هەندێ جار ئاسانترە لە گۆریلاکە بێیتە دەرەوە– چونکە کێ دەیەوێ گۆریلا بێت؟ هەندێ جار قورسترە ئەگەر سەرۆك ڕۆناڵد ریگن یان سەرۆك وەزیرانی وڵات

یان دەوڵەمەندترین کەسی جیهان بیت. زۆر قورسترە لەو ڕۆڵە بێیتە دەرەوە- ئەمانە ئەو ڕۆڵانەن کە لەسەر تەختەی شانۆی ژیان نمایش دەکرێن.

ڕۆشنبوونەوە ئاسانترە کاتێك تۆ ئەو ڕۆڵە دەبینیت کە حەزی پێناکەیت. تۆ لە ناختەوە ڕقت لێیەتی- بەڵام لەبەر کچە هاوڕێکەت، دەبێ ڕۆڵەکە ببینیت. کچە هاوڕێکەش هەوڵ دەدات ڕۆڵەکەی ببینێت- بەڵام دوو گۆریلا لە یەك پێخەفدا جێگەیان نابێتەوە، بۆیە پیاو وایکردووە کە کچەکە خانم ئاسا بێت، چاوەکانی نوقاندبن، تەقریبەن وەکو مردوو ڕاکشابێت، بۆئەوەی بتوانێ وەکو گۆریلا باز بداتە سەر پێخەفەکە.

بەڵام تۆ حەزت لە ڕۆڵەکە نییە. وا باش دەبێت کە کامێرایەك جێگیر کرابێت بۆ وێنەگرتنی تۆ کاتێك وەکو گۆریلا ڕەفتار دەکەیت. ئینجا دواتر، بیبینیتەوە، زۆر هەست بە شەرمەزاری دەکەیت: ئەوە چی دەکەیت؟ تۆ چ جۆرە دەبەنگێکیت؟ زۆر باشە کە خەڵکی گڵۆپەکان دەکوژێننەوە. هەر کۆمەڵگەیەکیش لە ڕابردوودا دژی ئەو کەسانە بوون کە بە ئاشکرا، لە کەناری دەریا یان لە پارکدا سێکسیان کردووە. هەموو کۆمەڵگەیەك لە ڕابردوودا زۆر دژی بووە؛ لەبەر هۆکاری سادەی ئەمەی کە هەر کەسێك لە کەناری دەریا وەکو گۆریلا ڕەفتار بکات ئەوا بیر هەموو کەسێکی کەنار دەریای دێنێتەوە کە "هەر ئەمەشە لە تاریکایی شەودا دەیکەم".

بەڵام (دیڤاگیت) ئەو هەنگاوەی کە لە گۆرێلاوە بۆ ڕۆشنبوونەوە ماوە، ئاکە هەنگاوێکی بەئاگاهاتنە لەوەی کە دەیکەیت، و خزان لەو کردارەی کە ئەنجامی دەدەیت وەکو ئەوە وایە مار لە پێستە کۆنەکەی بخزێت. لە جێگەکەت دەرپەڕە دەرەوە و ببە بە بودایییەك. ئەمشەو تاقی بکەرەوە! ڕێك لە ناوەڕاستی گۆرێلابووندا، دەستبەجێ لە جێگەکەوە باز بدە، چوارمشقی دانیشە و ببە بە

بودابیـەك! منـیش بـەڵێنت دەدەمـێ، كـچە هاوڕێكـەت تەنانـەت خۆشـبەختتر و شادمانتر دەبێت: "دواجار شتێكی مەعقولت بەسەر هاتووە".

ئینجا تۆ سەرت دەسوڕمێ لەو ڕاستییەی كە مەوداكە زۆر كەم بووەتـەوە. تۆ دەتوانیت لە خەوەكەتدا ببیتە گۆریلایەك، دەتوانیت لە خەوەكەتدا ببیتە سەرۆك، دەتوانیت لە خەوەكەتدا ببیتـە دەوڵەمەندترین كـەس- بـەڵام ئەمانـەی هـەمووی خەونن.

لە ڕاستیدا كاتێك تۆ لە خەوەكەتدا دەبیتە گۆریلا، ئەمە دەبێتە مۆتەكە. هـەموو كردارەكانی زینا دەبنە مۆتەكـە. هەڵسان لـەو مۆتەكەیـەش سـەخت دیـارە، بـەڵام خەڵكی تەنیا ئەو كاتە هەوڵ دەدەن هەڵسن كە خەوەكانیان دەبێتە مۆتەكە. ئەگەر خەونەكە بەردەوام بێت، شیرین و جوان بێت- كێ دەیەوێ هەڵسێت؟

شتێكی باشـە كـە تـۆ بـە شـتێكت زانیـووە- ئەمـەی كـە وەكـو گـۆریلا ڕەفتـار دەكـەیت. ئەمـە تێگەیـشتنێكی گەورەیـە. ئێـستا، لـە شـەودا، یەكـەم هـەنگاوی ڕۆشنبوونەوە هەڵگرە و سبەی بەیانی هەمووان دەبینن كە (دیڤاگیت)- كـە گـۆریلا بوو- ڕۆشن بووەتەوە. هێشتا موعجیزەكان ڕوو دەدەن.

***

جیاوازی چییە لەنێوان سێكسی ئاسایی و سێكسی (تانترا)یی؟

كرداری سێكسی تۆ و كرداری سێكسی تـانترایی لـە بنـچینەدا جیـاوازن. كـرداری سێكسی تۆ بۆ دەردانە، ڕێك وەكو پژمینێكی باشە. وزەكـە دەردەچێتە دەرەوە و تۆ بەتاڵ دەبیتەوە. ئەمە تێكشكێنەرە، ئەفرێنەر نییە. ئەمـە باشـە- سـاڕێژكەرە. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ پشوودان، بەڵام لەوە زیاتر نا.

كرداری سێكسی تانترایی لە بنچینەدا، بەشێوەیەكی دژیـەك، جیـاوازە. ئەمـە بـۆ دەردان نییە، بۆ فڕێدانی وزە نییە. ئەمە مانەوەیـە لـە كردارەكـەدا بـەبێ دەردانـی

سپێرم، بەبێ فڕێدانی وزە، ئاوێتەبوونە لە کردارەکەدا– لە بەشی سەرەتای کردارەکەدا نەك لە کۆتاییەکەیدا. ئەمە چۆنایەتییەکە دەگۆڕێت، ئەو کاتە تەواوی چۆنایەتییەکە جیاواز دەبێت.

هەوڵ بدە لە دوو شت تێبگەیت. دوو جۆر گەیشتن بە ترۆپك؛ دوو جۆر ئۆرگازم هەن، جۆرێکیان زانراوە. تۆ دەگەیتە لوتکەی خۆشی، ئەو کاتە ناتوانیت زیاتر بەردەوام بیت؛ کۆتاییەکە هاتووە. خۆشییەکە دەگاتە خاڵێك کە تیایدا دەبێتە لائیرادی، وزەکە باز دەداتە ناوت و دەردەچێت. تۆ لێی دەرباز دەبیت، بەتاڵ دەبیتەوە. قورساییەکە لادەچێت، دەتوانیت پشوو بدەیت و بخەویت.

تۆ وەکو ئارامکەرەوەیەك بەکاری دێنیت. ئەمە ئارامکەرەوەیەکی سروشتییە: خەوێکی باشی بەدواوەیە– ئەگەر ئایین قورسایی نەخستبێتە سەر ئەقڵت. ئەگینا ئارامکەرەوەکەش لەناودەچێت. ئەگەر ئەقڵت بەهۆی ئایینەوە پرۆگرام نەبووبێت، تەنیا ئەو کاتە سێکس دەتوانێ ئارامبەخش بێت. ئەگەر هەست بە گوناه بکەیت، تەنانەت خەوەکەشت تێکدەچێت. هەست بە خەمۆکی دەکەیت، دەست دەکەیت بە ئیدانەکردنی خۆت و دەست دەکەیت بە سوێندخواردن کە ئێستا چیتر بەردەوام نابیت. ئەو کاتە ئیتر خەوەکەت دەبێتە مۆتەکە. ئەگەر تۆ بوونەوەرێکی سروشتی بیت، زۆر لەناو ئایین و ئەخلاقیاتدا نغرۆ نەبووبیت، تەنیا ئەو کاتە دەکرێ سێکس وەکو ئارامکەرەوەیەك بەکار بێت.

لێرە بەدوا سێکس دەبێتە مۆتەکە. ئەگەر تۆ بوونەوەرێکی سروشتیت و زۆر قورسایی ئایین یان ئەخلاقیاتت لەسەر نییە، تەنیا ئەو کاتە دەتووانرێ سێکس وەکو ئارامکەرەوەیەك بەکار بهێنرێت.

ئەمە جۆرێکی ئۆرگازمە– گەیشتن بە ترۆپکی خۆشی. تانترا لەسەر جۆرێکی تری ئۆرگازم سەنتەری گرتووە. ئەگەر ئێمە یەکەم جۆر بە ئۆرگازمی ترۆپك ناو

ببەین، ئەوا دەتوانیت ئۆرگازمی تانترایی بە دۆڵی ئۆرگازم ناو ببەیت. تیایدا تۆ ناگەیتە ترۆپکی خۆشی، بەڵکو دەگەیتە قووڵترین دۆڵی حەسانەوە. دەبێ وەرگرتنی خۆشی لە سەرەتادا بۆ هەردووکیان بەکاربهێنرێت. هەر بۆیە دەڵێم لە سەرەتا هەردووکیان هەریەکەن، بەڵام کۆتاییەکان سەراپا جیاوازن.

دەبێ خۆشی بۆ هەردووکیان بەکار بهێنرێت: تۆ یا ئەوەتا بەرەو ترۆپکی خۆشی یان بەرەو دۆڵی حەسانەوە دەڕۆیت. بۆ ئەوەی یەکەمیان، دەبێ خۆشی توند بێت- زیاتر و زیاتر چڕ و توند بێت. دەبێ تیایدا گەشە بکەیت. دەبێ زەمینە خۆش بکەیت بەرەو ترۆپك گەشە بکات. لە دووەمیاندا، خۆشی تەنیا دەستپێکە. هەر کە فرۆد چووە ناویەوە، هەردوو خۆشەویست و خۆشویستراو دەتوانن بحەسێنەوە. هیچ جوڵەیەك پێویست نییە. ئەوان دەتوانن لە ئاوێزانبوونێکی بەسۆزانەدا بحەسێنەوە. کاتێك پیاو یان ژن هەست دەکات کە ڕەپبوونەکە خەریکە نامێنێت، تەنیا ئەو کاتە جوڵەیەك و خۆشییەکی کەم پێویست دەبێت. بەڵام ئەو کاتەش دیسان ئارام بگرەوە. ئێوە دەتوانن ئەم ئاوێزانبوونە بۆ چەندەها سەعات بەبێ دەردانی سپێرم درێژ بکەنەوە و ئەو کاتە هەردووکتان پێکەوە دەکەونە خەوێکی قووڵ. ئەمە دۆڵی ئۆرگازمە. هەردووکیان ئارامیان گرتووە و وەکو دوو بوونەوەری ئارامگرتوو بە یەك دەگەن.

لە ئۆرگازمێکی سێکسی ئاساییدا ئێوە وەکو دوو بوونەوەری بەجۆشهاتوو- توند، پڕ لە جۆش و خرۆش، هەوڵ دەدەن خۆتان بەتاڵ بکەنەوە. ئۆرگازمی سێکسی ئاسایی وەکو شێتی دیارە، ئۆرگازمی تانتریك قووڵ، تێڕامانێکی ئارامبەخشە.

لەوانەیە لێی بەئاگا نەبیت، بەڵام ئەمە زیندە وزەیە، ڕاستییەکی بایۆلۆژییە کە پیاو و ژن دوو هێزی دژبەکن. نێگەتیڤ-پۆزەتیڤ، ینگ-یانگ، یان هەرشتێك کە

ناویان بنێیت، ئەمانە تەحەدین بەرانبەر یەکتری. کاتێکیش هەردووکیان لە حەسانەوەیەکی قووڵدا بەیەکتری دەگەن، ئەوا یەکتری بارگاوی (شحن) دەکەنەوە. هەردووکیان دەبنە موەلیدە، هەردووکیان هەست بە زیندوویی زیاتر دەکەن، هەردووکیان پڕاوپڕ دەبن لە وزەی نوێ و هیچ شتێك لەدەست ناچێت. تەنیا بە گەیشتن بە جەمسەری پێچەوانە وزە نوێ دەبێتەوە.

خۆشەویستی تانتریکی چەندەی بتەوێ دەکرێ. سێکسی ئاسایی ناتوانرێ ئەوەندە زۆر بکرێ، چونکە تۆ تیایدا وزە لەدەست دەدەیت و جەستەت دەبێ چاوەڕێ بکات بۆ بەدەستهێنانەوەی. کاتێك بەدەستی دێنیتەوە، ئەوا جارێکی تر لەدەستی دەدەیتەوە. ئەمە سەیر دیارە. تەواوی ژیان لە بەدەستهێنان و لەدەستداندا، لە بەدەستهێنانەوە و لەدەستدانەوەدا بەسەر دەبرێت: ڕێك وەکو فرچککرتن (مهوەس بوون) وایە.

دووەم شت کە لەبیرت بێت ئەمەیە: لەوانەیە و لەوانەش نییە تێبینی ئەوەت کردبێت کە کاتێك دەڕوانیتە ئاژەڵان قەت ناتوانیت ئەوە ببینیت کە خۆشی لە سێکس دەبینن. لە جوتبووندا، خۆشی لێ نابینن. سەیری مەیموونی (بابون)، سەگ یان هەر جۆرێکی تری ئاژەڵان بکە. لە کرداری سێکسیاندا ناتوانیت ئەوە بەدی بکەیت کە هەست بە خۆشی یان شادی دەکەن– ناتوانیت! پێدەچێ تەنیا کردارێکی میکانیکی بێت، هێزێکی سروشتی بەرەو ئەم کردارە پاڵیان پێوە دەنێت. ئەگەر تۆ مەیموونەکانت لە جوتبووندا بینیبێت، پاش جوتبوون جودا دەبنەوە. بڕوانە ڕوخساریان: هیچ خرۆشێکی پێوە دیار نییە، وەك بڵێی هیچ ڕووی نەداوە. کاتێك وزەکە زۆر لە خۆی دەکات، کاتێك وزە یەکجار زۆرە، فڕێی دەدەن،

سێکسی ئاسایی ڕێك وەکو ئەمە وایە، بەڵام ئەخلاقناسەکان پێچەوانەی ئەمەیان وتووە. ئەوان دەڵێن "تیایدا نقرۆ مەبە، خۆشی مەبینە". ئەوان دەڵێن "ئەمە

ئیشی ئاژەڵانە". ئەمە هەڵەیە! ئاژەڵان قەت خۆشی نابینن، تەنیا مرۆڤ خۆشی لێ دەبینێت. چەندەی بتوانی قووڵتر خۆشی لێ ببینیت، ئەوەندە مرۆڤایەتییەکی باڵاتر لەدایک دەبێت. ئەگەر کرداری سێکسەکەت لە دۆخی تێڕاماندا بێت، پڕ لەخۆشی بێت، بە بەرزترین خاڵ دەگەیت. بەڵام تانترات لە بیر بێت: دۆڵی ئۆرگازمە، ئەزموونێکی ترۆپك نییە. ئەزموونێکی دۆڵە!

لە خۆرئاوا، ئەبراهام ماسلۆ ئەم دەستەواژەیەی "ئەزموونی ترۆپك"ی بڵاو کردەوە. تۆ بەرەو ترۆپك دەچیتە ناو خۆشییەوە و ئینجا بەر دەبیتەوە. بۆیە، پاش هەر کردارێکی سێکس، هەست بە بەربوونەوە دەکەیت. ئەمەش سروشتییە: تۆ لە ترۆپك بەر دەبیتەوە. قەت پاش ئەزموونێکی سێکسی تانتریك هەست بەمە ناکەیت. ئەو کاتە بەر نابیتەوە. ناتوانیت چیتر بەربیتەوە چونکە تۆ لە دۆڵدا بوویت. لە جیاتی ئەوە، بەرز دەبیتەوە.

کاتێك تۆ پاش کردارێکی سێکسی تانتریك دەگەڕێیتەوە، بەرز بوویتەوە، نەك بەر بوویتەوە. هەست دەکەیت پڕ بوویت لە وزە، چالاکتر، زیندووتر، پڕ وزەتر بوویت. ئەو جۆش و خرۆشەش بۆ چەند سەعاتێك، تەنانەت چەند ڕۆژێك درێژە دەکێشێت. ئەمە بەندە بەوەی چەنێك بە قووڵی تیایدا بوویت. ئەگەر بچیتە ناوی، زوو یان درەنگ بەوە دەزانیت کە دەردان، بەفیڕۆدانی وزەیە. پێویست نییە- مەگەر ئەوەی کە پێویستت بە منداڵ بێت. بە ئەزموونی سێکسی تانتریك، هەست بە حەسانەوەیەکی قووڵ دەکەیت بە درێژایی ڕۆژەکە. بە یەك ئەزموونی سێکسی تانتریك، تەنانەت بۆ چەند ڕۆژێك هەست بە حەسانەوە دەکەیت- ئاسودە، ئارام، لەسەرخۆ، ناتوڕە، بێ خەم. ئەم جۆرە کەسەش قەت مەترسی نییە بۆ سەر ئەوانیتر. ئەگەر بتوانێت، یارمەتی ئەوانیتر دەدات تا دڵخۆش بن. ئەگەر نەتوانێت لانی کەم کەس دڵتەنگ ناکات.

تەنیا ئانترا دەتووانێ مرۆڤێکی نوێ دروست بکات، ئەم مرۆڤەش کە دەتووانێ ئەبەدیەت، ئەبوونی ئەفس و هاوتایی لەگەڵ هەبووندا بناسێ، گەشە دەکات.

راهیب

هەموو ئایینەکان دەرسی ئەوەیان داداویت کە دەستبەرداری ژنەکەت، منداڵەکانت، جیهان، ئاسودەییەکان و هەموو شتێك کە ژیان خۆش دەکات، ببیت. ئینجا تەنیا ئەو کاتە دەشێ رزگار ببیت. ئەوان فێری خوکوشتنت دەکەن، ئەمە ئایین نییە. بەڵام ئەوان ملیۆنان کەسیان گۆڕیووە بۆ مافیایەك لە خەڵکی خۆکوژ.

ئەو ساتەی کە خۆشەویستییەکەت دەمرێت، زۆرێك لە شتەکانی تریش لە تۆدا دەمرن. ئەو مرۆڤەی کە خۆشەویستییەکەی مردووە ناتووانێ جوانی لە تابلۆیەکدا ببینێت. ئەگەر نەتووانێت جوانی لە روخساری مرۆڤێکدا ببینێت، لە روخساری کیلۆپاترادا ببینێت، ئەگەر نەتووانێت جوانی لە گوزارشتی تەواوی هەبووندا ببینێت، دەتووانێ لەسەر پەڕۆی تابلۆکە چی ببینێت؟ تەنیا چەند رەنگێك. ناتووانێت جوانییەکەی تیادا ببینێت.

ئەو کەسەی کە خۆشەویستییەکەی کردووە ناتووانێت شیعر بهۆنێتەوە، چونکە بەبێ خۆشەویستی، شیعرەکەی بێ تام دەبێ. ژیانی تێدا نابێت. تەنیا جیمناستیکی وشەکان دەبێ بەبێ هەبوونی رۆح تیایاندا. لاشەیەکی شیعری دەبێ، بەڵام شیعر نابێ.

پیاوێك کە نەتووانێ خۆشەویستی بکات ناشتووانێ ئەفرێنەر بێ بەهیچ مانایەك...

ئەو راهیب و قەدیسانەی کە بە رواڵەت خۆیان لە سێکس گرتووەتەوە هیچ هاوبەشییەکیان نەکردووە لە ژیری مرۆیی، زیرەکیی مرۆیی، جوانی، دەوڵەمەندی،

مۆسیقا، سەما. نەخێر، لە هیچ رەهەندێکدا راهیب و راهیبەکانت هاوبەشیکەر نەبوون. ئەوان بارێك بوون بەسەر زەوییەوە. تاکە شتێك کە تیایدا هاوبەشییان کردووە، ئایدز بووە. ئەمەش دەرەنجامێکی زۆر سروشتییە.

ژیان لە سێکسەوە سەر هەڵدەدات، ژیان لە سێکس پێکدێت. تۆ دەتوانیت سێکسەکەت بۆ ئەو جوانییە گەشە پێبدەیت کە بتوانێ ببێتە خۆشەویستی، بتوانێ ببێتە سۆز. بەڵام ئەگەر تۆ لە رێگەی خۆگرتنەوە رێگر بیت لە وزەی سێکس، ئەوا هەموو ئەگەرەکانی گەشەت لەناوبردووە. ئێستا تۆ بەرەو مەرگ رێ دەکەیت. ئەگەر سێکس ژیان بێت، ئەوا خۆگرتنەوە مەرگە. ئەمە لۆژیکێکی سادەیە.

ئەم خۆپارێزانەی سێکس ئایدزیان بە تۆ بەخشیووە، چونکە خۆگرتنەوە ناسروشتییە، دژی بایۆلۆژییە، دژی فسیۆلۆژییە، دژی هۆرمۆنەکانە.

بە باشی بیریشت بێت کە جەستەت خۆبەڕێوەبەرە. بە فرمانەکانی تۆ کار ناکات، پرۆگرامی خۆی هەیە و بەو پێیە ئیش دەکات. تۆ خواردن دەخۆیت. کەیفی خۆتە چی دەخۆیت، بەڵام هەر کە لە قوڕگت ئاوا بوو لە دەسەڵاتی تۆ دەچێتە دەرەوە. ئێستا لەژێر دەسەڵاتی جەستەتدایە کە هەرسی بکات، بۆ چەند برگەیەك جیای بکاتەوە و ئەو برگە جیاجیانە بۆ بەشە جیاوازەکانی جەستە بنێرێت.

ئەوەی کە بۆ مێشك پێویست دەبێ دەگوازرێتەوە بۆ مێشك. ئەوەی کە بۆ ئەندامە سێکسییەکان پێویستە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوێ. جەستەشت نازانێ تۆ راهیبێکی مەسیحیت، ئەمەی کە تۆ خۆت لە سێکس گرتووەتەوە— بەڵکو بەردەوام دەبێت لە دروستکردنی سپێرم لە تۆدا. چی لەو سپێرمانەی نێرینە دەکەیت؟ تۆ ناتوانیت بەردەوام بیت لە هێشتنەوەیان لە خۆتدا، چونکە تەنیا پانتاییەکی بچوك هەیە، هەر کە پڕ بوو، دەبێ دەر بدرێت. زۆر پەلەشیانە دەر بدرێن، چونکە

ئەوانیش دەیانەوێ بچنە ناو جیهان و ببینن چی لە دەرەوە روودەدات. هەر بەو شێوەیەش تۆ هاتوویتە ناو جیهان، بەو شێوەیەش هەموو ئەوانیتر هاتوونەتە دنیاوە.

شتێکی باشە کە (گواتام بودا) راهیب نەبوو. تەنیا خەڵکێکی کەم: باوکی گواتام بودا، باوکی (لاو تزو)، باوکی (چوانگ تزو)، باوکی موسا- ئەگەر هەموو ئەمانە راهیب بوونایە، ئەوا ئایینەکان نەدەبوون، جگە لە مەسیحییەت...چونکە باوکە هەژارەکەی عیسا پەیوەندی بە لەدایکبوونی عیساوە نەبوو- ئەو راهیب بوو!

بەڵام راهیبەکانی تۆ، (راهیبە)کانی تۆ، هەموو ئایینەکان مەرگیان بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپاندووە، کاولکارییان بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپاندووە. سەرەنجامیش ئایدزە. ئایدز بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، وەکو ئاگری دارستان. لەوانەیە مرۆڤایەتی وێران بکات.

***

بۆچی ئایینەکان لە رابردوودا دژە ژیان بوون؟

بە ناوی ئایینەوە مرۆڤ ئیستیغلال کراوە- لەلایەن قەشە و لەلایەن سیاسەتمەدارەوە بەکاربراوە. قەشە و سیاسی لە گەلەکۆمەیەکی قووڵدا بوون لەدژی مرۆڤ. تاکە رێگە بۆ بەکاربردنی مرۆڤ ئەوەیە بیترسێنیت. هەر کە مرۆڤ پڕ بوو لە ترس ئەوا ئامادەیە مل کەچ بکات. هەر کە مرۆڤ لەناوەوەدا هەڵەرزی، متمانەی لە خۆیدا لەدەست دەدات. ئەو کاتە ئامادە دەبێت بۆ بڕوا هێنان بە هەر پوچییەکی دەبەنگانە. تۆ ناتوانیت وا لە مرۆڤ بکەیت باوەڕ بە پوچی بێنێت ئەگەر متمانەی بە خۆی هەبێت. بیرت بێت، بەو شێوەیە کە مرۆڤ بە درێژایی سەردەمەکان بەکار براوە. ئەمەیە نهێنیی بەناو ئایینەکان؛ وا لە مرۆڤ بکە بترسێت،

وا لە مرۆڤ بکە هەست بە بێ بەهایی بکات، وا لە مرۆڤ بکە هەست بە گوناه بکات، وا لە مرۆڤ بکە هەست بکات لە لێواری دۆزەخدایە.

چۆن وا لە مرۆڤ بکەیت زۆر بترسێت؟ تاکە ڕێگە: ژیان ئیدانە بکە، ئیدانەی هەر شتێك بکە کە سروشتییە. سێکس ئیدانە بکە چونکە کۆڵەکەی ژیانە، خۆراك ئیدانە بکە چونکە دووەم کۆڵەکەی ژیانە، پەیوەندی، خێزان، هاوڕێیەتی ئیدانە بکە چونکە ئەمە سێیەم کۆڵەکەی ژیانە– و بەردەوام بە لە ئیدانەکردن. هەر شتێك کە سروشتی بێت بەلای مرۆڤەوە، ئیدانەی بکە، بڵێ هەڵەیە: "ئەگەر بیکەیت ئەوا بەهۆیەوە تووشی ئێش و ناڵە دەبیت. ئەگەر نەیکەیت ئەوا پاداشت دەچنیتەوە. ئەگەر بەردەوام بیت لە ژیان بەشێوەی سروشتی دۆزەخ بەسەرتا ئەکرێتەوە "– ئەمە پەیامی هەموو رابردووە– "و بەهەشتت پێدەبەخشرێت ئەگەر لە دژی ژیان بوەستیتەوە".

ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەر تۆ کەسێکی خۆکوژ بیت، تەنیا ئەو کاتە خودا قبوڵت دەکات. ئەگەر تۆ بە هێواشی لە هەستەکانتدا، لە جەستەتدا، لە ئەقڵتدا، لە دڵتدا خۆت بکوژیت و بەردەوام بیت لە تێکشکاندنی خۆت، ئەوا زیاتر و زیاتر سەرکەوتوو دەبیت لە تێکشکاندنی خۆت، زیاتریش لای خودا خۆشەویست دەبیت. ئەمە هەموو وانەی ئایینەکان بووە لە رابردوودا. ئەمە بوونی مرۆڤی ژەهراوی کردووە، مرۆڤی ژەهرخوارد کردووە. ئەم ژەهرگرەوانە لە رادە بەدەر مرۆڤیان بەکاربردووە. ئەم ئایینانەی رابردوو مەرگدۆست بون، نەك ژیاندۆست.

ئەوەی کە من ئاراستەی دەکەم، دیدێکی ژیاندۆستە: ژیان بەهەموو رەهەندەکانیەوە بژی چونکە ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ نزیکتر و نزیکتر کەوتنەوە لە حەقیقەتی کۆتایی. حەقیقەتی کۆتایی زۆر دوور نییە، لە هەنوکەدا شاراوەتەوە.

هەنوكە كۆتایە، ئاوەوە ئەودیوە. خودا لەویّ نییە، لێرەیە. خودا ئەوە نییە بەڵكو ئەمەیە. تۆش بیّ بەها نیت و تۆ گوناهكار نیت.

من لێرەم بۆئەوەی قورسایی هەستەكانی گوناهت لەسەر لا ببەم. من لێرەم بۆئەوەی یارمەتیت بدەم جارێكی تر متمانە بە خۆت بكەیتەوە. هەر كە متمانەت بە بوونی خۆت بە دەست هێنایەوە، هیچ سیاسییەك، هیچ قەشەیەك ناتوانن ئیستیغلالت بكەن. مرۆڤ هەمیشە لە رێگەی ترسەوە بەكاربراوە.

جارێكیان مەلا نەسرەدین لە دارستان بزر بوو. سەرانسەری رۆژەكە هەوڵیدا رێگەیەك بدۆزێتەوە، بەڵام نەیتوانی- بێتاقەت، برسی، پێست لێبڕاو و بریندار بوو، جلەكانی دڕا بوون چونكە دارستانەكە زۆر چڕ و دڕكاوی بوو. تاریكیش دادەهات، خۆر ئاوا دەبوو و شەو دادەهات.

ئەو بیّ باوەڕ بوو، بیّ باوەڕێكی بیّ ئەملا و ئەولا بوو كە قەت نوێژی نەدەكرد. بەڵام بەم بارودۆخە- ترسی شەو و ئاژەڵی دڕندە- بۆ یەكەمین جار لە ژیاندا بیری لە خودا كردەوە. هەموو ئەو مشتومڕانەی لە دژی خودا كردبوونی بیرچووەوە. چۆكی دادایە سەر زەوی و وتی "خوایە گیان..." كەمێك بە شەرمەزارییەوە روانیە دەوروبەری هەرچەندە دەیزانی كەسی لیّ نییە- ئەمەیە فەلسەفەی بێباوەڕیی هەموو ژیان! بەڵام كاتێك ترس دێت و كاتێك مەرگ زۆر نزیكە، كیّ ئیشی بە لۆژیك، بە فەلسەفەكان، بە بزمەكان داوە؟ كیّ ئیشی بە ئەقڵ، بە بەڵگاندنەكان داوە؟ ئەو وتی "خوایە گیان، تكایە یارمەتیم بدە لەم دارستانە بێمە دەرەوە و هەمیشە دەتپەرستم. تەنانەت دەچمە مزگەوتیش. پەیڕەوی لە هەموو رێوشوێنەكانی ئیسلام دەكەم. بەڵێنت دەدەمیّ! تەنیا رزگارم بكە، بمبەخشە. داوای لێبووردنت لێدەكەم لە بەرانبەر هەموو ئەو شتانەی لەدژی تۆ دەمگوتن. گەمژە بووم، گەمژەیەكی تەواو. ئێستا دەزانم تۆ هەیت".

ڕێک لەو ساتەدا باڵندەیەک بەسەر سەریدا تێپەڕی و شتێکی ڕێک بەسەر دەستەکانیدا بەردایەوە کە بۆ نزاکردن پانی کردبوونەوە. "تکایە خوایە، هیچ لەو پیساییانەم مەدەیە. من بە ڕاستی بزر بووم!".

کاتێک مرۆڤ دەترسێت، تەنانەت هەرچەندە بە درێژایی ژیانی بێ باوەڕ بووە، دەست دەکات بە وەرچەرخان بۆ باوەڕدارێک. قەشەکان درکیان بەمە کرد و ئینجا سەردەم لەدوای سەردەم بەکاریان هێنا. تەواوی رابردوو ترس ئاراستەی کردووە.

گەورەترین ڕێگەش بۆ دروستکردنی ترس ئەوەیە وا لە مرۆڤ بکەیت لەبارەی سروشتی شتەکانەوە هەست بە گوناه بکات. ئەو ناتوانێ بەلایانەوە بنێت و ناشتوانێ خۆشییان لێ ببینێت، بەهۆی ترسی دۆزەخەوە، بۆیە لە دووڕیاندایە. ئەو دووڕیانە بنەمای بەکاربردنی مرۆڤە. تۆ ناتوانیت هەروا ئارەزووە سێکسییەکەت بەلاوە نێیت لەبەرئەوەی قەشەیەکی گەمژە دەڵێت ئەوە هەڵەیە. ئەمە هیچ پەیوەندی بە ئایدیای ڕاست و هەڵەیەوە نییە، ئەمە شتێکی سروشتییە، شتێکە لەناو بووندایە. تۆ لێی هاتوویتە کایەوە، هەر کام لە خانەکانت خانەی سێکسن. تەنیا بە وتن ناتوانیت بەلایەوە بنێیت. بەڵێ، دەتوانیت دەست بکەیت بە سەرکوتکردنی و بە سەرکوتکردنی دەتوانیت دەست بکەیت بە کەڵەکەکردنی لە نائاگاییدا و ئەمە دەبێتە برین. چەندەی زیاتریش سەرکوت بکەیت، ئەوەندە زیاتر فرچکی پێوە دەگریت، مێشکی لێی پڕ دەبێت، ئەوەندەش هەست بە گوناه دەکەیت. ئەمە بازنەیەکی خراپەیە (شر). ئێستا تۆ کەوتوویتە داوی قەشەوە.

قەشە خۆشی قەت باوەڕی پێی نەبووە، نە سیاسەتمەداریش باوەڕی پێ هەبووە. ئەم شتانە بۆ خەڵک بوون، بۆ جەماوەر بوون، جەماوەری پێ فریو دراوە. چیرۆکەکان دەڵێن پاشاکان سەدان ژنیان هەبووە و قەشەکانیش هەروا. ئەمەش موعجیزەکەیە: خەڵک بەردەوام دەبن لە باوەڕهێنان بە کلاوچییەکان.

هەر لەم سەدەیەدا، تەنیا پێش پەنجا ساڵ، (نیزامی حەیدەرئاباد) پێنج سەد ژنی هەبوو و هێشتا باوەڕ وابوو کە پیاوێکی زۆر بەدینە چونکە هەموو فەرزەکانی جێبەجێ دەکرد. قەشە و سیاسی هەردووکیان هەموو ئەو شتانە دەکەن کە بە خەڵک دەڵێن مەیکەن، هەندێ جار بە ئاشکرا، و هەندێ جاریش لە پشت پەردەوە..

قەشەکان بێ ڕادە زیانیان بە دڵی مرۆڤ و بە ئاگایی مرۆڤ گەیاندووە. ئەوان ئەو بیرۆکە ژەهراوییەیان لەناو مرۆڤدا چاندووە کە ژیان شتێکی دزێوە. ئەوان بەردەوام وانەی ئەوەیان فێری مرۆڤ کردووە کە چۆن لە ژیان دەرباز ببن. من ئەوە فێری خەڵکی خۆم دەکەم کە چۆن قووڵتر پیایدا بچنە خوارەوە. ئەوان وانەی ئەوەیان وتۆتەوە کە چۆن لەژیان ڕزگار بن. من ئەوەتان فێر دەکەم چۆن ژیانتان ئازاد بکەن. وانەی ئەوان ئەوە بووە چۆن کۆتایی بەم ژیانە بێنن و من پێتان دەڵێم چۆن بەرەو ئەبەدیەت بڕۆن و چۆن بە بەردەوامی ژیان لە هەموو ڕەهەندەکانیدا بژین. لێرەوەیە ناکۆکبوون دروست دەبێت، دەبێ هەر هەشبێت. ڕوئیای من ڕێک پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی کە بەناوی ئایینەوە گەیەنراوە.

من ڕوئیایەکی نوێ لە دین دەهێنمە ناو جیهانەوە. ئەمە بوێرانەترین هەوڵە تاوەکو ئێستا درابێت: قبوڵکردنی ژیان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، خۆشی لێ بینینی، ئیحتیفال پێوەکردنی، شادبوون تیایدا. دەستبەرداربوون شێوازی من نییە، بەڵکو شادبوون پێی، شێوازی منە. خۆگرتنەوە لە خۆراک شێوازی من نییە، ئاهەنگی خوانەکان شێوازی منە. بوون بە کەسێکی ئاهەنگی، بوونە بە کەسێکی دینی. پێناسەی من بۆ ئایین ڕەهەندە ئاهەنگییەکەیە.

هیچ گیانلەبەرێکی تر ناتوانێ ئاهەنگی بێت، هیچ گیانلەبەرێکی تر هیچ شتێ لەبارەی فێستیڤاڵەکانەوە نازانێ. دۆلفینەکان دەتوانن یاری بکەن، شامپانزییەکان دەتوانن یاری بکەن، تەنیا مرۆڤ دەتوانێ ئاهەنگ بگێڕێت. ئاهەنگێڕان بەرزترین

ئاستی گەشـەی ئاگاییـە، دەربڕینـە، بەرجەسـتەبوونە، شـکۆفەکردنی گوڵـە ئاڵتونییەکەیە.

من فێری ئاهەنگێڕانتان دەکەم. ئاهەنگێڕان کلیلی منە.

هاورەگەزخواز

لە گروپە سەرەتاییەکەی تەمەنمدا کە تازە جێم هێشتووە، ڕووبەڕووی ئارەزووی هاورەگەزخوازێتیم بوومەوە. پزیشکە دەروونییەکـە وتـی وەکـو منـاڵێکی بـچکۆلە وەهام. تۆ دەڵێی چی؟

یەکەم شت: مەیکە بە کێشە. ئەگەر بە ڕاستی دەتەوێ چارەسەری بکەیت مەیکە بە کێشە. هەر کە کردت بە کێشە ئەوا چارەسەری نییە. هەرچـەندە نـاکۆك دیـارە، بـەڵام مـن دەیـڵێم: قبـوڵی بکـە- هـیچ کـەموکوڕی تیـا نییـە. ئـەوەی کـە دەڵـێ کەموکوڕی تیایە تەنیا بیرکردنەوەیـەکی کۆمەڵایەتییـە. لانـی کـەم ئـەوە باشـە کـە کەسێك سەرنجت ڕادەکێشێت. بۆیە یەکەم شت قبوڵکردنیـەتی. ڕەتـی مەکـەرەوە، ئـەگینا قـەت ناتووانیـت چارەسـەری بکـەیت. لـە ڕێگـەی قبولکردنـەوە ئەگـەری بزربوونی هەیە. چەندەی زۆر ڕەتی بکەیتەوە، ئەوەندە زیاتر بەلای کوڕاندا بەکێش دەبیت، چونکە هەر شتێك ڕەت کرایەوە بەکێشبوون دروست دەکات. لەگەڵیدا بژی و بزر دەبێت.

هاورەگەزخوازی قۆناغێکی پێویستە لە گەشەی پیاو یان ژندا.

(ئۆشـۆ بـەردەوام بـوو لـە ڕوونکردنـەوەی چـوار دۆخـی گەشـەی سێکسی، لـە تایبەتمەنـدی سێکـسیی خۆبـەخۆی منـاڵ، بـۆ ئـارەزووی هاورەگـەزێتی کـە بەشێوەیەکی سروشـتی بـەرەو ئـارەزووی سێکـسی بـۆ ئـەویتر، دەچـێت و دواجـار دەگاتە دوا قۆناغ کە چوونە ئەودیو سێکسە- براهماچاریا).

پێدەچێ (دیڤیا)ی پزیشکی ئەزموونەکانی منداڵی راستی وتبێت: تۆ لە دووەم قۆناغدا گیرت خواردووە. هیچ عەیبی تیا نییە. دەتوانیت لێی رەت بیت، بەڵام تەنیا دەبێ پیایدا تێپەڕیت. بۆیە هەموو بیر و تێڕوانینێك لەبارەی هاوڕەگەزێتی فڕێ بدە، ئەوە هیچ نییە جگە لە پڕوپاگەندەی سەردەمەکان. ئەمە گوناه نییە. ئەگەر قبوڵی بکەیت، ئەوا بە گەشەکردنێکی سروشتی لێی تێدەپەڕیت و ئیتر بایەخ بە ژن دەدەیت.

ئەگەری هەیە کە دایکت زاڵتر بووبێت، وەکو چۆن هەمیشە دایکان وەهان. بە دەگمەن هەیە مێردێك ببینیت کە ژنەکەی بەسەریدا زاڵ نەبێ– زۆر دەگمەنە. لە راستیدا، ئەمە روونادات و ئەگەر هەندێ جار یەکێك بدۆزیتەوە ئەوا ئەمە ناوازەیە و لە رێساکە لادەدات. هۆکار هەن، هۆکاری دەروونین.

پیاو بە بەردەوامی لە جیهاندا خەریکی شەڕە بۆیە وزە نێرینەکەی بەهەدەر دەڕوات. بە هاتنی ئەو کاتەی کە دەگاتەوە ماڵەوە دەیەوێ ببێتە مێینە. دەیەوێ لە شەڕانگێزییە نێرینەییەکەی پشوو بدات. لە فەرمانگە، لە کارگە، لە بازاڕ، لە سیاسەتدا– لە هەموو شوێنێك هەر لە شەڕ دایە. لە ماڵەوە نایەوێ شەڕ بکات، دەیەوێ پشوو بدات، چونکە سبەینێ دیسان جیهان دەست پێدەکاتەوە. بۆیە ئەو ساتەی کە دێتەوە ناو ماڵ دەبێتە مێینە. ژنەکە تەواوی رۆژەکە مێینە بووە، بەهیچ شێوەیەك شەڕی نەکردووە، کەس نەبووە شەڕی لەگەڵ بکات. ماندوو بووە لە ژنبوون...و لە مەتبەخ و لە هەموو شتێك و لە منداڵەکانیش. ئەو دەیەوێ کەمێك خۆشی ببینێت لە شەڕانگێزی و دەمەقاڵێ و مێردی داماویش لەوێیە. بۆیە دەبێتە نێرینە و مێردەکەش دەبێتە مێینە، ئەوەش هەموو بناغەی ژن سالارییە.

بەڵام منداڵەکان تووشی گرفت دەبن: ئەوان دەبینن کە دایك زاڵە، بە داخن بۆ باوکیان و بەهۆی هاوسۆزییانەوە بۆ باوکیان دەیانەوێ خۆشیان بوێ: بەڵام

ناتووانن- ناتووانن دژی دایك بوەستنەوە. تەنانەت باوکیش ناتووانێ دژی دایك بوەستێتەوە، چۆن دەتوانن؟ لە قووڵایی ناخیانەوە بەرەنگاری دایك دەکەن، دایکە سالارەکە دەبێتە زۆردار و ئەمەش یەکەم ئەزموونی ژنێتییانە. دواتر، هەر کاتێك کە ئەوان لەگەڵ ژناندان ئەوا دەترسن، جارێکی دەیسەلمێنێتەوە کە دایکە. زاڵ دەبێتەوە، بۆڵە دەکات و بەهێز دەبێت.

ئەوەیە ترسی تۆ و هێشتاش لە هاوسۆزی باوکتدایت. پیرەپیاوی داماو هەرگیز قسەی نەبوو. بەهۆی ئەو هاوسۆزییەوە لەگەڵ باوکتدا تۆ زیاتر کوڕ سەرنجت رادەکێشێت. بەڵام ئەمە شتێك نییە وەکو کێشە بیری لێبکەیتەوە. تۆ دەتوانیت پیایدا تێپەڕیت. خۆشی لێ ببینە و هەست بە گوناه مەکە لەبارەیەوە. بەزوویی تۆ سەرت دەسوڕمێت- ئارەزوویەکی گەورەت بۆ ژنان تیادا سەر هەڵدەدات. چونکە ئەمەی کە پیاو بەکێشت بکات شتێکە، بەڵام پیاو رەزامەندت بکات مومکین نییە. رەزامەندبوون (یان تێربوون) پێویستی بە پێچەوانەیە، چونکە پێچەوانەکان تەواوکەرن. لەوانەیە لەگەڵ پیاودا هەستێکی خۆشت هەبێت، بەڵام هەست بە خۆشی کردن شتێکە و هەبوونی خۆشەویستییەکی قووڵ و گەرم و گوڕ شتێکی ترە. لەوانەیە تۆ هەست بە دڵخۆشی بکەیت، بەڵام هەست بە دڵخۆشی شتێکە و چێژ و شادبوون تەواو شتێکی جیاوازە.

چێژ تەنیا ئەو کاتە مومکینە کە وزەی نێرە و مێینە بەیەك بگەن، بەڵام چێژ هەمیشە سێبەرەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە عەزابە. ئەمە ترسەکەیە: تۆ عەزابت زۆر بینیووە و دەترسیت. بەڵام چێژ ئەوەندە جوانە کە شایەنی عەزابە- شەڕەکە و ململانێکە. پیاوان هاوڕێی باشترن، بیرت بێت، پیاو و ژن قەت هاوڕێ نین. خۆشەویستەکان دوژمنن بەڵام قەت هاوڕێ نین، لە راستیدا خۆشەویستەکان و دوژمنەکان قەت هاوڕێ نین. پیاوان هاوڕێی زۆر باشن، ژنان نازانن چۆن دۆستانە

بن. زۆر قورسە بۆ ژنان کە ژنی تریان خۆش بوێت، ئەوان یەکتری باش دەناسن– لە راستیدا زۆر شت لەبارەی یەکترییەوە دەزانن. بەڵام پیاوان زۆر دۆستانەن و هاوڕەگەزخوازەکان بە راستی هاوڕەگەزگەران، چونکە عەزابێك بوونی نییە...بەڵام چێژیش نییە. دەبێ مرۆڤ سەرکێشی بکات و باجەکەی بدات.

پێشنیاری من ئەمەیە: قبوڵی بکە و بەزوویی بەسەریدا تێدەپەڕیت. ئەو کاتە دەست دەکەیت بە گەڕان لە جەمسەرە پێچەوانەکە: ژن. دەبێ سۆراغ بکرێت، ئەمە بەشێکە لە گەشەسەندن. دەبێ پیاو لێکۆڵینەوە لە ژن بکات، ژنیش لە پیاو بکۆڵێتەوە. چەندەی قووڵتریش بچیتە ناو ئەو لێکۆڵینەوەیە، چێژی زیاتر سەرهەڵدەدات و ئەگەری زیاتری عەزابیش دەبێ. ئەوانە شانبەشانی یەکترین، ئەمانە یەکتری هاوسەنگ دەکەن.

پەیوەندی پیاو بۆ پیاو ئاسوودەترە، گونجاوترە، تێگەیشتنی زیاتر هەیە. پەیوەندی پیاو–ژن هەمیشە گێژاوە، تێگەیشتنی کەمتر هەیە چونکە دوو جیهانی زۆر جیاوازن. چۆن دەشێ لە یەکتری تێبگەن؟ هیچ پیاوێك لە ژن تێناگات، هیچ ژنێکیش لە پیاو تێناگات و ئەمە جوانی پێکەوەبوونیانە. ئەمە راز دروست دەکات... هەر ئەمە خراپ تێگەیشتنیش دروست دەکات.

بەڵام یەکەم جار قبوڵی بکە، بەرەنگارییەکەت بەلاوە نێ و بەزوویی دەتوانیت تێیپەڕێنیت. هەر کاتێك دوو جۆر جەستە و ئەقڵی هاوشێوە هەوڵ بدەن بەیەکەوە بگونجێن، ئەمە لادانە. بۆیە دەڵێم هاوڕەگەزخوازی لادانە. لە خۆرئاوا، ئێستا زیاتر و زیاتر بڵاو بووەتەوە. ئێستا هاوڕەگەزخوازەکان پێیان وایە پێشکەوتوون: ئەوان یانەی خۆیان، ئاهەنگی خۆیان، دامەزراوەی خۆیان، گۆڤاری خۆیان، پڕوپاگەندەی خۆیان، هەموو شتێکی خۆیان هەیە. ژمارەشیان لەزیادبوونە. لە هەندێ وڵاتدا گەیشتوونەتە نزیك لەسەدا چل. زوو یان درەنگ هاوڕەگەزخوازی دەبێتە حاڵەتێکی

ئاسایی. ئێستا تەنانەت هەندێ ویلایەتی دیاریکراو لە ئەمریکا ڕێگە بە هاوسەرگیریی هاوڕەگەزخوازەکان دەدەن. ئەگەر خەڵك مکوڕ بن، دەبێت ڕێگەی پێبدەیت، چونکە دەبێ حکومەت خزمەتی خەڵك بکات. ئەگەر دوو پیاو بیانەوێ لە هاوسەرێتیدا بەیەکەوە بژین، ئەوە پەیوەندی بە کەسەوە نییە. ئەمە ئیشی خۆیانە. بەڵام ئەمە لە بنەڕەتدا نازانستییە. ئەمە کێشەی خۆیانە و کەس بۆی نییە دەستتێوەردان بکات، بەڵام ئەقڵیان لەبارەی ڕێسای بنچینەیی وزەی مرۆڤ و جوڵەی، ڕۆشن نەبووەتەوە. هاوڕەگەزخوازەکان ناتووانن ڕۆحانیەت پەیدا بکەن. ئەمە زۆر قورسە. تەواوی ڕێسای جوڵانی وزەیان تێکچووە. تەواوی میکانیزمەکە تووشی شۆك بووە، لایداوە. ئێستاش هاوڕەگەزێتی لە جیهاندا زۆر گەشە دەکات، دەبێ تەکنیکی زۆر جیاواز گەلاڵە بکرێن کە پێشتر نەزانراون، بۆ یارمەتیدانیان تا بەرەو تێڕامان لە ناخ هەنگاو بنێن.

پاش دە ساڵ ژیان لەناو سوپادا، پیاوان دەنێردرێنە بەشی پشکنینی پزیشکی. سەربازەکان جلەکانیان دادەنێن و یەك لەدوای یەك دەچنە ناو ئۆفیسی دکتۆر.

دکتۆرەکە سەماعەی لەسەر سنگی یەکەم پیاو دادەنێت و دەڵێت "سۆفیا لۆرێن". دڵی پیاوەکە خێرا لێدەدات- "بوم! بوم! بوم!"

دکتۆرەکە دەڵێت "ژنەکەت، بوم. بە تەواوی ئاساییە برۆ لەوێ بوەستە".

پیاوی دواتر بەهەمان شێوە پشکنینی بۆ دەکرێ. دکتۆر دەڵێت "مارلین مۆنرۆ. بوم! بوم! بوم!"

"ژنەکەت"- بێدەنگییەکی تەواو.

"باشە، برۆ لەوێ بوەستە".

پیاوێکی تر دێت بۆ پشکنین.

دکتۆر دەڵێت "سۆفیا لۆرێن، بوم! بوم! بوم!"

دکتۆرەکە پشکنین دەکات "بریجیت باردۆ، بوم!بوم!بوم!"

دکتۆرەکە دەڵێت "ژنەکەت... بوم!"

دەڵێت "سەیرە، بەڵام تۆ هێشتا ئاساییت. هەرچۆنێك بێت، برۆ لەوێ بوەستە- بوم!بوم!بوم!"

زۆربا

تۆ "زۆربای یۆنانی"ت خوێندووەتەوە؟...

بیخوێنەرەوە! زۆربا بە گەورەکەی دەڵێت "گەورەم شتێك لەتۆدا ونە. هەستێکی شێتانە! تا ژێیەکە نەپچڕێنیت، قەت بە راستی زیندوو نابیت! کەمێك شێتی چەندەها رەهەندت دەداتێ، شیعرت پێدەبەخشێ و ئەوەندە ئازایەتیت پێدەبەخشێ کە لەم جیهانە ناخۆشەدا دڵخۆش بیت.

زۆربا جوانیی خۆی هەیە. (کازانتزاکیس)ی رۆماننووس کە رۆمانی زۆربای یۆنانی نوسیووە یەکێکە لە باشترین رۆماننووسەکانی سەدە و ئازارێکی زۆری بەدەست کەنیسەوە چەشتووە.

کاتێك ئەو زۆربای یۆنانی نووسی لە کەنیسە کرایە دەرەوە. بە نووسینی زۆربا، هەڕەشەیان لێکرد: "کتێبی زۆرباکەت پاشەکشێ پێبکە ئەگینا دەردەکرێیت". لەبەرئەوەی کتێبەکەی نەکشاندەوە، لە مەسیحیەت کرایە دەرەوە و بە چوونە دۆزەخ مەحکوم کرا. بە راستی زۆربا تاکێتی خودی (کازانتزاکیس)ە، کە مەسیحیەت سەرکوتی کردبوو کە نەیدەتوانی وەها بژیت، کە دەیویست وەها بژیت. ئەو، هەموو بەشە نەژیاوەکەی ژیانی لە ناوی زۆربادا دەربڕی.

زۆربا پیاوێکی جوانە- ترسی لە دۆزەخ نییە، چاوپرسی نییە بۆ بەهەشت، سات بە سات دەژیت، خۆشی لە شتە بچوکەکان دەبینێت...خۆراك، خواردنەوە، ژنان.

پاش ئیشکردن بە درێژایی ڕۆژ، ئامێرە مۆسیقییەکەی دەست دەدایە و چەندەها سەعات لە کەناری دەریا سەمای دەکرد.

بەشەکەی تر ئەو گەورەیەیە کە زۆربای لای خۆی وەکو خزمەتکار دامەزراند. ئەو هەمیشە خەمبار بوو و لە ئۆفیسەکەی دادەنیشت، خەریکی فایلەکانی بوو و قەت پێنەدەکەنی، قەت خۆشی نەدەبینی، قەت نەدەچووە دەرەوە و هەمیشە لە قووڵایی ناخیەوە ئیرەیی بە زۆربا دەبرد کە زۆری دەست نەدەکەوت بەڵام وەکو ئیمپراتۆر دەژیا، بیری لە سبەینێ نەدەکردەوە، لەوەی کە ڕوودەدات. ئەو بەباشی دەخوات، بەباشی دەخواتەوە، بەباشی گۆرانی دەڵێت، بەباشی سەما دەکات. گەورەکەشی کە زۆر دەوڵەمەندە، هەر بە خەمباری دادەنیشێت، نیگەرانە، لە عەزابدایە، لە کەساسی و ناڵەدایە.

زۆربا ئەو بەشە تەواونەکراوەی ژیانی هەر کەسێکی بەناو دیندارە.

ئەی بۆچی کەنیسە ئەوەندە دژی بوو کاتێك (زۆربا) بڵاو کرایەوە؟ ئەوە تەنیا ڕۆمانێك بوو، شتێك نەبوو کەنیسە نیگەرانی بێت. بەڵام زۆر ڕوون بوو کە ئەمە مەسیحییەکی نەژیاوە لەناو هەموو مەسیحییەکدا، دەشێ ئەم کتێبە کتێبێکی ترسناك بێت. هەر کتێبێکی ترسناکیشە.

بەڵام زۆربا یەکجار زۆر جوانە. (کازانتزاکیس) دەینێرێت لە شار هەندێ شت بکڕێت و هەمووی لەبیر دەچێت. ئەو دەخواتە و دەچێتە لای سۆزانییەکان و ڕادەبوێرێت و ناوبەناو بیری دێتەوە کە لەوانەیە چەندە ڕۆژ تێپەڕیبن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پارەکەی هەر پێیە. تا هەموو پارەکە تەواو نەبێ چۆن دەتووانێ بگەڕێتەوە؟ گەورەکەی زۆر تووڕە دەبێ، بەڵام هیچ ناکرێ– ئەوە کێشەی خۆیەتی.

پاش سێ هەفتە دەگەڕێتەوە– و ئەو تەنیا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕۆیشتبوو– و هیچ کام لەو شتانە ناهێنێت کە نێردرابوو بیهێنێت. بە کۆمەڵێك بەسەرهاتیشەوە

دەگەڕێتەوە "چ گەشتێکی مەزن بوو، دەبووایە لەوێ بیت. ئەو کیژۆڵە جوانانەم بینی...و ئەو شەرابە خۆشەی لێبوو".

گەورەکەشی دەڵێت "ئەی شتەکان؟ ئەوە سێ هەفتەیە لێرە لە مەراقا ئەکوڵم".

ئەویش وتی "کاتێك ئەو هەموو شتە جوانە هەبێت، کێ باکی بەو شتە بچوکانە هەیە؟ تۆ دەتوانی هەموو هەفتەیەك لە موچەکەم کەم بکەیتەوە و پارەکەت وەربگریتەوە. بیبورە کە نەمتوانی زووتر بێمەوە. دەبێ خۆشحاڵیش بیت کە هاتوومەتەوە- چونکە پارەکە تەواو ببوو دەبووایە بێمەوە. بەڵام جارێکی تر دەچم و هەموو شتەکان دەهێنم". ئەویش وتی "جارێکی تر ناچیتەوە. کەسێکی تر دەنێرم".

هەموو ژیانی زۆربا، سادەیە، خۆشیی فیزیکییە، بەڵام بەبێ هیچ شڵەژانێك، بەبێ هیچ گوناهێك، بەبێ هیچ خەمێك لەبارەی گوناه و فەزیلەت.

نیکۆس کازانتزاکیس نوێنەرایەتی تۆ دەکات- نەك هەر تۆ هەموو مرۆڤێك. ئەو پیاوێکی دەگمەن بوون بەڵام قوربانیی هەموو رابردوو بوو. ئەو پیاوێکی زۆر هەستیار بوو- بۆیە دابەشبوونەکە زۆر روون بوودوە، پیاوێکی زۆر زیرەك بوو و توانی بزانێ کە دابەشبووە. ئەمە عەزابێکی گەورەی لەناوەوەیدا دروستکرد.

دابەشبوون لەدژی خۆت دۆزەخە، شەڕ لەگەڵ خۆتدا عەزابێکی بەردەوامە. دەتەوێ شتێك بکەیت- ئەمە بەشێکی تۆیە- و بەشی دووەمت دەڵێت "نا، ناتوانیت بیکەیت. ئەمە گوناهە".

چۆن دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا لە ئاشتیدا بیت؟ و کاتێك کەسێك لەگەڵ خۆیدا ئاشت نییە ناتوانێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا، لەگەڵ کەلتووردا و دواجار لەگەڵ بووندا ئاشت بێت. تاکەکەس بلۆکی هەموو بوونە.

دەمەوێ ئەم زۆربایە لە هەموو کەسێکدا زیندوو بێت، چونکە ئەمە میراتی سروشتی تۆیە. بەڵام نابێ لە زۆربا بوەستیت. زۆربا تەنیا دەستپێکە.

دەمەوێ بەیەکەوە و لەهەمان کاتدا زۆربای یۆنانی و گواتام بودا بیت. لەوە کەمتر قایل مەبە. زۆربا نوێنەرایەتی زەوی دەکات بە هەموو گوڵ و سەوزاییەکان و شاخەکان و رووبارەکان و ئۆقیانووسەکانیەوە. بودا نوێنەراتی ئاسمان دەکات بەهەموو ئەستێرەکان و هەورەکان و پەلکەزێرینەکانیەوە.

ئاسمان بەبێ زەوی بەتاڵ دەبێ.

ئاسمان ناتووانێ بەبێ زەوی پێبکەنێ.

زەوی بەبێ ئاسمان مردوو دەبێت.

هەردووکیان پێکەوە– و لێرەوە سەما دێتە ناو بوونەوە. زەوی و ئاسمان پێکەوە سەما دەکەن– و پێکەنین دەبێ، خۆشی دەبێ و ئاهەنگ دەبێ. ئەگەر مرۆڤ زۆربایەکی راستەقینە بێت ئەوا زۆر دوور نابێت لەوەی کە بودا بێت. ئەو تەقریبەن نیوەی رێگاکەی بڕیووە. یەکەم نیوەش قورسترینە چونکە هەموو ئایینەکان لەدژنی. هەموو ئایینەکان بۆ لایەکی تر بەکێشت دەکەن، دوور لە یەکەم نیوە و هەر کە بۆ لایەکی تر بەکێش کرایت ئەوا قەت نابیتە بودا– چونکە تەنیا ئەم رێگەیە بەرەو بودا دەچێت.

زۆربا رێگای بەرەو بودایە.

لەوەتەی تۆم بینیووە، ئازایەتی ئەوەم پەیدا کردووە جارێکی تر خۆشەویستی بکەم، پێبکەنم، سەما بکەم. تۆ چاوەکانی منت بە ڕووی جوانی، شیعر و ژیاندا کردەوە. هەست دەکەم گەنجترم، تەقریبەن منداڵ ئاسام، سەرسامم بەو جوانییەی کە بە هەموو شتێکدا رەت دەبێت– هەلگەڕاوەیەکی مەسیحیی پڕاوپڕ لە چێژم، کە

شـەربەت دەخۆمـەوە، تـام لـە هـەموو دڵۆپەیـەکی دەکـەم. ئایا ئەمـە بـە قـووڵی نائەخلاقییە؟

نا، ئەمە بە تەواوی ئەخلاقییە. ئەوە تاکە ئەخلاقە کە هەیە- ئائایینی بیت، لـە هەر ساتێکی ژیاندا دوایین دڵۆپە بگوشیت، منداڵ بیت، بێگوناه بیت، جارێکی تـر دوای پەپولـەکان بکـەویت، لـە کـەناری دەریـا قاوغـە گوێـچکە ماسـییەکان کـۆ بکەیتـەوە...جـوانی هـەبوون ببینیـت کـە لـە دەورتایـە، رێگـە بـە خـۆت بـدەیت خۆشەویستی بکەیت و خۆش بویسترێیت.

خۆشەویستی سەرەتای ئایینە.

بەهەمان شێوەش کۆتایی ئایینە.

کەسی نائایینیش هەمیشە گەنجە. ئەگەرچی بە گەنجیش بمرێت. تەنانەت لـە مردنیشیدا پڕە لە خۆشی، پڕە لە سەما، پڕە لە گۆرانی.

من فێرت دەکەم نائایینی بیت و فێرت دەکەم بەرانـەتی منداڵـت هـەبێت. فێرت دەکەم سەیری و رازی هەبوون بزانیت- نەك ئەمەی شیکردنەوەی بۆ بکەیت بـەڵکو ئەمەی خۆشی لێ ببینیت، نەك ئـەوەی تیـۆرەی لـێ دابتاشـیت بـەڵکو سـەمای لـێ پێکبێنیت.

تەواوی هەبوون سەما دەکات، جگە لە مرۆڤـەکان. ئـەوان بوونەتـە گۆڕسـتانێکی گەورە. من بانگت دەکەم لە گۆڕستانەکانت بێیتە دەرەوە.

نا ئەمـە نائـەخلاقی نییـە. هـەموو ئایینـەکان وەهـا دەڵێن، بـەڵام ئـەو ئایینانـە هەڵەن. هەر کەسێك کە دەڵێت ئەمە نائەخلاقییە تـەنیا لـە دژی مرۆڤایەتییـە، دژی هەبوونـە، دژی خۆشـییە، دژی خۆشـبەختییە، دژی هـەموو ئـەو شـتەیە کـە سـەر دەکێشێت بۆ خوایەرستی. من بە تەواوی لەگەڵیدام.

بەشی دووەم

پیاو یان ژن هێشتا تەنیایە.
بەڵام خۆشەویست ئەو کاتە دێتە کایەوە کە ڕۆحەکان دەچنە پاڵ یەک.

–ڕۆحانییەکانی (پاوڵ)

هەوا

هەندێ ڕۆژ هەست دەکەم پیاوم و ڕۆژانی تر هەست دەکەم ژنم. دەتوانم هەردووکیان بم؟ یان وەکو شێتێک گەشە دەکەم؟

هەموو کەسێك هەردووکیانە و تۆ بەئاگا هاتوویتەوە– ئەمە زۆر باشە، ئەمە بەرچاو ڕوونییەکی گەورەیە بەرانبەر بوونت. هەموو کەسێك هەردووکیانە. بەڵام تاوەکو ئێستا، کۆمەڵگە بەجۆرێك پرۆگرام کراوە؛ ئێمە بە جۆرێك پەروەردە و فێر کراوین کە پیاو پیاوە، ژن ژنە. ئەمە ڕێکخستنێکی زۆر هەڵەیە، هەڵەیە بەرانبەر سروشت. ئەگەر پیاو دەست بکات بە گریان، خەڵکی پێی دەڵێن "وەکو ژن مەگری؛ ئەوەندە ناسك مەبە". ئەمە پوچە– چونکە پیاو وەکو ژن لە چاوەکانیدا ڕژێنەکانی فرمێسك هەیە. ئەگەر سروشت مەبەستی نەبووایە بگریت ئەوا پیاو فرمێسك ڕژێنی نەدەبوو.

ئێستا ئەمە زۆر سەرکوتکەرانەیە. ئەگەر کچێك دەست بکات بە رەفتارکردن وەکو پیاو، تەموحە، شەڕانگێزە- ها؟ خەڵکی بیر لەوە دەکەنەوە کە شتێك روویداوە: گرفتێکی هۆرمۆنی لەئارادایە. ئەوان پێی دەڵێن کوڕانی، ئەو کچ نییە. ئەمە بێ مانایە! دابەشکردنە و سروشتی نییە، ئەم دابەشکردنە سیاسییە، کۆمەڵایەتییە. ژن ناچار کراوە بیست و چوار سەعات رۆڵی ژنان ببینێت و پیاوان ناچار کراون بیست و چوار سەعات رۆڵی پیاوان ببینن، کە زۆر ناسروشتییە و بەدڵنیاییەوە بەدبەختی لە جیهاندا دێنێتە کایەوە.

سات هەیە کە پیاو نەرمە و دەبێ مێینە بێت. ساتیش هەیە کە مێردەکان دەبێ ژن بن و ژن دەبێ مێرد بێت و دەبێ ئەمەش زۆر سروشتی بێت. بەمشێوەیەش ریتم و هەماهەنگییەکی زیاتر لەئارادا دەبێت. ئەگەر گریمانەی ئەوە نەکرێت کە پیاو بیست و چوار سەعات هەردەبێ پیاو بێت، ئەوا زۆر هێمنتر دەبێ. ئەگەر گریمانەی ئەوەش نەکرێ کە ژن بیست و چوار سەعات هەر ژن بێ ئەوا سروشتیتر و عەفەویتر دەبێ.

بەڵێ، هەندێ جار لە هەڵچوونێکدا ژن زۆر ترسناکتر دەبێ لە پیاو و هەندێ جار لە ساتە نەرمەکاندا پیاو زۆر بەسۆزتر دەبێ لە هەر ژنێك کە هەیە- و ئەم ساتانە بەردەوام دەبن لە گۆڕان. هەردوو ئەم کەش و هەوایە هی تۆن، بۆیە پێت وا نەبێت کە خەریکە شێت دەبیت یان شتێکی تر. ئەم دووفاقیەتە بەشێکە لە سروشت.

بەرچاوڕوونییەکی باش بەسەر تۆدا هاتووە. لەدەستی مەدە و نیگەرانی ئەوە مەبە کە خەریکە شێت دەبیت. تۆ چەند سەعاتێك پیاویت، چەند سەعاتێکیش ژنیت. ئەگەر بەشێوەیەکی کتومت لێی بڕوانیت، دەتوانی بزانی چەند خولەك پیاو بوویت و چەند خولەکیش ژن. ئەمە گۆڕانێکی ناوبەناوە. لە یۆگادا سەرسەختانە کاریان لەسەر ئەم نهێنییانەی ناوەوە کردووە. ئەگەر تۆ تێبینی هەناسەت بکەیت،

ئەمە ڕێك کاتەکەت ئەداتێ. کاتێك کونەلوتی چەپ هەناسەگۆڕکێ بکات ئەوا تۆ مێینەیت. کاتێك کونەلوتی ڕاست هەناسەگۆڕکێ بکات ئەوا نێرینەیت. ئینجا پاش چل و هەشت خولەك دەگۆڕێن.

بە بەردەوامی- ڕۆژ، شەو- ئەم گۆڕانە ڕوودەدات. کاتێك تۆ بە کونەلوتی چەپ هەناسەگۆڕکێ دەکەیت، لای ڕاستی مێشکت ئیش دەکات: لای ڕاست مێینەیە. کاتێك تۆ بە کونەلوتی ڕاست هەناسەگۆڕکێ دەکەیت ئەوا لای چەپی مێشکت ئیش دەکات: ئەمە بەشە نێرینەکەیە. هەندێ جار دەشتووانی یاری پێبکەیت. ئەگەر زۆر توڕەیت ئەوا شتێك بکە: کونەلوتی ڕاستت دابخە و دەست بکە بە هەناسەگۆڕکێ بە کونەلوتی چەپ و لەماوەی چەند چرکەیەکدا بۆت دەردەکەوێت کە توڕەییەکەت نەماوە- چونکە بۆ توڕەبوون پێویستە لە بەشە نێرینەکەی بوونتدا بیت. تاقی بکەرەوە و سەرت دەسوڕمێت. تەنیا بە گۆڕینی هەناسەگۆڕکێ لە کونەلوتێکەوە بۆ یەکێکی تر، شتێکی زۆر گرنگ دەگۆڕێت. ئەگەر تۆ لەبەرانبەر جیهانی دەرەوەدا هەست بە سەرمایەکی زۆر دەکەیت ئەوا بە کونەلوتی چەپ هەناسەگۆڕکێ بکە و لێگەڕێ با وێنا، خەیاڵ و گەرم و گوڕی بڕژێنە ناوەوە- و لەپڕ هەست بە گەرمییەکی تەواو دەکەیت.

کاتێك تۆ لە کەش و هەوای نێرینەییدایت هەندێ کردار هەن زۆر ئاسانتر ئەنجام دەدرێن. کاتێك تۆ شتێکی سەخت ئەنجام دەدەیت- گواستنەوەی تاشە بەردێك، یان پاڵنانی- تێبینی کونەلوتەکانت بکە. ئەگەر لە کەش و هەوای نێرینەییدا نەبێت ئەوا باش نییە. لەوانەیە بۆ جەستە مەترسیدار بێت: تۆ زۆر نەرمۆڵە دەبیت. کاتێك تۆ لەگەڵ منداڵێکدا یاری دەکەیت، یان هەر لەگەڵ سەگێکدا دانیشتوویت، وا هەست بکە کە لە دۆخی مێینەییدایت- نزیکایەتییەکی زۆرتر ڕوودەدات. کاتێك قەسیدەیەك دەنووسیت یان تابلۆیەك دەکێشیت یان مۆسیقا لێدەدەیت دەبێ لە

دۆخی مێینەییدابێت...مەگەر ئەوەی کە تۆ لە هەوڵی لێدانی مۆسیقای جەنگدابێت! ئەو کاتە ئاساییە، دەبێ لە کەش و هەوای نێرینە دابێت– شەڕانی بێت.

تێبینی بکە و تۆ زیاتر و زیاتر لەم دوو جەمسەرییە بەئاگا دێیت. ئەمەش باشە کە ئەم دوو جەمسەربەندییە هەیە؛ بەم شێوەیەیە کە سروشت پشوودان فەراهەم دەکات. کاتێك بەشە نێرینەکە بێتاقەت دەبێت تۆ بەرەو بەشە مێینەکە دەجوڵێیت، بەشە نێرینەکە پشوو دەدات. کاتێك بەشە مێینەکە بێتاقەتە، تۆ پشوو دەدەیت، تۆ دەبیتە نێرینە. ئەمەش ئابووریی ناوەوەیە– بەشێکیان لە گۆڕاندایە. بەڵام کۆمەڵگەکەت شتی هەڵەی فێر کردوویت: ئەمەی کە پیاو پیاوە، و دەبێ بە بەردەوامی هەر پیاو بێت– ئەمە لە ئەرکێك زیاترە. ژنیش دەبێ بە بەردەوامی هەر ژن بێت، نەرمۆڵە، بەسۆز و بەزەیی بێت: ئەمەش لە ئەرکێك زیاترە. هەندێ جار ئەویش دەیەوێ هەندێ جار شەڕ بکات، تووڕە بێت، شتەکان فڕێ بدات– ئەمەش باشە، ئەگەر لە یاریی ناوەوە تێبگەیت.

ئەم دوو جەمسەربەندییە یارییەکی باشی ناوەوەن– یاریی ئاگایی. بەو شێوەیەیە کە خودا لەناو تۆدا دابەش بووە، بۆئەوەی یارییەکی چاوشارکێ لەگەڵ خۆیدا بکات. کاتێك یارییەکە تەواو بوو، کاتێك تۆ بۆت دەرکەوت چی لە یارییەکە فێر بێت، کاتێك وانەکە وەرگیرا، ئەو کاتە تۆ دەگەیتە ئەودیو.

قۆناغی کۆتا نە نێرینە و نە مێینەیە. بێ لایەنە.

پیاو لە قووڵاییەوە لەو راستییە بەئاگایە کە ژن شتێکی هەیە کە ئەم نیەتی. لە سەرەتادا ژنی بەلاوە سەرنجڕاکێشە، جوانە. دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی ژنەکەوە، ژنەکە ئەقرییەن دەبێتە شتێکی موعتادبوون– و لەوێوەیە کە کێشەکە سەر هەڵدەدات.

هەستکردن بە وابەستەیی بە ژنانەوە کە هەموو پیاوێك هەستی پێدەکات، وای لێدەکات کە بە شێوازێك کاردانەوەی هەبێت کە هەوڵ دەدات ژنەکە وەکو کۆیلە ئاراستە بکات– واتە لە رووی رۆحییەوە کۆیلە. هەروەها دەشترسێت چونکە ئەو جوانە...جوانە نەك تەنیا بەلای ئەوەوە– جوانە بۆ هەر کەسێك کە لێی دەڕوانێت، هەر کەسێك کە لێی نزیك دەبێتەوە. نیرەییەکی گەورە لە ئەقڵە شۆڤێنییە نەفسگەرا نێرینەییەکەدا سەرهەڵدەدات. ئەو شتێکی لەگەڵ ژنان کردووە کە مەکیاڤیلی بە سیاسییەکانی دەڵێت– هاوسەرێتیش سیاسەتە. ماکیاڤیلی دەڵێت باشترین ڕێگەی بەرگری هێرشە و پیاو ئەم بیرۆکەیەی بۆ چەندەها سەدە پێش مەکیاڤیلی وەکو راستییەکی بنچینەیی لە ناو هەموو پانتاییەکانی سیاسەتدا بەکارهێناوە.

لە هەر شوێنێك جۆرە باڵادەستییەك هەبوو، بە دڵنیاییەوە هێرش باشترین ڕێگەی بەرگرییە. لە بەرگریدا، تۆ هەنوکە گۆڕەپانەکە لە دەست دەدەیت، تۆ هەنوکە خۆت وەکو بەرەی شکستخواردوو قبوڵ کردووە. تۆ تەنیا پارێزگاری لە خۆت دەکەیت.

لەم وڵاتەدا، تێکستی ئایینی هەن وەکو (مانوسمریتی) کە تەمەنی پێنج هەزار ساڵە و ئەوان دەڵێن ئەگەر دەتەوێ ئارامی لە ماڵەکەتدا هەبێ، لێدانێکی باشی ناوبەناوی ژن بەشێوەیەکی رەها پێویستە. دەبێ تەقریبەن زیندانی بکرێت، لە کەلتوورە جیاجیاکان و وڵاتە جیاجیاکانیشدا هەر بەو شێوەیە ژیاوە، بەڵام زیندانیبوونەکەی هەر هەمان شت بووە، چونکە پیاو هەوڵیداوە خۆی بە باڵادەستتر بسەلمێنێت....بیریشت بێت، هەر کاتێك بتەوێ شتێك بسەلمێنیت ئەمە بەو مانایەیە کە تۆ ئەو شتە نیت.

باڵادەستییەکی راستەقینە پێویستی بە بەڵگە، شایەت و مشتومڕ نییە. باڵادەستیی راستەقینە دەستبەجێ لەلایەن هەر کەسێکەوە دانی پێدادەنرێت کە تەنانەت زیرەکییەکی کەمیشی هەبێت.

باڵادەستیی راستەقینە هێزی موگناتیسی خۆی هەیە. لەبەرئەوەی پیاوان ژنانیان ئیدانە کردووە– و دەبووایە ئیدانەی بکەن بۆئەوەی لەژێر رکێفدا بیهێڵنەوە– تەقریبەن بۆ پۆلێنبەندی نیوەمرۆڤێك بچوکیان کردووەتەوە. دەبێ چ ترسێك پیاوی گەیاندبێتە ئەوەی ئەم کارە بکات؟– چونکە ئەمە تۆقینێکی گەورەیە....

پیاو بە بەردەوامی ژن بە باڵادەست دەزانێ و بەراوردی دەکات. بۆ نموونە، لە جوتبوون لەگەڵ ژندا، پیاو زۆر نزمە چونکە تەنیا دەتووانێ لە یەك کاتدا یەك ئۆرگازمی هەبێت کەچی ژن دەتووانێ لانی کەم دە دوانزە ئۆرگازمی هەبێت– فرە ئۆرگازم. پیاو بە تەواوی هەست بە دەستەوستانی دەکات. ئەو ناتووانێت ئەو ئۆرگازمانە بداتە ژن. ئەمەش یەکێکە لە نەگبەتییە هەرە گەورەکان لە جیهاندا: لەبەرئەوەی ناتووانێت فرە ئۆرگازم بدات، هەوڵیداوە تەنانەت یەکەم ئۆگازمیشی پێنەدات. دەشێ تامی یەکەم ئۆرگازم مەترسی بۆ دروست بکات.

ئەگەر ژنەکە بزانێ ئۆرگازم چییە، ئەوا بەئاگا دێت لەوەی کە بە یەك ئۆرگازم تێر نابێ. بە پێچەوانەوە، تینووتر دەبێ. بەڵام پیاوەکە برستی لێدەبڕێت. بۆیە فێڵاوی ترین رێگە ئەوەیە رێ بە ژنەکە نەدەیت بزانێ شتێکی لە بابەت ئۆرگازم لە جیهاندا هەیە. لەبەرئەوەی ژنەکەش ئۆرگازمی نەناسیووە، نابێ وا بیر بکەیتەوە کە پیاو لە دۆخێکی باشتردا بووە. بە نەدانی ئۆرگازم بە ژن دەبێ ئۆرگازمەکەی خۆشی لەدەست بدات.

شتێکی گرنگ هەیە کە دەبێ لێی تێبگەیت: لایەنی سێکسی پیاو لۆکاڵییە، سنووردارە بە ئەندامە سێکسییەکان و ناوەندێکی سێکس لە مێشکدا. بەڵام لای ژن جیاوازە. لایەنە سێکسییەکەی هەموو جەستەیەتی. تەواوی جەستەی هەستیارە، پڕ خرۆشە. لەبەرئەوەی لایەنی سێکسی پیاو لۆکاڵییە، بچوکە. لایەنی سێکسی ژن شتێکی زۆر گەورەیە. پیاو لە چەند چرکەیەکدا تەواو دەبێت، ژن تەنانەت گەرمیش دانایەت. پیاو وەها پەلەیەتی– وەکو ئەوە وایە ئەرکێك جێبەجێ بکات کە پارەی پێ وەردەگرێت و دەیەوێ خێرا تەواوی بکات.

بۆچی؟ ئایا لە راستیدا پیاو لە خەمی کرداری سێکسە؟– تەنیا لە ماوەی سێ چوار چرکەدا تەواو دەبێت. ژن خەریکی گەرمداهاتنە و پیاویش تەواو دەبێت– نەك ئەوەی،کە گەیشتبێتە ئۆرگازم؛ دەردان ئۆرگازم نییە. پیاوەکە دەکەوێتە سەر لا و خەوی پیا دەکەوێت. ژنەکەش– نەك تەنیا ژنێك بەڵکو ملیۆنان ژن پاش ئەوەی پیاوەکە سێکسیان لەگەڵ کرد ئەگرین چونکە لە نیوەی رێگەدا جێ هێڵراون. تۆ هانت داون و پێش ئەوەی بتوانن بگەنە دەرەنجام لە یارییەکە هاتوویتە دەرەوە.

بەڵام ئەم راستییەی پەیوەست بە تەواوبوونی پیاو بەخێرایی، پێشینەیەکی زۆر گرنگی هەیە کە مەبەستم بووە بیخەمە رووتان. لە رێگەنەدان بە ژن بەوەی کە بگاتە یەکەم ئۆرگازم، دەبێ فێر بێت ئەوەندەی بکرێ خێرا تەواو بێت. بۆیە ژنەکە شتێکی یەکجار زۆر جوانی لەدەست داوە، شتێکی پیرۆز لەسەر زەوی– پیاوەکەش لەدەستیداوە.

ئۆرگازم تاکە شتێك نییە کە ژن تیایدا بەهێزە. لە هەموو شوێنێکی جیهان ژن تێکڕا پێنج ساڵ زۆرتر لە پیاو دەژیت. ئەمەش بەو مانایەیە کە خۆگرترە، تۆکمەترە. ژنان کەمتر لە پیاوان نەخۆش دەکەون. ژنان تەنانەت ئەگەر نەخۆشیش بکەون، زووتر لە پیاوان خۆیان چاك دەکەنەوە. ئەمانە راستیی زانستین.

لەکاتێکدا کە سەد و پانزە کوڕ لەدایک دەبن، سەد کچ لەدایک دەبن. لەوانەیە بیر لەوە بکەیتەوە بۆچی سەد و پانزە؟ بەڵام سروشت باشتر دەزانێت. بە هاتنی تەمەنی هاوسەرگیری، پانزە کوڕ نامێنن! تەنیا سەد کوڕ و سەد کچ دەمێننەوە. کچان وەها بە ئاسانی نامرن.

ژنان ئەوەندەی پیاوان خۆکوژی ئەنجام نادەن. ڕێژەی خۆکوژی پیاوان دووقاتە. هەرچەندە ژنان باسی خۆکوژی دەکەن بەڵام هەمیشە مانەوە هەڵدەبژێرن چونکە هیچ شێوازێکی توندوتیژانە بۆ خۆکوشتن بەکارناهێنن.

ئەوان ئاسودەبەخشترین و زانستیترین و هاوچەرخترین شێواز هەڵدەبژێرن- حەبی خەو. سەیریشە کە هیچ ژنێك ئەوەندە حەبی خەو ناخوات کە هەڵسانەوە ئەستەم بێت. بۆیە خۆکوژییەکەی خۆکوشتن نییە بەڵکو جۆرێك نارەزایەتییە، هەڕەشەیە بۆئەوەی مێردەکە تێبگات ئەمە هۆشدارییەکە بۆ ئایندە. هەمووان ئیدانەی پیاوەکە دەکەن — دکتۆرەکان، دراوسێکان، خزمەکان، ئەفسەرانی پۆلیس. ئەو بەشێوەیەکی ناپێویست بووە بە تاوانبار، هەمووانیش هاوسۆزی ژنەکەن- هەرچەندە خەریك بووە خۆی خۆی بکوژێت.

ئەوەندەی کە پەیوەندی بە کوشتنەوە هەیە، جیاوازییەکە گەورەیە. پیاو ئەقریبەن بیست جار زیاتر کوشتن ئەنجام دەدات، کەچی ژن زۆر بە دەگمەن.

ژنان کەمتر لە پیاوان شێت دەبن. جارێکی تریش ڕێژەکە هەمان شتە: پیاوان دووقاتی ژنان شێت دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا پاش ئەو هەموو راستییە سەلمێنراوانەی زانست، خورافیاتی ئەوە بەردەوامە کە پیاو بەهێزترە. تەنیا یەك شت هەیە کە تیایدا بەهێزترە و ئەویش جەستە ماسولکەییەکەیەتی. ئەو ئیشکەرێکی دەستیی باشە.

ئەگینا؛ لە هەموو سەرێکەوە هەستی بە گرێیەکی نزمیی قووڵ کردووە- چەندەها سەدەیە ئەو هەستەشی هەیە. بۆ خۆلادان لەو گرێیە، تاکە ڕێگە ئەوەیە ژن ناچار بکات بچێتە پێگەیەکی نزمەوە. ئەوەش تاکە شتە کە لە پیاودا بەهێزترە: ئەو دەتوانێ زۆر لە ژن بکات. ئەو دڵڕەقترە، ئەو توندوتیژترە و ئەو ژنی ناچار کردووە ئایدیایەک قبوڵ بکات کە بە شێوەیەکی ڕەها هەڵەیە: واتە ئەمەی کە ئەو لاوازە.

بۆ سەلماندنی ئەوەش کە ژن لاوازە، دەبێ دژایەتی هەموو تایبەتمەندییە مێینەکان بکات. دەبێ بڵێت ئەوان هەموویان لاوازن و ئەو تایبەتمەندییانە هەمووی پێکەوە ژن لاواز دەکەن. لە ڕاستیدا، ژن هەموو تایبەتمەندییە مەزنەکانی تێدایە. لە هەر شوێنێکیش پیاو بێدار دەبێتەوە؛ دەگاتە هەمان ئەو تایبەتمەندییانەی لە ژناندا تێدانەی دەکرد. ئەو تایبەتمەندییانەی کە وا دادەنرا لاواز بن هەمووی مێینەیین. ئەوەش ڕاستییەکی سەیرە کە هەموو تایبەتمەندییە مەزنەکان دەچنە ناو ئەو خانەیەوە. ئەوەی کە دەمێنێتەوە، تایبەتمەندییەکانی دڵڕەقین، هی ئاژەڵن.

ژن بەسۆزترە. پیاو خۆشەویستییەکی گەورەتری لە ژن پیشان نەداوە. ملیۆنان ژن مردوون- بە زیندوویی خۆیان هەڵداوەتە ناو ئاگری سوتاندنی مەیتی خۆشەویستەکانیانەوە چونکە نەیانتوانیوە ژیانێك بەبێ مێرد یان هاوڕێیەکەیان بژین. بەڵام پێت وا نییە کەمێك سەیرە کە لە دە هەزار ساڵدا تاکە پیاوێك چەسارەتی ئەوەی نەکردووە خۆی هەڵبداتە ناو ئاگری سوتاندنی تەرمی ژنەکەی؟ کاتی پێویستت هەیە، دەرفەتی پێویستت هەیە... و تۆ بەهێزتریت. ژنی ئاسك و هەستیار خۆی هەڵدەداتە ناو ئاگری سوتاندنی تەرم و (محەمەد عەلی کلای)ی بەهێزیش بەردەوامە لە شناوەکانی و لەگەڵ ئەوەشدا بەهێزترە!

بەهێزی، رەهەندی زۆری هەیە. خۆشەویستی بەهێزی خۆی تیایە. بۆ نموونە، هەلگرتنی منداڵ لە منداڵداندا بۆ ماوەی نۆ مانگ پێویستی بە بەهێزییە، پایەدارییە، خۆشەویستییە. هیچ پیاوێك ناتوانێ ئەمە بکات. دەکرێ منداڵدانێکی دەستکرد بخرێتە ناو پیاو- ئێستا تەکنۆلۆژیای زانستی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە پیاو دەتوانێ منداڵدانی پلاستیکی هەبێت و تیایدا بچێنرێت، بەلام پێم وا نیە بتوانێ نۆ مانگ خۆی بگرێت!- هەردووکیان خۆیان فڕێ دەدەنە ناو ئۆقیانووسەوە.

قورسە ژیان ببەخشتە رۆحێکی تر، جەستە بدەیتە رۆحێکی تر، مێشك و ئەقڵ بدەیتە رۆحێکی تر. ژنەکە لەناخی دڵەوە هاویەشی دەکات لە بەخشینی هەر شتێك بە منداڵەکە کە لەدەستی بێت. تەنانەت پاش ئەوەی منداڵەکەش لەدایك دەبێت، بەخێوکردنی منداڵ ئاسان نییە. بەلای منەوە، قورسترین شتە لە جیهاندا.

کەشتیوانە ئاسمانییەکان و (ئێدمۆند هیلاری)ی یەکەم شاخەوانی ئێڤرێست...دەبێ یەکەم جار ئەمانە هەوڵی بەخێوکردنی منداڵ بدەن. ئینجا تەنیا ئەو کاتە دەتوانین دان بنێین بەوەی کە بە چوونە سەر ئێڤرێست شتێکیان ئەنجام داوە، ئەگینا بێسوودە. تەنانەت ئەگەر گەیشتبێتە سەر مانگ و بەسەر مانگدا رۆیشتبێت، گرنگ نییە. ئەمە دەریناخات تۆ بەهێزتریت.

منداڵێکی زیندوو- ئەوەندە ناجێگیر، ئەوەندە پڕ وزەیە کە بە چەند سەعاتێك ماندووت دەکات. نۆ مانگ لە منداڵداندا و ئینجا چەند ساڵێك...تەنیا هەوڵ بدە یەك شەو لەگەڵ کورپەیەکی بچوکدا بخەویت. لەو شەوەدا، لە خانووەکەتدا، شتێك رووەدات. یان ئەوەتا منداڵەکە دەتکوژێت یان تۆ منداڵەکە دەکوژیت. بە ئەگەرێکی زۆر تۆ منداڵەکە دەکوژیت، چونکە منداڵان قێزەونترین خەڵکی جیهانن. ئەوان زۆر تازەن و دەیانەوێ زۆر شت بکەن و تۆش داهێزراویت. دەتەوێ بخەویت و منداڵەکە بە تەواوی بێدارە و دەیەوێ هەموو جۆرە شتەکان بکات و ئامۆژگاری تۆی

پێویستە، پرسیار دەکات و ئەگەر هیچ سوودی نەبوو ئەوا دەیەوێ بچێتە ئاودەست! تینوویەتی. لە نیوەشەودا برسێتی...

منداڵ سەرانسەری ڕۆژەکە خەوتووە. لە منداڵدانی دایکیدا بیست و چوار سەعات خەوتووە، ئینجا هێواش هێواش... بیست و سێ، بیست و دوو، بیست... بەڵام تەقریبەن هەمیشە هەر خەوتووە. لە شەویشدا، لە خەو هەڵدەستێت. سەرانسەری ڕۆژەکە خەوتووە و لە شەودا هەڵدەستێت بۆئەوەی عەزابی تۆ بدات.

پێم وا نییە پیاوێك هەبێت بتوانێ سکپڕ بێت یان منداڵ بەخێو بکات. ئەمە بەهێزیی ژنە. بەڵام ئەمە بەهێزییەکی جیاوازە. بەهێزییەك هەیە کە وێرانکەرە، بەهێزییەکی تر هەیە کە ئەفرێنەرە. بەهێزییەك هەیە کە هی ڕق و کینەیە و بەهێزییەکی تر هەیە کە هی خۆشەویستییە.

خۆشەویستی، متمانە، جوانی، ڕاستگۆیی، ڕەسەنایەتی– ئەمانە هەمووی تایبەتمەندیی مێینەن و ئەمانە زۆر گەورەترن لە هەر تایبەتمەندییەك کە پیاو هەیەتی. بەڵام تەواوی ڕابردوو لەلایەن پیاو و تایبەتمەندییەکانیەوە ڕکێفکراون.

بەشێوەیەکی سروشتی، لە جەنگدا خۆشەویستی کەڵکی نییە، ڕاستی کەڵکی نییە، جوانی کەڵکی نییە. لە جەنگدا تۆ پێویستت بە دڵێکە کە لە بەرد ڕەقترە. لە جەنگدا پێویستت بە ڕق، توڕەیی و شێتییە بۆ وێرانکردن.

لە سێ هەزار ساڵدا، پیاو پێنج هەزار شەڕی کردووە. بەڵێ، ئەمەش بەهێزییە بەڵام شایستەی مرۆڤەکان نییە. ئەمە بەهێزییەکی داتاشراوە لە میراتی ئاژەڵان. ئەمە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، کە تێپەڕیووە و تایبەتمەندییە مێینەکان پەیوەندییان بە ئایندەوە هەیە کە لە هاتندایە. پێویست ناکات بەهۆی تایبەتمەندییە مێینەکانتەوە هەست بکەیت لاوازیت. دەبێت سوپاسگوزار بیت

بەرانبەر هەبوون کە ئەوەی دەبێ پیاو بەدەستی بێنێت، تۆ لەلایەن سروشتەوە وەکو دیاری پێت بەخشراوە.

پیاو دەبێ فێر بێت چۆن خۆشەویستی بکات. پیاو دەبێت فێر بێت چۆن ڕێگەبدات دڵ سەردار و ئەقڵ شوێنکەوتە بێت. پیاو دەبێت ئەم شتانە فێر بێت. ژن ئەم شتانە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئێمە بەناوی لاوازی، ئیدانەی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەکەین.

ژنان ژنن و پیاوانیش پیاو، پرسیار پێویست نییە، یەکسانی لە دەرەوەی پرسیاردایە. ئەوان یەکسان نین و نە دەشتوانن یەکسان بن. ئەوان بێ هاوتان.

ئەوەندەی کە پەیوەندی بە ئەزموونی ئایینییەوە هەیە پیاو بە بەراورد بە ژنان لە پێگەیەکی باشتردا نییە. بەڵام یەك تایبەتمەندی هەیە کە هی جەنگاوەرە. هەر کە رووبەڕووی تەحەدییەك بووەوە، دەتوانێ هەموو جۆرە تایبەتمەندییەك پەیدا بکات. تەنانەت لە تایبەتمەندییە مێینەکانیشدا دەتوانێ هی باشتر لە ژنان پەیدا بکات. ڕۆحە شەڕکەرەکەی، شتەکان هاوسەنگ دەکاتەوە.

ژنان تایبەتمەندیی زگماکییان هەیە. پیاو تەنیا پێویستی بەوەیە هان بدرێت، تەحەدییەکی رووبەڕوو بکرێتەوە: ئەو تایبەتمەندییانە بەو نەدراون- دەبێ بەدەستیان بێنێت. ئەگەر پیاوان و ژنانیش هەردووکیان بتوانن لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییانەدا بژین، ئەو ڕۆژە دوور نییە کە ئێمە دەتوانین ئەم جیهانە وەرچەرخێنین بۆ بەهەشت.

من دەمەوێ جیهان پڕ بێت لە تایبەتمەندییە مێینەکان. تەنیا ئەو کاتە دەکرێ جەنگەکان نەمێنن. تەنیا ئەو کاتە دەکرێ هاوسەرگیری نەمێنێت. تەنیا ئەو کاتە دەکرێ نەتەوەکان نەمێنن. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین یەك جیهانمان هەبێت: جیهانێکی بەسۆز، ئاشتیخواز، بێدەنگ و جوان.

کەواتــە هــەموو ئــەو پرۆگرامانــە فــڕێ بــدە کــە پیــاو بــە تــۆی بەخــشیوون. تایبەتمەندییەکانی خۆت بدۆزەرەوە و گەشەیان پێبدە. لاسایی پیاو مەکەرەوە، نە با پیاویش لاسایی تۆ بکاتەوە. کاتێك دەڵێم دەبــێ تایبەتمەندییــە مێینــەکان پەیــدا بکات، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم دەبێ لاسایی ژنان بکاتەوە.

مل پان

هاوڕێیــەکی ژنم زۆرجــار دەســتەواژەی "نەفــسی نێرینــەیی" بەرانبــەر مــن بەکاردێنێت کە پێم وایە لەبارەی منەوە ڕاست نییە.

من هەر لە سەرەتاوە کراوە و ئامادە بووم بۆ وزەی مێینە کە بریتییــە لــە وانــە وەرگرتنی ڕۆژانەم وەکو شاگردێك. سەرەڕای ئەمە هەستم کردووە کاتێك ئــەو ئــەم دەستەواژەیە بەکاردێنێت جۆرێك کینەی هەبووە بەرانبەر پیاوان.

ئۆشۆ، دەتووانیت ڕوونی بکەیتەوە "نەفسی نێرینەیی" چیە و چ مانایەکی هەیە کاتێك ژن ئەم دەربڕینە لەبارەی پیاوان بەکار دێنێت؟

نەفس هەر نەفسە، نە نێرە نە مێیە.

بەڵام پیاوان بە درێژایی چەندەها سەدە بە بەردەوامی نامرۆڤانە بوون بەرانبــەر ژن. سەیریش ئەوەیە کە پیاو ئەوەندە دڵڕەق و نامرۆڤانە بووە بەرانبەر ژن چونکە هەست بە گرێیەکی نزمیی قووڵ دەکات بە بەراورد بەوان.

گەورەترین کێشە ئەوە بووە کە ژن دەتووانێ ببێتە دایك، دەتووانێ ژیان بێنێتــە دنیاوە و پیاو ناتووانێت. ئەمە سەرەتا هەستکردن بوو بە نزمی– واتــە ئەمــەی کــە سروشت پشت بە ژن دەبەستێت نەك پیاو.

سەرەڕای ئەمەش، لە زۆر ڕووەوە ئەوەشی بۆ دەرکــەوتبوو کــە ئــەو بەهێزترە. ژنان لەسەرخۆترن لە پیاوان. پیاوان زۆر بێ ئۆقرەن و زۆر بێ ئارامن. ژنــان کــەمتر

له پیاوان توندوتیژن. ژنان خۆکوژی ئەنجام نادەن، ئەوە پیاوە خۆکوژی ئەنجام دەدات، شالآوی داگیرکردن ئەنجام دەدات، هەمیشە ئامادەیە بۆ جەنگ، هەموو جۆرە چەکێکی کوشندە دادەهێنێت- بۆمبە ئەتۆمییەکان، چەکە ناوکییەکان.

ژن بە تەواوی لە دەرەوەی یاریی مەرگدایە.

لێرەوە بە رێکەوت نەبوو کە پیاو بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستیکرد بە هەستکردن بە نەرمی. کەسیش نایەوێ نەرم بێت، تاکە رێگە ناچارکردنی ژن بوو بە شێوازە دەستکردەکان بۆئەوەی نەرم ببێت. بۆ نموونە، رێگەنەدانی بۆ خوێندن، رێگەنەدانی بۆ ئازادیی ئابووری، رێگەنەدانی بۆ هاتنە دەرەوە لە ماڵەوە، بەڵکو سنووریەندکردنی لە زیندانێکدا.

تەقریبەن بڕوانەکراوە کە پیاو ئەو هەموو شتەی بەرانبەر ژن کردووە تەنیا بۆ رزگاربوون لە نەرمییەکەی. ئەو وای لە ژن کردووە بە شێوەیەکی دەستکرد نەرم بێ.

ئەمە نەک تەنیا پرسیارێکە بۆ تۆ. کاتێک ژن پێت دەڵێت نەفسێکی نێرینەت هەیە، ئەوا نوێنەرایەتی هەموو ژنان دەکات و تۆ هیچ نیت جگە لە هەموو نوێنەری هەموو پیاوان. پێشینانی تۆ زیانێکی وەهە زۆریان گەیاندووە کە رێگەیەک نییە بۆ هاوسەنگبوونەوە.

بۆیە کاتێک ژن دەڵێت ئەم نەفسی نێرینەییە، هەوڵ بدە تێبگەیت- لەوانەیە راست بێت. زۆرترین ئەگەری هەیە راست بکات- چونکە نێرینە ماوەیەکی ئەوەندە زۆرە خۆ وەکو باڵادەست قبوڵ کردووە کە هەست ناکات ئەوە نەفسی خۆیەتی. ئەوە ژنەکەیە هەستی پێدەکات.

نکوڵی لە هەستەکەی مەکە. سوپاسگوزاری بە و پرسیاری لێبکە لە کوێ هەست بە نەفسەکە دەکات بۆئەوەی تۆ بتوانیت بەلایەوە بنێیت. یارمەتییەکەی وەربگرە.

تۆ تەنیا لاری لێدەگەیت، هەست بە هیچ نەفسێکی نێرینەیی ناکەیت. بەڵام ئەمە تەنیا بۆماوەیەکی تەریتییە.

هەموو کوڕێکی بچوك نەفسێکی نێرینەیی هەیە، ئەگەر دەست بکات بە گریان تۆ دەست بەجێ دەڵێیت "بۆچی وەکو کچ دەگریت؟ کچ قەیناکات بگریت چونکە نیوەمرۆڤە. تۆ دەبیتە شۆفێنیستێکی نێرینەی گەورە. نابێ بگریت یان نوزە نوز بکەیت". کوڕە بچوکەکانیش ئیتر ژێر دەبنەوە. ئەوە زۆر دەگمەنە کە پیاوانێك بەدی بکەیت کە وەکو ژنان فرمێسکەکانیان ئامادە بێت.

بیرت بێت، ئێوە هەردووکتان فرمێسك رژێنەکانتان یەك قەبارەیە، بۆیە سروشت هیچ جیاوازییەك ناکات.

گوێ لە ژن بگرە. تۆ زۆر ژنت سەرکوت کردووە؛ کاتی ئەوەیە گوێی لێ بگیردرێت و شتەکان راست بکرێنەوە. لانی کەم لە ژیانی کەسیتدا ئەوەندەی پێت دەکرێ بیکە بۆ رەخساندنی ئازادی- هەمان ئەو ئازادییەی بە خۆتی رەوا دەبینیت. یارمەتی بدە بکەوێتە سەر پێ بۆئەوەی بتوانێ جارێکی تر شکۆفە بکات. ئێمە ژیانێکی جوانترمان دەبێت ئەگەر هەموو ژنان- و ژنان نیوەی جیهانن- رێگەیان پێدرا گەشە بە بەهرەکانیان، بە بلیمەتیان بدەن. ئەمە بەهیچ شێوە پرسیارێك نییە...کەس بەرزتر نییە، کەسیش نزمتر نییە. ژنان ژنن، پیاوانیش پیاو، ئەوان جیاوازیی خۆیانیان هەیە، بەڵام جیاوازییەکان کەس بەرزتر یان نزمتر ناکات. جیاوازییەکانیان بەکێشبوون بەلای یەکتردا دروست دەکات.

کەس بەرزتر یان نزمتر مەکە. جیاوازییەکانیان بەکێشبوونیان دروست دەکات.

تەنیا بیر لە جیهانێك بکەرەوە کە تیایدا تەنیا پیاوان هەن. زۆر ناشیرین دەبێ، لە هەموو شوێنێك (مۆراجی دێسای) دەبێ، هەموویان میزی خۆیان دەخۆنەوە، هیچ شتێکی تر نابێ بیکەن.

ژیان دەوڵەمەندە چونکە جیاوازییەکان هەن، بیروباوەڕی جیاواز، بۆچوونی جیاواز هەیە. کەس باڵا نییە، کەس نزم نییە. خەڵك تەنیا جیاوازن.

ئەمە قبوڵ بکە و یارمەتی ژنەکەت بدە ئازاد بێت لە دە هەزار ساڵی سەرکوتکردن. هاوڕێی بە. زیانێکی زۆری پێگەیشتووە، زۆر بریندار بووە، ئەگەر تۆ بتوانیت بە خۆشەویستییەکەت کەمێك سارێژی بکەیتەوە، ئەوا هاوبەشی دەکەیت لە هەموو جیهاندا، لە هەموو ئاگایی جیهاندا.

هەستێکی خراپت لا دروست نەبێت ئەگەر ژنەکەت بڵێت "ئەمە نەفسی نێرینەییە". ئەمە لە فۆرمێکی تەمومژاویدا هەر هەیە، نەناسراوەیە چونکە لەمێژە هەیە، تۆ بیرت چووەتەوە ئەمە نەفسە. یارمەتییەکەی وەربگرە بۆئەوەی بتوانیت بیناسیتەوە و لەناوی ببەیت.

***

بۆچی پیاوان مو لەسەر سنگیان هەیە؟

ئەی خۆ ناکرێ ئەوان هەموو شتێکیان هەبێت!

***

من هەمیشە گوێم دەبیستم شتی جوان لەبارەی ژنانەوە دەڵێیت. ناکرێ ناوبەناو بە پیاوانیشەوە بکریت؟

ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە. سەرانسەری شەوەکە نەمتوانی بخەوم. بێ وچان هەوڵمدا شتێکی جوان بدۆزمەوە لەبارەی پیاوانەوە، بەلام دەبێ دان بەوەدا بنێم کە شتێك نەبوو بتوانم بیڵێم. خۆت دەتوانی ئەمە بزانیت.

ژنەرۆژنامەنووسێکی گۆڤارێکی خانمان پرسیار لە ژەنەراڵێکی بریتانی دەکات لەبارەی ژیانی سێکسییەوە. ئەو پرسیار دەکات "ببوورە گەورەم، بەلام دەکرێ دوایین کات بخەیتەوە یاد کە پەیوەندیت لەگەڵ ژنەکەتدا هەبوو؟"

بۆ ساتێك لێوی سەرەوە لە جوڵە دەكەوێت ئینجا دەڵێت "بەڵێ، بێگومان دەتووانم، ساڵی هەزار و نۆسەد و چل و پێنج بوو".

پاش ساتێك بێدەنگی ژنەكە دەڵێت "ئەمە لەمێژە".

ژەنەراڵەكە سەرنجێك دەداتە سەعاتەكەی دەستی و دەڵێت "بە راستی لەمێژ نییە. نۆ و چل و نۆ خولەكە".

پیاو شتێكی سەیرە. ئەگەر هەر یەكێك لە ئێوە شتێكی جوان لەبارەی پیاو دەدۆزنەوە، تكایە پێم بڵێن. شكستی خۆم بەتەواوی قبوڵ دەكەم.

جیهان یەكجار زۆر بەدەست ململانێوە دەناڵێنێت بەهۆی وزەی نێرینە و زاڵبوونیەوە. هاوسەنگی پێویستە. من ناڵێم وزەی نێرینە بەهیچ شێوەیەك پێویست نییە، پێویستە، بەڵام بەشێوەیەكی رێژەیی. هەر ئێستا، لەسەدا نەوەد و نۆ وزەی نێرینەیە و ژن تەنیا لە پەراوێزدایە. ئەو تەوژمی سەرەكی ژیان نییە، لێرەوە كۆشش، ململانێ، شەڕ هەیە. ئەو وزەیە مرۆڤایەتی گەیاندووەتە لێواری خۆكوژییەكی سەراپاگیر. هەر رۆژێك بێت دەشێ رووبدات، مەگەر ئەوەی كە وزەی مێینە دەر بدرێ بۆ هاوسەنگ كردنەوەی. ئەمە تاكە ئومێدە.

سێیەم جەنگی جیهانی تەنیا ئەو كاتە خۆی لێ لادەدرێت كە وزەی مێینە هەڵرژێتە ناو جیهان بۆ هاوسەنگكردنەوەی وزەی نێرینە، ئەگینا هیچ رێگەیەك نییە. ناكرێ لە رێگەی رێپێوانی ئاشتیانە و نارەزایەتی لەدژی جەنگ رێگری بكرێت، چونكە ئەوەش وزەی نێرینەیە! خۆپیشاندەرانت نەبینیووە؟- ئەوان وەكو هەر كەسێكی تر دەشێ توندوتیژ بن و هەر رێپێوانێكی ئاشتیانە دەگۆڕێت بۆ ئاژاوە. زوو یان درەنگ دەست دەكەن بە سووتاندنی پاسەكان، بەرد بە پۆلیسدا دەدەن. ئەوان هاواری ئاشتییان دەكرد، بەڵام هاوارەكەیان لە خۆیدا شەڕە.

وزەی نێرینە دەتوانێ باسی ئاشتی بکات بەڵام تەنیا دەتوانێ خۆی بۆ جەنگ ئامادە بکات. بەردەوام دەبێت لەوەی کە بڵێ ئێمە شەڕ بۆ پاراستنی ئاشتی دەکەین. ئێستا بڕوانە سەیر و سەمەرەکە: دەبێ بچینە جەنگ، ئەگینا ئاشتییەك لە جیهاندا لەئارادا نابێت. بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی دەچینە جەنگ. بە درێژایی چەندەها سەدەش هەر بەو شێوەیە چووینەتە دەنگ و ئاشتی بەدی نەهاتووە. لە سێ هەزار ساڵدا پیاو پێنج هەزار شەڕی کردووە. تاکە ڕۆژێك نێناپەڕێ بەبێ هەبوونی جەنگ لە شوێنێك. هەندێ جار ڤێتنامە، ئیسرائیلە، هەندێ جاریش کشمیر، هەندێ جاریش شوێنێکی تر، بەڵام جەنگ درێژە دەکێشێت. ئەمەش تەنیا پرسیاری گۆڕینی ئایدۆلۆژیای سیاسیی جیهان نییە- ئەمە سوودی نییە چونکە هەموو ئەو ئایدۆلۆژیایانە نێرینەیین.

دەبێ وزەی نێرینەیی هەڵڕژێت، ئەمە دەتوانێ هاوسەنگی بێنێت. مانگ زۆر پشتگوێ خراوە، خۆر زۆر دەرکەوتووە. دەبێ مانگ بگەڕێنرێتەوە بۆ ژیان. ئەمەش لەکاتێکدایە کە مانگ تەنیا ژن نییە: مانگ هەموو شیعرە، هەموو جوانیناسییە، هەموو خۆشەویستییە و هەموو ئەوەیە کە پەیوەندی بە دڵەوە هەیە، هەموو ئەمە لە مانگەوە دێت. هەموو ئەو شتەی کە بونیادییە بەهرە لە مانگەوە وەردەگرێت.

ئەوەت لەبیر بێت، لە هەر بوونێکیشدا، پیاو یان ژن، هەردوو وزەکە هەن. ئێمە زۆر بەرەو ڕووی خۆر چەماوینەتەوە. ئەمە تێکمان دەشکێنێت. تەنیا بۆ هێشتنەوەی هاوسەنگییەکە دەبێ ڕوو بکەینە ئاراستەی پێچەوانە و دەبێ مرۆڤ هێواش هێواش ڕێك لە ناوەڕاستدا بێت- مانگ لەلایەکەوە و خۆر لەلایەکی ترەوە، بەڵام هەردووکیان بە یەکسانی؛ نەك لەبەر هیچ هۆکارێکی سیاسی: من لەبەر هۆکارێکی وجودی بە یەکسان رایاندەگەیەنم. ئەوان دەبێ یەکسان بن، ئەگینا ژیان وێران دەبێ.

، بۆیە ژنەکەی ناوت بدۆزەرەوە. پەروەردەی بکە، یارمەتی بکە گەشە بکات. شەرمن مەبە بەرانبەری و وا بیر مەکەرەوە "من پیاوم". کەس تەنیا پیاو و کەس تەنیا ژن نییە، هەردووکیان هەردووکیانن. دەبێ هەرواش بێت: نیوەی بوونی تۆ باوکت و نیوەکەی تری دایکت خستوویەتە سەر تۆ. تۆ بریتییت لە بەیەکگەیشتنی ئەو دوو وزەیە. تۆ ناتوانیت تەنیا پیاو بیت، ناشتوانیت تەنیا ژن بیت.

ژنەکە هەڵمژە، پەرە بە ژنەکە بدە و یارمەتی بدە، نەمتر ببە، زیاتر وەرگر بە، ناچالاکتر ببە و بەسۆزتر بە. چونکە تێڕامان لە ناخ ئەو کاتە ئاسانە کە ناچالاك بیت. ئەمە روانگەیەکی چالاکانە نییە بۆ ژیان، بەڵکو تەنیا چاوەڕوانییە لە کراوەییدا.

تێڕامانی ناخ خۆی دێت- ناکرێ بهێنرێت، ناکرێ رکێف بکرێت. دەبێ مرۆڤ ملی بۆ کەچ بکات. ئەمەیە مانای مێینەیی...

***

لە گروپێکی چارەسەریدا کە بەم دواییانە تیایدا بووم، توندوتیژییەکی زۆر و ترسم لە ژنان لە خۆمدا بۆ دەرکەوت. هەست دەکەم ترس لە ژنان پەیوەندی هەیە بە لەدایکبوونمەوە کە لە گروپەکەدا جارێکی تر ئەزموونم کردەوە و کە زۆر ئازاری دام.

ئەمانە هەموویان وابەستەن بە یەکترییەوە و هاوپەیوەستن. ترس لە ژنان لە بنەڕەتدا ترسە لە دایك. هەموانیش دەبێ لەگەڵ دایك ئاشت ببنەوە. ئەگەر تۆ لەگەڵ دایکدا ئاشتەوایی نەکەیت ئەوا قەت لەگەڵ ژندا ئاشت نابیتەوە، چونکە هەموو ژنێك دووبارە و سێبارە دایکت بیر دێنێتەوە. لەوانەیە هەندێ جار ئاگایانە نەبێت، بەڵام نائاگایانە دێت.

ئێستاش هەموو لەدایکبوونێك ئازاربەخشە. شارستانیەت بە تەواوی لەدایکبوونی سروشتی لەناوبردووە. هیچ منالێك بە سروشتی لەدایك نابێت . دایك ئەوەندە کرژ و بەزەحمەتە کە یارمەتیدەری لەدایکبوون نییە. لە راستیدا دەست دەکات بە بەرهەڵستی. رێگە بە منالّ نادات بێتە دەرەوە. دەست دەکات بە داخستنی منالّدانەکەی. ئەمەش هاوئاهەنگە لەگەلّ هەموو ئەو کرژبیەی ژیان کە ئێمە بەسەری دەبەین. ئایدیای مۆدێرن، ئایدیای بنچینەیی کە هەموو شلّەژانەکەی لەسەر بونیاد نراوە، ئەوەیە کە دەبێ ئێمە شەڕ لەگەلّ ژیان و لەگەلّ سروشت بکەین. بۆیە ئەمە بۆ تۆ شتێکی تایبەت نییە. هەموو منالّێك زۆر یان کەم ئازاری بە لەدایکبوون چەشتووە. بۆیە تاکە رێگە ئەوەیە جارێکی تر تیایدا بژیتەوە، بۆئەوەی جارێکی تر بە تەواوی بیکەیتە کردارێکی ئاگایانە. هەر کە توانیت بەشێوەیەکی ئاگایانە پیایدا گوزەر بکەیت، ئەوا دەتوانیت لەدایکت تێبگەیت و بیبەخشیت، چونکە ئەو ژنە داماوە ئازاری چەشتووە. ئەمە بەو مانایە نییە کە شتێکی لە تۆ کردووە. ئەو خۆی قوربانی بووە. کەس هەلّەی نییە چونکە تەواوی بارودۆخەکە ناتەواوە. ئەو خۆی کارتێکراو بوو بە لەدایکبوونی خۆی و جارێکی تر لە رێگەی تۆوە تووشی بووەوە. ئەمەش تاکە رێگە بوو بۆئەوەی بزانێ چۆن بیکات.

بۆیە کاتێك تۆ بەئاگا دێیت و هۆشیار دەبیتەوە، دەتوانیت بیبەخشیت. نەك تەنیا ئەوە، دەشتوانی هەست بە هاوخەمی بکەیت بەرانبەری. هەر کە هاوخەمی لە تۆدا پەیدا بوو بۆ دایکت، ئاشتبوونەوە روویداوە. ئەو کاتە تۆ هیچ نابەدڵییەك هەڵناگریت. بەلاوەنانی ئەو نابەدڵییەش لەناکاو بە ئاراستەی ژنانی تر یارمەتیت دەدات. تۆ ناترسیت، بەسۆز دەبیت.

ژن یەکێکە لە جوانترین دیاردەکان لە جیهاندا، بە هیچ شتێکی تر بەراورد ناکرێت. ژن شاکاری خودایە. بۆیە ئەگەر لە ژن بترسیت، لە خودا دەترسیت. لە

خۆشەویستی دەترسیت، لە نزا دەترسیت. لە هەموو ئەو شتانە دەترسیت کە جوانن، چونکە ژن نیشانەی جوانی و نەرم و نیانییە.

هەر کە ئەمەش رووبدات – ئەوەی کە دەست بکەیت بە جوڵە بەرەو وزەی مێینەیی دەوروبەرت– ئەو کاتە توندوتیژیت نامێنێت. توندوتیژی شتێك نییە جگە لەو وزەیەی کە دەبوایە ببێتە خۆشەویستی بەڵام نابێتە خۆشەویستی. توندوتیژی شتێك نییە جگە لە خۆشەویستییەکی بەسەرنەبراو. کەسی توندوتیژ کەسێکە وزەیەکی خۆشەویستیی زۆری هەیە و نازانێ چۆن دەریبدات. خۆشەویستی ئەفرێنەرانەیە، توندوتیژی وێرانکەرە و وزەی ئەفرێنەرانە دەگۆڕێت بۆ وێرانکەر ئەگەر بەکار نەهێنرێت.

گروپەکە تۆی لە هەندێ شتی جوان و بەمانا بەئاگا هێناوەتەوە.

خەڵکێکی زۆر دێنە لام. ئەوان دەڵێن لە ژن دەترسن، زۆریش دەترسن. بەهۆی ئەم ترسەوە، ئەوان ناتوانن پەیوەندییەکی بەمانا ببەستن، ناتوانن پەیوەندی بکەن، هەمیشە ترس هەیە. کاتێك تۆ لە ترسدایت، پەیوەندییەکە بە ترس ئاڵودە دەبێت. تۆ ناتوانیت سەراپا جوڵە بکەیت. تۆ تەنیا بەشێوەیەکی نابەدڵانە پەیوەندی دەکەیت، هەمیشە دەترسیت: ترس رەتکرانەوە، ترسی ئەوەی کە لەوانەیە ژنەکە بڵێت نا. ئینجا ترسی تریش هەن. ئەگەر ئەم پیاوە بەردەوام بێت لە دووبارەکردنەوەی "من لە ژنان ناترسم و هەموو رۆژێك باشتر دەبم"، ئەگەر بەردەوام ئەم شتانە تاقی بکاتەوە ئەوا دەشێ بەشێوەیەکی کاتی ترسەکە نەهێڵێت، بەڵام ترسەکە هەر دەبێ و جارێك و جارێکی تر دێتەوە.

ئەو پیاوەی کە لە ژنان دەترسێت پیشانی دەدات کە حەتمەن ئەزموونێکی لەگەڵ دایکیدا هەبووە کە بووەتەهۆی ترس، چونکە دایك یەکەم ژنە. لەوانەیە لە سەرانسەری ژیانتدا وەکو هاوسەر، وەکو مەعشوق، وەك کچ، وەکو هاوڕێ

پەیوەندیت لەگەڵ زۆر ژندا دروست کردبێت، بەڵام وێنەی دایک ئامادەیی هەر دەبێت. ئەمە یەکەم ئەزموونی تۆیە. تەواوی بونیادت بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ ژناندا لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراوە و ئەو بناقەیە پەیوەندی تۆیە لەگەڵ دایکتدا. بۆیە ئەگەر پیاو لە ژنان بترسێت، ئەوا دەبێت بگەڕێنرێتەوە دواوە لە یادەوەریدا و ئەو سەرچاوە سەرەکییە بدۆزێتەوە کە ترس لێیەوە دەستی پێکردووە. لەوانەیە رووداوێکی ئاسایی بێت، زۆر لاوەکی بێت، لەوانەیە بە تەواوی بیری چووبێتەوە، بەڵام ئەگەر بگەڕێتە دواوە ئەوا برینەکە لە شوێنێك دەدۆزێتەوە.

تۆ دەتویست دایکت خۆشی بوێیت، وەکو چۆن هەموو منداڵێکی تر وەهایە، بەڵام دایك ئارەزوومەند نەبوو. ئەو ژنێکی سەرقاڵ بوو. دەبووایە بچێت بۆ زۆر دامەزراوە، یانە، ئەمە و ئەوە. ئەو ئامادە نەبوو شیرت بداتی چونکە دەیویست لەشێکی رێك و پێکی هەبێت. ئەو ویستوویەتی مەمکەکانی تێك نەچن و بەهۆی تۆوە نەشێوێت. یان لەوانەیە کێشەی تری لە خەیاڵدا بووبێت. تۆ منداڵێکی پەسەند نەبوویت، وەکو قورساییەك هاتوویت و هەر لە سەرەتاوە نەویستراویت. بەڵام حەب کاریگەری نەبوو و تۆ هاتیتە دنیاوە. یان ئەو رقی لە مێردەکەی بووە و تۆ شێوەت لەو کردووە. بەڵام دەبێ تۆ بگەڕێیتەوە جارێکی تر ببیتەوە منداڵ.

بیرت بێت، هیچ قۆناغێکی ژیان لەدەست نەچووە. منداڵەکەت هێشتا لەناو تۆدایە. منداڵەکە هێشتا نەبووە بە گەنجێك، نەخێر. منداڵەکە هەر لەناوەوەدا دەمێنێتەوە، گەنجەکە بەسەریدا سەپێنراوە، پاشان پیرەپیاوەکە زیاتر بەسەر گەنجەکەدا سەپێنراوە، چین بە چین. منداڵەکە قەت نابێتە گەنجێك. منداڵەکە هەر لەوێیە، چینێکی گەنجەکە لەسەری کەڵەکە دەبێت. گەنجەکە قەت پیر نابێت، چینێکی تر کە چینی پیرییە بەسەریدا دێت. تۆ وەکو پیازت لێدێت- گەڵێك توێژاڵیت- و ئەگەر تۆ بچیتە ناوەوە، هەموو توێژاڵەکان هەر، لە شوێنی خۆیانن.

چارەسەری (سالانی منالی) یارمەتی خەلکی دەدات بگەڕێنەوە و جارێکی تر ببنەوە منال. ئەوان شەق دەهاون، دەگرین، نوزە نوز دەکەن، دەقیژێنن و قیژەکە چیتر پەیوەندی بە ئێستاوە نییە. ئێستا پەیوەندی بە پیاوەکەوە نییە، بەلکو پەیوەندی هەیە بەو منالەی کە لە پشتیەوە شاراوەتەوە. کاتێك ئەو قیژەیە، ئەو قیژەیەی سالانی منالی دێت، زۆر شت دەستبەجێ وەردەچەرخێن.

ئەمە بەشێکە لە میتۆدی (پارتی پراساڤ). لەوانەیە (جانۆڤ) بەئاگا نەبێت لەوەی کە (پەتەنجەلی)، تەقریبەن پێش پێنج هەزار سال، سیستەمێکی ئاشنا کردووە کە تیایدا دەبووایە هەموو هۆکارێك دەرەنجامی لێبکەوێتەوە. تەنیا هۆکار دەکرێ چارەسەر بکرێت. تۆ دەتووانیت رەگەکانی درەخت ببڕیت و ئەو کاتە درەختەکە دەمرێ. بەلام ناتووانیت لقەکان ببڕیت و هیوادار بیت کە درەختەکە بمرێ. درەختەکە زیاتر گەشە دەکات.

(پارتی پراساڤ) وشەیەکی جوانە. پراساڤ واتە لەدایکبوون. کاتێك منالێك لەدایك دەبێت، ئەوە پراساڤ-ە. (پارتی پراساڤ) بەو مانایەیە کە تۆ جارێکی تر لە یادەوەریدا لەدایك دەبیتەوە، تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ خالی لەدایکبوون، برینی سەرەوەختی لەدایکبوون و جارێکی تر تیایدا دەژیت. بیرت بێت، تۆ بیرت نایەتەوە، تۆ تیایدا دەژینەوە.

بیر هاتنەوە جیاوازە. تۆ دەتووانیت بیرت بێت، دەتووانیت بە بێدەنگی دانیشیت، بەلام هەر پیاوە بیت کە هەیت: بیرت بێتەوە کە تۆ منال بوویت و دایکت توند لێیدەدایت. برینەکە هەر هەیە، بەلام ئەمە بیرهاتنەوەیە. تۆ وەها رووداوەکە بیر دەهێنیتەوە کە بەسەر یەکێکی تردا هاتبێت. جارێکی تر ژیان تیایدا بەو مانایەیە کە تۆ جارێکی تر دەبیتەوە بە منال. دایك لە یادەوەریدا لێت نادات، دایکەکە جارێکی تر لە ئێستادا لێت دەدات: برینەکە، تووڕەییەکە، رقەکە، پشتە

کرژبووەکەت، ڕەتکردنەوەکە و کاردانەوەکە، وەك بڵێی کە هەموو شتەکە جارێکی تر ڕوودەداتەوە. ئەمەیە (پارتی پڕاساڤ) و ئەمەش نەك تەنیا چارەسەری (ساڵانی منالّی)یە بەڵکو مەنهەجێکە بۆ هەموو سۆراخکەرێك کە بەدوای دەوڵەمەندیی ژیاندا دەگەڕێت، بەدوای ڕاستییەوەیە.

دەرۆزەکەر

بۆچی من ئەوەندە دەرۆزە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك دەکەم؟ لەمبارەیەوە دەتوانم چی بکەم؟

سۆراخکردنی سەرنج و بایەخپێدان یەکێکە لە لاوازییەکانی مرۆڤ.

هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤ بەدوای سەرنجڕاکێشاندا وێڵە ئەوەیە کە خۆی ناناسێت. تەنیا لە چاوی ئەوانیتردایە کە مرۆڤ دەتوانێ ڕوخساری ببینێت، لە بۆچوونی ئەوانیتردایە کە دەتووانێ کەسایەتییەکەی بدۆزێتەوە. ئەو شتەی ئەوانیتر دەیڵێن زۆر گرنگە. ئەگەر فەرامۆشی بکەن، ئەوا هەست بە گومڕایی دەکات. ئەگەر تۆ بەلایەکدا تێپەڕیت و کەس سەرنج نەدات، ئەوەی کۆت کردووەتەوە لەدەستی دەدەیت– کەسایەتیت. ئەوە شتێکە کە پێکتەوەناوە. تۆ پەیت پێنەبردووە، ئەمە سروشتی نییە. ئەمە زۆر ساختە و ڕەمەکییە.

ئەوە تەنیا تۆ نیت کە دەرۆزەکەری سەرنجی ئەوانیتریت، تەقریبەن هەموو کەس هەروایە. بارودۆخەکەش ناتوانرێ بگۆڕدرێ تا ئەو کاتەی کە خودی ڕەسەنت دەدۆزیتەوە– کە بەند نییە بە ڕەئی، سەرنج، ڕەخنە، بێباکیی هیچ کەسێکی تر. لەبەرئەوەی خەلکێکی کەم توانیویانە پەی بە واقیعیان ببەن، هەموو جیهان پڕە لە دەرۆزەکەر.

لە قووڵایی ناوەوەتاندا، هەمووتان هەوڵی ڕاکێشانی سەرنج دەدەن، ئەمە خۆراکە بۆ کەسایەتیت. تەنانەت ئەگەر خەڵك ئیدانەشت بکەن، ڕەخنەت لێبگرن، لەدژت بن؛ ئەوە پەسەندە، لانی کەم ئەوان سەرنجت دەدەنێ، ئەگەر دۆستانە بن، بەڕێز بن، بێگومان ئەمە هەر زۆر باشترە، بەڵام تۆ ناتوانیت وەکو کەسایەتی بەبێ جۆرێك لە سەرنجپێدان خۆت بگریت. دەشێ ئەمە نێگەتیڤ بێت، دەشێ پۆزەتیڤیش بێت، گرنگ نییە. پێویستە خەڵکی شتێك لەبارەی تۆوە بڵێن، بەڕێز یان بێ ڕێز بن؛ هەردووکی بۆ هەمان مەبەستە.

دەمەوێ بیر لە وشەی "ڕێز" بکەیتەوە. ئەمە بەمانای سەنگ بۆ دانان نییە، بەو شێوەیەی کە لە هەموو فەرهەنگەکاندا هاتووە. ڕێز واتە جارێکی تر ڕوانین. کاتێك تۆ بە جادەیەکدا ڕەت دەبیت، کەسێك جارێکی تر دەڕوانێت، تۆ سەرنجەکەی ئەوت بەدیکرد- تۆ کەسێکیت. لەبەرئەوەی ڕێز ئایدیای ئەوەت دەداتێ کە تۆ کەسێکی تایبەتیت؛ ئەوا دەتوانیت هەر شتێکی پڕوپوچ بکەیت بۆ ڕاکێشانی سەرنج.

لە هەموو سەردەمەکاندا، خەڵك بە هەزاران ڕێگە هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی داوە. ئەو ڕێگایانەش مەرج نییە ئەقڵانی بن- بۆ نموونە، (پەنك)ەکان لە خۆرئاوا. ئەوان بە ڕاستی چییان دەوێ کاتێك بەشێوازی سەیر و سەمەرە قژیان دەبڕن و ئینجا بە ڕەنگی سەیر ڕەنگی دەکەن؟ چیان دەوێ؟ ئەوان دەڕۆزەکەرن. نابێ تۆ لێیان تووڕە بیت چونکە ئەمە شێوازی خۆیانە. نابێ ئیدانەیان بکەیت چونکە ئەوەیە کە دەیانەوێ. دایك و باوکیان ڕەخنەیان لێناگرن چونکە ئەوەیان دەوێ. ئەوان ناتوانن بەبێ هەبوونی سەرنجپێدانی خەڵك خۆیان بگرن.

خەڵکی لە ڕابردوودا جۆرەها شتیان کردووە کە لەوانەیە تۆ بڕوای پێنەکەیت. خەڵك خۆیان ڕووتکردووەتەوە...چ شتێك پێویستە بۆئەوەی (ماهاڤیرا) یان

(دیۆجینن) خۆیـان رووت بکەنـەوە؟ چیتر سروشـتی نییـە ئەگـەر پیـاو لـە هـەموو وەرزەکاندا خۆی رووت بکاتەوە، ئەو، لەمێژە ئـەو توانایـەی لەدەسـتداوە. هـەموو ئاژەڵان رووتن؛ بەڵام ئەوان کۆمەڵگایەکی سروشتییان هەیە. کاتێك زستانە موویـان گەشە دەکات، کاتێك هاوینێکی گەرمە موویـان دەوەرێ. سروشـت پارێزگـاری پـێ بەخشیوون.

هـەمان ئـەو پارێزگارییـە بـۆ مـرۆڤیش هـەبوو، بـەڵام مـرۆڤ زیرەکـە و دەتـوانێ دەستکاری سروشت بکات. ئـەو رێگاگـەلێکی دۆزییـەوە بـۆ داپۆشـینی جەسـتە بـە گوێرەی وەرزەکان. جەستەی بەشێوەیەکی سروشتی گەشەی موووەکانی نەهێشت. ئێستاش، کە رووتبێتەوە... جەستە لەپڕ نـاتوانێ میکانیزمێك دروسـت بکـات بـۆ پاراستنت.

دەزانم (ماهاڤیرا) یان (دیۆجینن) کەسانی ناوازەن، بەڵام پێم وایـە ئـەوان کـەمێك نادڵنیا بوون لەبارەی ناوازەبیانەوە. ئـەوان لـە رێگـەی رووتبوونـەوە، وەڵامـی ئـەو بەدگومانییەیان دایەوە، ئەو کەلێنە ونبووەیان پـڕ کردەوە، چونکە تـۆ ناتووانیـت خـۆت لـە سـەرنجدانی کەسـێکی رووت بگرێتـەوە لـە جیهانێکـدا کـە هـەمووان جلوبـەرگیان لەبەردایـە. کەسـی رووت لـەلاوە دەوەسـتێت. تـۆ ناتووانیـت خـۆت لابدەیت...سەیرکردنی و پرسیارلێکردنی "چی بووە؟" بەدەست خۆت نییە.

بـەڵام رووتیـی ئـەوان بووەتـە شـتێکی رۆحـی. خـەڵکی دەسـتیان کـرد بـە رێزلێگرتنیان تەنیا لەبەرئەوەی رووت بوون. ئێستا رووتی هـیچ تایبەتمەندییـە یـان لێهاتووییەك یان ئەفرێنەرێتییەك نییە. هەموو ئـاژەڵان، هـەموو باڵنـدەکان، هـەموو درەختەکان رووتن.

هێشتا لە هیندستان راهیبی ئاییی (جەینا) هەن کە لە بیست کـەس زیـاتر نـین. ئەوان بە هەزاران کەس دەبوون، بەڵام ئێستا کـە ئـەو خـەڵکە زۆر گەمژەیـە بـەدی

بکەیت قورسە. راهیبێکی (جەینا) دەمرێت و کەس شوێنی ناگرێتەوە، بۆیە ژمارەیان لە کەمی دەدات. تەنیا بیست کەس لە سەرانسەری هیندستان هێشتا رووتن- منیش زۆریانم بینیووە، ئەوان هیچ زیرەکییەکیان پێوە دیار نییە، هیچ تایبەتمەندییەکی بێدەنگیان نییە، هیچ خۆشییەکیان لێوە دیار نییە. روخسارەکانیان خەمبارە، مۆنە، خەواڵووە. ئەوان ئازار دەچێژن، دەناڵێنن، عەزابی خۆیان دەدەن، تەنیا لەبەر هۆکاری سادەی ئەوەی کە سەرنجی خەڵك بەلای خۆیاندا رابکێشن.

هەر شتێکی دەبەنگانە بۆ مرۆڤ مومکینە، تەنیا ئەگەر راکێشانی سەرنجی بەدواوە بێت. لە روسیای پێش شۆڕش، تایەفەیەکی مەسیحی هەبوو لەسەر ئەوە راهاتبوون کە هەموو ساڵێك لە رۆژێکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەندامی زاوزێیان ببڕن- هەزاران شوێنکەوتەشیان هەبوون. تاکە تایبەتمەندییان بۆ رۆحانیبوون ئەوە بوو کە ئەندامی زاووزێیان لێکردبووەوە. کاتێك رۆژەکە دەهات، لە حەوشەی کەنیسە کۆ دەبوونەوە و ئەندامەکانی زاووزێیان دەبڕی و بەسەریەکدا کۆیان دەکردەوە. هەزاران کەسیش دەهات ئەم دەبەنگییە تەماشا بکات.

ژنان پشتگوێ نەدەخران... بێگومان ئەوان لە تەنگوچەڵەمەدا بوون چونکە ئەوان ئەندامی زاووزێی هەڵواسراویان نییە لێی بکەنەوە، بەڵکو لەناو جەستەیاندایە. ئەوان مەمکی خۆیانیان دەبڕیەوە- ئەوانیش ئامادە نەبوون پشتگوێ بخرێن. ئەمە ئیشێکی خوێناوی زۆر پەرپوت بوو، بەلام خەڵکی دەستیان بە پێیەکانیاندا دەهێنا، دەیانپەرستن و ئەوان هەموو ئەو شتەی کە دەیانکرد تەنیا کردارێکی دزێو بوو لەدژی سروشت و لە دژی خۆیان.

گرنگی چییە کە مرۆڤ خۆی لە خواردن و خواردنەوە بگرێتەوە؟ مەهاتما گاندی لە سەرانسەری ژیانیدا ستراتیژەکەی بەکارهێنا: ئەمە شتێك نەبوو جگە لە

راکێشانی سەرنجی هەموو وڵات. ئەگەر ناوەکو مردنیش هەر بە ڕۆژوو بووایە، دەستبەجێ سەرنجی تەواوی جیهانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. بە پێچەوانەوە هیچ ڕۆحانیەتێك لە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوەدا نییە: ملیۆنان کەس لەبرسا دەمرن. لە چەند ساڵی داهاتوودا دە دوانزە ملیۆن کەس لەبرسا دەمرن. کەس هیچ ڕێزێك بۆ کەس دانانێت. بۆچی؟ چونکە لەبرسا مردنیان حەتمییە. ئەوان بە ئیرادەی خۆیان لەبرسا نامرن، چونکە خواردنیان نییە، تەنیا خەڵکی هەژار و لەبرسامردوون.

بەڵام مەهاتما گاندی هەموو شتێکی لەبەردەستدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پیاوێکی هەژار مرد. یەکێك لە شوێنکەوتە دڵسۆزەکانی، کە ژنێکی زیرەك بوو بەناوی (سارۆجینی نایدو)- وتەیەکی تۆمارکراوی هەیە کە دەڵێت بۆئەوەی مەهاتما گاندی بە هەژاری بهێڵینەوە دەبووایە گەنجینەیەکی لێ خەرج بکەین. ئەمە هەژارییەکی سادە نەبوو، بەڵکو نمایشێکی بەڕێوەبراو بوو.

ئەو شیری گامێشی نەدەخواردەوە چونکە پڕ بوو لە ڤیتامین ئەی و ڤیتامینەکانی تر. شیری مانگای نەدەخواردەوە چونکە ئەویش وەها بوو و خەڵکی هەژاریش نەیانبوو. ئەو تەنیا شیری بزنی دەخواردەوە، چونکە هەرزانترین ئاژەڵە و خەڵکی هەژار دەتووانن هەیانبێت. بەڵام تۆ سەرت دەسوڕمێ! بزنەکەی ئەو ڕۆژی دوو جار بە سابونی لوکس دەشۆردرا! خواردنی بزنەکەی پێکهاتبوو لە خۆراکێکی دەوڵەمەند کە لەوانەیە هەموو خاوەن سامانێك ئیرەیی پێ ببات. جیهانێکی وەها نەساغە! بزنەکە شیری مانگای پێدەدرا. چەرەسی (کاشو)، سێو و میوەی دەوڵەمەندی تری ئەدرایە، گیای نەدەخوارد. خواردنی ڕۆژانەی لەو ڕۆژگارە کۆنەدا دە ڕوپیەی لە ڕۆژێکدا تێدەچوو کە بەس بوو بۆ پیاوێك لەسەرانسەری مانگێکدا پێی بژی.

گاندی-ش لەگەڵ کلاسی نمرە سێ سەفەری دەکرد. بەشێوەیەکی سروشتی ئەو سەرنجی دەوروبەری رادەکێشا- پیاوێکی مەزن لەگەڵ کلاسی سێ سەفەر دەکات! بەڵام کەس ئەوەی نەدەبینی کە خانەی کلاسی سێ، کە دەکرا شەست کەس بگرێتەخۆی، تەنیا یەك پیاوی دەگرتەخۆ. ئەمەش تێچوونی لە خانەیەك بە سیستەمی گەرمی و ساردییەوە زیاترە. بەڵام ئەمە سەرنجی خەڵکی رادەکێشا.

سەرنجراکێشان خۆراکێکی بێ سنوور بۆ نەفست دابین دەکات.

سیاسییەکان دەتوان وەها دەربیخەن کە ئایینین ئەگەر ئایین سەرنجراکێش بێت. لەبەرئەوەی پێویستیان بە سەرنجراکێشانە تەواوی کەسایەتییان ساختەیە. ئەمە بەندە بەوەی کە چەنێك خەڵك دوایان دەکەوێت، بەندە بە ژمارەی ئەوانەی کە بەلایاندا یەکێش دەبن. ئەمە سیاسەتی ژمارەکانە.

پاپای کاسۆلیك دژی کۆنترۆڵکردنی منداڵخستنەوەیە، دژی لەباربردنە، نەك لەبەرئەوەی کە بە بەزەییە، ئەو دەڵێت "ئەمە توندوتیژی و دڵرەقییەکی رەهایە"، نەك لەبەرئەوەی ژیانخوازە- تەواوی دیدی کاسۆلیك دژەژیان بووە. ئەی کەوابوو ئەو هەموو مکوڕییە چیی کە دەبێ کۆنترۆڵی منداڵخستنەوە و لەباربردن نەبێ؟ لەبەرئەوەیە کە ئەمە تاکە رێگە بۆ زیادکردنی کاسۆلیکەکان و تاکە رێگەیە بۆئەوەی خەڵکی تر ئەوەندە هەژاربن کە بچنە ژێر چەتری ئیمپراتۆریەتی کاسۆلیکەوە.

ئێستا ژمارەیەکی زۆر هەتیو لە هیندستان هەن، کاسۆلیکەکان دەرفەتێکی باشیان هەیە. ئێستاش لەوانەیە پرسیار بکات.. ژنێکی وەکو دایکە تێرێزا خەڵاتی نۆبڵی درایە، چەندەها دکتۆرای لە هیندستان و لەلایەن زانکۆکانی هیندستانەوە پێدرا، لەلایەن حکومەتی هیندییەوە خەڵاتی درایە، هەمووش لەبەرئەوەی کە چاودێری هەتیوەکان دەکات. بەڵام کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو چاودێرییە

تەنیا بە مانای هەڵگەڕاندنەوەی ئەو هەتیوانەیە بۆ کاسۆلیك. بەشێوەیەکی سروشتی، دایکە تێرێزا ناتوانێ لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی منداڵخستنەوەدا بێت- ئەی ئەو هەتیوانەی لە کوێوە دەست دەکەوێ؟

مەسیحیەت ناتوانێ لەگەڵ جیهانێکی دەوڵەمەند دا بێت. زاناکان بە بەردەوامی رایدەگەیەنن کە ئێمە گەیشتووینەتە خاڵێکی وەهای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی کە ئێستا پێویست ناکات کەس برسی بێت، لەبرسا بمرێت یان کەموکوڕی خۆراکی هەبێت. ئەمە پێشتر قەت مومکین نەبووە، بەڵام ئێستا زاناکان دەڵێن ئێمە بە ئاسانی خواردن بۆ پێنج ملیارد کەس دابین دەکەین، دەتوانین خواردن بدەینە ژمارەیەکی زیاتریش- بەڵام ئەو دەنگانە کپ دەکرێن. هیچ سیاسەتمەدارێك گرنگی پێنادات، چونکە سیاسییەکان بایەخ بەوەش دەدەن کە شوێنکەوتنیەکی زۆریان هەبێت.

بەناو رێبەرە ئاینییەکانت، بەناو سەرکردە سیاسییەکانت، هەموویان پێویستیان بە سەرنجراکێشانە، هەموویان پێویستیان بەوەیە کە ناویان و وێنەکانیان بە بەردەوامی لە رۆژنامەکاندا بێت، چونکە ئەگەر رۆژنامەکان لە ماوەی چەند مانگێکدا ناوی هەر کەسێك لەبیر بکەن، خەڵك ئەو کابرایەشیان بیر دەچێتەوە. ئێستا تۆ چی لەبارەی (ریچارد نیکسن)* دەزانیت؟ ئەو کابرا داماوە لە کوێیە؟ رۆژێك لە رۆژان ئەو مەزنترین، بەهێزترین کەس بوو لەسەر رووی زەوی و ئێستا تۆ تەنیا ئەو رۆژە گوێبیستی ناوەکەی دەبیت کە دەمرێت و ئەمەش لە لاپەڕەی سێیەم و چوارەمی رۆژنامەکان و لە ستوونێکی بچوکدا دەبێت، چی بەسەر ئەم خەڵکە بەهێزەدا دێت؟

---

* ریچارد نیکسن (1913–1994) سی و حەوتەمین سەرۆکی ئەمریکا.

کاتێک سەرنج و بایەخی خەڵک لەدەست دەدەن، کەسایەتییان بەرەو ونبوون دەڕوات.

من سەرکردەی سیاسیی زۆرم لەم وڵاتەدا ناسیووە. لەوانەیە ئەم وڵاتە ژمارەیەکی وەزیری پێشوو، حاکم و بەرپرسی پێشووی زیاتری لە هەر وڵاتێکی تر هەبێت. هەر کە بوون بە "پێشوو" ئەوا تەواو بوون. ئەو کاتە کەس بایەخیان پێنادات، کەس داوایان لێناکات پرد بونیاد بنێن، هێڵی شەمەندەفەر رابکێشن، نەخۆشخانە و قوتابخانە دروست بکەن. تەنانەت هیچ رۆژنامەیەک خۆشی بەوە ماندوو ناکات پێی لە کوێن، چ ئەوەی زیندوو بن یان مردوو. کاتێکیش هەبوو کە هەموو رۆژێك لە بڵاوکراوەکاندا بوون، لەسەر رادیۆ و تەلەفزیۆن بوون.

ئەمە تەنیا کێشەی تۆ نییە کە دەرۆژەکەری سەرنجی دەوروبەریت، ئەمە واقیعێکی مرۆییە. هۆکارەکەش ئەوەیە کە تۆ پشت ئەستووریت بە کەسایەتیت- کە شتێکی هەڵەیە، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دروستکراوە و کە دەکرێ لەلایەن کۆمەڵگەشەوە نەهێڵرێت. پشتی پێ مەبەستە، ئەمە لە دەسەڵاتی تۆدا نییە.

گرووپێکی دایکانی جولەکە پێکەوە قاوەیان دەخواردەوە و شانازییان بە منداڵەکانیانەوە دەکرد. یەکێکیان منداڵێکی چوار ساڵانی هەبوو کە هەنوکە توانای خوێندنەوەی هەبوو. یەکێکی تریان منداڵێکی پێنج ساڵانی هەبوو کە لە ئێستاوە دەیتوانی لەسەر تەلەفزیۆن دەربکەوێت. ئینجا (بێکی گۆڵدبێرگ) هەڵیدایە "ئەوە هەر هیچ نییە. دەبێ تۆ (هایم)ی بچکۆلەم ببینیت. ئەو تەنیا پێنج ساڵە، بەڵام بە تاقی تەنیا چوو بۆ لای پزیشکی دەروونی!"

ژنێکی تەمەن ناوەند لای قەشەکەی دانی بەوەدا نا کە خەریکە لوتبەرز دەبێت.

قەشەکە پرسیاری کرد "بۆچی پێت وایە؟"

وتـی "چـونکە، هـەر کاتێـک دەڕوانمـە ناوێنـە، دەکەومـە ژێـر کاریگـەری جوانییەکەمەوە".

قەشەکە وتی "نیگەران مەبە. ئەمە گوناه نییە، بەڵکو تەنیا هەڵەیەکە!"

کۆبوونەوەیەکی گەورەی کۆمەڵەی پزیشکی هەبوو بۆ ڕێزگرتن لە پسپۆڕێکی گوێ کە دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ خزمەت خانەنشین دەبوو. وەکو دیارییەک، گوێیەکی ئاڵتونیان پێبەخشی. هەستایە سەرپێ وتارێک پێشکەش بکات و پاش چەپڵەلێدان بەربووەوە بەرەو بزربوون دەچوو، سەیرێکی دیارییەکەی کرد و وتی "سوپاس بۆ خوا کە پسپۆڕێکی نەخۆشی ژنان نەبووم!"

پشت بەوانیتر مەبەستە!

لە بووننتدا سەربەخۆ بە.

تەنیا گوێ لە دەنگی ناوەوەت بگرە.

تۆ دەتوانیت ئەو ساتە گوێ بگریت کە دەست دەکەیت بە کپکردن و بێدەنگکردنی ئەقڵت- و ئەمە قورس نییە. کاتێکیش کە دەڵێم قورس نییە، ئەمە بە هێزێکی ڕەهاوە دەڵێم: ئەمە قورس نییە! بەسەر مندا هاتووە؛ دەگرێ بەسەر تۆشدا بێت- جیاوازی نییەز هەموو مرۆڤەکان بێ چەندوچون دەتووانن خۆیان بناسن. ئەو ساتەش کە خۆت دەناسیت، کەس ناتووانێت ناکێتییەکەت لێ بسەنێت. تەنانەت ئەگەر بشتکوژن، ئەوا تەنیا دەتووانن جەستەت بکوژن، نەک تۆ.

تاك تەنیا کەسێکە کە دەتوانێ لەم دۆخەی دەرۆزە رزگار بێت، ئەگینا لەسەرانسەری ژیانتدا هەر دەرۆزەکەر دەبیت. بەڵام ئەگەر تۆ دەتەوێ لەم دەرۆزەکردنە رزگارت بێت، دەبێ لە نەفس و لە کەسایەتیت رزگارت بێت. دەبێ تۆ فێر بیت کە هیچ شتێك لە ڕێزدا نییە، هیچ شتێك لە ناوبانگدا نییە. ئەمە هەمووشی

قسەی ساختەیە، پوچە، بێ ناوەرۆکە. واقیع هی تۆیە، بەڵام ئەگەر نەیدۆزیتەوە، ئەوا دەبێ پشت بەوانیتر ببەستیت.

تۆ ئیمپراتۆریت، بەڵام دەبێ خۆت بدۆزیتەوە.

ئەم دۆزینەوەیەش قورس نییە:

مەملەکەتەکەت لەناوەوەتدایە.

تەنیا دەبێ فێر بیت کە چاوەکانت داخەیت و بڕوانیتە ناوەوەت. کەمێك دیسپلین پێویستە، کەمێك فێربوونی ئەوەی کە بە بەردەوامی تەرکیزت لەسەر دەرەوە نەهێڵیتەوە، بەڵکو لانی کەم جارێك دوو جار لە ڕۆژێکدا ڕوو بکەیتە ناوەوەت هەر کە کاتی ئەوەت هەبوو...ئینجا پەیتا پەیتا لە بوونی تاهەتاییت بەئاگا دێیتەوە، ئەو کاتە بیرۆکەی سەرنجڕاکێشان نامێنێت.

موعجیزەکەش ئەمەیە: ئەو ڕۆژەی کە پێویستت بە سەرنجڕاکێشانی کەس نییە، خەڵك هەست بە کاریزماکەت دەکەن، چونکە کاریزما تیشکدانەوەی تاکەکەسێتی تۆیە. ئەوان هەست دەکەن تۆ کەسێکی تایبەتیت، ناوازەیت– هەرچەندە ناتوانن شوێنگەی ناوازەییەکەت دیاری بکەن، ئەو شتەی کە وەکو موگناتیس هێزی ڕاکێشانی هەیە.

ئەو خەڵکەی کە خۆیان دۆزیووەتەوە هەزاران کەسیان بەلایاندا بەکێش بوون، بەڵام خۆیان داوایان نەکردووە.

پەیوەندیی ژن و مێرد

ژنەکەم پێی وتم کەمێك بێزارکەرم ، کەمێك وشك، زۆر وابەستە و قوربانیم. ئەو کاتە هەستم بە گوناه و خەمۆکیێ و بێ نرخییەکی تەواو کرد. لەناوەوەمدا هەستم بە (نا)یەکی گەورە کرد: لەبەرانبەر هەبوون، ژیان، خۆشەویستی، تۆ، لەهەمان

کاتیشدا لەناوەوەمدا هەستم بە وزەیەکی وێرانکەر کرد و هەستم کرد بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆشیم لێ بینیووە !

مامۆستای خۆشەویست، دەکرێ ئەم وزەیە بە شێوازێکی ئەفرێنەرانە بەکاربێنم؟

ژنەکەت زۆر دڵسۆزە، چونکە هەموو پیاوێك دواجار زۆر بێزارکەر دەبێت نەك کەمێك. ئایا درك بەو راستییە دەکەیت کە ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت خۆشەویستی دووبارەبوونەوەیەکە، دووبارە و سێبارە هەمان جیمناستیکە دەبەنگانەکەیە؟ لە تەواوی ئەم یارییە گەمژانەیەشدا پیاو دۆڕاوە. ئەو وزەکەی تەخشان و پەخشان دەکات، عەرەق دەکاتەوە هەناسەبڕکێیەتی و ژنەکەش چاوەکانی هەر نوقاون، بیر دەکاتەوە "ئەمە تەنیا دوو سێ خولەك دەخایەنێت و مۆتەکەکە تەواو دەبێ".

خەڵك زۆر سەواون کە پێیان وایە دووبارەکردنەوەی هەمان کردار زۆر خۆشەویستیان دەکات. بۆیە دەڵێم ژنەکەت زۆر دڵسۆزە- تەنیا پێی وتوویت کەمێك بێزارکەریت. من دەڵێم بە تەواوی بێزارکەریت.

کاتێك بڵاوکەرەوانی ئایینی مەسیحی هاتنە ئەم وڵاتە، خەڵکی بۆیان دەرکەوت کە ئەوان تەنیا یەك شێوازی ئەنجامدانی سێکس دەزانن- ژنەکە لە بنەوە و ئەو چوارپێ دڕێوانە لەسەرەوەی ژنە ناسکەکە.

هیندستان سەرزەمینێکی کۆنە و زێدی زۆرێك لە زانستەکانە بەتایبەت سێکسۆلۆجی. کتێبێکی زۆر گرنگ بریتییە لەوەی (ڤاتسیایانا) کە پێنج هەزار ساڵە هەیە. کتێبەکە ناوی (کاماسوترا)یە کە ئاماژەیە بە سێکس. ئەمەش لە تێڕامانی قووڵی پیاوەکەوە دێت- ئەو هەشتاوچوار شێوازی سێکسی دروستکردووە. دەبێت شێوازی سێکس بەشێوەیەکی سروشتی بگۆڕدرێت، ئەگینا تۆ بێزارکەر دەبیت.

ڤانسیایانا درك بەو راستییە دەكات كە هەمان شێوازی سێكس بێزاری و هەستكردن بە گەمژەییەكی تەواو دەهێنێتەكایەوە، چونكە تۆ هەمیشە هەمان شت دەكەیت. ئەو بەرنامەیەكی هەشتاوچوار شێوازی سێكسی داهێنا بۆئەوەی سێكس لە ژیانی ژن و مێردەكاندا كەمێك خۆشتر بكات. كەس لە سەرانسەری جیهاندا كتێبێكی لەو شێوەیەی ئامادە نەكردووە. ئەمە تەنیا دەكرا لە كەسێكەوە بێت كە بە رۆشناییەكی گەورە و قوڵایی گەیشتووە.

شێوازی تۆ چۆنە؟ ئەگەر تۆ بروانیتە خۆت دەزانیت كە هەمووی بێزاركەرە. بەتایبەت بۆ ژن بێزاركەرترە، چونكە پیاو لە دوو یان سێ خولەكدا تەواو دەبێت تەنانەت بەر لەوەی ژنەكە دەستیشی پێكردبێت. لە سەرانسەری جیهانیشدا، كەلتوورەكان ئەوەیان لەئەقڵی ژندا چەسپاندووە كە مەرج نییە خۆشی لێ ببینێت یان دەستبازی بكەیت- ئەمە پێی دەوترێت "پیس"، لەشفرۆشەكان ئەمە دەكەن، نەك خانمان. دەبێ خانمان تەقریبەن وەكو مردوو راكشێن و رێگە بەو پیرەپیاوە بدات هەرچییەك حەزی لێ بێت بیكات، ئەمە هیچی تازە نییە.

نابێ تۆ ئەمە بە بێ رێزیی كەسی لەقەڵەم بدەیت. ژنەكەت شتێكی زۆر دڵسۆزانە و راستگۆیانەت پێ دەڵێت. ئایا تۆ هیچ خۆشییەكی ئۆرگازمیت پێ داوە؟ یان تەنیا بۆ ئەوە بەكارت هێناوە كە وزە سێكسییەكەتی تێدا بەتاڵ بكەیتەوە؟ ئایا بۆ كاڵایەك بچوكت كردووەتەوە؟ ئەو وەها پرۆگرام كراوە كە قبوڵی بكات، بەڵام تەنانەت ئەم قبوڵكردنەش ناتوانێ خۆشیبەخش بێت.

ئێوە هەموو رۆژێك لەسەر هەمان پێخەف سێكس دەكەن كە شەڕ دەكەن. لە راستیدا شەڕكردن زەمینەكەیە: پێكدادانی بالیف، هاواركردن بەسەر یەكتریدا، دەمەقاڵێ لەسەر هەموو شتێك و دواتر هەستكردن بە بێتاقەتی، دانوستانێك پێویستە. خۆشەویستی تۆ تەنیا دانوستانە. ئەگەر تۆ پیاوێك بیت بە هەستێكی

جوانیناسییەوە، دەبێ ژووری خۆشەویستیت شوێنێکی پیرۆز بێت، چونکە لەو ژووری خۆشەویستییەدایە کە ژیان لەدایك دەبێت. دەبێ گوڵی جوانی لێ بێت، بۆنی خۆشی لێ بێت، دەبێ بە ڕێزێکی زۆرەوە بچیتە ناوەوە.

دەبێ خۆشەویستیش تەنیا شتێکی کتوپڕ نەبێت– ژنەکە بگرە. ئەم ئیشی لێدە و ڕاکەیە خۆشەویستی نییە. دەبێ خۆشەویستی پێشەکییەکی مۆسیقای جوان، پێکەوە سەماکردن و پێکەوە تێڕامانی ناخی هەبێت. دەبێت خۆشەویستیش شتێکی ئەقڵی نەبێت– ئەمەی کە بە بەردەوامی بیر لەوە بکەیتەوە چۆن سێکس بکەیت و چۆن بخەویت. دەبێ خۆشەویستی ئامادەییەکی قووڵتری تەواوی بوونت بێت و نابێ بەهۆی ئەقڵەوە بەرجەستە بکرێت، بەڵکو دەبێ بەشێوەیەکی ڕەمەکی سەرهەڵبدات. مۆسیقای جوان، بۆنی خۆش، ئێوە دەست لەناو دەست پێکەوە سەما دەکەن، ئێوە جارێکی تر دەبنەوە مناڵی بچوك و یاری بە گوڵەکان دەکەن...ئەگەر خۆشەویستی بەشێوەیەکی ڕەمەکی لە فەزایەکی پیرۆزدا ڕوویدات ئەوا چۆنایەتییەکی جیاوازی دەبێت.

دەبێ تۆ تێبگەیت کە ژن توانای فرە ئۆرگازمی هەیە، چونکە وزە لەدەست نادات. پیاو تەنیا توانای یەك ئۆرگازمی هەیە و وزە لەدەست دەدات، خەمبار دیار دەبێ، تەنانەت بۆ سبەینێش دەتوانیت کاریگەرییەکەی لەسەری ببینیت و کاتێك بە تەمەندا دەچێت ئەمە سەختتر و سەختتر دەبێت.

دەبێ ئەم جیاوازییە دەرك بکرێت. ژن لەو سەرەوەیە کە وەرگرە– دەبێ هەرواش بێت، چونکە دەبێ ببێتە دایك، پێویستی بە وزەی زیاترە. بەڵام ئۆرگازمەکەی ڕووداوێکی تەواو جیاوازە. لایەنی سێکسی پیاو لۆکاڵییە، وەکو بەنجی لۆکاڵی. جەستەی ژن سەراپا سێکسییە و تا ئەو کاتەی کە جەستەی دەست

نەكات بە لەرزین لە خۆشیدا، هەموو خانەیەكی جەستەی نەیەتە ناو پرۆسەكەوە، ئەو ناتووانێت تەقینەوەیەكی ئۆرگازمی هەبێت.

بۆیە ئەوە تەنیا لە حاڵەتی تۆدا نییە، ئەمە تەقریبەن حاڵی لەسەدا نەوەدی ژنانە لە سەرانسەری جیهاندا. دەبێ هەموو باروودۆخەكە بگۆڕدرێت. نابێ ژن لەژێر پیاودا بێت. هەر لە سەرەتاوە ئەمە قێزەونە- پیاو جەستەیەكی بەهێزتری هەیە، ژن ناسكترە. دەبێ ئەو لەسەرەوەی پیاوەكە بێت؛ نەك بە پێچەوانەوە.

دووەم شت ئەوەیە كە، دەبێ پیاو بێدەنگ، ناچالاك بێت بۆئەوەی ئۆرگازمەكەی لە دوو خولەكدا تەواو نەبێت. ئەگەر تۆ بێدەنگ بیت و لێگەڕێیت ژنەكە لەسەر سنگی تۆ شێتگیر ببێت ئەوا پرۆفەیەكی باشی پێدەدات و دەیگەیەنێتە تەقینەوەی وزەی ئۆرگازمی. ئەمە كاتی دەوێ بۆی تا هەموو جەستەی گەرم دابێت و ئەگەر تۆ ناچالاك نەبیت ئەو كاتی ئەوە نابێت. بۆیە ئێوە بەیەك دەگەن، بەلام بەیەكگەیشتنەكە هی جوانی، هی خۆشەویستی نییە، بەڵكو سوودخوازانەیە.

ئەوەی كە من پێتی دەڵێم لەگەڵ ژنەكەت تاقی بكەرەوە. تۆ هاوسەرێكی ناچالاك دەبیت و رێگە بەو دەدەیت هاوسەری چالاك بێت. لێگەڕێ با كۆنتكراو نەبێ. نابێ وەكو خانمێك رەفتار بكات، دەبێ وەكو ژنێكی راستەقینە رەفتار بكات. خانم تەنیا پیاو دروستی كردووە، ژن هەبوون دروستی دەكات. دەبێ تۆ كەلێنی نێوان ئۆرگازمەكان پڕ كەیتەوە. كەلێنەكە تەنیا دەكرێ بە یەك رێگە پڕ بكرێتەوە، ئەمەی كە تۆ زۆر ناچالاك بیت، بێدەنگ بیت و خۆشی لە شێتبوونەكەی وەربگریت.ئینجا ئەو فرە ئۆرگازمی دەبێت. دەبێ تۆ بە ئۆرگازمەكەت كۆتایی بە گەمەكە بێنیت، نەك ئەوەی لێیەوە دەست پێبكەیت.

ژنەكەشت پێت نالێت كەمێك بێزاركەری. تۆ بە راستی ئارەزوومەند دەبیت، كابرایەكی بێ وێنە دەبیت كە وەكو خانم رەفتار دەكات! چاوەكانت بنوقێنە

بۆئەوەی ئەو بەهۆی چاوەکانتەوە سنووربەندی بۆ دروست نەبێت. بۆئەوەی بتوانێت هەر شتێك بکات– جولاندنی دەستەکان، جولاندنی جەستە، نالاندن، نوزانەوە، هاوارکردن...تا ئەوەی کە دەڵێت "هاری ئۆم تات سات!" تۆ ڕێگەپێدراو نیت زیندوو بیت، تۆ هەر دەبێ بێدەنگ بیت. دەشێ ئەمە نیشانەکە بێت. "هاری ئۆم تات سات" واتە: ئەم تەقینەوە ئۆرگازمییە؛ ئەمە حەقیقەتە. ئینجا ئەو شێتی تۆ دەبێت. حەتمەن تۆ هەر ئێستا وەکو گەمژە ڕەفتار دەکەیت، هەروەکو چۆن زۆربەی پیاوانی دنیا هەروان.

دووەم شت کە دەیڵێیت : "ژنەکەم دەڵێت من کەمێك وشکم". دە کەمێك زیاتر تەڕ بە! تەڕبوون زۆر قورس نییە. تەڕیی هەموو جۆرە میوەکان لە هەموو شوێنێك هەیە. شتی تەڕتر و شتی ڕەقی کەمتر بخۆ. ئەو ئامۆژگارییی باشت دەداتێ و گەمژەییەکەی تۆ پێی وایە سەرکۆنەت دەکات.

کاتێك ئەو دەڵێت، "تۆ زۆر وابەستە و قوربانیت" تەنانەت لە پرسیارەکەی تۆوە دەتوانم بزانم کە ڕاست دەکات. تۆش وەکو هەر مرۆڤێکی تر قوربانیت– قوربانیی ئایدۆلۆژیا گەمژەکان، کە هەستی گوناهی سەبریان هێناوەتەکایە و ڕێگەت نادەن دەستباز بیت. هەرچەندە دەشێ تۆ سێکس بکەیت، دەزانیت کە گوناهێك ئەنجام دەدەیت و دۆزەخ زۆری نەماوە.

بێکی گۆڵدبێرك بە گۆڵدبێرگ–ی دەوت "تۆ خۆشەویستێکی مەزنیت".

گۆڵدبێرگ دەیوت "بەڵام تۆ پێشتر هەرگیز وەهات بە من نەوتووە. من چاوەڕێی کەسێکم دەکرد پێم بڵێت خۆشەویستێکی مەزنیت، بەڵام وازم لەم بیرۆکەیە هێنا چونکە پێدەچێ وا نەبم".

بێکی گۆڵدبێرگ پێی وت "نا، تۆ خۆشەویستێکی مەزنیت و چەند جارێك ویستوومە پێت بڵێم، بەڵام تۆ لەوێ نەبوویت!"

...ئاڵوگۆڕی خۆشەویستی لەگەڵ بێکی، و گۆلدبێرگ لەوێ نییە. ئەو خەریکی ژماردنی پارەکەیەتی، خەریکی حساباتە و ئەقڵی هەزاران شت دەکات. لە هەر پێخەفێکدا کە تیایدا دوو خۆشەویستی تێدان، لانی کەم- دەڵێم لانی کەم- چوار کەس هەن. خەڵکی داهێنەری زیاتر هەن- لەوانەیە قەرەباڵغییەکی گەورە لەناو جێگەدا هەبێت. ژنەکە لەگەڵ گۆلدبێرگ سێکس دەکات و بیر لە محەمەد عەلی کلای دەکاتەوە. گۆلدبێرگ وەکو ئەرکێك سێکس دەکات و بیر لە زۆر ژنە ئەکتەری جوان دەکاتەوە، بەڵام ئەقڵی لەوێ نییە و نە ئەقڵی ژنەکەشی لەوێیە. ئەقڵەکانیان لە خەودایە.

پیاوێك بە هاوڕێکەی وت ، "شەوی رابردوو خەوێکی گەورەم بینی. دەبێ پێت بڵێم. چاوەڕێم دەکرد رۆژ بێتەوە تا خەوەکەت بۆ بگێڕمەوە". پیاوەکە وتی "چ جۆرە خەوێك؟"

وتی "لە خەومدا چوومە راوەماسی و ماسی زۆرم گرت. نازانم کە رۆژ بووەوە ئەو هەموو ماسییە چی بەسەر هات".

پیاوەکەی تر وتی "واز لەو هەموو قسە پوچە بێنە، نازانی من خەوم بە چیەوە بینیووە. لە خەومدا سۆفیا لۆرین لە تەنیشتمەوە رووت بوو. منیش وتم (ئۆی خوایە، ئەوە من گەیشتوومە بەهەشت؟) و لە تەنیشتەکەی ترم ژنێکی جوانی تر بوو. قورس بوو حوکم لەسەر ئەوە بدەیت کامیان جوانترە".

هاوڕێکەی تر زۆر توڕە بوو و وتی "هەی گەمژە! تۆ وا خۆت دەردەخەیت کە باشترین هاوڕێی منیت. بۆچی تەلەفۆنت بۆ نەکردم؟" ئەو وتی "تەلەفۆنم بۆت کرد، بەڵام ژنەکەت وتی چووەتە راوەماسی".

کەس لەو شوێنە نییە کە پێت وایە لێیەتی. کەس لە ماڵەوە نییە. لەکاتێکدا کە سێکس دەکەیت بیکە بە پرۆسەیەکی تێڕامان لە ناخ. دەبێ تەواوی ئامادەبیت

لەوێ بێت، بەسەر ئەو ژنەدا دابیارێت کە خۆشت دەوێ. دەبێ ژنەکە لەوێ بێت، تەواوی جوانی و نەرم و نیانییەکەی بەسەر خۆشەویستەکەیدا ببارێنێت. ئەو کاتە تۆ قوربانی نابیت، بە پێچەوانەوە قوربانی دەبیت.

گرنگترین شتیش ئەوە دەبێت کە هەست بە گوناه و خەم ناکەیت. هیچ کەسێکی ئەفرێنەر هەست بە خەم و گوناه ناکات. بەشدارییەکەی لە گەردووندا لە رێگەی کردارە ئەفرێنەرەکانییەوە زۆر رەزامەندی دەکات و شکۆمەندی پێدەدات. ئەمە مافی زگماکیی هەموو پیاوێکە، بەڵام خەڵکێکی کەم داوای دەکەنەوە.

هیچ سەختییەکیش نییە، زۆر ئاسانە وزە لە بوارە ئەفرێنەرەکاندا بەکار بێنیت. وێنە بکێشە، باخداری بکە، گوڵ بچێنە، شیعر بنووسە، مۆسیقا فێر بە، سەما بکە. هەر شتێك فێر بە کە وزەی وێرانکەرت دەگۆڕێت بۆ وزەی ئەفرێنەر و دەستبەجێ (نا) گەورەکە دەبێتە (بەڵێ)یەکی گەورەتر. ئەو کاتە تۆ لە بوون تووڕە نابیت، تۆ سوپاسگوزار دەبیت. تۆ لەدژی ژیان نابیت. چۆن دەشێ کەسێکی ئەفرێنەر لەدژی ژیان بێت؟ ئەمە ئەستەمە، ئەمە قەت روونەداوە. ئەوە تەنیا خەڵکی نائەفرێنەرن کە دژی هەموو شتێکن.

ژنەکەت پرسیاری زۆر گرنگی بۆ ژیانت ورووژاندووە. ئاسانترین رێگە ئەوەیە کە ژنەکەت بگۆڕیت، بەڵام من دەڵێم بە دڵنیاییەوە ژنەکەت باشترین هاوڕێی تۆیە و هەر شتێك کە وتوویەتی بەشێوەیەکی رەها دڵسۆزانەیە و راستە. سوپاسگوزاری بە و دەست بکە بە گۆڕینی شتەکان. ئەو رۆژەی کە ژنەکەت تۆ بە تەڕوبڕ و دڵگیر وەسف دەکات ئەوە رۆژێکی گەورەی ژیانتە. بۆیە ترسنۆك مەبە و نەچیت دەستاودەست بە کچان بکەیت تەنیا لەبەرئەوەی کە ئەم ژنەت لە ئەقڵتدا کێشە دروست دەکات و دەتەوێ ژنێکی تر بدۆزیتەوە. پێویستە تۆ لە شاگردەکەی منەوە فێر بیت. تۆ خۆشبەختیت کە کچێکی دڵسۆز بدۆزیتەوە. هەڵبژاردنی دواترت زۆر

قورس دەبێت. ئەو وات لێدەکات هەست بە گوناە و بێنرخی بکەیت. چونکە چیت کردووە تا شایستە بیت؟ چیت کردووە کە بێزارکەر نەبیت؟ چیت کردووە بۆئەوەی سەربەخۆیی رابگەیەنیت؟ چیت کردووە بۆئەوەی قوربانی نەبیت؟ کاتی ئەوەیە ئەوە بکەیت. تۆ هەمیشە هەر سوپاسگوزاری ژنەکەت دەبیت.

دەمەوێ بە ژنەکەت بڵێم "بەردەوام لە لێدانی ئەم کابرایە تا ئەوەی قەناعەتی دێت کە بێزارکەر نییە، بەڵکو تەڕوبڕە، بە تەواوی دلگیرە، دەست بازە و ئاهەنگگێڕە. دەشێ تۆ لە شوێنێکی ڕێڕەوی ژیاندا لەدەستی بدەیت؛ بەڵام تۆ ئامادەی جێگۆڕکێت کردووە بۆ ژنێکی تر، ئەگینا ئەو ڕێگەیەی ئێستا لەسەریەتی دەبێتە مایەی عەزابی زۆر ژن و خودی خۆی".

مێرد

من پیاوێکی خێزاندارم، سێ منالّم هەیە و هەموو کێشەکانی ژیانی پیاوێکی خێزاندارم هەیە. ژنەکەم بە بەردەوامی لەسەر سەرمە. ئێمە تەنیا لەبەر خاتری منالّەکان پێکەوەین، ئەگینا هەر ساتێك لە ساتەکان مۆتەکەیە. ئایا دەرفەتێکم هەیە لە ئاگری دۆزەخ رابکەم؟

من بەسەرهاتێکت بۆ دەگێڕمەوە:

پیاوێك خرایە بەردەم دادگای (ئارکەنساس) بە تۆمەتی بەدەستهێنانی پارە بە ساختەچێتی. دادوەر هۆشمەندانە لێی ڕوانی "ناوت جەیم مور-ە؟"

"بەڵێ، گەورەم"

"تۆ تاوانێکت ئەنجام داوە کە حەقی ماوەیەکی درێژە لە زینداندا؟"

"بەڵێ، گەورەم"

"تۆ بەو تاوانە تۆمەتباریت؟"

پیاوەکە بە مکوڕییەوە ملی بەرز کردەوە و وتی "بەڵێ"
"داوای لێخۆشبوونم لێدەکەیت؟"
"نەخێر گەورەم"
دادوەر بە ساردییەوە بزەیەکی کرد. "تۆ لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا زۆر سە بە گوێبەن بوویت؟"
"بەڵێ"
"زۆرجار میوات خواستووە بمردیتایە؟"
"بەڵێ تکایە گەورەم"
"ویستووتە ئەوەندە پارە بدزیت کە لە ئەرکەنساس دوور کەویتەوە؟"
"بەڵێ تۆ راست دەکەیت جەنابی دادوەر"
"ئەگەر پیاوێك بهاتایە و لەکاتی داخڵبوونت بۆ ناو فرۆشگاکە فیشەکێکی پێوە بنایتایە، دەتوت سوپاس گەورەم؟"
"ئەی بۆ، بەڵێ وام دەوت. بەلام گەورەم، چۆن تۆ ئەو هەموو شتە لەبارەی منەوە دەزانیت؟"
دادوەر وتی "ماوەیەك لەمەوبەر من لە ژنەکەم جیابوومەوە. ماوەیەکی کورت دواتر تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ کردەوە. ئەنجامەکەش هەمان شتە. من تۆمەتەکەت لەسەر لادەبەم. هانێ بگرە ئەو پەنجا دۆلارە. تۆ بایی پێویست ئازارت چەشتووە".
پێویست ناکات تۆ خەمی ئاگری دۆزەخ بخۆیت. تۆش بایی پێویست ئازارت چەشتووە. تۆ هەنوکە لەناویایت. تۆ تەنیا دەتوانیت بچیت بۆ بەهەشت، چونکە هیچ شتێکی تر نەماوەتەوە. لەوانەیە خۆپارێزانی سێکس بچنە دۆزەخ، بەلام تۆ ناتوانیت. تۆ بایی پێویست چەشتووتە. لەوانەیە خۆپارێزانی سێکس پێویستیان

بە کەمێك تامی ئێش و ئازار هەبێت، بەڵام تۆ نا. لە راستیدا، لە شوێنێکی تر نە دۆزەخ هەیە و نە بەهەشتیش. دۆزەخ لێرەیە، بەهەشت لەوێیە. دۆزەخ و بەهەشت رێگاکانی بوونن. ئەمانە رێگاکانی ژیانی تۆن. تۆ دەتوانیت بە شێوازێك بژیت کە هەموو ژیانت بەرەکەت بێت.

بەڵام بەرپرسیارێتییەکە تەنیا مەخەرە ئەستۆی ژنەکەت. هەر لە سەرەتاوە ئەوە تۆیت کە هەڵتبژاردووە. بۆچی هاوسەرێکی وەهات هەڵبژاردووە کە بە بەردەوامی لەسەر سەرتە؟

ئینجا پێت وایە، ئەگەر جیا بوویتەوە، جارێکی تر ژنێکی هەمان جۆر هەڵنابژێریتەوە؟ ئەگەر پرسیار لە دەروونناسەکان بکەیت ئەوا پێت دەڵێن تۆ جارێکی تر هەمان جۆرە ژن هەڵدەبژێریتەوە. تۆ پێویستت بەمە بووە، ئەمە هەڵبژاردنی خۆتە. تۆ ناتوانیت بەبێ خەم بژیت. تۆ پێت وایە ژنەکەت خەم و خەفەت دروست دەکات؟ ئەمە لەبەرئەوەیە کە تۆ ویستووتە لە خەم و ناخۆشیدا بژیت- بۆیە ئەم ژنەت هەڵبژاردووە. تۆ جارێکی تر هەمان جۆرە ژن هەڵدەبژێریتەوە. تۆ تەنیا ئەو جۆرە ژنە بەکێشت دەکات، مەگەر ئەوەی کە ئەقڵە کۆنەکەت بە تەواوی فڕێ بدەیت.

جگە لە ئەقڵمان، رێگایەکی تر نییە بۆ گۆڕان یان وەرچەرخان. حەتمەن تۆ پێت وایە ئەگەر لە ژنەکەت جیا بوویتەوە ئەوا هەموو شتێك روو لە باشی دەبێت. تۆ هەڵەیت، بە تەواویش هەڵەیت. تۆ هیچ شتێك لەبارەی دەروونناسی مرۆڤ نازانیت. تۆ جارێکی تر دەکەویتە داوەوە. جارێکی تر بەدوای ژندا دەگەڕێیت، زۆر تامەزرۆی ژن دەبیتەوە. ئەویش بیری تۆ دەکات، تۆش بیری ئەوە دەکەیت. تۆ جارێکی تر هەمان جۆرە کەس دەدۆزیتەوە، چونکە بەلای هەمان جۆرە کەسدا بەکێش دەبیتەوە. ئاگاداری ئەقڵت بە.

ئەو کاتە، ئەو ناتووانێت لە هەڵەدا بێت. حەتمەن تۆش شتێک بەرانبەر ئەو دەکەیت. ئەمە قسەی تۆیە، من نازانم قسەی ئەو چییە. شتێکی ناعادیلانە دەبێت بەرانبەر ژنەی داماو ئەگەر قسەکەی تۆ سەراپا قبوڵ بکەم. لەوانەیە تۆ لەسەدا پەنجا راست بیت، بەڵام ئەی سەدا پەنجاکەی تر؟ حەتمەن تۆ بەنزین بە ئاگرەکەدا دەکەیت.

ئەی ئەگەر ژیان ئەوەندە دزێو بوو، بۆچی سێ منداڵتان خستووەتەوە؟ کێ بەرپرسە ئەگەر ژیان ئەوەندە ناخۆش بوو؟ بۆچی ئێوە سێ رۆحتان هێناوەتە ناو ئەم جیهانە پیسەی خێزانتانەوە، بۆ ناو ئەو مۆتەکەیەی تیایدا دەژین؟ بۆچی؟ ناتووانن خۆشەویستییەکتان بۆ منداڵەکانتان هەبێت؟

خەڵکی بەردەوامن لە منداڵخستنەوە بەبێ بیرکردنەوە لەوەی کە دەیکەن. ئەگەر ژیانت دۆزەخێکی وەهایە، لانی کەم دەتتووانی رێگر بیت لەوە منداڵەکانت بکەونە داوێکی نەگبەتی وەهاوە. ئەو کاتە تۆ رزگارت کردبوون! ئێستا، ئەو منداڵانە لەلایەن دوو کەسی وەکو تۆ و ژنەکەت بەخێو دەکرێن. ئەوان شێواز و رێگا لە تۆوە فێر دەبن و لە جیهاندا درێژە بە تۆ دەدەن. کاتێک تۆ دەمریت، هێشتا جەهەنەمێک لە جیهاندا دەبێ کە ئەوان دەیهێننەکایەوە. ئەوان درێژەپێدەری رێگە دەبەنگی و نەگبەتییەکانی ژیانی تۆ دەبن.

ئێستا کورەکەت ژنێکی وەکو ژنەکەی تۆ دەدۆزێتەوە– کێی تر؟– چونکە ئەو تەنیا ئەم ژنە دەناسێت. ئەو دایکی خۆش دەوێت، کاتێکیش دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ژنێکەوە، ئەمە بەو مانایەیە کە ژنەکە دایکی بیر دەخاتەوە. ئێستا جارێکی تر هەمان گەمە یاری پێدەکرێتەوە. دەشێ تۆ ژنەکەت بە گوێرەی دایکت هەڵبژاردبێت، باوک و دایکیشت هەمان گەمەیان دەکرد کە تۆ دەیکەیت و

مناڵەکانیشت بەردەوامی بەو ڕێگا و بارودۆخە دەدەن. بەو شێوەیەیە کە نەگبەتی و ناخۆشییەکان بەردەوام دەبن.

لانی کەم ئێوە دەتانتووانی ژیانی سێ مناڵ ڕزگار بکەن و دەتانتووانی ئایندەی مرۆڤایەتی ڕزگار بکەن، چونکە ئەو شەپۆلەی ئێوە دروستتان کردووە هەر بەردەوام و بەردەوام دەبێت. تەنانەت ئەو کاتەی کە ئێوەش مردوون هەر دەبێ. هەر شتێك ئێوە بیکەن شوێنەواری دەبێ. هەر شەپۆلێك کە ئێوە لە ئۆقیانووسی ژیاندا دروستی دەکەن دەمێنێتەوە، ئێوە بزر دەبن. وەکو ئەو تاشە بەردەیە کە دەکەوێ دەریاچەیەکەوە و دەچێتە بنەوە بەڵام لەسەرەوە شەپۆلەکان بەرەو وشکانی بڵاو دەبنەوە. ئۆقیانووسی ژیانیش وشکانی ناناسێت، بۆیە ئەو شەپۆلانە تامەتایە هەر بەردەوام دەبن.

لانی کەم ئەوەندە وریا بوونایە کە سێ مناڵ نەخەنەوە.

ئێستاش درەنگ نەبووە. هێشتا دەکرێ ژیان بگۆڕدرێت- بەڵام هیواداری ئەوە مەبە کە ژنەکەت بگۆڕێت. ئەمە ڕوانگەیەکی هەڵەیە. تۆ بگۆڕێ. بە ڕیشەوە بگۆڕێ. چیتر ئەو شتانە مەکە کە دەتکردن. دەست بکە بە کردنی ئەو شتانەی کە قەت نەتکردوون. لە ڕیشەوە بگۆڕێ، ببە بە کەسێکی نوێ و سەرت دەسوڕمێ، کاتێك تۆ دەبیتە کەسێکی نوێ، ژنەکەشت دەبێتە کەسێکی نوێ. دەبێ هەر ببێتە کەسێکی نوێ بۆئەوەی وەڵامدانەوەی بەرانبەرت هەبێت. لە سەرەتادا قورسە بەلایەوە چونکە تەقریبەن وەکو ئەوە وایە لەگەڵ مێردێکی تر بژیت، بەڵام پەیتا پەیتا دەزانێ ئەگەر تۆ بتووانیت بگۆڕێیت، ئەی ئەو بۆ ناتووانێ؟ قەت هیوای ئەوەت نەبێ کە ئەویتر دەبێ بگۆڕێت. لە هەموو پەیوەندییەکدا لەلایەن خۆتەوە دەست پێبکە.

ژیان هێشتا دەکرێ ببێتە بەهەشت، قەت ئەوەندە درەنگ نییە. بەڵام بۆ گۆڕان ئازایەتییەکی گەورە پێویستە. هەموو ئەوەی کە بە راستی پێویستە کەمێك هۆشیارییە. رەفتارەکەت لە ئۆتۆماتیك دابماڵە، تەنیا تێبینی ئەوە بکە تاوەکو ئێستا چیت کردووە. تۆ هەمان شت دەکەیت و ژنەکەشت بەهەمان شێواز کاردانەوەی دەبێت. ئەمە بووەتە رێسایەکی بونیادگرتوو.

بڕوانە هەموو مێرد و ژنێك- تەقریبەن پێشبینیکراون. لە بەیانیدا مێردەکە رۆژنامەکەی دەکاتەوە و دەست دەکات بە خوێندنەوە و ژنەکە هەمان ئەو شتە دەڵێت کە ساڵانێکە دەیڵێت و مێردەکە بەهەمان شێوە کاردانەوەی دەبێت. ئەمە تەقریبەن بونیادی گرتووە، پرۆگرام بووە.

چەند گۆڕانکارییەکی بچوك ئەنجام بدە و سەرت دەسوڕمێت. سبەینێ، لە بەیانیدا دەست مەکە بە رۆژنامە خوێندنەوە، بچۆ ناو ماڵ پاك بکەرەوە و بزانە چی روودەدات. ژنەکەت چاوی ئەبڵەق دەبێت و بڕوا ناکات بەوەی کە بەسەرت هاتووە. با خەندە بکەوێتە سەر لێوانت کاتێك ژنەکەت دەبینیت، باوەشی پیا بکە و بزانی چۆن سەرسام دەبێت. تۆ قەت لە باوەشت نەگرتووە. ساڵانێك تێپەڕیووە و چاوت نەبڕیووەتە چاوەکانی ئەو ژنە داماوە.

ئەمشەو لە بەرانبەریدا دابنیشە، چاو ببڕە چاوەکانی. لە سەرەتادا پێی وایە تۆ شێت بوویت، بەڵام نیگەران مەبە. تەنیا دەستی بگرە بۆئەوەی بکەوێتە جۆش، ئەگەر نەتوانیت وەها بیت، لانی کەم وا دەریبخە. پڕ جۆش و خرۆش بە. هەندێ جار وا رێدەکەوێت کە ئەگەر وەها دەریبخەیت، ئەوا بە راستی روودەدات! تەنیا با خەندە بکەوێتە سەر لێوانت، بێ هیچ هۆکارێك، ئینجا ببینە. لەوانەیە ژنە داماوەکەت تووشی جەڵتەی دڵ ببێت!

تۆ دەستیت نەگرتووە– دەزانی چەند لەمێژە؟ ئایا قەت بردووتە بۆ پیاسەیەکی بەیانیان؟ یان کاتێک مانگەشەوە، ئایا بردووتە بۆ پیاسەیەکی شەوانی بەر ئەستێرەکان؟ ئەویش مرۆڤە، ئەویش پێویستی بە خۆشەویستییە.

بەلام بەنایبەت خەڵك لە هیندستان بەردەوامن لە بەکارهێنانی ژنان وەك بڵێ تەنیا کارەکەرن. هەموو کارەکەیان بریتییە لە چاودێریکردنی منالان و مەتبەخ و ماڵ، وەك بڵێی ئەمە تەواوی ژیانیانە.

ئایا وەکو مرۆڤێك ڕێزی ژنەکەتت گرتووە؟

کەوایە، ئەگەر توڕەیی سەرهەڵبدات، ئەوا سروشتییە. ئەگەر هەست بە بێزاری بکات– لەبەرئەوەی ژیانی لە تەواوبووندایە و هیچ خۆشییەکی نەبینیووە، هیچ خۆشبەختییەك نازانێ، هیچ شتێکی نەزانیووە کە مانا و گرنگی بە ژیانی بدات...

ئایا هەندێ جار تەنیا لە تەکیەوە دانیشتوویت، بە بێدەنگی و دەستیت گرتووە بەبێ ئەوەی وشەیەك بڵێیت و هەستی پێبکەیت و وا بکەیت هەستت پێ بکات؟ نا، ئەمە لە هیندستاندا قەت مومکین نییە.

ژن و مێرد تەنیا یەك پەیوەندییان هەیە: شەڕ. من هەزاران خێزانی هیندییان پێ ناساندووم، لەگەڵیاندا ماومەتەوە. لەکاتێکدا کە بە سەرانسەری ولاتدا گەشتم دەکرد، ئەوەندە زۆر لەگەڵ خێزانەکاندا مامەوە کە تەقریبەن هەموو جۆرە خێزانێکم ناسی؛ بەلام بە دەگمەن خێزانم بەدی کردن کە ڕێز لە یەکتری بگرن. یەکتریان بەکار دەهێنا، یەکتریان ئیستیغلال دەکرد، یەکتریان کورت دەکردەوە بۆ شتومەك، بەلام قەت ڕێزیان لە پیرۆزیی یەکتری نەدەگرت– لێرەوە ئەم دۆزەخە دروست دەبێت.

پێت وا نەبێت کە تەنیا ژنەکەت بەرپرسە. لەوانەیە، ئەمە مەسەلەکە نییە، چونکە ئەو پرسیاری نەکردووە. تۆ پرسیارت کردووە. دەست بکە بە گۆڕینی

ژیانت. هەستێکی گرنگی بە ژنە داماوەکەت بدە. هەستێکی پێبدە کە ئەو پێویستە. دەزانی گەورەترین پێداویستی لە ژیاندا ئەوەیە کە پێویست بیت؟ تا ئەو کاتەی کە کەسێك هەست نەکات پێویستە، ئەوا ژیانی بێ مانا دەبێت، وەکو بیابان دەبێ.

لەگەڵیدا پێبکەنە، پێکەوە گوێ لە مۆسیقا بگرن، پشوویەك بدەن بچن بۆ سەفەر. دەست بە جەستەیدا بێنە، چونکە جەستەکان دەست دەکەن بە پوکانەوە کاتێك کەس دەستیان پێدا ناهێنێت. جەستەکان بەرە بەرە دزێو دەبن کاتێك کەس بە ستایشەوە لێیان ناڕوانێت. ئەو کاتە تۆ بیر دەکەیتەوە "بۆچی ژنەکەم جوان نییە؟" تۆ کەش و هەوایەك ناهێنیتەکایەوە کە تیایدا جوانی شکۆفە بکات.

ئەگەر تۆ کەسێکت خۆش بوێت، کەسەکە دەستبەجێ جوان دەبێ! خۆشەویستی پرۆسەیەکی وەها کیمیاییە.بە چاوێکی پڕ خۆشەویستییەوە بڕوانە کەسەکە و لەپڕ دەبینیت کە شێوەکەی دەگۆڕێت. ڕوخساری دەدرەوشێتەوە، خوێنێکی زۆرتر بۆ ڕوخسار دێت، چاوەکان درەوشاوەتر دەبن- وەکو موعجیزەیەك. خۆشەویستی موعجیزەیە، خۆشەویستی سیحرئامێزە.

هێشتا زۆر درەنگ نەبووە.

ئەو شتە جەوهەرییانە چین کە وا بکەیت ژنەکەت هەر دڵخۆش بێت؟

زۆر لەبارەی ژنی هاوسەرەوە نازانم. من ژنم نییە. تۆ پرسیار لە کەسێکی ناپەیوەندیدار دەکەیت. بەڵام من تێبینی زۆر ژن و مێردم کردووە. بۆیە ئەمە ئەزموونی من نییە- تەنیا ڕەنی منە.

دوو شت هەن پێویستن بۆئەوەی ژنی هاوسەر دڵخۆش بێت. یەکەم: لێگەڕێ پێی وابێت کە ڕێگەی خۆی هەیە. دووەم: لێگەڕێ با هی خۆی بێت.

(ئیونیس) بە چاکەتێکی نوێوە هاتە ماڵەوە.

(بێرنی)ی مێردی پرسیاری کرد "ئەوەت لە کوێ بوو؟"

لە وەڵامدا وتی: لە یانسیب بردوومەتەوە". شەوی دواتر ئیونیس بە بازنەیەکی پڕ لە ئەڵماسەوە هاتەوە.

بێرنی پرسیاری کرد "ئەوەت لە کوێ بوو؟"

ئیونیس وتی " لە یانسیب بردمەوە. ئەمشەویش دەچمە ئاهەنگێکی یانسیبی تر و پەلەمە. دەکرێ ئاوی حەمامەکەم بۆ بکەیتەوە؟"

بێرنی وەکو پێی وترا کردی، بەڵام کاتێك ئیونیس چووە حەمامەکە بۆئەوەی خۆی بشوات، سەیری کرد تەنیا کەمێك ئاو لە حەوزی حەمامەکەدایە.

پرسیاری کرد "بێرنی، بۆچی حەوزی حەمامەکەت پڕ نەکردووە لە ئاو؟"

لە وەڵامدا وتی "ئازیزەکەم، لە راستیدا نامەوێ تیکتی یانسیبەکەت تەڕ بێ!"

باوك

دامەزراوەی باوك شتێکە لەلایەن پیاوەوە داهێنراوە، ئەمە بەهیچ شێوەیەك سروشتی نییە، بەڵکو دامەزراوەییە. لەوانەیە رۆژێك بێت کە بزر ببێت چونکە کاتێکیش هەبوو کە لەوێ نەبوو. بۆ ماوەی هەزاران ساڵ مرۆڤایەتی بەبێ دامەزراوەی باوکایەتی ژیاوە.

لەوانەیە سەرت بسوڕمێت کە وشەی "خاڵ" کۆنترە لە وشەی "باوك"، چونکە دایکسالاری پێش باوکسالاری بووە. دایك هەبوو و باوك نەناسراو بوو، چونکە دایك لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا بەیەك دەگەیشت، تێکەڵ دەبوو و دەتووایەوە. دەبووایە یەکێك ببێتە باوك، بەڵام رێگەیەك نەبوو بۆ زانینی ئەمە.

دامەزراوەی بـاوك لەگـەڵ داهێنـانی موڵكایـەتی تایبـەت هاتـە بـوون، ئەمانـە بەیەكەوە گرێدراون. باوك نوێنەرایەتی موڵكایـەتی تایبـەت دەكات، چونكە كاتێك موڵكایەتی تایبەت هاتە بوون، هەمووان ویستیان منـاڵی خۆیـان ببێتـە میراتگری. "من لێرە نایم، بەڵام دەبێ بەشێك لە من موڵكەكـەی بـۆ بمێنێتـەوە". یەكـەم جار موڵكایەتی تایبەت پەیدابوو، ئینجا باوك.

ئینجا بـۆ دڵنیـابوون لـەوەی كـە "مناڵەكـەی هـی خۆمـە" تەقریبـەن لـە هـەموو كۆمەڵگاكانی جیهان ئەو بیركردنەوەیە زاڵ بوو كە پێش هاوسەرگیری دەبـێ ژنەكـە بەتەواوی پاكیزە بێت- ئەگینا قورسە بزانیت هەنوكە مناڵێكی هـەڵگرتووە یـان نـا كاتێك شوو دەكات، دەشێ هەنوكە سكپڕ بێت و ئەو كاتە مناڵەكە هی كەسێكی تـر دەبێ و ئەو میراتگری موڵكەكە دەبێ. بۆیە پاكیزەیی بەسەر ژندا سەپێنرا.

ئەوە هەموو بیرۆكەی موڵكایەتی تایبەتـە كـە بـاوكی هێنایەكایـەوە، كـە خێزانـی دروستكردووە، كە خاوەندارێتی ژنی لەلایەن پیاوەوە هێنـاوەكایەوە. ئەگـەر كاتێك هەبووبێت كە تیایدا باوك نییە، موڵكایەتی تایبـەت نییـە، رۆژێكیش هـەر دێت كە موڵكایەتی تایبەت بوونی نابێت- باوك بزر دەبێت.

هیندۆسەكان وتوویانە ئەگەر ژن نەبێت بە دایك ئەوا رەزامەند نابێت. بـۆ پیـاوان هەمان شت راست نییە- كـەس ناڵێت ئەگـەر پیـاو نەبێتـە بـاوك رەزامەنـد نابێت. بەباوكبوون رێكەوتـە. لەوانەیـە بـبێ و لەوانەیـە نـەبێ. بـەڵام ژن شتێك لەدەست دەدات چونكە تەواوی ئەفرێنەرێتییەكەی، تەواوی كەوتنەكاری، تەنیا ئەو كاتە دێت كە دەبێتە دایك. كاتێك مەمكەكانی دەبنە سەنتەری بـوونی، ئـەوا دەبێت گشتێك. ناشتوانێت بگاتە ئەو مەمكانە مەگەر ئەوەی كە مناڵێك لـەوێ بێـت بـانگی بكـات. بۆیە پیاوان بۆئەوە هاوسەرگیری دەكەن كـە هاوسـەریان هـەبێت و ژنـان بۆئـەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوان دەكەن كە ببنە دایك- نەك بۆئـەوەی مێردیـان هـەبێت.

ئاکە ئارەزوومەندیی بنچینەییان ئەوەیە منالْیان هەبێت کە بەهۆیەوە ژنایەتیان دەسەلمێت. بۆیە لە راستیدا، مێردەکان هەمیشە دەترسن، چونکە ئەو ساتەی منالْ لەدایك دەبێت ئەوا دەکەونە پەراوێزی بایەخدانی ژنەوە- منالْ دەبێتە سەنتەر. بۆیە باوکان هەمیشە هەستەبە ئیرەیی دەکەن چونکە منالان دەکەونە نێوانەوە. ئێستاش ژن زیاتر بایەخ بە منالْەکان دەدات نەك بە باوکی منالْەکان. ئەو بووەتە هەبوویەکی پەراوێزی- پێویستە بۆ مانەوە بەلام جەوهەری نییە.

لەلایەن هاورێ مەسیحییەکانمەوە پێم وتراوە، مەسیحیەت لەسەر بنەمای خێزان رۆنراوە: خێزان بەردی بناغەیەتی. بەلام خێزان هەمیشە بەردی بناغەی هەموو ناتەواوییەکی عەسەبییە، هەموو ناتەواوییەکی دەروونییە، هەموو جۆرە نەخۆشییەکی ئەقلْییە، هەموو جۆرە کێشەیەکی کۆمەلایەتییە. هەروەها بنەمای نەژادەکان، نەتەوەکان و جەنگەکانە.

دەبێ لە خێزان تێبگەیت. ئاپندەی نییە، هەنوکە تەمەنی بەکەلکهاتنی، زەرووڕەتەکەی، تەواو بووە. بەلام ئێمە پرۆگرام کراوین- نەك تەنیا مەسیحییەکان، بەلْکو هەموو کەسێك- لەسەر ئەوەی کە خێزان هاوبەشیکردنێکی گەورەیە لە جیهاندا. واقعیەتەکە سەراپا جیاوازە. دەبێ من خالْ بە خالْ بڕۆم، بە وردی، چونکە کێشەی خێزان یەکێکە لە جددیترین کێشەکان. یەکەم شت...خێزان بەندیخانەیە، دەیەوێ کۆنترۆلی لەسەر منالان، لەسەر ژن بهێلْێتەوە. خێزان گروپێکی زۆر بەرتەسکی خەلکە و ئەوان ئەم بەندیخانەیان پیرۆز کردووە. بەلام ئەنجامەکان زۆر دزێون.

هەموو جۆرە زیندانێك رێگرە لە گەشەی رۆحی. تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە...بۆچی بودا دەستبەرداری جیهان بوو؟ بۆچی ماهاڤیرا دەستبەرداری جیهان بوو؟ لە راستیدا ئەوان دەستبەرداری جیهان نەدەبوون، ئەوا تەنیا دەستبەرداری خێزان

دەبوون- کەس پێشتر ئەمەی نەوتووە- چونکە تۆ چۆن دەتوانی دەستبەرداری جیهان بیت؟ لە هەر کوێیەک بیت، جیهانیش لەوێیە. تۆ تەنیا دەتوانی دەستبەرداری خێزان بیت.

بەڵام هەموو دەقە ئایینییەکان، لەوانەش دەقە مەسیحییەکان بە بەردەوامی درۆ لەگەڵ خەڵک دەکەن: ئەوان باسی دەستبەرداربوونی جیهان دەکەن. ئەمە بە تەواوی لەو راستییە لادەدات کە هەموو ئەم خەڵکە دەستبەرداری خێزان بوون، چونکە خێزان بەشێوەیەک بووە کە ئەوان نەیانتوانیووە تیایدا گەشە بکەن.

خێزان هەموو منداڵێک بە گوێرەی غرورەکانی پرۆگرام دەکات. ئەگەر تۆ لە خێزانێکی مەسیحیدا لەدایک بوویێت ئەوا بە بەردەوامی بۆ مەسیحیەت پرۆگرام دەکرێیت و تۆ قەت گومانی ئەوە ناکەیت کە پرۆگرامبوونەکەت دەشێ هەڵە بێت، دەشێ پرۆگرامبوونەکەت رێگر بێت لەوەی لێی تێپەڕیت.

مەسیحییەت و هەموو ئایینەکانی تر بەردەوامن لە شێواندنی ئەقڵی خەڵک. ئەوان قەت جیاوازی ناکەن لەنێوان باوەڕهێنان و زانین. پیاوێکی کوێر دەتوانێ بڕوا بە رووناکی بێنێت، بەڵام ئەمە یارمەتیدەر نابێ. مرۆڤ پێویستی بە چاوەکانە بۆ بینینی رووناکی و ئەو کاتە بڕوابوون بە رووناکی پێویست نییە. ئایا کاتێک تۆ شتێك دەزانیت، ئایا بڕوا پێ هێنانی پێویستە؟

تۆ بڕوات بە رووناکی هەیە؟ بڕوات بە مانگ هەیە؟ بڕوات بە ئەستێرەکان هەیە؟ تۆ تەنیا دەزانیت، بڕوابوون پێویست نییە. باوەڕ تەنیا بۆ چیرۆکەکان، بۆ درۆکان سەرهەڵدەدات نەك بۆ حەقیقەت. هەموو سیستەمێکی باوەڕ تەگەرەیە بۆ رۆحانیەت.

بەپێی مەسیحیەت، مەرگ تابویە (حەرامێکە): نابێت قسەی لەسەر بکەیت، مەرگ تابویە... ژیانیش تابویە، نابێت تیایدا بژیت! مەرگە نابێت قسەی لەسەر

بکەیت و ژیانە نابێت بژیت! ئەوان هیچ ئەلتەرناتیڤێکت بۆ ناهێڵنەوە– نە دەتوانی بژیت، نە دەشتوانی بمریت. ئەوان هەر لە ناوەڕاستەکەدا هەڵتدەپەسێرن، نیوەمردوو، نیوەژیاو.

ئەمە شیزۆفرینیا دروست دەکات. تۆ ڕێگەپێدراو نیت لە هیچ شتێکدا گشت بیت: لە ژیاندا، لە مەرگدا، لە خۆشەویستیدا– تەنیا بەشێوەیەکی ڕێژەیی تیایدایت. کەسێك کە تەنیا بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئامادەیی هەیە، بەشێوەیەکی ڕێژەییش زیندووە. چەندەی لە هەبووندا قووڵتر بیتەوە، ئەوەندە قووڵتر دەچیتە ناو ژیانەوە. کاتێك تۆ سەراپا چووینە ناو ژیان، ناو مەرگ، ناو خۆشەویستی؛ ناو تێرامان لە ناخ، ناو هەر شتێك کە دەتەوێ بیکەیت– وێنەکێشان، مۆسیقا، شیعر، سەما– تا ئەو کاتەی کە سەراپا نەچیتە ناویەوە ئەوا قەت ئەوپەڕی چێژ و نیعمەت نابینیت.

خەڵکی تەنیا لە ئاستێکی کەمتریندا دەژین، تەنیا لە مانەوەدان، یان گەر بەشێوەیەکی رەها سەرڕاست بیڵێین، تەنیا لە سستبووندان– هەر چاوەڕێ دەکەن...و چاوەڕێ دەکەن و هیچ شتێك لە ژیانیاندا روونادات. هیچ گوڵێك لە ژیانیاندا شکۆفە ناکات، هیچ فێستیڤاڵێك لە ژیانیدا روونادات. مەرگیشیان ئەوەندەی ژیانیان درێوە، چونکە مەرگ کۆی دەرەنجامی ژیانتە.

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتگیر ژیابیت، مەرگ کۆتاییەکە نییە. مەرگ تەنیا ئەڵقەیەکە، ئەڵقەیەکی بچوك لە ژیانی ئەبەدی. تۆ زۆر جار مردوویت، بەڵام لەبەرئەوەی قەت بەشێوەیەکی گشتگیر نەژیاویت، لە ساتی مردندا نائاگا دەبیت، ترس تۆی بردۆتە ناو کۆما (غەیبوبە).

بۆیە ژیانی رابردووت نایەتەوە یاد، چونکە کۆما بەربەستە لەبەردەم ژیانی رابردوودا. لەبەرئەوەی ژیانی رابردووشت نازانیت، ناتوانیت لەوە تێبگەیت کە

پاش مەرگ ژیان دەبێ، ئەو ژیانە تاهەتایی دەبێ. لەدایکبوون و مردن تەنیا دوو ئەلقەن، تۆ هەزاران جار لەدایك بوویت و مردوویت. بەڵام کاتێك ڕێگەت پێنادرێت سەراپا بژیت، کاتێك لە هەموو شوێنێك لەلایەن ئایینەوە دەستێوەردان هەیە...

کوڕێکی بچوك لە قوتابخانە- هەڵبەت کوڕێکی مەسیحی- یەکەم ڕۆژی خوێندنی لەلایەن مامۆستاکەیەوە پرسیاری لێکرا "ناوت چییە؟"

وتی "مەکە"

مامۆستاکە وتی "سەیرە، قەت گوێم لە ناوی وەها نەبووە".

ئەو وتی " هەموو شتێك، هەرچییەك کە دەیکەم، تەنیا گوێم لەمە دەبێت: مەکە- بۆیە پێم وایە ناوی منە".

بەڵام هەموو مەسیحیەت ئەوە بەرانبەر هەموو کەسێکس دەکات. ئایینێکی دژەژیانە، ڕێگەت نادات بە خۆشی بژیت خێزانیش ڕەگوڕیشەکەیە، چونکە ئاشکرایە کە پرۆگرامکردن لە خێزانەوە دەست پێدەکات. مەسیحیەت دەڵێت لەسەر بنەمای خێزان دامەزراوە.

بە باشیش دەزانم کە ئەگەر خێزان لە جیهاندا بزر نەبێت، ئەوا ئەم ئایینانە، ئەم نەتەوانە، ئەم جەنگانە بزر نابن، چونکە ئەوان هەموویان لەسەر خێزان بونیاد نراون. خێزان فێرت دەکات تۆ هیندۆسیت و ئایینی هیندۆسی باشترین ئایینە، ئایینەکانی تر باش نین.

مەسیحییەت بەردەوامە لە پرۆگرامکردنی منالآن: "تۆ تەنیا دەتووانیت لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە ڕزگار بکرێیت. کەسی تر ناتووانێت ڕزگارت بکات. هەموو ئایینەکانی تر تەنیا ئەخلاقیاتن، زۆر دەستکردن، یارمەتیدەرت نابن".

کاتێکیش منالآ هاوشانی شیرپێدانەکەی؛ بە بەردەوامی هەموو جۆرە خورافیاتێکی دەرخوارد دەدرێ- (خوداوەند) و تارمایی پیرۆز و تاکە منالّی خودا،

عیسا؛ بەهەشت و جەهەنەم...منداڵان زۆر ناسکن، چونکە وەکو پەڕەیەکی سپی دێنە دنیاوە– هیچ شتێکیان لێ نەنووسراوە، ئەقڵیان بێگەردە. تۆ دەتوانیت هەر شتێك بتەوێ لەسەر منداڵەکە بینووسیت و هەموو خێزانێك تاوانەکە ئەنجام دەدات: ئەوان تاکەکەسەکە لەناو دەبەن و کۆیلەیەك دروست دەکەن. ملکەچی فەزیلەتێکە، لاساری گوناهە بنچینەییەکەیە.

کاتێك منداڵ هەر لەسەرەتاوە پرۆگرام دەکرێت، کاتێك زۆر ناسك و زۆر نەرە، دەتوانیت هەموو شتێکی لەسەر بنووسیت. ئەمە دەچێتە ناو نائاگاییەکەیەوە، تۆ دەتوانیت پێی بڵێیت "نەتەوەکەمان مەزنترین نەتەوەیە لە جیهاندا" هەموو نەتەوەیەك هەر وا دەڵێت. "ئایینەکەی ئێمە مەزنترین ئایینە، کتێبە پیرۆزەکەمان خودا خۆی نوسیوویەتی"– هیندۆسەکان وا دەڵێن، مەسیحییەکان وا دەڵێن، جولەکە وا دەڵێت.

هەمووان هەمان تاوان ئەنجام دەدەن.

هەڵبەت مەسیحییەت بە کارامەیی زیاتر و تەڵەکەبازیی زیاتر ئەنجامیدەدات، چونکە مەزنترین ئایینە لە جیهاندا. ئەم ئایینە تەکنیکی پرۆگرامکردنی لەڕادەبەدەر مۆدێرن بەکاردێنیت. ئایین بڵاوکەرەوەکانی دەنێرێت بۆ فێربوونی دەروونشیکاری، بۆ فێربوونی چۆنێتی پرۆگرامکردنی خەڵك، چۆنێتی لە پرۆگرام داماڵینی خەڵك. ئەگەر هیندۆسێك وەربگەڕێنرێت بۆ مەسیحییەت، دەبێ یەکەمجار لە هیندۆسیەت دابماڵرێت. جارێکی تر پەڕەی سپی دەردەکەوێتەوە، ئەوەی کە نووسراوە دەسڕدرێتەوە. ئێستا تۆ دەتوانیت جارێکی تر لێی بنووسیتەوە، "مەسیحییەت بەرزترین ئایینە لە جیهاندا و مرۆڤێکی هاوتای عیسای مەسیح بوونی نەبووە و قەت ناشبێتەوە، چونکە ئەو تاکە کوڕی (خودا)یە".

هەموو جەنگەکان بەندن بە خێزانەوە. لە رابردوودا، لە ناو زۆرێك لە نەتەوەکاندا نەریت بووە کە دەبێ تۆ لانی کەم کورێك پێشکەشی سوپا بکەیت، بۆ پارێزگاری لە نیشتمان، بۆ پارێزگاری لە شکۆ و شانازی نەتەوە.

لە تبت، دەبێ هەموو خێزانێك کورە گەورەکەی پێشکەشی پەرستگاکان بکات. ئەمە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ ئەنجام دراوە، وەك بڵێی منالآن کالآن و تۆ دەتووانیت هاوبەشییان پێبکەیت، وەك بڵێی منالآن پارەن و دەتووانیت بیانبەخشیتە خێرخوازی.

ئەمە بەهۆی ئایینەوە، بەهۆی سیاسەتەوە، بەهۆی نەتەوەکانەوە، بەهۆی نەژادەکانەوە جیهانی دابەش کرد بۆ دوو کەمپ. ئەمانە هەمووی بەندن بە خێزانەوە. خێزان هۆکاری بنەڕەتی هەزاران برینی مرۆڤایەتییە.

خێزان تموحت ئەداتێ و تموح یەکێك لە کۆسپەکانی بەردەم رۆشنبوونەوە. خێزان حەز و ئارەزووت دەداتێ، ئاواتت دەداتێ بۆ سەرکەوتوو بوون و هەموو ئەم شتانە ناڕەحەتی و نیگەرانیت پێدەبەخشن: چۆن ببیتە کەسێکی بەناوبانگ؟

خێزان دەیەوێ ببیتە کەسێکی بەناوبانگ. خێزان دەیەوێ لە سەرانسەری جیهاندا بناسرێیت. خێزان دەیەوێ دەوڵەمەنترین کەس بیت. خێزان دەیەوێ سەرۆکی وڵات بیت....

هەموو ئەم تموحانە خێزان دروستی دەکات بەبێ زانینی ئەوەی کە هەموو ئەم تموحانە ئەقڵێك دروست دەکەن کە بە بەردەوامی عەزاب دەچێژێت، دەناڵێنێت. تەنیا یەك کەس دەتووانێ ببێتە سەرۆکی وڵات. ئەی ملیۆنان کەسەکەی تری ئەم وڵاتە؟- هەموویان فاشیلن. ئەمە بارودۆخێکی قێزەونە، وا لە خەڵك بکەیت هەست بکەن فاشیلن، ناسەرکەوتوون، بە بەراورد بەوانیتر نزمن.

خێزان بنەمای هەموو نەخۆشییە دەروونییەکانە.

دەمەوێ خێزان کۆمەڵە (کۆمیونە) جێگەی بگرێتەوە و لە کۆمەڵەدا هاوسەرگیری پێویست ناکات.

هاوڕێ

ئێستا درامای ژیانی خۆشەویستیم ڕەنگدانەوەی وتەیەکی (هەمفەری بۆگارت)ە: ژنان- دۆزەخن لەگەڵیاندا بژیت و دۆزەخ دروست دەبێ دوور بیت لێیان. چ بکرێ باشە؟

دەبێ مرۆڤ لەم دۆزەخە ڕەت ببێت. دەبێ مرۆڤ هەم دۆزەخی ژیان لەگەڵ ژن و هەم دۆزەخی ژیان بەبێ ژن ئەزموون بکات. ئەمە تەنیا بۆ ژنانیش ڕاست نییە، بۆ پیاوانیش هەر ڕاستە. بۆیە بەرازێکی شۆڤێنیستی نێرینە مەبە! ئەمە لە هەردوو ڕووەوە پیادە دەبێت، ئەمە شمشێرێکی دوو سەرە. ژنانیش بێتاقەتن لە ژیان لەگەڵ پیاواندا و بێزار دەبن کاتێك کە دەبێ بە تەنیا بژین. ئەمە یەکێکە لە تەنگژە مرۆییە بنچینەییەکان، دەبێ تێیبگەیت. تۆ ناتوانیت بەبێ ژن بژیت چونکە نازانیت چۆن لەگەڵ خۆتدا بژیت. تۆ بایی پێویست تێڕامانت لەناوەوەت نییە.

تێڕامان لە ناخ بریتییە لە هونەری ژیان لەگەڵ خۆتدا. شتێکی تر نییە جگە لەمە. تەنیا بریتییە لە هونەری تەنیابوون بە خۆشییەوە. تێڕامێنێکی ناخ دەتوانێ بۆ چەندەها مانگ، بۆ چەندەها ساڵ بە خۆشییەوە بە تەنیا دانیشێت. ئەو بەدوای ئەویتردا وێڵ نابێت، چونکە خۆشیی ناوەوەی یەکجار زۆرە، لێوانرێژە کە باکی بەویتر نییە؟ ئەگەر ئەویتر بێتە ژیانییەوە ئەوا پێداویستییەك نییە، بەڵکو هۆکارێکی ڕیفاهیەتە. منیش بە تەواوی لەگەڵ ڕیفاهیەتدام، چونکە ڕیفاهیەت واتە خۆشی لێ ببینیت کە هەبێ و بتووانی خۆشی لێ ببینیت کە نەبێ. پێویستی، دیاردەیەکی سەختە. بۆ نموونە، نان و کەرە پێداویستین، بەڵام گوڵەکانی ناو

باخچە ریفامیەتن. تۆ دەتووانیت بەبێ گوڵەکان بژیت، تۆ نامریت، بەڵام ناتووانیت بەبێ نان و کەرە بژیت.

بۆ ئەو پیاوەی کە ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا بژیت، ئەویتر پێویستە و پێویستییەکی ڕەهایە، چونکە هەر کاتێك تەنیا بێت ئەوا لەخۆی بێزار دەبێت- ئەوەندە بێزار دەبێت کە دەیەوێ لەگەڵ کەسێکی تردا تۆزێ سەرقاڵ بێت. لەبەرئەوەی ئەمە پێویستییەکە دەبێتە وابەستەیی، دەبێ پشت بەویتر ببەستێت. لەبەرئەوەیش کە دەبێتە وابەستەیی ئەوا ڕق دادەگریت، یاخی دەبیت، بەرەنگاری دەکەیت، چونکە ئەمە کۆیلایەتییە. وابەستەیی جۆرێکە لە کۆیلایەتی و کەس نایەوێ کۆیلە بێت.

تۆ بە ژنێك ئاشنا دەبیت- ناتوانیت بە تەنیا بژیت. ژنەکەش ناتووانیت بە تەنیا بژیت، بۆیە لەگەڵ تۆدا ئاشنا دەبێ، ئەگینا پێویست نییە. هەردووکیان لەخۆیان بێزارن و هەردووکیان بیر لەوە دەکەنەوە یارمەتی ئەویتر بدات بۆ دەربازبوون لە بێزاری. بەڵێ، لە سەرەتادا وەها دیارە، بەڵام تەنیا لە سەرەتادا. لەکاتێکدا کە پێکەوە نیشتەجێ دەبن، بەزوویی بۆیان دەردەکەوێت کە بێزاری لەناو نەچووە- نەك تەنیا دووقات بووە بەڵکو فرەقات بووە. یەکەم جار ئەوان لەخۆیان بێزار بوون، ئێستا لە یەکتریش بێزارن- چونکە چەندەی لەویتر نزیکتر بکەویتەوە، ئەوەندە زیاتر ئەویتر دەناسیت، ئەوەندەش زیاتر ئەویتر دەبێتە بەشێك لە تۆ.

هەر بۆیە ئەگەر تۆ ژن و مێردێك ببینیت کە بەلاتا ڕەت دەبن دەتووانیت دڵنیا بیت کە هاوسەرن. ئەگەر بێزار نەبن دەتووانیت دڵنیا بیت کە هاوسەر نین. دەبێ پیاوەکە لەگەڵ ژنی یەکێکی تر بێت، بۆیە ئەو هەموو خۆشییە هەیە.

کاتێك تۆ لە خۆشەویستیدایت- کاتێك تۆ هێشتا ژنەکەت ڕازی نەکردووە و ژنەکەش تۆی ڕازی نەکردووە کە ئامەتایە پێکەوە بن- هەردووکتان خۆشییەکی

گەورە دەخەنەڕوو. شتێکیش لەوە راستە، بەهۆی ئەو هیوایەی کە "کێ چوزانێ، لەوانەیە لە بێزارییەکەم، عەزابەکەم، نیگەرانییەکەم و تەنیاییەکەم بێمەدەر. لەوانەیە ئەم ژنە یارمەتیم بدات". ژنەکەش هیوا دەخوازێت. بەڵام هەر کە بەیەکەوە بوون، هیواکان بە زوویی بزر دەبن، جارێکی تر نائومێدی پەیدا دەبێتەوە. ئێستا تۆ بێزاریت و کێشەکە چەندجارە بووە. ئێستا چۆن لەم ژنە دەرباز بیت؟

لەبەرئەوەی تۆ لەگەڵ تێرامان لە ناخ رانەهاتوویت پێویستە ئەوانیتر سەرقاڵت بکەن. لەبەرئەوەی تۆ لەگەڵ تێرامان لە ناخ رانەهاتوویت ناتوانیت خۆشەویستیش بکەیت، چونکە خۆشەویستی خۆشییەکی لێوانڕێژە. تۆ لە خۆت بێزاریت. چیت هەیە لەگەڵ ئەویتردا هاوبەشی پێبکەیت؟ لێرەوە لەگەڵ ئەویتربوونیش دەبێتە دۆزەخ.

بەو مانایە، ژان پۆل سارتەر راست دەکات کە دەڵێت ئەویتر دۆزەخە. ئەویتر بە راستی دۆزەخ نییە، تەنیا وا دەردەکەوێت. دۆزەخ لە تۆدا هەیە، لە نەبوونی تێرامانی ناوەوەت، لە نەتوانینی ئەوەی کە تەنیا بیت و شادیش بیت. هەردووکیشیان ناتوانن تەنیا و دڵخۆش بن. ئێستا هەردووکیان لەبەرانبەر یەکتریدا تا قوڕگیان هاتووە، بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن خۆشبەختییەک لە یەکتری هەڵکرێنن. هەردووکیان ئەمە دەکەن و هەردووکیان دەرۆزەکەرن.

بیستوومە دەڵێن:

دەروونناسێک دەروناسێکی تر لەسەر جادە دەبینێت. یەکەمیان بەویتریان دەڵێت، "تۆ باش دیاریت. من چۆنم؟"

کەس لەبارەی خۆیەوە نازانێت، کەس بەخۆی ئاشنا نییە. ئێمە تەنیا روخسارەکانی یەکتری دەبینین. ژن جوان دیارە، پیاو جوان دیارە، پێدەکەنێت. بە

عەزابەکەی نازانین. دەشێ هەموو ئەو پێکەنینانە تەنیا رووپۆش بن بۆ فریودانی ئەوانیتر و بۆ فریودانی خۆی. دەشێ لەودیو ئەو پێکەنینانەوە فرمێسکی گەورە هەبن. لەوانەیە ئەو بترسێت لەوەی کە ئەگەر پێنەکەنێت دەست بکات بە گریان.

بەڵام تۆ هەر کە ئەویترت بینی تەنیا رواڵەتی دەبینی، تۆ دەکەویتە داوی خۆشەویستی رواڵەتەوە. بەڵام کاتێك نزیکتر دەبیتەوە، بەزوویی دەزانیت کە قوولاییەکانی ناوەوەی کەسەکەی تر ئەوەندەی هی تۆ تاریکن. ئەویش وەکو تۆ دەرۆزەکەرێکە. ئێستا... دوو دەرۆزەکەر لە یەکتری دەپارێنەوە. ئێنجا دۆزەخ هەڵدەستێ.

بەڵێ تۆ راست دەکەیت: "ژنان– دۆزەخن کە لەگەڵیان بژیت و دۆزەخە لێیان دوور بیت". ئەمە بەهیچ شێوەیەك پرسی ژن نییە، نە پرسی پیاوانیشە، ئەمە پرسی تێرامان لە ناخ و خۆشەویستییە. تێرامان لە ناخ سەرچاوەیەکە کە خۆشی لێیەوە لەناو تۆ هەڵدەقولێت و دەست دەکات بە لەسەرەوە رژان. ئەگەر تۆ بایی پێویست خۆشیت هەبێت بۆ هاوبەشیپێکردن، ئەوا تەنیا خۆشەویستی تۆ قەناعەتێك دەبێ. ئەگەر ئەوەندە خۆشەویستیت نەبێ کە هاوبەشی پێبکەیت، خۆشەویستیت ناقەتبەر و بێزارکەر دەبێت.

بۆیە هەرکاتێك تۆ لەگەڵ ژنێکدایت تۆ بێتاقەت دەبیت و دەتەوێ لێی دەرباز بیت و هەرکاتێك بە تەنیایت ئەوا لەخۆت بێزار دەبیت و دەتەوێ لە تەنیاییەکەت دەرباز بیت و بۆ ژنێك دەگەرێیت. ئەمە بازنەی خراپەیە! دەشێ لە سەرانسەری ژیانتدا بەردەوام بیت لە سوڕانەوە لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر.

کێشە راستەقینەکە ببینە! کێشە راستەقینەکە پەیوەندی نییە بە پیاو و ژنەوە. کێشە راستەقینەکە پەیوەندی هەیە بە تێرامان لە ناخ و شکۆفەکردنی تێرامان لەناخ لە خۆشەویستی و خۆشی و خۆشبەختیدا!

یەکەم جار لەناخ رابمێنە، خۆشبەخت بە، ئینجا خۆشەویستییەکی زۆر لەخۆیەوە سەرهەڵدەدات. ئەو کاتە لەگەڵ ئەوانیتر بیت جوانە و تەنیابوونیش هەر جوانە. ئەو کاتە، سادەش دەبێت. تۆ پشت بەوانیتر نابەستیت و وا لەوانیتر ناکەیت بە تۆ پشت ئەستوور بن. ئەو کاتەش هەمیشە هاورێیەتی، هەمیشە دۆستایەتی هەیە. ئەمە قەت پەیوەندی نابێت، بەڵکو هەمیشە پەیوەندیبەستن دەبێت. تۆ پەیوەندی دەبەستیت، بەڵام هاوسەرێتی دروست ناکەیت. هاوسەرێتی لە ترسەوەیە، پەیوەندیبەستن لە خۆشەویستییەوەیە.

تۆ پەیوەندی دەبەستیت، تا ئەو شوێنەی کە شتەکان بە جوانی بەرێوە دەچن، هاوبەشی دەکەیت. ئەگەریش ئەو ساتە هات کە دەبێ برۆیت، لەبەرئەوەی رێرەوەکانتان لەم دووریانەدا جیا دەبێتەوە، تۆ بە سوپاسگوزارییەوە دەڵێیت ماڵئاوا بەرانبەر هەموو ئەوەی کە ئەویتر هەیبووە بۆت، بۆ هەموو خۆشییەکان و چێژەکان و هەموو ئەو ساتە جوانانەی کە تۆ لەگەڵ ئەویتردا هاوبەشیت کردووە. بەبێ هیچ خەمێك، بەبێ هیچ ئازارێك، ئێوە بە سادەیی جیا دەبنەوە.

کەس ناتووانێ گەرەنتی ئەوە بکات کە دوو کەسەکە هەمیشە لەگەڵ یەکتریدا دڵخۆش دەبن، چونکە خەڵکی دەگۆڕێن. کاتێك تۆ ژنێك دەناسیت، یەك کەسە تۆش یەك کەسیت. پاش دە ساڵ تۆ دەبیتە کەسێکی تر، ئەویش دەبێتە کەسێکی تر. ئەمە وەکو رووبار وایە: ئاو بە بەردەوامی هەڵدەڕژێت. ئەو کەسانەی کە لە خۆشەویستیدا بوون چیتر لەوێ نین، هەردووکیان چیتر لەوێ نین. ئێستا تۆ دەتووانیت خۆت بە بەڵێنێکی دیاریکراو هەڵواسیت کە کەسێکی تر داویەتی– بەڵام تۆ نەتداوە.

پیاوی خاوەن تێگەیشتنی راستەقینە قەت بەڵێنی سبەینێ نادات، تەنیا دەتووانێ بڵێت "بۆ ئەم ساتە". پیاوێکی بەراستی راستگۆ ناتووانێت بەهیچ

شێوەیەك بەڵێن بدات. چۆن دەتوانێ بەڵێن بدات؟ کێ لەبارەی سبەینێوە دەزانێت؟ سبەینێ لەوانەیە بێت، لەوانەشە نەیەت. سبەینێ لەوانەیە بێت: "من هەمان کەس نابم، تۆش هەمان کەس نابیت". سبەی لەوانەیە بێت: "لەوانەیە تۆ کەسێك بدۆزیتەوە کە قووڵتر لەگەڵیدا دنیتەوە، منیش لەوانەیە کەسێك بدۆزمەوە کە هەماهەنگترم لەگەڵیدا". جیهان گەورەیە. بۆچی ئەمڕۆ بەهەدەری بدەیت؟ دەرگاکان بکەرەوە، ئەلتەرناتیڤەکانیش بە کراوەیی بهێڵەرەوە.

من دژی هاوسەرگیریم. هاوسەرێتییە کە کێشەکان دروست دەکات. هاوسەرێتییە کە زۆر ناشیرین بووە. درێژترین دامەزراوە لە جیهاندا هاوسەرێتییە؛ چونکە زۆر لە خەڵك دەکات تا ساختە بن: ئەوان گۆڕاون، بەڵام بەردەوام دەبن لەوەی وا دەربخەن کە هەروەکو پێشوون.

پیرەپیاوێکی تەمەن هەشتا ساڵ ئاهەنگی پەنجا ساڵەی گواستنەوەی دەگێڕا لەگەڵ ژنەکەیدا کە حەفتا ساڵ بوو. ئەوان چوونە هەمان هۆتێل، هەمان ئەو شوێنەی کە تیایدا چووبوون بۆ مانگی هەنگوینی. تەوقی رابردوو (نۆستالجیا)! ئێستا ئەو هەشتا ساڵە، ژنەکەش حەفتا و پێنج. ئەوان هەمان هۆتێلیان حیجز کرد و هەمان ژووریان گرتەوە. ئەوان هەوڵیان دەدا ئەو رۆژانە بەسەر ببەنەوە کە پێش پەنجا ساڵ بەسەریان بردبوو.

کاتێکیش دەچوونە ناو جێگە، ژنەکە وتی "بیرت چووەتەوە؟ ماچم ناکەیت وەکو ئەو شەوەی مانگی هەنگوینی ماچت کردم؟"

پیرەپیاوەکە وتی "باشە" بۆیە هەستایە سەر پێ.

ژنەکە وتی "بۆ کوێ دەچی؟"

وتی "دەمەوێ تاقمی ددانەکانم بێنم لە حەمامەکەن".

هەموو شتێك گۆڕاوە. ئێستا ئەم ماچە بەبێ ددان یان بە ددانی ساختە هەمان ئەو ماچە نابێت. بەڵام پیاوەکە دەڵێت "باشە". دەبێ گەشتەکە ناقەتپڕوکێن بووبێت و ماوەی هەشتا ساڵیش...بەڵام خەڵکی بەردەوامن لە ڕەفتارکردن وەك بڵێی هەر ئەو کەسانەی پێشوون.

پیرەژنێك و پیرە پیاوێك هاوسەرگیریان کرد. دەبێ لە ئەمریکا ڕوویدابێت، کوێیتر! لە ئەمریکا پێناچێ کەس پیر ببێت، هەمووان وا دەریدەخەن کە گەنجن.

بۆیە ئەوان چوون بۆ مانگی هەنگوینیان. پیرەپیاوەکە دەستی خستە ناو دەستی پیرەژنەکە و بۆ دوو سێ خولەك گوشی- هەرچی پەیوەندی بە سێکسەوە هەیە ئەمە هەموو ئەو شتە بوو کە توانیان بیکەن- پاشان چوون بخەون.

ڕۆژی دواتر جارێکی تر دەستی پیرەژنەکەی گوشییەوە- بەڵام ئەمجارەیان بۆ خولەکێك- لەوانەیە سێ خولەك زۆر بووبێت. ڕۆژی سێیەمیش، ڕێك ئەو کاتەی کە خەریك بوو دەستی ژنەکە بگوشێتەوە، ژنەکە ڕووی وەرگێڕایە لاکەی تر و وتی "ئەمڕۆ سەرم دێشێت".

خەڵکێکی کەم هەن کە بە ڕاستی گەورە دەبن، تەنانەت ئەگەر بەتەمەنیشدا بچن، هەر گەورە نابن. پیربوون بەمانای گەورەبوون نییە. پێگەیشتنی ڕاستەقینە لەڕێگەی تێڕامانی ناخەوەیە.

فێربە بێدەنگ، هێمن و کپ بیت. فێربە لەدەرەوەی ئەقڵدا بیت. دەبێ ئەمە سەرەتا بێت بۆ هەموو (سانیاسین)*ەکان. هیچ شتێك پێش ئەوە ناکرێت و هەموو شتێك پاش ئەوە ئاسانتر دەبێت. کاتێك تۆ بۆت دەردەکەوێت تەراو دڵخۆش و خۆشبەختیت، ئەو کاتە تەنانەت ئەگەر سێیەم جەنگی جیهانیش ڕووبدات و هەموو

---

* زاهیدی هیندۆسی

جیهان قڵپ بێتەوە و تۆ بە تەنیا بمێنیتەوە، کار ناکاتە سەر تۆ. تۆ هێشتا لەژێر درەختەکەتدا دانیشتوویت و (ڤیپاسانا) دەکەیت.

ئەو ڕۆژەی کە ئەو چرکەساتە دێتە ناو ژیانتەوە، دەتوانیت هاوبەشی بە خۆشییەکەت بکەیت– ئێستا تۆ دەتوانیت خۆشەویستی بدەیت. پێش ئەمە خەم، هیواکان و نائومێدییەکان، ئارەزووەکان و شکستەکان، خەونەکان بوونیان دەبێ... و ئەو کاتە خۆڵ لەناو دەست و دەمتدا دەبێ. ئاگادار بە کات بە فیڕۆ نەدەیت. چەندەی زوو لەگەڵ دەرەوەی ئەقڵ بێیتە سەر هێڵ، باشترە. ئەو کاتە دەشێ زۆر شت لە تۆدا شکۆفە بکەن: خۆشەویستی، ئەفرێنەرێتی، عەفەویەت، خۆشی، نزا، سوپاسگوزاری، خودا.

گۆڤاری پلەی بۆی

من لە پشێویدام. سێ ژنم خۆش دەوێن. ئەمە دۆزەخە و ئەمە سێ مانگە درێژەی هەیە. ئێستا چی بکەم؟

پێویستە تۆ شتێکی وەکو پیاو بیت! ژنێك بەسە. تۆ پێویستت بە پارێزگاریی یاسایی هەیە. بەڵام ئەگەر تۆ بۆ ماوەی سێ مانگ بە ئارامییەوە بەرگەت گرتبێت، کەمێکی تر ئارام بگرە. کات هەموو شتێك یەکلایی دەکاتەوە. ژنانیش هەمیشە ئامادەیی وەرگرتنیان زیاترە لە پیاوان– ئەگەر تۆ ناتوانیت هیچ بکەیت، ئەوان شتێك هەر دەکەن.

جۆن و ماری لە یەکتربڕێکی هێڵی شەمەندەفەردا دەستیان کرد بە سێکس. لەکاتێکدا کە کردارەکەیان بەرەوپێش دەچوو، گلۆر بوونەوە بۆ سەر ڕێڕەوی شەمەندەفەرەکە کە تیایدا شەمەندەفەرێك نزیك دەبووەوە. شۆفێرەکە دوو جەستەکەی لە بەردەمییەوە دەبینی، ڕێك لە کاتی خۆیدا رایگرت. ئێستا،

دواخستنی شەمەنەفەر هەراسانکردنێکی جددییە و لە دادگادا دادوەر داوای روونکردنەوەی کرد. وتی "جۆن سەیرکە، من پیاوێکی دنیادیدەم و دەتووانم لە تۆ و کچەهاوڕێیەکەت تێبگەم کە خەریکی رابواردنن. بەلام بۆچی لە رێڕەوەی شەمەنەفەرەکە نەهاتیتە دەرەوە؟"

"جەنابی دادوەر راستییەکەی ئەوەیە کە شەمەنەفەرەکە ئەهات و ماری تەواو ئەبوو و منیش تەواو ئەبووم و پێم وابوو هەر کەسێ بتووانێ بوەستێ با بوەستێ!"

***

ئایا ئەمە بەرەکەتە؟ پاش تەنیابوون بۆ ماوەیەکی درێژ، لە یەك کاتدا کەوتمە داوی خۆشەویستی سێ ژنەوە، کە لە سەرەتادا ئاسان بوو. بەلام هەر کە کەوتمە قوولایی زیاتری پەیوەندییەوە لەگەڵ یەکێکی تردا، یان من رامدەکردە لای ئەویتریان یان ئەو دەیویست لەگەڵ کەسێکی تر بێت. بێگومان هەر کە لەگەڵ یەکێك لە ژنەکانی تردا دەهاتمە سەر خەت هەمان شت دووبارە و سێبارە رووی‌دەدایەوە. کەوایە خۆشی و ئازار زۆر لەیەکەوە نزیکن، بەلام من ئەپرسم- ئایا من خۆم لە شتێ بەدوور دەگرم؟

پێت وانییە سیان لە پێویست زیاترە؟ پێت وایە لە چوارەمیان خۆت دوور ئەگریت؟ یەك ژن بەسە بۆ دروستکردنی دۆزەخ و تۆ پرسیارم لێدەکەیت "ئەمە بەرەکەتە؟" دەبێ نەفرەت بێ لەژێر رووپۆشدا.

"چی بەسەر جاك-دا هات؟ سەردەمانێکە نەمبینیووە."

"ئۆه، ئەو کچەی خواست کە لە نقومبوون رزگاری کرد".

"ئەی دڵخۆشە؟"

"نەفرییەن! بەلام ئێستا رقی لە ئاوە".

دەبێ تۆ ڕۆحێکی مەزن بیت- یان دەبێت ئەوەندە نائاگا بیت کە تەنانەت سێ ژن ناتوانن هیچ گرفتێکت بۆ دروست بکەن یان ئەوەندە ڕۆشن بوویتەوە کە دەڵێیت "کەس باکی نییە؟"

لەکاتێکدا کە ئێوارەیەك لەسەر ئیش دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، سێ کارمەند لە ئۆتۆمبێلی پانەکەدا بوون بە دۆست، دەستیان کرد بە شانازیکردن بە شکۆی پەیوەندییە هاوسەرێتییەکان. یەکەمیان بە شانازییەوە وتی "ژنەکەم هەموو ئێوارەیەك چاوەڕێی شەمەنەفەرەکەم دەکات و دە ساڵە هاوسەرگیریمان کردووە".

دووەمیان وتی "ئەوە هیچ نییە. ژنەکەی منیش هەموو ئێوارەیەك چاوەڕێم دەکات و حەڤدە ساڵە هاوسەرین".

سێیەمیان کە دیار بوو لەهەموویان گەنجترە وتی "کوڕینە من لەهەردووکتانم بردووەتەوە".

دووەمیان ویستی بزانێ "بۆچی؟"

یەکەمیان وتی "پێمان وایە تۆش هاوسەرێکت هەیە کە هەموو ئێوارەیەك چاوەڕێت دەکات!"

سێیەمیان وتی "ڕاستە، کەچی ژنیشم نەهێناوە."

سێ ژن و کەچی ژنیشت نەهێناوە! کەوابێ تۆپانێت پێدەکەن. دەشپرسیت "ئەمە پەرەکەتە؟" کەمێك وریاتر بە. ئەمە شوێنێکی ترسناکە بۆ خەڵکی وەکو تۆ (ئادیتیا). ژنێکی زۆر لێرە هەن و ئەگەر تۆ وەها بەردەوام بیت ئەوا هیچت لەبەر نامێنێتەوە و منیش بەشێوەیەکی ناپێویست (سانیاسین)ێکم لەدەست دەچێ.

بیر لە منیش بکەرەوە.

(وینینستاین) كه بزنسمانێكی دەوڵەمەند بوو، كچێكی سەرنجڕاكێشی هەبوو. كوڕێكی گەنجی دۆزییەوە بۆئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بكات. پاش دە ساڵ دوو منداڵیان هەبوو.

ڕۆژێكیان وینینستاین زاواكەی بانگ كردە ئۆفیسەكەی. وتی "گوێبگرە. تۆ دوو نەوەت بە من بەخشیووە، زۆر دڵخۆشت كردووم. دەمەوێ لەسەردا چڵی بزنسەكە بدەم بە تۆ".

"سوپاس، باوكە"

"شتێكی تر هەیە بتوانم بۆتی بكەم؟"

"ئا، بمكڕەوە!"

من ئامادەم تۆ بكڕمەوە نرخەكە هەرچەنێك بێت. تۆ تەنیا لێكۆڵینەوە لە سێ ژن دەكەیت! خۆشەویستی گرنگە، بارودۆخێكی فێربوونی باشە. قوتابخانەیەك بەسە، سییان یەكجار زۆرە. لەگەڵ سێ ژنیشدا ناتوانیت زۆر فێر ببیت، لە پشێوییەكی زۆردا دەبیت. باشترە لەگەڵ یەكێكیاندا بیت، بۆئەوەی بتوانی زیاتر یەك بیت لەگەڵیدا، بۆئەوەی باشتر لەو و ڕوونتر لە حەزەكانی خۆت تێبگەیت، بۆئەوەی كەمتر تەمومژاوی بیت، كەمتر لە عەزابدا بیت، چونكە خۆشەویستی لەسەرەتادا تەنیا دیاردەیەكی نائاگایانەیە، بایۆلۆژییە، شتێكی زۆر بەهادار نیە. تەنیا ئەو كاتەی كە هۆشیاریت دێتە ناوەوە، كاتێك تێڕامانی قووڵت لێیەوە زیاتر و زیاتر دەبێت، بەها پەیدا دەكات، بەرز دەبێتەوە.

ئینتیما لەگەڵ ژنێك یان پیاوێك باشترە لە هەبوونی چەند پەیوەندییەكی ساختە. خۆشەویستی گوڵێكی وەرزی نییە، ساڵانێكی دەوێ تا گەشە دەكات. تەنیا ئەو كاتەش كە گەشە دەكات دەچێتە سەروو بایۆلۆژیاوە و ئیتر شتێكی ڕۆحی تیادا دەبێت. تەنیا ئەوەی كە لەگەڵ گەلێك ژن یان گەلێك پیاو بیت دەتكاتە شتێكی

ساختە- لەوانەیە سەر گەرم بێت، بەلام زۆر ڕواڵەتی دەبێت. بەدڵنیاییەوە سەرقاڵ دەبێت، بەلام ئەو سەرقاڵییە لە کەشەی ناوەوەتدا یارمەتیدەر نابێت. بەلام پەیوەندیی یەك بە یەك، پەیوەندییەکی خۆگر بۆئەوەی بتوانن نزیکتر لەیەکدی تێبگەن، یەکجار زۆر بەسوودە. بۆچی وەهایە؟ و چی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە ژن یان پیاو؟

پێویستییەکە لەبەرئەوەیە کە هەموو پیاوێك بەشێکی مێینەیی لە بوونیدا هەیە و هەموو ژنێك بەشێکی نێرینەیی لە بوونیدا هەیە. تاکە ڕێگە بۆ لێ تێگەیشتنی، ئاسانترین ڕێگە بۆ لێ تێگەیشتنی، سروشتیترین ڕێگە بۆ لێ تێگەیشتنی ئەوەیە کە لە پەیوەندییەکی قووڵ و گەرم و گوڕدا بیت لەگەڵ کەسێکدا. ئەگەر تۆ پیاویت لە پەیوەندییەکی قووڵ و گەرم و گوڕدا بە لەگەڵ ژندا. لێگەڕێ متمانە گەشە بکات بۆئەوەی هەموو کۆسپەکان هەڵوەشێن. ئەوەندە لە یەکتر نزیك ببنەوە کە تۆ بتوانیت بڕوانیتە قووڵایی ژنەکە و ژنەکەش بتوانێ بڕوانێتە قووڵایی تۆ. لەگەڵ یەکتریدا دووڕوو مەبن.

ئەگەر گەلێك پەیوەندیشت هەبێ ئەوا ڕاستگۆ نیت و بە بەردەوامی درۆ دەکەیت. دەبێ درۆ بکەیت، دەبێ سەرڕاست نەبیت، دەبێ ئەو شتانە بڵێیت کە مەبەستت نییە- و ئەوانیش هەموویان گومان دەکەن. زۆر قورسە متمانە لای ژنێك دروست بکەیت ئەگەر تۆ پەیوەندییەکی ترت هەبێت. ئاسانە پیاوێك فریو بدەیت چونکە لە ڕێگەی بیرکردنەوە دەژیت، زۆر قورس و تەقریبەن مەحاڵە ژن فریو بدەیت چونکە بە شێوازێکی غەریزی دەژیت. ناتوانیت ڕاستەوخۆ چاو ببڕیتە چاوەکانی. ترسی ئەوەت دەبێت کە لەوانەیە ڕۆحت و زۆر شتی فریودەرانەی تر و درۆی تر کە شاردووتەوە بخوێنێتەوە.

بۆیە ئەگەر گەلێك پەیوەندیت هەبن ئەوا ناتوانیت بچیتە قووڵایی دەروونی ژنەکەوە. ئەمەش تاکە شتێکە کە پێویستە: زانینی بەشە مێینەکەی ناوەوەت. پەیوەندی دەبێتە ئاوێنەیەك. ژنەکە دەست دەکات بە روانین بە ناو تۆدا و بەشە نێرینەکەی دەدۆزێتەوە. پیاویش دەڕوانێتە ناو ژن و بەشە مێینەییەکەی خۆی دەدۆزێتەوە. چەندەی زیاتریش بەئاگا بێیت لە مێینەییەکەت- جەمسەرەکەی تر- ئەوەندە تەواوتر دەبیت، ئەوەندەش زیاتر یەکپارچە دەبیت. کاتێك پیاوەکەی ناوەوەت و ژنەکەی ناوەوەت لە یەکتریدا ون بوون؛ لەیەکتریدا هەڵوەشان، کاتێك چیتر جودا نین، کاتێك دەبنە گشتێکی یەکخراو، ئەوا بوویتە تاکەکەس.

کارل گوستاڤ یۆنگ ئەمە بە پرۆسەی بەتاکەکەس کردن ناودەبات. ئەو راست دەڵێت، وشەیەکی جوانی بۆ هەڵبژاردووە. هەمان شتیت بەسەر ژندا دێت. بەڵام یاریکردن لەگەڵ چەند کەسێك بە رووکەشی و لە سەرگەرمیدا دەتهێڵێتەوە، بەڵام گەشە ناکەیت و تاکە شتێك کە سەرەنجام گرنگە گەشەیە، گەشەی یەکخستن، تاکەکەسێتی، گەشەی سەنتەر لە تۆدا. ئەو گەشەیەش پێویستی بەوەیە کە تۆ بەشەکەی ترت بناسیت. ئاسانترین رێگە ئەوەیە کە یەکەم جار ژنەکە لە دەرەوەڕا بناسیت، بۆئەوەی بتوانیت ژنەکەی ناوەوەت بناسیت.

رێك وەکو ئاوێنە- ئاوێنە روخساری تۆ وێنەدەداتەوە، روخساری خۆتت پیشان دەدات- ژنەکە دەبێتە ئاوێنەی تۆ، پیاوەکە دەبێتە ئاوێنەی تۆ. ئەویتر وێنەدەرەوەی روخساری تۆیە، بەڵام ئەگەر تۆ گەلێك ئاوێنەت لە دەور هەبن و لە ئاوێنەیەکەوە رابکەیت بۆ ئاوێنەیەکی تر و هەر یەك لە ئاوێنەکان لەبارەی ئەویترەوە فریو بدەیت، ئاوا لە سەرلێ شێواویدا دەبیت، شێت دەبیت.

تۆ لەبەرئەوە دەکەویتە داوی خۆشەویستی ژنێکەوە چونکە زۆر تازەیە: فسیۆلۆجی، شێوەی جسمی، روخساری، چاوەکانی، برۆکانی، رەنگی قژی،

شێوازی قسەکردنی، شێوازی ئاوڕدانەوەی، شێوازی سڵاوکردنی، شێوازی ڕوانینی. هەموو شتێك تازەیە، تەواوی ڕووبەڕەکە نەزانراوە. تۆ دەتەوێ لەم ڕووبەڕەدا بگەڕێیت، زۆر بەکێشکەرە. تۆ پێوە بوویت. هیپنۆتیزە بوویت. کاتێکیش دەست دەکەیت بە نزیکبوونەوە، ئەو دەست دەکات بە ڕاکردن، ئەمە بەشێکی گەمەکەیە. چەندەی ئەو زیاتر رابکات، ئەوەندە زیاتر سیحراوی دەبێت. ئەگەر بڵێت "بەڵێ، من ئامادەم" هەر لەو ساتەدا نیوەی ئامەزرۆییەکەت دەمرێ. لە ڕاستیدا تۆ دەست دەکەیت بە بیرکردنەوە لەوەی چۆن رابکەیت. بۆیە، هەلێکت دەداتێ بۆئەوەی دوای بکەویت. خەڵك قەت ئەوەندەی ئەو کاتە دڵخۆش نین کە هەوڵی ڕازیکردنەکە بەردەوامە-زۆر دڵخۆشن- چونکە ئەمە ڕاوەدوونانە. پیاو لە بنەڕەتدا ڕاوچییە، بۆیە ژن کاتێك ڕاوەدوو دەنرێت، ڕادەکات، هەوڵ دەدات لێرە و لەوێ خۆی بشارێتەوە، خۆی بەدوور بگرێت، بڵێت نا، پیاوەکە گەرم و گەرمتر دادێت. تەحەدییەکە توندتر دەبێت، دەبێ ژنەکە داگیر بکرێت. ئێستا پیاوەکە ئامادەیە بۆی بمرێت، یان هەر شتێك بکات کە پێویستە، بەڵام دەبێ ژنەکە داگیر بکرێت. دەبێ ئەو بیسەلمێنێت کە پیاوێکی ئاسایی نییە. بەڵام هەر کە هاوسەرگیرییان کرد، ئەو کاتە هەموو شتێك نامێنێت، چونکە تەواوی ئارەزوومەندێتییەکە لە ڕاوەدوونانەکەدابوو، تەواوی ئارەزوومەندییەکە لە ناناشنایەتییەکەدا بوو، تەواوی ئارەزوومەندییەکە ئەوە بوو کە ژنەکە لە ڕواڵەتدا قابیلی گرتن نەبوو. بەڵام ئێستا ئیتر گیراوە، ئێستا چۆن دەکرێ ئەو ئارەزوومەندییە کۆنە بمێنێ؟ ئەوپەڕی دەتوانیت وەها دەرببەخەیت، بەڵام ئارەزوومەندییە کۆنەکە ناتوانێ بمێنێتەوە. شتەکان دەست دەکەن بە ساردبوونەوە. ئەوان ئیتر لەیەکتری بێزار دەبن چونکە ئێستا ژنی تر هەن کە جارێکی تر ڕووبەر و پانتایی تازەن، ئەوان بەکێشت دەکەن، دەتبزوێنن، بانگەواز دەکەن.

هەمان شتیش بەسەر بیرکردنەوەکاندا دێت؛ تۆ جۆرێک بیرکردنەوە سیحرت لێدەکات، بەڵام بەهاتنی ئەو کاتەی کە ئاشنای دەبیت ئەوا مانگی هەنگوینی تەواو دەبێت، خۆشەویستی بەسەر دەچێ. ئێستا دەتەوێ بایەخ بە شتێکی تر بدەیت، شتێکی نوێ کە جارێکی تر ئەو خرۆشە، ئەو تەوژمەت دەداتێ. بەم شێوەیە کە مرۆڤ لە ژنێکەوە بەرەو لای ژنێکی تر دەڕوات، لە پیاوێکەوە بۆ لای پیاوێکی تر دەڕوات، لە بیرکردنەوەیەکەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی تر دەڕوات، لە ڕێچکەیەکەوە بەرەو ڕێچکەیەکی تر دەڕوات، لای مامۆستایەکەوە بەرەو لای مامۆستایەکی تر دەڕوات. ئەم جۆرە گەڕانە قەت کاتی پێویستت ناداتێ متمانە دروست بکەیت.

بەشی سێیەم

من بێ کەلکم تەنیا دەتوانم گۆرانی بڵێم و
گۆرانییەکانیشم بێ مەبەستن
"رابیندرانات"

سیاسەتمەدار

من سیاسییەکی شۆڕشگێڕی رادیکاڵم. شتێکت هەیە پێمی بڵێیت؟

تۆ لە ئێستاوە زۆر لە بەرەی خۆت ئێت پەڕاندووە- تۆ گوێ ناگریت. تەنیا ئەوەی کە سیاسەتمەدار بیت بەسە، بەڵام تۆ سیاسییەکی رادیکاڵی شۆڕشگێڕیت- شێرپەنجەی دووقاتە، سێ قاتە! ئایا سیاسەت بەس نییە؟ دەبێ رادیکاڵ و شۆڕشگێڕیش بیت؟ بەڵام ئێمە هەمیشە وشەی جوان دەدۆزینەوە بۆ شاردنەوەی واقعیەتە دزێوەکان. هیچ سیاسییەك ناتوانێ شۆڕشگێڕ بێت، چونکە تاکە شۆڕش، رۆحییە. هیچ سیاسییەك ناتوانێ رادیکاڵیش بێت، وشەی "رادیکاڵ" واتە شتی رەگوریشەیی. سیاسی تەنیا گەڵاکان دەبڕێت، هیچ پەیوەندی بە ڕەگەکانەوە نییە، تەنیا رۆشنبوونەوە دەتگەیەنێتە رەگەکان، تەنیا تێڕامان لە ناخ دەتگەیەنێتە رەگی کێشەکان.

سیاسەت هەمیشە بوونی هەبووە، سیاسییەکان هەمیشە هەبوون، بەڵام چی روویداوە؟ جیهان هەر لە سوڕانەوەدا دەبێت! لەڕاستیدا، نەگبەتی هەموو ڕۆژێ چەندجارە زیاد بێت. هەموو ئەو شۆڕشگێڕ و سیاسییە رادیکاڵانە هەر تەڵەکەباز دەبن– هەڵبەت نیازیان باشە، بەڵام نیازەکان حساب نین– ئەوەی کە حسابە ئاگاییە.

سیاسی، ئاگایی نییە، لەڕاستیدا هەوڵ دەدات خۆی بەدوور بگرێت لە کێشە ناوەکییەکانی، هەوڵ دەدات لەکێشەکانی خۆی رابکات. ئاسانترین ڕێگەش راکردنە لە خۆت بۆئەوەی نیگەرانی کێشەکانی جیهان بیت، ئابووری، سیاسەت، مێژوو، خزمەتکردنی هەژاران، وەرچەرخانی هەلومەرجی کۆمەڵگە، چاکسازی. هەموو ئەم ستراتیژانە بۆ راکردنە لە کێشەکان خۆیان– ستراتیژی تەمومژاوین، ترسناکن، چونکە هەست دەکەیت شتێکی مەزن ئەنجام دەدەن لەکاتێکدا کە تەنیا لە ترسنۆکیدان.

یەکەم جار رووبەڕووی کێشەکانی خۆت ببەوە. یەکەم جار هەوڵ بدە بوونی خۆت وەربچەرخێنیت. تەنیا کەسێکی وەرچەرخاو دەتوانێت پرۆسەکانی وەرچەرخان لەوانیتردا بجوڵێنێت.

ئۆشۆ، شتێکت هەیە بە منی بڵێیت؟

دوو شتت لە بیر بێت. یەکەم، سێ ڕێسای تێکشکاندن. سێ ڕێگا هەیە بۆئەوەی لەم جیهانەدا تێکبشکێنرێیت: یەکەم لەڕێگەی سێکسەوە، دووەم لە ڕێگەی قومارەوە، سێیەم لە ڕێگەی سیاستەوە. سێکس خۆشترینە، قومار بزوێنەرترینە، سیاسەتیش دڵنیاترینە.

دووەم، هەروەها یاسای بنەڕەتی هەموو شۆڕشەکانت بیر بێت: کاتێک شۆڕش دێت، شتەکان جیاواز دەبن- باشتر نابن، تەنیا جیاواز دەبن.

سیاسییەکان چەندەها سەدەیە هەموو جیهان ئاراستە دەکەن- بۆ کوێ، بۆ کام کۆتاییە؟ ئایا کاتی ئەوە نییە تەواوی دەبەنگیی گەمەکە ببینیت؟ لانی کەم ئێمە ئاگادارین، بە تەواوی ئاگادارین لە پێنج هەزار ساڵی سیاسەت، دەبێ پێش ئەوە حاڵەتەکە هەر هەمان شت بووبێت، بەڵام پاش پێنج هەزار ساڵی گەمەکانی سیاسەت چی ڕوویداوە؟ مرۆڤ هەر لە تاریکیدا دەمێنێتەوە، هەر لەو نەگبەتییەدا دەمێنێتەوە و هەر لەو دۆزەخەدا دەمێنێتەوە. بەڵێ، سیاسەت بە بەردەوامی هیوای پێدەبەخشێ- هیوا بۆ سبەینێیەکی باشتر، کە قەت نایەت. سبەی قەت نایەت.

ئەمە تریاکی خەڵکە. کارل مارکس دەڵێت ئایین تریاکی گەلانە. ڕاستە، لەسەدا نەوەد و نۆ و لەدەیا نۆ ڕاستە، تەنیا یەک پۆینت ڕاست نییە. بودا، عیسا، لاو تزو، زەردەشت، دەکرێ تەنیا ئەم چەند کەسە بە پۆینتەکە حساب بکرێن، ئەگینا کارل مارکس لەسەدا نەوەد و نۆ و لەدەیا نۆ ڕاستە لەوەدا کە ئایین تریاکی گەلانە. ئایین خەڵکی خستووەتە حاڵەتێکی تریاکییەوە، تەقریبەن خەوێکی وەها کە دەتووانن بەرگەی هەبوونێکی بەرگەنەگیراو بگرن، کە دەتووانن بەرگەی هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی، لەبرسامردن بگرن، ئەمەش بە هیوای سبەینێیەکی باشتر. ئایینەکان ڕاهاتبوون لەسەر باسی ئەم سبەینێیە باشترە لە جیهانێکی تری پاش مردندا.

خەڵکی دێنە لام و پرسیار دەکەن "پاش مردن چی ڕوودەدات؟" وەڵامیان نادەمەوە، لەبری ئەوە پرسیارێکی تریان لێ دەکەم "پاش مردن هەمووی بیر خۆت بەرەوە، با پرسیارێکت لێ بکەم: پێش مردن چی ڕوودەدات؟" چونکە هەر شتێک کە پێش مردن ڕوودەدات لەپاش مردنیش هەر بەردەوام دەبێ. ئەمە

درێژبوونەوەیەکە: ئاگاییت هەروەکو خۆی دەبێ- پێش و پاش هیچ جیاوازییەکی نییە. لەوانەیە جەستە هەمان شت نەبێت، لەوانەیە قاوغەکە بگۆڕێت، بەڵام ناوەڕۆك هەروەکو خۆی دەبێت. هەرچییەك کە ڕوودەدات بەسەر قاوغدا دێت نەك ناوەڕۆك.

سەرەتا، ئایین تریاکی دەدایە خەڵك "سبەی، پاش مەرگ". ملیۆنەها کەس لە دۆخی بێهۆشبووندا مایەوە، بەنجی ئایینی. ئێستاش سیاسەت هەمان شت دەکات. تەنانەت کۆمەنیزمیش دەرچوو کە جگە لە تریاکێکی نوێ بۆ کۆمەڵانی خەڵك هیچی تر نییە- کۆمەنیزم جۆرێکی نوێی ئایینە. ستراتیژەکە هەمان شتە: "سبەینێ شۆڕش دێت و هەموو شتێك باش دەبێ". دەبێ لەپێناو سبەینێدا خۆت بکەیتە قوربانی ئەمڕۆ و سبەینێش قەت نایەت.

دەیان ساڵ بەسەر شۆڕشی ڕوسیادا تێپەڕیووە و سبەی هێشتا دوورە. دەیان ساڵ بەسەر شۆڕشی هیندی، شۆڕشی گاندی، ڕەت بووە و سبەی هەر دوور دەکەوێتەوە. ئەوانەی خۆیان کردە قوربانی بەبێ ئاکام ئەوەیان کرد، ئەگەر بژیانایە باشتر بوو. ئەوانەی کوژران بە ڕاستی خۆکوژییان ئەنجامدا بەو هیوایەی کە خزمەتێکی مەزنی مرۆڤایەتی دەکەن.

شێتییەکی زیاتر لە جیهاندا مەیەنەرە کایەوە، هەنوکە پڕ لە شێتییە.

جارێکیان دۆستێکم لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی ئیشی دەکرد. کاتێك نەخۆشەکانی بەسەر دەکردەوە، لێی دەپرسین "بۆچی لێرەیت؟" وەڵامەکەش بەزۆری پیشاندەری ئاستی بینینی نەخۆشەکە بوو بۆ واقیع.

بەیانییەك دەروونناسەکە وەڵامێکی وەرگرت کە تووشی شۆکی کرد. نەخۆشەکە وتی " منیش لەبەر هەمان هۆکاری تۆ لێرەم دکتۆر. نەمتوانی لە جیهانی دەرەوە هەڵبکەم".

ئەخۆشەکان و دکتۆرەکان، خەڵك و سیاسییەکان هەموویان لە هەمان بەلەمدان. هەموویان شەیدای ئایەتوڵڵا خومەینین! هەموو جۆرە شەیدایییەکان بێ بناغەن لە جیهاندا. ئەگەر تۆش لە سیاسەتە شۆڕشگێڕییە رادیکاڵەکەت بێیتە دەرەوە، ئەوا لانی کەم شەیدایەکی خومەینی کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش بەرەکەتێکی گەورەیە.

قەشە

ئەهریمەنێکی گەنج رادەکات بۆ لای گەورەکەی. دەلەرزێت و بە پیرە ئەهریمەن دەڵێت "دەبێ دەستبەجێ شتێك بکرێت، چونکە لەسەر زەوی کەسێك راستی دۆزیووەتەوە! و هەر کە خەڵك راستییان زانی، ئیشەکەمان چی بەسەر دێ؟"

پیرەکە پێکەنی و وتی "دانیشتە و پشوو بدە و نیگەرانیش مەبە. هەموو شتێك دەبڕ بووە. خەڵکەکەمان گەیشتوونەتە ئەوێ".

ئەویش وتی "بەلام من لەوێوە دێمەوە. تاکە هەریمەنێکیشم لەوێ نەبینی".

پیرەکە وتی "قەشەکان خەڵکی منن. ئەوان هەنوکە دەوری ئەو پیاوەیان داوە کە راستی دۆزیووەتەوە. ئێستا ئەوان دەبنە ناوبژیوانی نێوان پیاوی راستییەکە و خەڵکەکە. ئەوان پەرستگا دادەنێن، دەقی پیرۆز دەنووسن، ئەوان هەموو شتێك لێکدەدەنەوە و دەشێوێنن. ئەوان داوا لە خەڵك دەکەن پەرستن ئەنجام بدەن، نزا بکەن. لەم جەنجاڵەشدا، راستی بزر دەبێت. ئەمە شێوازی کۆنی منە، کە هەمیشە سەرکەوتوو بووە".

ئەو قەشانەی کە نوێنەرایەتی ئایین دەکەن، هاوڕێی ئایین نین. بەڵکو گەورەترین دوژمنی ئایینن، چونکە ئایین پێویستی بە ناوبژیوان نییە: لەنێوان تۆ و هەبووندا پەیوەندییەستنێکی دەستبەجێ هەیە. هەموو ئەوەی کە دەبێ فێری بیت ئەوەیە

چۆن لە زمانی هەبوون تێبگەیت. تۆ زمانەکانی مرۆڤ دەزانیت، بەڵام ئەمانە زمانەکانی هەبوون نین. هەبوون تەنیا یەك زمان دەزانێت، ئەویش بێدەنگییە.

ئەگەر تۆش بتوانیت بێدەنگ ببیت ئەوا دەتوانیت لە راستی، لە مانای ژیان، لە گرنگی هەموو ئەوەی کە هەیە تێبگەیت. کەس نییە بتوانێ بۆتی لێك بداتەوە. دەبێ هەر کەسێك بۆ خۆی بیدۆزێتەوە. کەس ناتوانێ لەبری تۆ ئیشەکە بکات- بەڵام ئەمە ئەو شتەیە کە چەندەها سەدەیە قەشەکان دەیکەن. ئەوان وەکو دیواری چین لەنێوان تۆ و هەبووندا وەستاون. تەنیا پێش چەند رۆژێك، پاپای ڤاتیکان بە هەموو کاسۆلیکەکانی راگەیاند "ئەوە چەند جارێکە پێم دەوترێت کە زۆرێك لە کاسۆلیکەکان راستەوخۆ بەرانبەر خودا دانپیانانەکانیان دەخەنەڕوو. ئەوان ناچنەی ژووری دانپیانان، لای قەشە. من رایدەگەیەنم کە دانپیانان راستەوخۆ بەرانبەر خودا گوناهە. دەبێ بەرانبەر قەشە دانپیانان بخەنەڕوو. ناتوانن راستەوخۆ لەگەڵ خوادا پەیوەندی ببەستن".

ئەو هیچ هۆکارێکی نەدا بە دەستەوە، چونکە بەهیچ شێوەیەك هیچ هۆکارێك نییە؛ جگە لەوەی کە قەشە پیشەکەی خۆی بپارێزێ- و ئەویش خۆی گەورەی قەشەکانە.

ئەگەر خەڵك دەست بکەن بە نزیکبوونەوە لە واقیع بەبێ ئەوەی کەس رێنماییان بکات، بەبێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت چ باشە و چ خراپە، بەبێ ئەوەی کەس نەخشەیەکیان بداتێ بۆئەوەی لەسەری برۆن، ملیۆنان کەس دەتوانن لە هەبوون تێبگەن- چونکە لێدانی دڵیشمان، لێدانی دڵی گەردوونە، ژیانمان بەشێکە لە ژیانی گشتەکە.

ئێمە غەریبە نین، ئێمە لە شوێنێکی ترەوە نایەین، ئێمە لەناو هەبوونەوە گەشە دەکەین. ئێمە بەشێکین، بەشێکی جەوهەرین لێی. تەنیا دەبێ بایی پێویست

بێدەنگ بین بۆئەوەی بتوانین ئەوە ببیستین کە ناکرێ لە وشەکاندا بوترێ: مۆسیقای هەبوون، خۆشیی لەبن نەهاتووی هەبوون، ئاهەنگی بەردەوامی هەبوون. هەر کە دەچێتە ناو دڵمانەوە، وەرچەرخان دێت.

ئەمە تاکە رێگەیە کە مرۆڤ ببێتە دیندار- نەك بە چوون بۆ کەنیسەکان کە مرۆڤ دروستی کردوون، نەك بە خوێندنەوەی دەقی پیرۆز کە دەستکردی مرۆڤن. بەڵام قەشەکان هەر خەریکی ئەوەن وا دەربخەن کتێبە پیرۆزەکان لەلایەن خوداوە نوسراون. خودی ئەم ئایدیایە گەمژانەیە. تەنیا بڕوانە ناو ئەو کتێبانە: تۆ هیچ شوێنەوارێکی خودایان پێوە نابینیت. ئەو شتانە بەدی دەکەیت کە خودا پێویستی بە نووسینیان نییە.

هیندۆسەکان بڕوایان بە (ڤیداس) هەیە و بڕوایان وایە کە لەلایەن خوداوە نووسراوە و ئەمانە کۆنترین کتێبن لە هەبووندا، بەڵام هیچ هیندۆسێك خۆی ماندوو ناکات بڕوانێتە ناویان. ئەگەر خودا نووسیبێتنی ئەوا شتێکی زۆر بەهادار دەبن...بەڵام 98٪ی (ڤیداس) زبڵە- زبڵێکی وەها کە دەیسەلمێنێت لەلایەن خوداوە نەنووسراوە.

بۆ نموونە نزایەك لەلایەن قەشەوە...بۆ دەبێ خودا بینووسێت؟ نزاکەش ئەوەیە کە مانگاکانی شیری پێویستیان تێ نییە "بەزەییت پیا بێمەوە، شیری مانگاکانم زیاد بکە". نەك هەر ئەوە، ئەمەش "شیری هەموو ئەوانیتر کەم بکەرەوە!"- خودا ئەمە دەنووسێت! "دوژمنەکانم بکوژە و یارمەتی دۆستەکانم بدە" و تەنانەت شتی پوچی وەکو "بارانەکان بەرێوەن، ئاگاداری ئەوە بە هەموو ئاوەکە بگاتە کێڵگەکانی من و نەچێتە کێڵگەی تر، چونکە هی دوژمنەکەمە. ئاوەکەت تەنیا بەسەر کێڵگەی مندا ببارێنە".

بۆچی دەبێ خودا ئەم شتانە بنووسێت؟ هەر دەقێکی پیرۆز لەخۆیدا بەڵگە دەدات بە دەستەوە کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە نوسراون و لەلایەن کەسانی دەبەنگیشەوە، مرۆڤی بەرایی. بەناو دەقە پیرۆزەکان تەنانەت هی ئەوە نین کە بە ئەدەبیاتێکی باشیش لەقەڵەم بدرێن– منالانەن، کرچ و کاڵن، دزێون. بەڵام لەبەرئەوەی بەو زمانانە نووسراون کە مردوون...و هەندێکیان بەو زمانانە نووسراون کە قەت هی خەڵکی ئاسایی نین. ئەمە زمانی براهمیە خوێندەوارەکان، زمانی قەشەکان بوو. ئەوانیش زۆر نابەدڵ بوون لەوەی کە تەرجەمە بکرێ، چونکە دەیانزانی: هەر کە تەرجەمە کرا، هەموو بایەخەکەی لەدەست دەدات. خەڵك بۆیان دەردەکەوێت کە ئەم پوچییە تەنانەت پیرۆزیش نییە– چی بوترێت لەبارەی پیرۆزبوونەکەی!

بەدرەوشتی زۆر، پۆرنۆگرافی زۆر لە هەموو دەقە پیرۆزەکاندا هەیە. بەڵام بە سانسکریتی نووسراون کە لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەکارنایەن. بە عیبری نووسراون کە لەلایەنی خەلکی ئاساییەوە بەکارنایەت، بە زمانی (پالی) نووسراون کە لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەکارنایەت. ئەو زمانانە مردوون. هەموو ئایینەکانیش نابەدڵن لەوەی کە دەقە پیرۆزەکانیان بگۆڕدرێت بۆ زمانە مۆدێرنەکان کە خەڵك لێیان تێبگات– هەرچەندە وێڕای نابەدڵییان، دەقە پیرۆزەکانیان تەرجەمە کراوە.

یەکەم جار لەدژی ئەوە بوون چاپ بکرێن، دووەم جار لەدژی تەرجەمەکردنیان بوون. تاکە هۆکاریش ئەوە بوو دەیانزانی هەر کە چاپ کران ئەوا لەسەرانسەری جیهاندا دەفرۆشرێن، دەشێ هەموو کەسێك بیکڕێت. ئەگەر تەرجەمەش کران بۆ زمانە زیندووەکان ئەوا تا کەی دەتوانیت حەقیقەت بشاریتەوە؟ و چۆن دەتوانیت بیسەلمێنیت کە لەلایەن خوداوە نووسراون؟

دەقە پیرۆزەکان دەستکردی مرۆڤن، پەیکەرەکانی خودا دەستکردی مرۆڤن، بتەکان و کەنیسەکان دەستکردی مرۆڤن، بەلام هەزاران سالی پرۆگرامکردن پیرۆزییەکی پێ بەخشیوون. هیچ پیرۆزییەکیشیان تێدا نییە.

قەشەکان زیاتر لە هەر کەسێکی تر مرۆڤیان خەڵەتاندووە. ئەمە خراپترین پیشەیە لە جیهاندا، تەنانەت خراپتر لە پیشەی لەشفرۆشەکانیش. لانی کەم لەشفرۆشەکان لەبەرانبەردا شتێکت دەدەنێ، قەشە تەنیا هەوایەکی گەرمت دەداتێ— هیچی نییە بداتێ.

ئەمەش هەموو شتەکە نییە: هەر کە کەسێك درکی بە راستی کرد، ئەم قەشانە لەدژیانن. ئاشکرایە دەبێ وەها بن، چونکە ئەگەر راستییەکەی لەلایەن خەڵکەوە پەی پێبرا، ملیۆنان قەشە لە جیهاندا بێ ئیش دەبن. ئیشەکەشیان بەشێوەیەکی رەها بێ بەرهەمە. ئەمانە مشەخۆرن، ئەوان بەردەوامن لە مژینی خوێنی مرۆڤ. هەر لەو ساتەوە کە منال لەدایك دەبێت، تا ئەو کاتەی کە دەچێتە گۆڕەوە، قەشە رێگاگەلێك دەدۆزێتەوە بۆ ئیستیغلالکردنی.

ئەگەر ئایین لە دەستی قەشەکان ئازاد نەکرێت، جیهان تەنیا بەناو ئایینی تێدا دەمێنێتەوە، قەت نابێتە ئایینی. جیهانی ئایینی ناشێ ئەوەندە بەدبەخت بێت: جیهانی ئایینی دەبێ ئاهەنگێکی بەردەوام بێت.

پیاوی ئایینی شتێك نییە جگە لە شادییەکی بێگەرد. دڵی پڕە لە گۆرانی.

سەراپای بوونی ئامادەی سەمایە لە هەر ساتێکدا.

بەلام قەشە گەڕانی بەدوای حەقیقەتدا لە تۆ سەندووە: ئەو دەڵێت پێویست ناکات بگەڕێیت، هەنوکە دۆزراوەتەوە، تەنیا دەبێ ئیمانت هەبێ.

قەشە خەڵکی چارەڕەش کردووە، چونکە ئیدانەی هەموو چێژەکانی جیهان دەکات. ئەو ئیدانەی چێژەکانی جیهان دەکات بۆئەوەی بتوانێ ستایشی چێژەکانی جیهانەکەی تر بکات.

جیهانەکەی تر، چیرۆکەکەیەتی. دەشیەوێ مرۆڤایەتی واقیعەکەی بکاتە قوربانیی بیرۆکە چیرۆکئامێزەکان– خەڵکیش کردوویەتە قوربانی.

زانا

بیستوومە دەڵێیت زانست پەیوەندی بە سەرەوە هەیە و ئایینیش بە دڵەوە. تێدەگەم کە ئەم تایبەتمەندییانە کە جەمسەریەندییان هەیە، بەندن بە یەکترییەوە. هیچ کامیان ناتوانن بەبێ ئەویتریان هەبن، وەکو چۆن مرۆڤ ناتوانێت بەبێ سەر و دڵ هەبێت. ئەی نابێ ئەو کاتە کۆمەڵی زانستی جیهانی وەکو دەرەنجامێکی پێویست کۆمەڵی ئایینی جیهانی لەگەڵدا پەیدا ببێ؟ ئایا لە روئیای تۆدا بۆ مرۆڤی نوێ زانستی جیهانی و ئایینی جیهانی تەواوکەری یەکتری نین؟

مرۆڤ تەنیا دڵ و سەر نییە. شتێکی زیاتر لە هەردووکی هەیە– بوونی. بۆیە دەبێ تۆ لە سێ شت تێبگەیت: سەر، دڵ و بوون.

من وتوومە ئایین پەیوەندی بە دڵەوە هەیە، چونکە ئایین پەیوەندی نێوان سەر و بوونە. سەر ناتوانێ راستەوخۆ باز بداتە سەر بوون مەگەر ئەوەی کە بەناو دڵدا تێپەڕێت.

زانست سنووردارە بە سەر، ئەقڵ، لۆژیک. دڵ سنووردارە بە هەستە جەستەییەکان، هەستە مەعنەوییەکان. بەڵام بوون لەسەرو هەردووکیانەوەیە. بێدەنگییەکی بێگەردە– نە بیرکردنەوەیە و نە هەستکردنە. تەنیا ئەو کەسەش کە بوونەکەی دەزانێ بە راستی ئایینییە، دڵ تەنیا یەك وێستگەیە. بەڵام دەبێ تۆ لە

گرفتی من تێبگەیت. تۆ لە سەردایت. من ناتووانم لەبارەی بوونەوە قسە بکەم چونکە سەر ناتووانێت لەگەڵ بووندا پەیوەندی بکات. بەلای سەرەوە بوون نییە، هەربۆیە زاناکان بەردەوامن لە نکوڵیکردن لە ڕۆح. بۆیە دەبێ من لەبارەی دڵەوە قسەت بۆ بکەم کە نیوەی ڕێگایە.

مومکینە سەرکەمێك لە دڵ تێبگات، چونکە تەنانەت گەورەترین زاناش دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە. سەرەکەی ناتووانێ ئەو شتە هەرس بکات کە ڕوودەدات– کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە؟ ناتووانێ بەشێوەیەکی ئەقڵانی بیسەلمێنێت، ناتووانێت بزانێ بۆچی ئەمە بەسەر پیاوێکی دیاریکراو یان ژنێکی دیاریکراودا دێت، چ کیمیایەك لە پشتیەوەیە، چ فیزیایەك لە پشتیەوەیە، پێدەچێت شتێکی لەپڕ بێت. بەڵام ناتووانێ نکوڵیشی لێ بکات، هەر هەیە و خاوەنی هەموو ژیانە.

بۆیە من دەڵێم ئایین پەیوەندی بە دڵەوە هەیە. ئەمە تەنیا قسەیەکی کاتییە.

هەر کە بتووانم قایلت بکەم لە بیرکردنەوەوە بێیتە سەر هەستکردن، ئەو کاتە دەتووانم پێت بڵێم ئایین پەیوەندی بە بوونەوە هەیە. ئایین نە بیرکردنەوەیە نە هەستکردنە، نە لۆژیکە نە هەستە. بەڵکو تەنیا بێدەنگیی بێگەردە: بە مانایەك لە ماناکان بە تەواوی بەتاڵە، چونکە هەستکردنێك نییە، بیرکردنەوە نییە و بە مانایەکی تر لێوانلێوە لە خۆشبەختی، لە بەرەکەت.

تێڕامان لە ئاخ ڕێگەیەکە لە سەرەوە بەرەو دڵ، لە دڵەوە بەرەو بوون.

دەمەوێ هەموو زاناکان گوێ لە دڵ بگرن. ئەمە کارەکتەری زانست دەگۆڕێت. لە خزمەتی مەرگدا نابێت، چەکی وێرانکەر و وێرانکەرتر دروست ناکات. لە خزمەتی ژیاندا دەبێت. گوڵەباخی باشتر دێنێتەکایەوە، ڕووەکی باشتر دێنێتەکایەوە، ئاژەڵی باشتر، باڵندەی باشتر و مرۆڤی باشتر دێنێتەکایەوە.

بەڵام کۆتا ئامانج بریتییە لە جوڵان لە هەستکردنەوە بەرەو بوون. ئەگەر زانایەکیش بتوانێ لەبارەی جیهانی بابەتییەوە سەری بەکار بێنێت، دڵی بۆ جیهانی نێوان کەسەکان بەکاربێنێت و بوونی بۆ خودی هەبوون بەکار بێنێت، ئەو کاتە ئەو کەسێکی تەواوە.

روئیای من لەبارەی مرۆڤی نوێوە، مرۆڤێکی تەواوە: تەواو بەو مانایەی کە هەر سێ رەهەندەکەی ئیش بکەن بەبێ ناکۆك هاتنەوەیان لەگەڵ یەکتریدا، بەڵکو تەواوکەری یەکتری بن.

کەسی تەواو جیهانێکی تەواو دروست دەکات. پیاوی تەواو جیهانێك لە زاناکان، جیهانێك لە شاعیرەکان، جیهانێك لە تێرامێنەکانی ناخ دێنێتەکایەوە.

روانگەی من ئەوەیە کە دەبێ هەرسێ سەنتەرەکە لە هەموو کەسێکدا ئیش بکەن، چونکە تەنانەت تاکە کەسێکیش جیهانێکە لەناو خۆیدا. ئەم سەنتەرانەش لە تاکەکەسدا هەن نەك لە کۆمەڵگەدا، لێرەوە تەرکیزی من لەسەر تاکەکەسە. ئەگەر من بتوانم تاکەکەس بگۆڕم، زوو یان درەنگ جیهانیش دەگۆڕێ. دەبێ بەدوایدا بگۆڕێ، چونکە جوانیی مرۆڤە نوێکە دەبینێت.

مرۆڤە نوێکە نەك تەنیا لە جەبردا زیرەکە، ئەو دەتوانێ مۆسیقا دابڕێژێت و خۆشی لێ ببینێت. ئەو دەتوانێ سەما بکات، دەتوانێ گیتار عەزف بکات- کە پشوودانێکی گەورەیە بۆ سەری، چونکە سەر چیتر ئیش ناکات.

مرۆڤی نوێ تەنیا مرۆڤی دڵ نییە، ئەو ساتانەش هەن کە دەچێتە قووڵایی زیاتر و هەر هەیە و هیچی تر.

ئەو سەرچاوەیەی (هەیە)ی تۆ سەنتەری ژیانتە. دەست لێدانی، بوون لەوێ گەنجبوونەوەیە. هەموو وزەکانی دڵت، سەرت، بەشێوەیەکی بەرچاو چەندجارە دەبن، چونکە هەموو رۆژێ، هەموو ساتێك وزەی نوێ وەردەگریت.

تەنانەت زانایەکی گەورەی وەکو ئەلبێرت ئەنیشتاینیش تەنیا 15٪ی تواناکەی بەکاردێنێت. ئەی لەبارەی خەڵکی ئاساییەوە چی بڵێین؟ ئەوان قەت ناچنە سەروو لەسەدا پێنج بۆ لەسەدا حەوت. ئەگەر هەرسێ سەنتەرەکە پێکەوە ئیش بکەن، مرۆڤ دەتوانێ بەشێوەیەکی گشتگیر ئیش بکات، واتە لەسەدا سەد. ئێمە بە راستی دەتوانین لێرە بەهەشتێك دروست بکەین، لەسەر ئەم ئەرزە.

ئەوە بەدەست ئێمەیە. تەنیا کەمێك تەقەلا، کەمێك بوێری پێویستە و هیچی تر.

دەبێ جیهان بۆ هەموو تەکنۆلۆژییەکان، هەموو سەرگەرمییەکان زانستی بێت. دەبێ جیهان شیعری بێت، ئەگینا مرۆڤ دەبێتە رۆبۆت. سەر کۆمپیوتەرێکە. بەبێ شیعر و مۆسیقا و سەما و گۆرانی، ئەوەی کە سەرت دەیکات دەکرێ بەبێ هەڵە و بەبێ مەسرەف بە کۆمپیوتەرێك بکرێت. پاپاکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەڵە ناکەن. ئەوان وەها نین. بەڵام ئەگەر بیانەوێ بێ هەڵە بن، دەکرێ مێشکیان بە کۆمپیوتەرێك جێگۆرکێی پێ بکرێ ئەو کاتە بێ هەڵە دەبن.

دڵ سەراپا رەهەندێکی جیاوازی ئەزموونکردنی جوانی، خۆشەویستی و دەربڕینیەتی. بەڵام ئەمە هەمووی نییە. ئەگەر نەگەیتە سەنتەری خۆت، ئەوا هەر بێ قەناعەت دەبیت. مرۆڤی بێ قەناعەتیش ترسناکە، چونکە هەموو شتێك دەکات بۆ دەربازبوون لە بێ قەناعەتییەکەی. ئەو کەسەی خۆی و سەنتەرەکەی دەناسێت دەوڵەمەندترینە.

لە راستیدا، مەملەکەتی خودا لەوێیە.

ئەمە مەملەکەتی تۆیە، تۆ لەوێ وەکو(خودا) وەهایت. لە قووڵاییدا، بە سەنتەرگرتنت لە بوونتدا، دەبیتە ئیمپراتۆر.

بزنسمان

من بزنسمانم، دەتووانم تێڕامێنێکی ناخیش بم؟

دەبێ مرۆڤ لە ژیاندا شتێك بێت. یەكێك دارتاشە و یەكێك پاشا، و یەكێك بزنسمانە و یەكێكی تر جەنگاوەر. ڕێگەگەلێك بۆ بژێوی هەن، ئەمانە ڕێگەی بەدەستهێنانی نان و كەرە و پەناگەن. ئەمانە ناتووانن بوونی ناوەوەت بگۆڕن. تۆ چ ئەوەی جەنگاوەرێك بیت یان بزنسمانێك، جیاوازی نییە: یەكێك ڕێگەیەكی هەڵبژاردووە بۆ بەدەستهێنانی بژێوییەكەی، ئەویتر شتێكی تری هەڵبژاردووە.

تێڕامانی ناخ ژیانە، بژێوی نییە. هیچ پەیوەندییەكی نییە بەوەی كە دەیكەیت، هەموو پەیوەندییەكیشی هەیە بەوەی كە هەیت. بەڵێ، نابێ بزنس بێتەناو بوونتەوە، ئەمە ڕاستە. ئەگەر بوونیشت وەكو بزنسی لێهاتووە، ئەو كاتە تێڕامان لە ناوەوە قورس دەبێت و بوون بە ڕۆحانی ئەستەم دەبێ...چونكە ئەگەر بوونت وەكو بزنسی لێهاتبێت، ئەوا زۆر بوویتە حسابی. كەسی حسابیش كەسێكی ترسنۆكە: زۆر بیر دەكاتەوە، ناتووانێ هیچ بازێك بدات.

تێڕامان لە ناخیش بازدانێكە: لە سەرەوە بۆ دڵ و سەرەنجام لە دڵەوە بۆ بوون. تۆ زیاتر و زیاتر دەچیتە قووڵاییەوە، شوێنێك كە تیایدا حسابات جێ هێڵراوە، كە تیایدا هەموو لۆژیك ناپەیوەندیدار دەبێ. تۆ ناتووانیت لەوێ زیرەكییەكەت لەگەڵ خۆتدا هەڵبگریت.

لە ڕاستیدا، زیرەكی لەوێدا تێگەیشتوویيەكی ڕاستەقینە نییە، زیرەكی جێگرەوەیەكی لاوازە بۆ تێگەیشتوویی، ئەو كەسانەی كە تێگەیشتوو نین فێر دەبن چۆن زیرەك بن. ئەو كەسانەی كە تێگەیشتوون پێویست ناكات زیرەك بن، ئەوان

بێگوناهن، پێویست ناکات تەڵەکەباز بن. ئەوان لە دۆخێکی (نەزانین)ەوە ئیش دەکەن.

ئەگەر تۆ بزنسمانێك بیت، ئەوە ئاساییە. عیسا توانی ببێتە تێرامێنێکی ناخ و رۆحانی و سەرەنجام مەسیحێك، بودابیەك... و کوڕی دارتاشێکیش بوو کە یارمەتی باوکی دەدا، داری دەهێنا، داری دەبڕییەوە. ئەگەر کوڕی دارتاش بتوانێ ببێتە بودابیەك، ئەی تۆ بۆ نا؟

(کەبیر) ئیشی رستن و چنینی دەکرد. لە سەرانسەری ژیانیشی لە ئیشەکەی بەردەوام بوو، تەنانەت پاش رۆشنبوونەوەکەشی هەر خەریکی ئیشەکەی بوو، حەزی لێی بوو! زۆرجار شاگردەکانی پرسیاریان لێدەکرد، بە چاوی فرمێسکاوییەوە لێی دەپاڕانەوە "پێویست ناکات چیتر ئیش بکەیت- ئێمە لێرەین بۆئەوەی ئاگامان لێت بێت! ئەو هەموو شاگردەت هەیە، بۆچی بەو تەمەنە زۆرەوە هەر تەشی دەڕێسی و دەچنی؟"

(کەبیر)یش دەیگوت "بەڵام ئێوە دەزانن بۆ کێ چنین دەکەم؟ بۆ خودا!- چونکە ئێستا هەمووان بەلای منەوە (خودا)یەکن. ئەمە شێوازی نزای منە".

بەڵام نابێ بزنس بێتە ناو بوونتەوە. دەبێ بزنس تەنیا شتێکی دەرەکی بێت، تەنیا یەکێك بێت لە رێگاکانی بژێوی. کاتێك تۆ دوکانەکەت دادەخەیت، هەموو شتێکت لەبارەی بزنسەکەتەوە بیر دەچێتەوە. کاتێك دێیتەوە ماڵەوە، دوکانەکەت لە سەرتدا هەڵنەگرتووە. کاتێك لەگەڵ ژنەکەت، لەگەڵ منداڵەکانت لە ماڵەوەیت، بزنسمانێك مەبە. ئەمە درێژە: ئەوە بەو مانایەیە کە بوونت بە کردنەکەت رەنگڕێژ دەبێت. کردن شتێکی ساختەیە. دەبێ بوون لە سەروو کردنتەوە بێت و دەبێ هەمیشە بتوانیت کردنت بەلاوە بنێیت و بچیتە ناو جیهانی بوونتەوە. ئەمەیە تێرامان لە ناخ.

بۆیە، هەر بزنسمان بە، بەڵام بۆ چەند سەعاتێك هەموو شتێکی بیر خۆت بەرەوە. من بۆ ئەوە لێرە نیم پێت بڵێم لە ژیانی ئاساییت رابکە. من بۆئەوە لێرەم رێگاکان و ئامرازەکان و کیمیای وەرچەرخاندنی ئاسایی بۆ سەرووئاساییت پێ بڵێم. لە دوکاندا هەر بزنسمان بە ، بەڵام لە ماڵەوە بزنسمان مەبە. هەندێ جاریش بۆ چەند سەعاتێك تەنانەت ماڵیش، خێزانیش، ژنیش، منالیش بیر خۆت بەرەوە. بۆ چەند سەعاتێك تەنیا بە لەگەڵ خۆتدا. بچۆرە قووڵایی زیاتر و زیاتری بوونی خۆتەوە. دڵت خۆش بکە، خۆتت خۆش بوێت.

ئینجا هێواش هێواش بەئاگا دێیت، خۆشییەکی مەزن سەرچاوە دەگرێ بەبێ هەبوونی هۆکارێك لە جیهانی دەرەوەرا. ئەمە خۆت هۆکارەکەیت، ئەمە شکۆفەکردنی خۆتە، ئەمەیە تێرامان لە ناوەوە.

بە دانیشتن بە بێدەنگی و هیچ نەکردن، بەهار دێت و گیا خۆی دەڕوێت. بە بێدەنگی دانیشە، هیچ مەکە، و چاوەڕێی بەهار بکە. دێت، هەمیشە دێت، کاتێکیش کە دێت گژوگیا خۆی دەڕوێت. تۆ خۆشییەکی گەورە دەبینیت کە بەبێ هۆ لە تووە سەرهەڵدەدات بەبێ هیچ هۆکارێك. ئینجا هاوبەشی پێبکە، بیبەخشە بە خەڵك! ئەو کاتە خێرەکەی تۆ لەناوەوەرا دەبێت. ئەو کاتە تەنیا ئامرازێك نابێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك، ئەو کاتە بەهایەکی خۆیی دەبێت.

بەشێوەیەکی دیاریکراو (سانیاس)ەکەی من شتێ نییە جگە لە ژیان لە جیهانی ئاساییدا، بەڵام ژیان بە شێوازێك کە تۆ نابیتە موڵکی، هەر لە سەرووییەوە دەبیت، هەر لە جیهاندا دەمێنیتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك لە سەرووییەوە دەبیت. ئەمەیە (سانیاس).

ئەمە (سانیاس)ە کۆنەکە، (رام پراساد) نییە: لەوەدا کە دەبێ لە ژنەکەت، منالەکانت، بزنسەکەت رابکەیت و بچیتە چیاکانی هیمالایا. ئەم جۆرە شتە قەت

ئەنجامی نەبووە. زۆر کەس چوونە هیمالایا، بەڵام ئەقڵە دەیەنگەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە. هیمالایا یارمەتیدەریان نەبوو، بە پێچەوانەوە، جوانیی هیمالایان تێکدا. هیمالایا چۆن دەتوانێ یارمەتیت بدات؟ تۆ دەتوانیت جیهان جێ بێڵیت، بەڵام ناتووانیت ئەقڵت لێرە جێ بێڵیت. ئەقڵت لەگەڵتا دێت، لەناو تۆدایە. لە هەر کوێیەکیش بیت، هەمان ئەو ئەقڵەت هەمان جیهان لە دەوری تۆ دروست دەکات.

تۆ دەتووانیت جیهان جێ بێڵیت...تۆ هەمان شت دەبیت. تۆ جارێکی تر هەمان جیهان دروست دەکەیتەوە، چونکە تۆ نەخشەکە لە ئەقڵتدا جێ دەهێڵیت. ئەمە پرسی جێهێشتنی جیهان نییە، ئەمە پرسی گۆڕینی ئەقڵە، دەستبەرداربوونە لە ئەقڵ. ئەمەیە تێڕامان لە ناخ.

ئەمریکا

تایەفەیەکی ناسراو بە (باوڵەکان) ئیحتیفال بە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە دەکەن، لەوانەش جەستە. ئێمەی ئەمریکی خۆراکی تەندروست دەناخنینە جەستەمان. مەساجی دەکەین و راهێنانی پێ دەکەین. وێڕای هاوشێوەییمان لە روانگەماندا، پێم وا نییە تێگەیشتنمان لەبارەی جەستەوە هەمان تێگەیشتنی (باوڵەکان) بێت، وایە؟

جیاوازییەکی زۆر هەیە و جیاوازییەکە چەندێتی نییە، بەڵکو چۆنایەتییە. جیهانی مۆدێرن، ئەقڵی مۆدێرن تەنیا پەرستگا بەتاڵەکە دەناسێت. بە تەواوی بیری چووەتەوە کە کێ لە ناو پەرستگاکەدا تەقدیس کراوە. بۆیە بەردەوام دەبین لە پەرستنی پەرستگاکە، بەڵام خودا بیر دەچێتەوە. ئەمریکی، وەکو جەستە جەستەی خۆش دەوێ، (باوڵی) جەستەی خۆی وەکو بەرجەستەبووی خوداوەند خۆش دەوێ. جەستەی لە خۆیدا هیچ نییە. بەهۆی ئەو شتەی کە لەوديو

جەستەوەیە درەوشاوەیە. شکۆی جەستە لە خودی جەستەدا نییە- کە خانەخوێیە- بەڵکو لە میوانەکەدایە. ئەگەر تۆ میوان لەبیر بکەیت، ئەوا سەرگەرمییەکی گەورەیە. ئەگەر میوانیشت بیر بێتەوە، ئەوا خۆشەویستی جەستە، ئیحتیفالکردن بە جەستەوە بەشێکە لە پەرستن.

پەرستنی ئەمریکایی بۆ جەستە، بێ مانایە. لێرەوە، خەڵکی بەدوای خۆراکی تەندروستی و مەساج و هەزاران رێگەی ترەوەن بۆ دروستکردنی مانا لە ژیانیاندا. بەڵام بڕوانە ناو چاوەکانیان، بەتاڵییەکی گەورە هەیە. تۆ دەتوانیت ئەو شتە ببینیت کە نیانە. بۆنە خۆشەکە پەیدا نەبووە، گوڵەکە شکۆفەی نەکردووە. لە قووڵایی ناوەوەیاندا وەکو بیابان وەهان، گومڕان، نازانن چی بکەن. ئەوان بەردەوامن لە زۆرشت بۆ جەستە، بەڵام ئەمە ئامانجەکە ناپێکێت.

من چیرۆکێکم بیستووە:

رۆزەنفێڵد بە بزەیەکەوە چووە ماڵەوە. بە ژنەکەی وت "قەت بۆی ناچیت کە چ سەفقەیەکم بەدەستهێناوە. باشترین دوو جووت تایەم بە نرخی داشکێنراو کڕی!"

خاتوو رۆزەنفێڵد وتی "ئەوە شێت بوویت؟ تایەت بۆچی کڕیووە؟ تۆ ئۆتۆمبێلیشت نییە".

رۆزەنفێڵد وتی "کەواتە، تۆ ستیان دەکڕیت، وا نییە؟"

ئەگەر سەنتەر ون بوو، ئەوا دەشێ بەردەوام بیت لە ڕازاندنەوەی پەراوێز. لەوانەیە ئەمە ئەوانیتر فریو بدات، بەڵام رەزامەندت ناکات. لەوانەیە هەندێ جار تۆش فریو بدات، چونکە درۆی چەندبارەبووەوەی کەسێکیش ئیتر وەکو راستی دەردەکەوێت. بەڵام ناتوانێ رەزامەندت بکات، ناتوانێ قەناعەتت بدانێ. ئەمریکی سەرسەختانە هەوڵ دەدات خۆشی لە ژیان ببینێت، بەڵام پێدەچێ هیچ خۆشییەکی نەبێ. (باول) بەهیچ شێوەیەك هەوڵ نادات خۆشی لە ژیان ببینێت. هیچ

ئەقەلایەکی تیا نییە، هەر خۆشی دەبینێت و تەواو. شتێکیش نییە خۆشی لێ ببینێت، ئەو دەرۆزەکەرێکی سەر جادەیە، بەڵام ئەو شتێکی ناوەوەی هەیە، رووناکاییەکی نەزانراو دەورەی داوە. گۆرانییەکانی تەنیا گۆرانی نین، شتێك لە سەرەوە دادەبەزێتە ناویان. کاتێك سەما دەکات، تەنیا جەستەی ناجوڵێت، شتێکی قووڵتر جوڵاوە. هەوڵ نادات خۆشی ببینێت.

بیرت بێ: هەر کاتێك هەوڵتدا خۆشی ببینیت، نایبینیت. هەرکاتێك هەوڵتدا خۆشبەختی بەدەست بێنیت، پێی ناگەیت. خودی ئەقەلا بۆ خۆشبەختی ناکۆکە- چونکە خۆشبەختی لێرەیە: تۆ ناتوانیت بەدەستی بێنیت. نابێ هیچ شتێ بکرێت بۆ بەدەستهێنانی، دەبێ تەنیا رێگەی بدەیت. ئەمە روودەدات، لە دەوری تۆیە، لەناوەوەیە، لە دەرەوەیە، تەنیا خۆشبەختی هەیە. هیچ شتێکی تر واقیعی نییە. تەماشا بکە، بروانە ناو قووڵایی جیهان، ناو درەختەکان، باڵندەکان، بەردەکان، رووبارەکان، ناو ئەستێرەکان، مانگ و خۆر، ناو خەڵك، ئاژەڵان- بروانە قووڵایی؛ هەبوون لە کەرەستەی خۆشبەختی و خۆشی دروستبووە. شتێك نییە هەوڵی بۆ بدرێ. لەوانەیە کرداری تۆ کۆسپ بێت. پشوو بدە و تێرت دەکا، پشوو بدە و خۆی دەخزێنێتە ناوتەوە، پشوو بدە و لەسەرتەوە دەڕژێت.

رەهەندی (باول) (ئێرە-ئێستا)یە، رەهەندی ئەمریکی شوێنێکی ترە(ئەوکاتە-ئەوێ)یە، بەڵام قەت (ئێرە-ئێستا) نییە. ئەمریکی زۆر سەرسەختانە لە راوەدووناندایە، دەیەوێ شتێك لە ژیان دەستبخات، هەوڵ دەدات ژیان بگوشێت. هیچی لێ بەدەست نایەت چونکە ئەمە شێوازەکە نییە. تۆ ناتوانیت ژیان بگوشیت، دەبێ ملی بۆ بدەیت. تۆ ناتوانیت ژیان داگیر بکەیت. دەبێ تۆ بوێریت لەلایەن ژیانەوە بیەزێنرێیت. بەزین لەوێ سەرکەوتنە، ئەقەلای سەرکەوتنیش هیچ نییە جگە لە کۆتایی تۆ، شکستێکی سەراپاگیرە.

ژیان ناتوانریّ داگیر بکریّت چونکە بەش ناتوانیّ گشت داگیر بکات، وەکو ئەوە وایە دڵۆپە ئاوێکی بچوك هەوڵ بدات ببێتە ئۆقیانووس، بەڵام ناتوانیّ ئۆقیانووس بگرێت. بەڵێ، دڵۆپە بچوکەکە دەتوانیّ بچێتە ناو ئۆقیانووسەوە و ببێتە ئۆقیانووس؛ بەڵام ناتوانیّ ئۆقیانووس بگرێت. لە راستیدا، بەربوونەوە ناو ئۆقیانووس، خزان بۆ ناو ئۆقیانووس شێوازی داگیرکردنەکەیە.

خۆت هەڵوەشێنە.

ئێستا با پێت بڵێم: ئەمریکی هەوڵ دەدات خۆشبەختی بدۆزێتەوە؛ لێرەوەیە کە لە رادەبەدەر بە جەستەوەیە نیگەرانە. تەقریبەن بووەتە فرچککگرتنێك. لە نیگەرانی دەرچووە، فرچکی پێوە گرتووە: بە بەردەوامی بیر لە جەستە دەکاتەوە، ئەمە و ئەوە دەکات، هەموو جۆرە شتێك دەکات. ئەو لە تەقەلای ئەوەدایە لە رێگەی جەستەوە بگاتە خۆشبەختییەك. ئەمە مومکین نییە.

(باولی) پێی گەیشتووە. هەنووکە لەناو خۆیدا بینیوویەتی. ئەو روانیوویەتە ناو قووڵایی جەستەی، نەك لە رێگەی مەساج و ساوناوە. ئەو لە رێگەی خۆشەویستی و تێرامان لە ناخەوە روانیوویەتە ناوی و بۆی دەرکەوتووە لەوێیە، گەنجینەکە لەوێیە. کەچی ئەویان هەر جەستەی خۆی دەپەرستێت؛ ئەمیان لەبارەی جەستەوەیە بەئاگایە چونکە ئیلاهیەتی هەڵگرتووە.

تێبینی ئەوەت کردووە کاتێك ژنی سکپڕ بە رێگەدا دەڕوات زۆر وریایە، چونکە ژیانێکی نویّ تیایدا سەرچاوەی گرتووە. ئەو شێوە گۆڕانەت بەدی کردووە کە روخساری ژندا روودەدات کاتێك سکپڕە؟ روخساری درەوشاوەیە، ئومێدەوارە، پڕ بووە لە ژیانی نویّ، ئەگەری نویّ. بڕوانە (پرافولا) کە ئێستا سکی پڕە. بڕوانە روخساری — چۆن شێوەی گۆڕاوە، چەنێك دڵخۆش دیارە. ئەو گەنجینەیەك؛ گەنجینەیەکی مەزنی هەڵگرتووە. ژیانێکی نویّ لە رێگەی ئەو دێتە کایەوە. ئەو بە

ورياييەوە دەڕوات. شكۆيەك لەودا سەريهەڵداوە چونكە سكپڕە. ئەو چیتر تەنیا نییە: جەستەی بووەتە پەرستگا. ئەمەم تەنیا بۆنەوە بوو تێبگەیت.

ئەی لەبارەی (پاول)ێکەوە چی دەڵێیت؟ خودا لەوێیە. ئەو سکپڕە بە خوداوەندێتی. ئەو دەدرەوشێتەوە، ئەو درەوشاوەیە، سەما دەكات و گۆرانی دەڵێت. بەوەی كە هیچی نییە، خاوەنی هەموو شتێكە. بەوەی كە هیچی نییە، دەوڵەمەندترین مرۆڤی جیهانە. بە شێوازێك لە شێوازەكان ئەو تەنیا دەرۆزەكەرێكی سەر جادەیە و بە شێوازێكی تر ئیمپراتۆرە. بەهۆی ئەوەی كە لە ناوەوەدا ڕوویداوە– ئەوەی كە بەئاگا هاتووەتەوە– بە جەستەی دڵخۆشە، ئاگای لە جەستەیەتی، جەستەی خۆش دەوێت. ئەم خۆشەویستییە سەراپا جیاوازە.

دووەم: ئەقڵی ئەمریكی كێبڕكێكارە. مەرج نییە تۆ بە ڕاستی جەستەت خۆش بوێت، لەوانەیە تۆ لە پێشبڕكێدا بیت لەگەڵ ئەوانیتردا. چونكە ئەوانیتر هەندێ شت دەكەن كە دەبێ تۆش بیانكەیتەوە. ئەقڵی ئەمریكی ساویلكەترین ئەقڵی تەموحە لە جیهاندا. ئەقڵێكی دنیاگەرایانەی بنچینەییە. هەر بۆیە بزنسمان بووەتە بەرزترین واقعیەت لە ئەمریكا. هەموو شتێكی تر چووەتە پاشەوە. بزنسمان، ئەو كەسەی كە پارەی كۆنترۆڵ كردووە بەرزترین واقعیەتە. لە هیندستان، براهمیەكان بەرزترین واقعیەت بوون.

پارە پڕ پێشبڕكێترین بوارە. پێویست ناكات ڕۆشنبیربیت هەبێت، تەنیا پێویستە پارەت هەبێت. پێویست ناكات هیچ لەبارەی مۆسیقا و شیعر بزانیت. پێویست ناكات هیچ لەبارەی ئەدەبی كۆن، مێژوو، ئایین، فەلسەفە بزانیت– نا، پێویست ناكات بزانیت. ئەگەر باڵانسێكی گەورەی بانكت هەبێت ئەوا گرنگیت. بۆیە دەڵێم ئەمە ساویلكەترین ئەقڵە كە هەیە. ئەم ئەقڵەش هەموو شتێكی كردووە بە بازرگانی. ئەم ئەقڵە بە بەردەوامی لە كێبڕكێدایە. تەنانەت ئەگەر تۆ تابلۆی (ڤان

گوخ) یان (پیکاسۆ)ش بکڕیت ئەوا لەبەرئەوە نایکڕیت کە هی پیکاسۆیە، بەڵکو لەبەرئەوە دەیکڕیت کە دراوسێکانیش کڕیوویانە. ئەوان تابلۆیەکی پیکاسۆ لە ژوورەکەیاندا هەیە، ئەی چۆن نابێ تۆ هەتبێ؟ دەبێ هەتبێت. لەوانەیە تۆ هیچ نەزانیت– لەوانەیە نەزانیت چۆن هەڵیواسیت، کام لایەی کام لایەیە. چونکە، بۆ نموونە ئیشی پیکاسۆ، قورسە بزانیت کام لایەی سەرەوە و کام لایەی خوارەوەیە. لەوانەیە بەهیچ شێوەیەك نەزانیت تابلۆی ئەسڵیی پیکاسۆیە یان نا. لەوانەیە هەر لێی نەڕوانیت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوانیتر هەیانە و باسی پیکاسۆ دەکەن، دەبێ تۆش ڕۆشنبیریت بخەیەڕوو. تۆ تەنیا پارەکەت پیشان دەدەیت. بۆیە هەر شتێکی بەنرخ گرنگی پەیدا دەکات، هەر شتێك کە بەنرخ بێ بە گرنگ دەبینرێ.

پێدەچێ پارە و دراوسێ تاکە پێوەر بن بۆ بڕیاردان لەسەر هەموو شتێك: ئۆتۆمبێلەکانیان، خانووەکانیان، تابلۆکانیان، دیکۆرانیان. خەڵك لە حەمامەکانیاندا ساونا دەکەن نەك لەبەرئەوەی جەستەکانیان خۆش دەوێ، مەرج نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە هەموویان هەیانە. ئەگەر نەتبێ ئەوا هەژار دیاریت. ئەگەر هەموو کەسێك خانوویەکی لەسەر گردەکە هەبێت، دەبێ تۆش هەتبێت. لەوانەیە تۆ نەزانیت چۆن خۆشی لە گردەکان ببینیت، لەوانەیە لەوێ بێزاریش ببیت. یان لەوانەیە تۆ هەر تەلەفزیۆن و ڕادیۆکەت ببەیت و لەوێ گوێ لە هەمان بەرنامە بگریت و هەمان پرۆگرام تەماشا بکەیتەوە کە لەماڵەوە گوێت لێ دەگرت و تەماشات دەکرد. ئەو شوێنەی کە لێی دانیشتوویت چ جیاوازییەك دروست دەکات جا ژوورەکەی خۆت بێت یان سەر گردەکە؟ بەڵام ئەوانیتر هەیانە. گەراجێکی چوار ئۆتۆمبێلی پێویستە، ئەوانیتر هەیانە. لەوانەیە پێویستت بە چوار ئۆتۆمبێل نەبێت.

ئەقڵی ئەمریکی بەردەوام لە پێشبڕکێدایە لەگەڵ ئەوانیتردا. (باولی) پێشبڕکێکار نییە. ئەو هاتووەتە دەر. ئەو دەڵێت "من چیتر پەرۆشی ئەوە نیم کە ئەوانیتر

دەیکەن، من تەنیا پەرۆشی ئەوەم کە هەم. من پەرۆشی ئەوە نیم کە ئەوانیتر هەیانە، من تەنیا پەرۆشی ئەوەم کە هەمە". هەر کە راستییەکە دەبینیت، واتە ئەمەی کە دەشێ ژیان یەکجار زۆر پڕخۆشی بێت بەبێ هەموونی شتی زۆر، ئەو کاتە کێ نیگەرانە؟

(لوك)ی پیر و ژنەکەی وەکو رەزیلترین ژن و مێردی ناوچەکە ناسرابوون. لوك مرد و چەند مانگێك دواتر ژنەکەشی لە پێخەفی مەرگدا بوو. ئەو بانگی دراوسێیەکی کرد و بە لاوازییەوە وتی "(رۆتی)، بە جلە ئاوریشمییەکەمەوە بمنێژە، بەڵام پێش ئەوە، پارچەی پشتەوەی لێ ببڕە و درێسێکی نوێی لێ دروست بکە. قوماشێکی چاکە و نامەوێ لەدەستی بدەم".

(رۆتی) وتی ناتووانم ئەمە بکەم. کاتێك تۆ و لوك بە قادرمە ئاڵتونییەکەدا سەر دەکەون، ئەگەر فریشتەکان بڵێن بۆچی درێسەکەت پشتەوەی نییە ئەو کاتە چی دەڵێن؟"

"ئەوان سەیری من ناکەن. من (لوك)م بەبێ پانتۆڵ ناشتووە".

نیگەرانییەکە هەمیشە ئەویترە- لوك پانتۆڵی لەبەردا نییە بۆیە هەمووان سەیری ئەو دەکەن. نیگەرانی ئەمریکی، ئەویترە. نیگەرانی (باول) خودی خۆیەتی. باول زۆر خۆپەرستە، نیگەرانی تۆ نییە و نیگەرانی هیچ شتێك نییە کە تۆ هەتە یان هیچ شتێك کە کردووتە. هیچ نیگەران نییە لەبارەی ژیاننامەی تۆوە. ئەو وەها لەسەر ئەم زەوییە دەژێت کە وەك بڵێی هەر تەنیا بووە. بێگومان ئەو فەزایەکی گەورە لە دەوری هەیە- چونکە وەها لەسەر ئەم زەوییە دەژێت وەك بڵێ تەنیا بووە. ئەو بەبێ نیگەرانی لە بۆچوونی ئەوانیتر لەسەر ئەم زەوییە دەجوڵێتەوە. ئەو ژیانی خۆی دەژێت، ئەو شتی خۆی دەکات و بوونی خۆی ئەنجام دەدات. بێگومان ئەو وەکو منداڵ دڵخۆشە. دڵخۆشییەکەی زۆر سادەیە، بەریئانەیە. دڵخۆشییەکە

رکێفکراو نییە، دروستکراو نییە. زۆر سادەیە، جەوهەرییە، بنچینەییە، وەکو ئەوەی منالٚ.

تێبینی منالٚت کردووە کە بەبێ هۆ رادەکات، هاوار دەکات، سەما دەکات- لەبەرئەوەی هیچی نییە؟ ئەگەر تۆ لێی بپرسیت "بۆچی ئەوەندە دلٚخۆشیت؟" ناتوانێ وەلاٚمت بداتەوە. بە راستی پێی وا دەبێ کە تۆ شێتیت؟ ئایا هۆکارێك پێویستە بۆئەوەی دلٚخۆش بیت؟ ئەو تووشی شۆك دەبێت ئەگەر "بۆچی" بوترێ. ئەو شانەکانی هەلٚدەتەکێنێت و لە حالٚەتەکەی بەردەوام دەبێ و جارێکی تر دەست دەکاتەوە بە گۆرانی وتن و سەماکردن. منالٚ هیچی نییە. هێشتا سەرۆك وەزیران نییە، هێشتا ملیۆنەر نییە. ئەو خاوەنی هیچ نییە- لەوانەیە چەند قاوغە گرێچکە ماسییەك یان چەند بەردێکی هەبێت کە لە کەناری دەریا کۆی کردوونەتەوە و هیچی تر.

کاتێك ژیان کۆتایی دێت ژیانی (باول) کۆتایی نایەت. کاتێك ژیان کۆتایی دێت ژیانی ئەمریکی کۆتایی دێت. کاتێك جەستە کۆتایی دێت، ئەمریکی کۆتایی دێت. لێرەوە ئەمریکی زۆر لە مردن دەترسێت. بەهۆی ترسی مردنەوە، ئەمریکی بەردەوامە لە هەولٚی درێژکردنەوەی ژیانی، هەندێ جار درێژکردنەوەیەکی سەیر. ئێستا گەلێك ئەمریکی هەن کە لە نەخۆشخانەکان، لە خانە دەروونییەکان لە مان و نەمانن. ئەوان ناژین، بەلٚکو لەمێژە مردوون. ئەوان تەنیا پزیشکەکان و کەرەستەی مۆدێرن بەرێوەیان دەبەن. بە جۆرێك لە جۆرەکان ماونەتەوە.

ترس لە مەرگ زۆر گەورەیە: هەر کە نەما ئەوا تۆش تاهەتایە دەرۆیت و هیچ شتێك نامێنێتەوە- چونکە ئەمریکی تەنیا جەستە دەناسێت و هیچی تر. ئەگەر تۆ تەنیا جەستە بناسیت ئەوا زۆر هەژار دەبیت. یەکەم، تۆ هەمیشە لە مردن دەترسیت و ئەو کەسەی کە لە مردن دەترسێت لە ژین دەترسێت- چونکە ژیان و

مەرگ ئەوەندە بەیەکەوەن کە ئەگەر لە مردن بترسیت ئەوا لە ژینیش دەترسیت. ئەوە ژیانە مەرگ دەهێنێت، بۆیە ئەگەر لە مەرگ بترسیت، چۆن دەتوانیت بە راستی ژیانت خۆش بوێت؟ ترسەکە هەر دەبێ. ئەوە ژیانە کە مەرگ دەهێنێت، تۆ ناتوانیت هەمووی بژیت. ئەگەر مەرگ کۆتایی بە هەموو شتێك بێنێت، ئەگەر ئەوە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی تۆ بێت، ئەوا ژیانت ژیانێکی پەلەکردن و راوەدوونان دەبێت. لەبەرئەوەی مەرگ دێت، تۆ ناتوانیت ئارام بیت. لێرەوەیە کە ئەمریکی فرچکی بە خێراییەوە گرتووە: دەبێ هەموو شتێك بە خێرایی بکرێت چونکە مەرگ نزیك دەکەوێتەوە، بۆیە هەوڵ بدە چەندەی شتی زۆرتر هەیە بیکە پێش ئەوەی بمریت. هەوڵ بدە بوونت پڕتر بکەیت لە ئەزموونی زۆرتر پێش ئەوەی بمریت، چونکە کە مردیت، ئیتر مردوویت.

ئەمە بێمانابیەکی گەورە و بێگومان عەزاب و شڵەژانیش دێنێتە کایەوە. ئەگەر هیچ نەبێ جەستە بهێڵێتەوە، ئەوا هەرچییەك بیکەیت ئەوا ناتوانیت زۆر قووڵ بیت. ئەو کاتە هەرچییەك بیکەیت ناتوانێ رەزامەندت بکات. ئەگەر مەرگ کۆتایی بێت و هیچ شتێك نەمێنێ، ئەوا ناکرێ ژیان هیچ مانا و گرنگییەکی هەبێت. ئەو کاتە حیکایەتێك دەبێ کە گەمژەیەك دەیگێڕێتەوە، پڕە لە تووڕەیی و ژاوەژاو، دەلالەت لە هیچ دەکات.

کەواتە ئەمریکی لەلایەکەوە بە بەردەوامی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچێت بۆئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەزموونەکە دەست بخات، بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەزموونەکە لەدەست نەدات. ئەو، بە سەرانسەری جیهاندا رادەکات، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر، لە هۆتێلێکەوە بۆ هۆتێلێکی تر. ئەو لە رۆحانییەکەوە دەچێتە لای رۆحانییەکی تر، لە کەنیسەیەکەوە بۆ کەنیسەیەکی تر، لە گەڕاندایە، چونکە مەرگ لە هاتندایە. لە

سەرێکەوە ڕاکەڕاکێکی شێتانەی بەردەوام هەیە و لە سەرێکی تریشەوە پەیبردنێکی قووڵ بەوەی کە هەموو شتێك بێ کەڵکە- چونکە مەرگ کۆتایی بە هەموو شتێك دێنێت. بۆیە تۆ چ ئەوەی ژیانێکی دەوڵەمەند بژی یان ژیانێکی هەژار، چ ئەوەی زیرەك بیت یان نازیرەك، چ ئەوەی عاشقێکی مەزن بوویت یان بزر، جیاوازی چییە؟ دواجار مەرگ دێت و هەمووان یەکسان دەکات: ژیر و گەمژە، دیندار و گوناهکار، خەڵکی ڕۆشنبووەوە و خەڵکی دەبەنگ، هەموویان دەچنە ناو زەوییەوە و بزر دەبن. بۆیە مانای هەموو ئەوە چییە؟ چ ئەوەی بودا بێت یان عیسا یان جوداس، چ جیاوازییەکی هەیە؟ عیسا لەسەر خاچ دەمرێ، جوداس ڕۆژی دواتر خۆی دەکوژێت- هەردووکیان لەناو زەویدا ون دەبن. لەلایەکی ترەوە ترسێك هەیە لەبارەی ئەوەی کە لەوانەیە تۆ پێی نەگەیت و ئەوانیتر پێی بگەن و لەلایەکی ترەوە پەیبردنێکی قووڵ هەیە بەوەی کە تەنانەت ئەگەر پێشی بگەیت ئەوا بە هیچ شتێك نەگەیشتوویت. تەنانەت ئەگەرچی بشگەیت، ناگەیتە هیچ شوێنێك چونکە مەرگ دێت و هەموو شتێك لەناو دەبات.

ئەمەیە تێگەیشتنی (باول): ئەمەی کە پێویست ناکات بچیتە هیچ شوێنێك، تەنانەت ئەگەر تۆ بەردەوام لەژێر درەختێکیشدا دانیشیت، وەکو ئەوەی بەسەر بودا داهات، ئەوا خودای خۆی دێتە لات. ئەو نەدەچووە هیچ شوێنێك- هەر لە ژێر درەختەکەدا دانیشتبوو.

هەمووی دێت- تۆ تەنیا تواناکە دروست دەکەیت، ئیتر هەمووی دێت- تۆ تەنیا دەرگاکە دەکەیتەوە. ژیان ئامادەیە بێتە لات. تۆ تەگەرەی زۆر دروست دەکەیت و گەورەترین تەگەرە ئەوەیە کە تۆ دەتوانیت ڕاوەدوونان دروست بکەیت. بەهۆی ڕاوەدوونان و ڕاکردنەکەتەوە، هەرکاتێك ژیان بێت و لە دەرگاکەت بدات ئەوا قەت لەوێ ناتدۆزێتەوە. تۆ هەمیشە لە شوێنێکی تریت. کاتێك ژیان دەگاتە ئەوێ، تۆ

ڕۆیشتوویت. بۆیە تۆ بەردەوام بەدوای ژیاندا ڕادەکەیت و ژیانیش بەدوای تۆدا و بەیەکگەیشتنەکە قەت ڕوونادات.

ببە...تەنیا ببە، و چاوەڕێ بکە، و ئارام بە.

***

ئەقڵێکی دیاریکراو هاتووەتە بوون- ئەقڵی ئەمریکی. ئەمە شتێکی نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا!

بۆ یەکەمین جار لە تەواوی مێژووی مرۆڤدا، ئەقڵی ئەمریکی ڕامێنراوترین ئەقڵە بۆ جیهان. کۆمەڵگەی ئەمریکی یەکەم کۆمەڵگەیە لە مێژووی مرۆڤدا کە بزنسمان-و سەرکەوتنەکەی- داگیری کردووە. هیچ کۆمەڵگەیەک تاوەکو ئێستا لەلایەن بزنسمانەوە داگیر نەکراوە. لە هیندستان لێکۆڵەر، براهمی، پرۆفیسۆر، شارەزا داگیریان کردبوو. لە ئینگلتەرە ئەریستۆکراتەکان...لە ئەورووپا و لە ژاپۆن جەنگاوەرەکان بوون، ساموورای بوو. بزنسمان هیچ شوێنێکی تری داگیر نەکردووە.

کەلتوور و کۆمەڵگەی ئەمریکی لەسەر بنەمای ئەقڵی بزنسمان بونیاد نراون. لە ڕاستیدا، دەوترێ ئەگەر ئەڵمانییەک بە کەسێکی بوتایە "من بزنسمانم" ئەوا هەستی بە کەمێک سەرسوڕماوی دەکرد. بزنسمان؟ ئەڵمانی هەستێکی خۆشی هەبوو ئەگەر بیتوانیایە بڵێت ئوستادم. هم؟ لەوانەیە هەژار بێت، بەڵام ئوستادێک لە زانکۆیەکی گەورە. لەوانەیە زۆر زۆر دەوڵەمەند بێت، بەڵام بزنسمان؟ ئەو کاتە هیچ نییە...بزنسمان.

ئێستا لە ئەمریکا ئوستادبوون هیچ نییە. هەر ئوستاد؟— داماوە! ئوستادەکان ئەوانەن کە فەشەلیان هێناوە...ئوستادەکان ئەوانەن کە ناتوانن هیچی تر بن. لە ئەمریکا کاتێک تۆ ناتوانیت هیچی تر بیت ئەوا دەبیتە ئوستاد. بەڵام بزنسمان وشەیەکی سەنگینە. ئەگەر تۆ بزنسمانیت، ئەوەیە کە پێویستە ببیت. هەموو

کۆمەڵگە لەسەر ئەقڵی بزنسمان و سەرکەوتنەکەی بونیاد نراوە. ئەم کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەکی یەکجار سەرکەوتووە، چونکە هەرکاتێك بزنسمان دێتە ژوورەوە سەرکەوتنەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

هیندستان شکستی هێناوە- هەزارە، لە کۆیلایەتی و هەژاریدا ژیاوە. براهمی قەت لە هیچ شوێنێك سەرکەوتوو نابێت، ئوستاد فاشیلە. هەر کاتێك رووناکبیران بەهێز دەبن ئەوا کۆمەڵگە تیاچووە، چونکە هەر دەمەقاڵێ و مشتومڕیانە و هیچ ناکەن، بەڵام هەرگیز هیچ شتێك ناکەن کە سوودخوازانەیە. ئەوان رێك ئەو شتەیان نییە کە پێویستە. ئەوان باسی شتە مەزنەکان دەکەن و ژیانیش لە شتە بچوکەکان پێکدێت. بزنسمان دەڕوانێتە شتە بچوکەکان، وردترین وردەکارییەکان، ئەو زۆر زەمینییە.

بۆیە من دەزانم کە سەرکەوتنی ئەقڵی ئەمریکی تەگەرەیە لە بەردەم جیهانی ناوەوەدا. لە جیهانی ناوەوەدا روانگەیەکی جیاواز پێویستە- نازەمینی، شاعیرانەتر، رۆمانسیتر. بەڵام دەکرێ ئەمە بگۆڕدرێت. دەکرێ مرۆڤ شل ببێتەوە. من ناڵێم ئەم ئەقڵە لەناو ببردرێت. ئەگەر تۆ لە جیهاندا ئیش دەکەیت ئەم ئەقڵە باشە، با هەر لەوێ بێت، کاتێك پێویست بوو بەکاری بێنە. لە بازاڕدا بەکاری بێنە. لە بازاڕدا، هەرچیەك کە من باسی دەکەم و هەرچییەك کە لەگەڵ تۆدا ئاڵوگۆڕی دەکەم بێ کەڵکە، قەت لە بازاڕدا بەکاری مەهێنە.

بۆیە مرۆڤ دەبێ زۆر شل بێت. ئەم ئەقڵە لە بازاڕدا بەکار بێنە، بەڵام کاتێك دەچیتە ناو پەرستگاکەی ناوەوە، بەلایەوە بنێ. جۆرێکی تری ئەقڵ بەکار بێنە، کە ئەویش لەوێیە، تۆ بەکارت نەهێناوە، ئەمە هەموویەتی.

گرنگترین شت کە بەسەر ئەو یەکەمین مرۆڤەدا هات کە چووە سەر مانگ ئەوە بوو کە لەپڕ بیری چووەوە ئەمریکییە. لەپڕ هەموو زەوی یەکێك بوو، سنوور نەبوو،

چونکە لەسەر زەوی نەخشە نییە. کیشوەری ئەمریکی، کیشوەری ئەفریقی، کیشوەری ئاسیایی، ئەم ولات و ئەو ولات هەمووی بزر بوو. ئەو هەولی نەدا هەموو کەمپە نەیارەکان پێکەوە دابنێ؛ نە یەکێتی سۆڤیەت و نە ئەمریکاش هەبوو، هەموو زەوی، یەك بوو.

یەکەم قسەش کە لەلایەن ئەمریکییەکەوە دەربڕدرا ئەمە بوو "زەوییە خۆشەویستەکەم!" ئەمە بەرزبوونەوەیە. ئەو بۆ ساتێك هەموو پرۆگرامبوونەکەی بیر چوبووەوە: "زەویی خۆشەویستم!" ئێستا هەموو زەوی هی ئەو بوو.

ئەمەیە کە لە دۆخی بێدەنگیدا بە راستی روودەدات: تەواوی بوون هی تۆیە و هەموو دژەکان لەناویەکتریدا بزر دەبن؛ پشتیوانی یەکتر دەبن و لەگەڵ یەکدا سەما دەکەن. دەبێتە ئۆرکێستراپەك.

ئەقڵ لە دەرەوەڕا پرۆگرام بووە، دەکرێ لە دەرەوەڕا ئاراستە بکرێت. دەبێت تۆ لە دەرەوەی ئەقڵدا گەشە بکەیت، تەنیا ئەو کاتە لە دەرەوەڕا ئاراستە ناکرێیت. تەنیا مرۆڤی دەرەوەی ئەقڵ مرۆڤێکی ئازادە، سەربەخۆیە. ئەم مرۆڤە نە ئەڵمانییە، نە هیندییە، نە ئینگلیزە، نە ئەمریکییە— هەر ئازادە و هیچی تر. ئەمریکی، هیندی، ئەڵمانی...ئەمانە ناوی زیندانەکانن؛ ئەمانە ئاسمانەکانی ئازادیی تۆ نین. ئەمانە ئاسمانەکانی فڕین نین، ئەمانە ئەو زیندانانەن کە تۆ تیایدا دەژیت.

مرۆڤی ئازاد سەر بە خۆیەتی نەك هیچ کەسێکی تر. مرۆڤی ئازاد تەنیا وزەیەکە بەبێ ناو، بەبێ فۆرم، بەبێ نەژاد، بەبێ نەتەوە. رۆژگاری نەتەوەکان و نەژادەکان تێپەڕی، رۆژگاری تاکەکەس بەڕێوەیە. لە جیهانێکی باشتردا، نە ئەڵمانی دەبێ، نە هیندی و نە هیندۆس، نە مەسیحی بوونیان دەبێ— تەنیا تاکەکەسی تەواو ئازاد بوونیان دەبێ کە ژیانیان بە شێوازی خۆیان دەژین، ژیانی کەس هەراسان ناکەن و رێگە بە کەسیش نادەن ژیانیان هەراسان بکات.

پیاوێك پرسیاری لە (رابی)یەك کرد، "بۆچی عیسا نەیوستووە لە سەدەی بیستەمی ئەمریکادا لە دایك ببێت؟" رابییەکە شانەکانی هەڵتەکاند و وتی "لە ئەمریکا؟ ئەمە مەحاڵ دەبوو. یەکەم، لە کوێ پاکیزەیەك بەدی دەکەیت؟ و دووەم، لە کوێ سێ پیاوی ژیر دەدۆزیتەوە؟" ئەمرۆکە ئەمریکی، زیندووترین کەسە لەسەر ئەرز. ئەوەش لەبەر هۆکارێکی سادەی ئەوەی کە "ئەمریکی" نەژاد نییە، تێکەڵەیە- تێکەڵەیەك لە هەموو نەژادەکان. ئەمە شوێنێکی بەیەکگەیشتنە- شوێنی بەیەکگەیشتنی هەموو وڵاتەکان. ئەمریکا لەبەر هۆکاری سادەی ئەمەی کە خستنەوەی منالی دوورەگ باشترین شت لە هەموو منالێکدا دەهێنێتەکایەوە، دەوڵەمەنترین وڵاتە. نەژادەکانی تر وەکو حەوزی بچوك وەهان کە لەناو خۆیاندا زاووزێ دەکەن، وەکو ئەوە وایە کە لەناو خێزانەکەی خۆتدا وەچە بخەیتەوە. چەندەی نەژادەکە بچوکتر بێت، پێوەری زیرەکییەکەی ئەوەندە لاوازتر دەبێ. هەر بۆیە لە براکان قەدەغەکراوە کە خوشکی خۆیان بخوازن – لەبەر هۆکاری سادەی ئەوەی کە منالەکە حەپۆل دەبێ، زیندوویتی نابێ. مرۆڤێکی راستەقینە نابێ، زیاتر وەکو مۆز یان تەماتە دەبێ! هیچ زیرەکییەکی نابێ.

زیرەکی لەرێگەی وەچەی دوو رەگەوە دەبێت. بۆیە ئەمریکا لە ماوەیەکی مێژوویی زۆر کورتدا بوو بە پڕ سامانترین وڵات. دەبێ هەموو وڵاتەکانی تر شتێك فێر بن: وەچەی دوورەگ ببێتە شتێکی ئاسایی. کەسێك بکە بە هاوسەرت کە تا دەکرێ لێتەوە دوور بێت. بەڵام خەڵکی رێك بە پێچەوانەوە هاوسەرگیری دەکەن. ئەوان لەو دەور و نزیکانە کەسێك دەدۆزنەوە، کەسێکی هەمان ئایین، هەمان نەژاد، هەمان رەنگ. ئەمەش مرۆڤایەتی لەناو دەبات.

ئێستا تۆ دەتوانیت پرسیار لە بەخێوکەرانی ئاژەڵ بکەیت- ئەوان هەموو جۆرە ئاژەڵێکیان بەخێو کردووە. پرسیار لەو کەسانە بکەن کە ئیش لەسەر بەخێوکردنی

جۆرەکانی میوە و سەوزە دەکەن، ئەوان میوە و سەوزەی کوالیتی بەرزیان بەرهەم هێناوە، لەبەر هۆکاری سادەی ئەوەی کە دوورەگکردنیان پیادە کردووە. بەڵام ئێمە لەبارەی مرۆڤەوە زۆر نازانستی و زۆر خورافین.

لە ئەمریکا هەموو خورافیاتەکان تێکشکاون. دەبووایە هەروا بێ چونکە وڵاتێکی نوێ بوو و هەموو جیهان لەوێ بەیەک گەیشت. خەڵک لە هەموو وڵاتانەوە، لە ئیسپانیاوە، لە پورتوگالەوە، لە ئیتالیاوە، لە فەرەنساوە، لە هۆڵەندەوە، لە پۆڵەنداوە، لە ئینگلتەرەوە...لە هەموو شوێنێکەوە کۆ بوونەوە. جۆرێکی سەراپا نوێی مرۆڤ لەدایک بوو کە زۆر زیرەکترە، زۆر تەندروستترە، زیاتر دەژیت، توانای یەکجار زۆری هەن بۆ سەرکێشی، نازایە. دەوڵەمەندترین وڵاتیشی لە جیهاندا هێناوەتە کایەوە.

هیندییەک، ئینگلیزێک و ئەمریکییەک بە گۆڕستانێکدا دەڕۆیشتن. ئەمریکییەکە پرسیاری لە دۆستەکانی کرد "کاتێک مردن، حەز دەکەن لەلای کێوە بنێژرێن؟"

هیندییەکە وتی "مەهاتما گاندی".

ئینگلیزەکە وتی : "وینستن چەرچڵ".

ئەمریکییەکە وتی "باشە، من حەز دەکەم لە تەنیشت راکێل وێڵش بنێژرێم".

هیندییەکە وتی "بوەستە، ئەو هێشتا نەمردووە!"

ئەمریکییەکە وتی "دەزانم، بەڵام منیش هێشتا نەمردووم!"

تەنانەت مناڵانی بچوکیش لە ئەمریکا ، زۆرتر لە هەر شوێنێکی تر تێڕامان و تێگەیشتووییان هەیە.

جیمی بڕیاریدا کاتی ئەوە هاتووە دەرسێک دابداتە کوڕەکەی کە تۆزێک سەرشێت بوو. وتی "بۆب، تۆ ئیتر دەبیتە پیاو و ئێستا پێم وایە دەبێ ژیان بە هەند هەلگریت. تەنیا بیر لەوە بکەرەوە گەر لەپڕ مردم، تۆ چیت بەسەر دێ؟"

منداڵەکە وتی "هیچم بەسەر نایەت. پرسیارەکە ئەوەیە، تۆ چیت بەسەر دێ؟"

دەبێ ئەوەت بیر بێنمەوە: وشەی (فۆنی) بەمانای ساختە، لە ئەمریکا پەیدا بووە. ئەم وشەیە لە وشەی "تەلەفۆن" هاتووە. کاتێك تۆ لەسەر تەلەفۆن لەگەڵ کەسێك قسە دەکەیت، تێبینی ئەوەت کردووە کە گۆڕانێك ڕوودەدات؟ دەنگەکە وەکو خۆی نییە، تۆنی دەنگەکە وەکو خۆی نییە و کەس نازانێت ئاخۆ لە سەرەکەی ترەوە ئەمریکییەکی تر قسە دەکات یان خێوە.

بیستوومە دەڵێن:

دەروونشیکارێکی ناسراو چارەسەری کابرایەکی زۆر دەوڵەمەندی دەکرد. هەرچەندە حەقدەستەکە لە توانای ملیۆنان کەس بەدەر بوو، بۆ دەوڵەمەندەکە هیچ نەبوو. کابرای دەوڵەمەند بەردەوام بوو. ساڵێك تێپەڕی و هەر لەسەر قەنەفەی دەروونشیکارەکە ڕادەکشا و ئەو شتە سەیر سەیرانەی دەوت...کە ناو سەری تۆش زۆری تێدایە، ئەمە شتێکی ترە کە تۆ لە ناو خۆتدا دەیانهێڵیتەوە، بەڵام لە دەروونشیکاریدا دەبێ ئەو شتانە بهێنیتە دەرەوە.

دەروونشیکارەکە بێزار دەبوو بەڵام نەیدەتوانی دەوڵەمەنەکە وێڵ بکات چونکە پارەیەکی زۆری لێ دەست دەکەوت. دواجار، چارەسەرێکی ئەمریکی بۆ دۆزییەوە: بە پیاوە دەوڵەمەنەکەی وت "من نەخۆشی زۆرم هەیە و تۆش جەلەسەکانت هەندێ جار سێ، چوار، پێنج سەعات دەخایەنێت. تۆ کاتت هەیە، پارەشت هەیە. من پێشنیارێکی سادەم هەیە بۆت. من ریکۆردەرێکم هەیە کە گوێت لێ دەگرێت. من چوار بۆ پێنج سەعاتم بۆ دەمێنێتەوە و لە شەویشدا کە کاتم هەبوو، دەتوانم گوێ لە شریتی قسەکانت بگرم".

پیاوە دەوڵەمەنەکە وتی " زۆر باشە!"

ڕۆژی دواتر کاتێك دەروونشیکارەکە هاتە ئۆفیسەکەی، پیاوە دەوڵەمەنەکەی بینی کە چووە دەرەوە. وتی "ئاوا خێرا؟ تەواو بوویت؟"

وتی "نا، من ریکۆردەرەکەشم هێناوە. ریکۆردەرەکەی من قسە لەگەڵ ریکۆردەرەکەی تۆدا دەکات. بۆچی پێنج سەعات بەفیڕۆ بدەم؟ کاتێك ریکۆردەرەکە دەتوانێت ئەمە بکات، چ پێویست دەکات هەموو ڕۆژێك بێم؟"

بەو شێوەیەیە کە مرۆڤ پەیتا پەیتا میکانیکیتر دەبێ. ئەو هەندێ شت دەڵێت، ژیانێك دەژیت، بەڵام هەمووی وەکو ڕۆبۆتە.

دەیل کارنێگی کە یەکێکە لە فەیلەسوفە هەرە ناسراوەکانی ئەمریکا- ئەو جگە لە ئەمریکا لە هیچ شوێنێکی تر بە فەیلەسوف دانانرێ- بەڵام کتێبەکەی (چۆن هاوڕێ بەدەست بێنیت و کاریگەری لەسەر خەڵك دابنێیت) فرۆشی تەنیا بە پلەی دووەم هات لەدوای ئینجیلەوە. پڕیشە لە شتی پوچ. ئەو دەڵێت دەبێ هەموو مێردێك، لانی کەم سێ بۆ چوار جار لە ڕۆژێکدا بە ژنەکەی بڵێت "ئازیزەکەم، زۆرم خۆش دەوێیت، ناتووانم بێ تۆ بژیم. ناتووانم بەبێ تۆ درك بە خۆم بکەم". جا تۆ بە مەبەست وا بڵێیت یان نا ئەوا گرنگ نییە.

ئێستا ساختەیی دەبینیت؟ ئەگەر تۆ کەسێکت خۆش بوێت ئەوا قورسە بڵێیت "خۆشم دەوێیت" چونکە وشەکان کورت دێنن. ئەگەر سێ، چوار جاریش دووپاتی بکەیتەوە ئەوا ڕۆتینێکی میکانیکییە...تۆ هیچ مەبەستێکت نابێ، بەڵکو تەنیا شریتی ناو ریکۆردەرێکیت. لەوانەیە شریتەکە گیری کردبێت: "ئازیزەکەم، خۆشم دەوێیت". ئازیزەکەش وەڵام دەداتەوە، و هەردووکیان لە قوڵایی ناخیانەوە رقیان لە یەکترییە: "ئەمە ئەو ژنەیە کە ئازادیی منی لەناوبرد. ئەمە ئەو پیاوەیە کە منی خستە ناو زیندانەوە".

تەنیا یەک کەس لە سەرانسەری مێژووی ئەمریکادا لای من رێزی هەیە، ئەویش (والت وایتمەن)ە: پێم وا نییە هیچ ئەمریکییەکی تر شایستەی رێزی زۆر بێت. بەڵام والت وایتمەن لە ریزی زەبەلاحەکانی مێژوودایە.

لەوانەیە لە سەرانسەری مێژووی ئەمریکادا والت وایتمەن تاکە کەس بێت کە زۆر نزیکە لەوەی رۆحانییەک بێت. ئەگینا، ئەقڵی ئەمریکی زۆر رووکەشە. هەر دەبێ رووکەشیش بێت چونکە تەمەنی زۆر نییە. ئەمە ئەقڵی منداڵێکە کە پرسیار لە هەموو شتێک دەکات: بەردەوامە لە پرسیارکردنی ئەم بابەت و ئەو بابەت و تەنانەت پێش ئەوەی وەڵامت دابێتەوە چووەتە سەر پرسیارێکی تر. زۆر بایەخ بە وەڵامەکە نادات، هەر ئەوەیە کە حەزی لە پرسیارکردنە، دەیەوێ لە یەک کاتدا هەموو شتێک بزانێت. لە ئایینێکەوە دەچێتە سەر ئایینێکی تر، لە مامۆستایەکەوە دەچێتە لای مامۆستایەکی تر. بەردەوامە لە گەڕان بۆ وەڵامەکان لەوپەڕی دنیاشدا- بەڵام هەموو شتێک تەقریبەن هەروەکو مۆدێلات دەبێت.

دەروونشیکارەکان بۆیان دەرکەوتووە کە لە ئەمریکا هەموو شتێک زیاتر لە سێ ساڵ ناخایەنێت. ئەمە سنووری ئاسایی هەر مۆدێلێکە- مەعجونێکی ددان، سابوونێکی دیاریکراو، شامپۆیەکی دیاریکراو، مجەففەیەکی دیاریکراو، مامۆستایەکی رۆحی دیاریکراو- ئەمانە هەمووی دێنە ناو هەمان بازاڕەوە.

حساب کراوە کە لە ئەمریکا، تێکڕای هەر کەسێک لە سێ ساڵدا ئیشەکەی دەگۆڕێت، هەر سێ ساڵ جارێک ژنەکەی دەگۆڕێت، هەر سێ ساڵ جارێک شارەکەی دەگۆڕێت. پێدەچێت سێ ساڵ بەس بێت: شتێکی نوێ پێویستە.

پێدەچێ والت وایمان تاکەکەسێکی ناوازە بێت کە لە ئەمریکا لەدایک بووە. دەبووایە لە خۆرهەڵات لەدایک ببێت.

والت وایتمان یەکێکە لەو کەسانەی کە بە هیچ شێوەیەک لە ئەمریکا لێی تێناگەن- و لەگەڵ ئەوەشدا تاکە ئەمریکییەکە کە شانازی پێوە بکرێت.

مرۆڤ چەندەی کەمتر شارستانی بێت، ئەوەندە زیاتر سەرەتاییە، ئەوەندەش زیاتر زیندووە. چەندەی تۆ زیاتر شارستانی ببیت، ئەوەندەش زیاتر دەبیتە پلاستیکی- دەبیتە دەستکرد، یەکجار زۆر پرۆگرام دەبیت، رەگت لە زەویدا لەدەست دەدەیت. تۆ لە جیهانی قوڕاوی دەترسیت. تۆ دەست دەکەیت بە ژیان دوور لە جیهان، دەست دەکەیت بە ژەهراویکردنی خۆت وەك بڵێی سەر بەم جیهانە نیت.

تانترا دەڵێت: بۆ دۆزینەوەی کەسی راستەقینە دەبێ بچیتە سەر رەگ و ریشە.

بۆیە تانترا دەڵێت: ئەوانەی کە هێشتا ناشارستانین، نەخوێندەوارن، ناڕۆشنبیرن، زیندووترن، وزەیەکی زیاتری ژیانیان تێدایە. ئەمە دیدی دەروونناسی مۆدێرنیشە. قولەڕەشێك زیندووترە لە ئەمریکییەك- ئەمەیە ترسی ئەمریکی. ئەمریکی زۆر لە قولەڕەش دەترسێت. ترسەکە ئەوەیە کە ئەمریکی زۆر بە پلاستیکی بووە و قولەڕەش هێشتا زیندووە، هێشتا واقعیە.

ململانێی نێوان رەشپێستەکان و سپی پێستەکان لە ئەمریکا بە راستی ململانێ نییە لە نێوان رەش و سپی، ململانێیە لەنێوان پلاستیك و واقیعدا. ئەمریکیش، سپی پێستەکە، زۆر دەترسێت، ئەمەش بەشێوەیەکی بنچینەیی لەبەرئەوەیە کە ئەگەر قولەڕەشەکە رێگەی بدرێت ئەوا ژنەکەی لەدەست دەدات، ئەمریکییەکە ژنەکەی لەدەست دەدات. قولەڕەشەکە زیندووترە، لەڕووی سێکسییەوە چالاکترە، وزەکەی هێشتا کێوییانەیە. ئەمەش یەکێکە لە ترسەکانی خەڵکی شارستانی، واتە لەدەستدانی ژنەکەی. ئەوان دەزانن ئەگەر کەسانی زیندووی تر هەبن، ئەوا ناتوانن ژنەکانیان لەلای خۆیان بهێڵنەوە.

تانترا دەڵێت: لە جیهانی ئەوانەدا کە هێشتا سەرەتایین، ئەگەری وەستانی گەشە هەیە. تۆ بە ئاراستەیەکی هەڵەدا گەشەت کردووە، ئەوان هێشتا گەشەیان نەکردووە– ئەوان هێشتا دەتوانن ئاراستەیەکی دروست هەڵبژێرن، ئەوان بەتواناترن. هەروەها ئەوان هیچیان نییە پاشەکشەی لێ بکەن، ئەوان دەتوانن راستەوخۆ بەرەوپێش بچن.

ئایا ئامانجێکی کۆتایی بۆ هەموو شتێك هەیە، یان ژیان تەنیا رێکەوتێکە؟ دەکرێ بوترێ ژیان بەرەو ئامانجێکی کۆتایی دەڕوات؟

ڕۆیشتن بەرەو کۆتا ئامانجێك؟

بەتایبەت بۆ ئەقڵی خۆرئاوایی، زۆر قورسە تێبگەیت کە ژیان بێ ئامانجە. قورسیشە کە بێ ئامانجە. ئەگەر بەئامانجیش بێت هەموو شتەکە سەیر دەبێ– ئەو کاتە کێ بڕیار لەسەر ئامانجەکە دەدات؟ ئەو کاتە دەبێ درك بە خودایەك بکرێت کە بڕیار لەسەر ئامانجەکە دەدات و ئەو کاتە مرۆڤەکان دەبنە بوکەڵە، ئەو کاتە ئازادی مومکین نییە. ئەگەر ئامانجێکیش هەبێت ئەوا ئەو کاتە ژیان وەکو بزنسی لێدێت، ناکرێ خۆشی تیا بێت. خۆرئاوا لە سۆنگەی ئامانجەوە بیر دەکاتەوە، بەڵام خۆرهەڵات لە سۆنگەی بێ ئامانجییەوە بیر دەکاتەوە. خۆرهەڵات دەڵێت ژیان بزنسێك نییە، یارییەکە. یاریش لە راستیدا ئامانجی تیا نییە، بێ ئامانجە. یان دەتوانیت بڵێیت یاری ئامانجەکەیەتی، یاری بکەیت بەسە. ژیان بەرەو ئامانجێك ڕێ ناکات، ژیان لە خۆیدا ئامانجە. بەرەو ئەنجامێك، کۆتایەك ناڕوات، ژیان ئەم ساتە، لێرە و ئێستا، کۆتاکەیە.

ئەم ئەقڵە دەستکەوتخوازە قەت خۆشبەختی نابینێت، هەمیشە لە تەنگژەدا دەبێت. هەرکاتێکیش شتێك بەدەستهات ئەوا ئەقڵە دەستکەوتخوازەکە هەست بە بەتاڵی دەکات، چونکە ئێستا دەبێ ئامانجی نوێ دابهێنرێن. ئەمەیە لە ئەمریکا

رووده‌دات. زۆرێك له‌ ئامانجه‌كانی سه‌ده‌ی رابردوو به‌دیهاتوون، بۆیه‌ ئه‌مریكا له‌ نائومێدی و ناكامییه‌كی قووڵدایه‌. هه‌موو ئامانجه‌كانی باوكه‌ دامه‌زرێنه‌ره‌كان كه‌ ئه‌مریكایان دروست كرد و ده‌ستووری ئه‌مریكاش ته‌قریبه‌ن به‌دیهاتووه‌. له‌ ئه‌مریكا كۆمه‌ڵگه‌ بۆ یه‌كه‌مین جار له‌ سه‌رانسه‌ری مێژووی مرۆڤایه‌تیدا گه‌یشتووه‌ته‌ كامه‌رانی. ته‌قریبه‌ن هه‌موو كه‌سێك ده‌وڵه‌مه‌نه‌. كابرای هه‌ژاری ئه‌مریكی لێره‌ له‌ هیندستان كه‌سێكی ده‌وڵه‌مه‌نده‌.

ئامانجه‌كان ته‌قریبه‌ن به‌دیهاتوون- ئه‌ی ئێستا چی بكه‌یت؟ كۆمه‌ڵگه‌ گه‌یشتووه‌ته‌ كامه‌رانی: خۆراك هه‌یه‌، شوێنی نیشته‌جێبوون هه‌یه‌، هه‌مووان ئۆتۆمبێلی خۆیان هه‌یه‌، رادیۆ، سه‌لاجه‌، ته‌له‌فزیۆن هه‌یه‌- ئه‌ی ئێستا چی بكه‌یت؟ به‌تاڵییه‌كی گه‌وره‌ هه‌ستی پێ ده‌كرێت، ئامانجی تر پێویستن. پێده‌چێ هیچ ئامانجێكی تریش بوونی نه‌بێ. له‌بری ئۆتۆمبێلێك تۆ ده‌توانیت دوو ئۆتۆمبێلت هه‌بێت- گه‌راجی دوو ئۆتۆمبێلی بووه‌ته‌ ئامانج- یان ده‌توانیت دوو خانووت هه‌بن، به‌ڵام ئه‌مه‌ له‌ماوه‌ی ده‌ ساڵدا به‌دی دێت. ئامانجه‌كه‌ هه‌رچییه‌ك بێت ده‌توانرێ به‌دی بێت. ئه‌و كاته‌ ئه‌قڵی ده‌ستكه‌وتخواز هه‌ست به‌ به‌تاڵی ده‌كات. ئێستا چی بكه‌یت؟ دیسان پێویستی به‌ ئامانجه‌ و ده‌بێ تۆ ئامانجێك دابهێنیت.

بۆیه‌ ته‌واوی بزنسی ئه‌مریكا ئێستا پشت ئه‌ستووره‌ به‌ داهێنانی ئامانجه‌كان. ئامانج به‌ خه‌ڵك بده‌- ئه‌مه‌یه‌ كه‌ ریكلامه‌كان و هه‌موو بزنسی ریكلامكردن ده‌یكات، ئامانج دابنێ، خه‌ڵك فریو بده‌: "ئێستا ئه‌مه‌ ئامانجه‌كه‌یه‌! ده‌بێ تۆ ئه‌مه‌ت هه‌بێ، ئه‌گیان ژیان بێ ئامانجه‌!" ئه‌وان ده‌ست ده‌كه‌ن به‌ راكردن، چونكه‌ ئه‌قڵێكی ده‌ستكه‌وتخوازیان هه‌یه‌. به‌ڵام به‌ره‌و كوێ رێده‌كات؟ به‌ره‌و نه‌خۆشییه‌كی ئه‌عسابی زیاتر و زیاتر رێده‌كات.

تەنیا ئەقڵێکی دەستکەوتنەخواز دەتوانێ لە ئارامیدا بێت. بەڵام ئەقڵی دەستکەوتنەخواز تەنیا ئەو کاتە مومکینە کە پاشخانێکی بێ ئامانجیی گەردوونی هەبێت. ئەگەر تەواوی گەردوون بێ ئامانج بێت ئەوا پێویست ناکات تۆ ئامانجت هەبێ. ئەو کاتە دەتوانیت یاری بکەیت، دەتوانیت گۆرانی بڵێیت و سەما بکەیت، دەتوانیت خۆشی ببینیت، دەتوانیت خۆشەویستی بکەیت و بژیت و پێویست ناکات هیچ ئامانجێك دابنێیت. ئێرە و ئێستا، ئەم ساتە، کۆتاکەیە. ئەگەر تۆ لێرە بیت ئەوا سەرەنجام یان کۆتایی دەتوانێ بێتە ناوتەوە. بەڵام تۆ لێرە نیت، ئەقڵت لە شوێنێکی تری ئایندەدایە، لە ئامانجێکدایە.

ژیان هیچ ئامانجێکی تێدا نییە، ئەمەش جوانیەکەیەتی. ئەگەر ئامانجێك هەبووایە ئەوا ژیان دڵڕەق دەبوو- پوچ دەبوو. ژیان بزنس نییە، یارییە. لە هیندستان ئێمە پێمان دەوت (لیلا). لیلا واتە یارییەکی گەردوونی...وەك بڵێی خودا یاری دەکات. وزە لێوانڕێژە، نەك بۆ ئامانجێك، بەڵکو خۆشی لە خۆی دەبینێ، وەکو چۆن منداڵێکی بچوك یاری دەکات- بۆ چ ئامانجێك؟ وێڵبوون بەدوای پەپولەکاندا، کۆکردنەوەی بەردە ڕەنگاوڕەنگەکان لە کەناری دەریا، سەماکردن لەژێر خۆرەتاو، ڕاکردن لەژێر درەختەکاندا، کۆکردنەوەی گوڵەکان- بۆ چ ئامانجێك؟ پرسیار لە منداڵێك بکە. ئەوا وەها دەڕوانێتە تۆ وەك بڵێی شێتیت. ئامانج پێویست نییە.

ئەقڵت داڕێژراوە. زانکۆکان، کۆلێژەکان، پەروەردە، کۆمەڵگە، تۆیان داڕژاندووە. ئەوان لە قووڵایی تۆدا وەها پرۆگرامیان کردوویت کە هەرشتێك ئامانجێکی لەدواوە نەبێت ئەوا بێ کەڵکە- بۆیە دەبێ هەموو شتێك ئامانجێکی هەبێ. منداڵی کە یاری دەکات ئامانجی نییە. یان بە لایەنی زۆرەوە، ئەگەر منداڵەکە بتوانێ ڕوونی بکاتەوە ئەوا دەڵێت "لەبەرئەوەی خۆشە. بە ڕاکردن هەست بە

زیندوویەتییەکی زیاتر دەکەم. بە کۆکردنەوەی گوڵ هەست بە خۆشی، هەست بە جۆش و خرۆش دەکەم". بەڵام ئامانجێك لە ئارادا نییە. خودی کردارەکە جوانە، خۆشی ئەداتێ. زیندوو بیت بەسە، پێویست بە هیچ ئامانجێك ناکات.

بۆچی داوای شتی تر بکەیت؟ بەوەندە رازی نابیت کە زیندوویت؟ ئەمە دیاردەیەکە. تەنیا بیر لەوە بکەرەوە کە بەردێکیت. مومکین بوو وەهابیت، چونکە زۆرێك هێشتا بەردن. حەتمەن تۆ جارێك لە جاران لە شوێنێك لە رابردوودا بەرد بوویت. بیر لەوە بکەرەوە کە درەختێکیت. دەبێ لە شوێنێکدا تۆ درەختێك، باڵندەیەك، ئاژەڵێك، مێشوولەیەك بووبیت. ئینجا بیر لەوە بکەوە کە مرۆڤیت-بەئاگا و هۆشیار، ترۆپکی هەموو ئەگەرەکانیت. کەچی پێشی قایل نیت. پێویستت بە ئامانجێکە، ئەگینا ژیان کەڵکی نییە. ئەقڵی تۆ لەلایەن ئابووریناسەکان، ژمێریارەکان، ئایینناسەکانەوە تێکدراوە. ئەوان ئەقڵی تۆیان تێکداوە، چونکە هەموویان باسی ئامانج دەکەن. ئەوا دەڵێن "ئەو کاتە شتێك بکە کە شتەکە دەستکەوتێکی لێ پەیدا ببێت. شتێك مەکە کە سەر ناکێشێت بۆ هیچ شوێنێك". بەڵام من پێتان دەڵێم کە چەندەی زیاتر خۆشی لەو شتانە ببینیت کە بێ کەڵکن، ئەوەندە زیاتر خۆشبەخت دەبیت. چەندەی زیاتر خۆشی لەو شتانە ببینیت کە بێ ئامانجن، ئەوەندە زیاتر بێگوناهتر و بەختەوەرتر دەبیت.

کاتێك تۆ پێویستت بە هیچ ئامانجێك نییە ئەوا ئاهەنگی بوون دەگێڕیت. هەست بە سوپاسگوزاری دەکەیت کە هەیت؛ تەنیا ئەوەی کە هەناسە ئەدەیت. ئەوە نیعمەتێکی گەورەیە کە هەناسە دەدەیت، کە بەئاگایت، کە زیندوویت، کە پڕیت لە وزە. ئەمە بەس نییە؟ پێویستت بە بەدەستهێنانی شتێك هەیە بۆئەوەی بتوانیت هەست بە دڵخۆشی بکەیت، بۆئەوەی بتوانیت هەست بکەیت نرخت هەیە، بۆئەوەی بتوانیت هەست بکەیت ژیان پاساوی هەیە؟ دەتووانی چیتر لەوە زیاتر

بەدەست بێنیت کە هەیت؟ چیتر دەتووانرێ ئیزافە بکرێتە سەر ژیانت؟ دەتووانی چیتری بخەیتە سەر؟ ناتوانرێ هیچی تری بخرێتە سەر، هەوڵدانەکەش لەناوت دەبات- واتە هەوڵی زیاکردنی شتێکی تر بۆ سەر ژیانت.

بەڵام بۆ ماوەی چەندەها سەدە لە سەرانسەری جیهاندا ئەوان خەریکی دەرس دادانی هەموو منداڵێك بوون کە ئامانجی هەبێ. "کاتت بەفیڕۆ مەدە! ژیانت بەهەدەر مەدە!" مەبەستیشیان چییە؟ ئەوان مەبەستیان ئەمەیە "ژیان وەربچەرخێنە بۆ حسابێکی بانك. کاتێك دەمریت دەبێ بە دەوڵەمەندی بمریت. ئەمەیە ئامانجەکە".

لێرە لە خۆرهەڵات- بەتایبەت ئەو رۆحانییانەی کە ئێمە باسیان دەکەین، (ئوپانیشادەکان)- ئەوان دەڵێن، "دەوڵەمەندانە بژی". لە خۆرئاوا دەڵێن " بە دەوڵەمەندی بمرە". ئەمەش دوو شتی سەراپا جیاوازن. ئەگەر دەتەوێ دەوڵەمەندانە بژی دەبێ لێرە و ئێستا بـ1یت، نابێ تاکە چرکەیەك بەفیڕۆ بدرێت. ئەگەر دەتەوێ شتێك بەدەست بێنیت، ئەوا بە دەوڵەمەندی دەمریت- بەڵام وەکو کەسێکی هەژار دەژیت، ژیانت هەژار دەبێ.

بڕوانە خەڵکی دەوڵەمەند: ژیانیان بەشێوەیەکی رەها هەژارە، چونکە لەدەستی دەدەن، دەیکەن بە حسابێکی بانکی، ژیانیان گۆڕین بۆ پارە، بۆ خانووی گەورە، ئۆتۆمبێلی گەورە. تەواوی تەقەلایان ئەوەیە کە دەبێ ژیان بگۆڕدرێ بۆ شتەکان. کاتێك دەمرن، تۆ دەتووانیت شتەکانیان بژمێریت.

تێرامێنی ناخ پێویستی نە ئەقڵێکی دەستکەوتنەخوازە، بەڵام ئەقڵی دەستکەوتنەخواز تەنیا ئەو کاتە مومکینە کە تۆ بتووانیت قەناعەتت هەبێ بەرانبەر بێ ئامانجی. تەنیا هەوڵ بدە لەوە تێبگەیت کە سەرانسەری گەردوون یاری دەکات و بەشێك بە تیایدا. جددی مەبە، چونکە قەت ناکرێ یاری جددی بێت. تەنانەت ئەگەر یاری پێویستیشی بەوە بێت جددی بیت، یارییەکەت جددی بێت، بە

راستی جددی مەبە. ئینجا خودی ئەو چرکەسانە دەوڵەمەند دەبیٚ. ئەو کاتە لەو سانەدا دەتوانیت بچیتە ناو سەرەنجامەوە.

سەرەنجام یان کۆتا لە ئایندەدا نییە، لە ئێستادایە، لێرە و ئێستادا شاراوەتەوە. بۆیە پرسیاری ئامانج مەکە– ئامانج نییە و من دەڵێم شتێکی جوانە کە نییە. ئەگەر ئامانج هەبووایە ئەوا (خودا)ی تۆ تەنیا بەڕێوەبەرێك یان بزنسمانێکی گەورە، پیشەسازێك، یان شتێکی لەو بابەتە دەبوو.

بۆچی بە بیرکردنەوە لە روانگەی بزنسەوە کات بەفیڕۆ بدەیت؟ بۆچی زیاتر و زیاتر لە یاریدا، ناجددیانە، لەشادیدا نەژیت؟ شادی شتێك نییە بتوانیت بە هەندێ هەوڵ و تەقەلا بەدەستی بێنیت، شادی شێوازێکی ژیانە. پێویستە سات لەدوای سات شاد بیت، دەبیٚ خۆشی لە شتە بچوکەکان ببینیت. ژیانیش ملیۆنان دەرفەت بۆ خۆشی بینین دەڕەخسێنێت. ئەگەر بەئامانج بیت ئەوا لەدەستیان دەدەیت.

ئەگەر تۆ بەئامانج نەبیت، ئەوا هەموو ساتێك دەرفەتی زۆرت دەبیٚ بۆ شادبوون. بە بینینی گوڵ، تاکە گوڵێکی ناو باخچە...دەتووانیت سەما بکەیت ئەگەر بەئامانج نەبیت. بە بینینی یەکەم ئەستێرەی سەر لە ئێوارە...دەتووانیت گۆرانی بڵێیت ئەگەر بەئامانج نەبیت. بە بینینی روخسارێکی جوان...دەتووانیت ئیلاهیەتی تێدا ببینیت ئەگەر بەئامانج نەبیت. لە هەموو شوێنێك ئیلاهیەت روودەدات، کۆتا دادەبارێت. بەڵام تەنیا ئەو کاتە دەتووانیت ببیینیت کە بەئامانج نەبیت و یاریخواز بیت.

ئینگلیزێك کە لە ویلایەتەکانی ئەمریکادا دەگەڕا روویکردە کابرایەك و وتی "وڵاتێکی جوانتان هەیە. ژنەکانتان دلگیر، شارەکانتان گەورەن، بەڵام چینی ئەرستۆکراسیتان نییە".

ئەمریکییەکە وتی "چیمان نییە؟"

"ئەرستۆکراسیتان نییە".

ئەمریکییەکە وتی "ئەمە چییە؟". وتی "نۆھ، ئەشزانی چییە. ئەو خەڵکانەی کە قەت هیچ ناکەن، کە دایك و باوکیان قەت هیچ شتێکیان نەکردووە، کە داپیرە و باپیرەیان قەت هیچیان نەکردووە– کە خێزانەکانیان هەمیشە خەڵکی ریفاهی بوون".

ئەمریکییەکە وتی "نا، وایە! لێرەش هەن بەڵام ئێمە پێیان دەڵێین ئیشکەری گەڕیدە!"

ئایا دەزانیت چەندەی وڵاتێك زیاتر خوێندەوار بێت ئەوەندەش زیاتر خەڵکی شێت تیایدا زیاد دەکات؟ ئەمڕۆکە ئەمریکا زۆرترین ژمارەی شێتی تێدایە. ئەمە جێی شانازییە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەمریکا خوێندەوارترین و شارستانیترین وڵاتە. دەروونناساني ئەمریکی دەڵێین ئەگەر هەمان سیستەم بۆ سەد ساڵی تر بەردەوام بێت، ئەوا دۆزینەوەی مرۆڤێکی سەلیم لە ئەمریکا قورس دەبێ. تەنانەت لەمڕۆشدا ئەقڵی سێ لە چوار کەس لە دۆخێکی نالەباردایە.

تەنیا لە ئەمریکا، رۆژانە سێ ملیۆن کەس دەچنە لای دەروونشیکارەکان! پەیتا پەیتا لە ئەمریکا ژمارەی پزیشکەکان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە و دەروونشیکارەکان زۆر دەبن. پزیشکەکانیش دەڵێن لەسەدا هەشتای نەخۆشییەکانی مرۆڤ هی ئەقڵە، نەك هی جەستە. تا تێگەیشتنیش زیاتر گەشە دەکات، رێژەکە زیاد دەکات. یەکەم جار دەیانوت لەسەدا چل، ئینجا وتیان لەسەدا پەنجا، ئێستا دەڵێن لەسەدا هەشتای نەخۆشییەکان هی ئەقڵە نەك هی جەستە. منیش دڵنیاتان دەکەمەوە کە بیست بۆ بیست و پێنج ساڵی تر دەڵێن لەسەدا نەوەدونۆی نەخۆشییەکان ئەقڵییە نەك جەستەیی. ئەوان دەبێ هەر وا بڵێن چونکە هەموو گرنگییەکە لە مێشکی مرۆڤ دەدرێت. مێشك تێکچووە.

کەسێك کە بە شێوەیەکی ئاسایی تووڕە دەبێت، وەکو هەر کەسێکی تر- ئەگەر ئیهانەی بکەیت تووڕە دەبێ- کەسێکی مەترسیدار نییە چونکە قەت ئەوەندە قین هەڵناگرێت کە مەترسیدار بێ. بەڵام کەسێك کە بەردەوام دەبێ لە کەبتکردنی تووڕەییەکەی ئەوا لەسەر بورکانێك دانیشتووە، هەر ڕۆژێك مومکینە بتەقێتەوە- یان ئەوەتا خۆی دەکوژێت یان کەسێك دەکوژێت- لەمە کەمتر ناکات.

بەهۆی ئایینە سەرکوتگەرەکانیشەوەیە کە ئەو هەموو پۆرنۆگرافییە هەیە لە جیهاندا.

بودا

مرۆڤ تۆوی ئیمکانیەتێکی گەورەیە: مرۆڤ تۆوی بودییەتە. هەموو مرۆڤێك بۆ ئەوە لەدایك بووە کە بودابییەك بێت. مرۆڤ بۆئەوە لەدایك نەبووە کۆیلە بێت بۆئەوەی لەدایك بووە کە گەورەیەك بێت. بەڵام خەڵکانێکی کەم هەن کە تواناکەیان بەرجەستە دەکەن. هۆکاری ئەوەش کە بۆچی ملیۆنان کەس ناتووانن تواناکەیان بەرجەستە بکەن ئەوەیە کە هەبوونی ئەو توانایەیان بەدی نەکردووە.

ژیان تەنیا دەرفەتێکە بۆ گەشەکردن، بۆ بوون؛ بۆ چرۆ کردن. ژیان لە خۆیدا بەتاڵە، ئەگەر تۆ ئەفرێنەر نەبیت ئەوا ناتووانیت پڕی بکەیت لە قەناعەت. تۆ

گۆرانییەك لە دڵتدایە کە دەبێ بوترێ و سەمایەکت هەیە کە دەبێ بیکەیت، بەڵام سەماکە نابینرێ و گۆرانییەکەشت هێشتا نەبیستووە. ئەمە لە قووڵایی ناوەوەتدایە لە ناوەڕۆکی بوونتدا. دەبێتە بهێنرێتە دەرەوە، دەبێ دەرببڕدرێت.

ئەمەیە مانای "خۆبەرجەستەکردن". بە دەگمەن کەسێك هەیە ژیان وەربچەرخێنێت بۆ گەشە، ژیانی وەربچەرخێنێت بۆ گەشتێکی درێژی خۆبەرجەستەکردن، کە دەبێتە ئەو کەسەی دەبووایە ببێ. لە خۆرهەڵات ئێمە ئەو

کەسە بە بودایی ناو دەبەیت، لە خۆرئاوا ئەو کەسەمان بە عیسایی ناو بردووە. وشەی "عیسایی" کتومت ئەو مانایەی هەیە کە وشەی "بودایی" هەیەتی: کەسێك کە هاتۆتە ماڵەوە.

ئێمە هەموومان گەڕیدەین بەدوای ماڵدا، بەڵام گەڕانەکە زۆر نائاگایانەیە-لەتاریکاییدا دەست دەکوتین، کتومت بەئاگا نین لەوەی کە بۆچی دەست دەکوتین، کێین، بۆ کوێ دەڕۆین. ئێمە وەکو تەپەدۆری سەر ئاو دەڕۆین، هەر ڕێکەوت دەبین.

ئەمەش مومکین دەبێ چونکە ملیۆنان کەسی دەوروبەرت لە هەمان بەلەمدان و کاتێك تۆ ملیۆنان کەس دەبینیت هەمان ئەو شتە دەکەن کە تۆ دەیکەیت، ئەوا حەتمەن لەسەر حەقیت- چونکە ناکرێ ملیۆنان کەس هەڵە بن. ئەمە لۆژیکی تۆیە و ئەو لۆژیکە لە بنەڕەتدا خەلەلی تێدایە: ناکرێ ملیۆنان کەس لەسەر حەق بن.

بە دەگمەن هەیە کەسێك لەسەر حەق بێت، بە دەگمەن هەیە کەسێك پەی بە ڕاستی ببات. ملیۆنان کەسی ژیان درۆ دەژین، ژیانی خۆ وا دەرخستن دەژین. هەبوونیان تەنیا دەستکردە، ئەوان لەسەر پەراوێزەکەدا دەژین، سەراپا بێ ئاگان لە سەنتەر. سەنتەریش هەموو دەگرێتەخۆ: سەنتەر مەملەکەتی خودایە.

یەکەم هەنگاو بەرەو بودییەت، بەرەو پەیبردن بە توانای بێ کۆتایی ئەوەیە کە دان بەوە دابنێیت تاوەکو ئێستا خەریکی بەفیڕۆدانی ژیان بوویت، ئەوەی کە تاوەکو ئێستا سەراپا نائاگا بوویت.

بێدار بەرەوە، ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ گەیشتن. ئەمە زەحمەتی دەوێ، سەختە. ڕێکەوتبوون ئاسانە، پێویستی بە تێگەیشتن نییە، بۆیە ئاسانە. هەموو گەمژەیەك دەتووانێ ئەمە بکات- هەموو گەمژەکانیش هەنوکە خەریکی کردنی ئەمەن. ڕێکەوتبوون ئاسانە چونکە قەت هەست بە بەپرسیارێتی ناکەیت بۆ هەر شتێك کە

روودەدات. دەکرێ تۆ هەمیشە بەرپرسیارێتی بخەیتە سەر شتێکی تر: قەدەر، خودا، کۆمەڵگە، بونیادی ئابووری، دەوڵەت، کەنیسە، دایک، باوک،...

دەتووانیت بەردەوام بیت لە فڕێدانی بەرپرسیارێتی بۆ سەر ئەستۆی کەسێکی تر، بۆیە ئاسانە.

بەئاگابوون واتە هەموو بەرپرسیارێتییەکە بخەیتە ئەستۆی خۆت. بەرپرسبوون دەستپێکی بودییەتە.

کاتێك وشەی "بەرپرس" بەکاردێنم بە دەلالەتی سادەی هەبوونی ئەرك بەکاری ناهێنم. من بە مانا دەگمەنە جەوهەرییەکە بەکاری دێنم: توانای وەڵامگۆیی- ئەمەیە واتاکەی من. توانای وەڵامگۆییش تەنیا ئەو کاتە مومکینە کە تۆ بەئاگا بیت. ئەگەر تۆ لە خەوێکی قووڵدا بیت، چۆن دەتووانیت وەڵامگۆ بیت؟ ئەگەر تۆ خەوتبیت، باڵندەکان لە خوێندن بەردەوام دەبن بەڵام تۆ نابیستیت و گوڵەکان لە شکۆفەکردن بەردەوام دەبن و تۆ قەت ناتووانیت جوانی ببینیت، ئەو بۆنە خۆشە بکەیت، ئەو خۆشە بچێژیت کە بەسەر هەبووندا دەیبارێنن.

بەرپرسبوون واتە بەئاگا بیت. بەرپرسبوون واتە لەسەرهۆش بیت. ئەوەندەی دەکرێ بە هۆشیارییەوە رەفتار بکە. تەنانەت نابێ شتە بچوکەکانیش- رۆیشتن بە رێگەدا، نان خواردن، حەمامکردن- بەشێوەی میکانیکی ئەنجام بدرێن. بە هۆشیارییەکی تەواوەوە ئەنجامیان بدە.

پەیتا پەیتا، کردارە بچوکەکان درەوشاوە دەبن و بەرە بەرە ئەو کردارە رۆشنانە زیاتر و زیاتر لە تۆدا کەڵەکە دەبن و دواجار دەتەقنەوە. تۆوەکە تەقیووەتەوە، تواناکە بەرجەستە بووە. تۆ چیتر تۆوەکە نیت بەڵکو گوڵی (لۆتەس)یت. ئەمەش ئەو ساتەیە کە بەختەوەریی مەزن دێت، بودا پێی دەڵێت نیرڤانا. کەسێك گەیشتووە. ئێستا هیچی تر نییە بەدەستی بێنیت، شوێنێکی تر نییە بۆی بچیت.

تۆ دەتوانیت پشوو بدەیت، دەتوانیت ئارام بیت– گەشتەکە تەواو بوو. خۆشییەکی مەزن لەو ساتەدا سەر هەڵدەدات، شادییەکی مەزن لەدایك دەبێت. بەڵام دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێبکەیت.

خۆرئاوا ئەرستۆ، نیتشە، هایدگەر، کامۆ، بێردیێف، مارسێل و سارتەری هێناوەتە دنیاوە. دەشێ هەر لە خۆوە بوداییەکان بهێنێتە دنیاوە یان ئایا کۆمەڵەیەك بە ئاگایی خۆرهەڵاتییەوە پێویستە؟

ئاگایی بودایی نە خۆرهەڵاتییە نە خۆرئاوایی. هیچ پەیوەندی بە جوگرافیا و مێژووەوە نییە؛ هیچ پەیوەندی بە ئەقڵێکی وەهاوە نییە. ئەقڵ خۆرهەڵاتییە، خۆرئاواییە، هیندییە، چینییە، ژاپۆنییە و ئەڵمانییە؛ بەڵام ئاگایی بێگەری ئاوەوە تەنیا ئاسمانێکی بێگەردە– تۆ ناتوانیت بە هیچ شتێکی بشوبهێنیت چونکە پرۆگرام نەبووە. خۆرهەڵات چییە و خۆرئاوا چییە؟– تەنیا شێوازەکانی پرۆگرامکردنن، بەڵام شێوازی جیاواز. هیندۆس چییە و جولەکە چییە؟ – ڕێچگا جیاجیاکانی پرۆگرامکردنن. ئەمانە ناوەکانی چەند نەخۆشییەکەن، تەندروستی نە خۆرهەڵاتییە و نە خۆرئاوایی.

هەر کە منداڵ لەدایکبوو، دەستبەجێ پرۆگرامکردن دەست پێدەکات– ڕێگاکانی پرۆگرامکردن زۆر ئاڵۆزن. ڕاستەوخۆ، و ناڕاستەوخۆ، دەست دەکەین بە لە قاڵبدانی منداڵ بۆ قاڵبێکی دیاریکراو. زمانێکی دیاریکراو قسە دەکات و هەر زمانێك شێوازی بیرکردنەوەی خۆی هەیە؛ هەر زمانێك جەختکردنەوەی خۆی، ئاراستەی خۆی هەیە. هەربۆیە هەندێ جار تەرجەمەکردن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەستەمە. لەوانەیە زمانەکەی تر تەنانەت وشەی نەبێ بۆ گەیاندنی ماناکە، لەوانەیە زمانەکەی تر بەو شێوازە ڕوانیبێتییە واقیع و ژیان. ژیان ناکۆتایە، شێوازی ڕوانین بۆی ناکۆتایە– دەشێ ڕێگای بێ پایان هەبن بۆ ڕوانین لێی.

ئەو کاتەش منداڵ ئیتر بەهۆی خێزانەوە، بەهۆی قوتابخانەوە، کەنیسەوە، قەشەوە، دایك و باوکەوە، ڕەنگرێژ دەبێ– بە هێمنیش بەردەوام دەبێ. پەیتا پەیتا، هەموو ئاسمانی ئاگایی دادەخرێت، تەنیا یەك پەنجەرەی بچوك، کلاوڕۆژنەیەك، بە کراوەیی دەمێنێتەوە. ئەو کلاوڕۆژنەیە هیندییە، ئینگلیزییە، ئەمریکییە. ئەو کلاوڕۆژنەیە هیندۆسییە، جەینییە، بودییە. ئەو کلاوڕۆژنەیە خۆرهەلاتییە، خۆرئاواییە. بودییەت بەدەستهێنانەوەی ئەو ئاگاییەیە کە لەگەڵ لەدایکبوونتدا هێناوتە. ئەو پاکییە پیس نەبووەیە، ئەو ڕوخسارە بنچینەییەیە بەبێ ماسك، ئەو بەرائەتە بودییەتە.

بۆیە بودییەت ناتوانێ خۆرهەلاتی، خۆرئاوایی بێت، بەڵکو بەرز دەبێتەوە بۆ سەروویان.

لەوانەیە سەرت بسوڕمێت لەوەی کاتێك منداڵ لە خێزانێکدا گەورە دەبێ– تەقریبەن شتێکی حەتمیە کە دەبێ لە خێزانێکدا گەورە ببێ– جۆرێك لە خێزان پێویستە. تەنانەت ئەگەر کۆمەڵەیەکیش بێت، ئەوا سنووربەندی خۆی هەیە، ناشکرێ منداڵێك بەخێو بکەیت بەبێ جۆرێك کاریگەری لە دەورووبەرەوە. ئەو کاریگەرییە حەتمیەتە، بەبێ ئەم کاریگەرییە منداڵ بەردەوام نابێ. منداڵ دەبێ چاودێری بکرێت، بەڵام دەبێ باجەکەشی بدات. ئەمە سادە نییە، بەڵکو زۆر ئاڵۆزە، دەبێ منداڵ بە بەردەوامی خۆی لەگەڵ خێزاندا ڕابێنێت چونکە خێزان "لەسەر حەقە"، باوك "لەسەر حەقە"، دایك "لەسەر حەقە". ئەمانە خەڵکی بەهێزن– منداڵیش دەستەوستانە. ئەو دەبێ پشتیان پێ ببەستێ، دەبێ ئاگایان لێی بێت، ئەو دەبێ شوێنیان بکەوێ. ڕاستبوون و هەڵەبوون پرسیارەکە نییە، دەبێ منداڵ ببێتە سێبەر، لاساییکەرەوەیەك.

ئەمەشە هیندۆسیزم، مەسحییەت، ئەمەیە ئەقڵیەتی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی. ئەمەش زۆر ئاڵۆزە، لەوانەیە منداڵ قەت لێی بەئاگا نەیەت چونکە ئەمە لە رۆژێکدا ناکرێ؛ ئەمە زۆر بە خاوی بەڕێوە دەچێت– وەکو چۆن ئاو لە شاخ دەڕژێتەخوار، هەر دەڕژێت و دەڕژێت و بەردەکان دەهاڕێت و بزریان دەکات.

دەبێ منداڵ لە زۆر رووەوە خۆی رابێنێت. ئەو راهاتنە رایلیدەکات ساختە بێت، نارەسەن بێ، راست نەبێ– ناڕاست لەگەڵ بوونی خۆیدا. ئێستا دەروونناسەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر منداڵێکی دیاریکراو دەرکەوت دەبەنگە، لەوانەیە وەها نەبێ؛ چونکە هیچ منداڵێک بە دەبەنگی لەدایک نابێت. لەوانەیە کاریگەریی هەموو دەوروبەرەکە و خێزان بێت کە دەبێ لەگەڵیدا رابێت. ئەگەر باوکەکە رۆشنبیر بێت ئەوا دەبێ منداڵەکە بە شێوازێکی وەها دەبەنگانە رەفتار بکات کە بتوانێ هاوسەنگییەکە رابگرێ. ئەگەر منداڵەکە بە شێوازێکی زیرەکانە رەفتار بکات، ئەوا باوکەکە بە شێوازێکی تەمومژاوی تووڕەیە. ئەو ناتوانێ بەرگەی منداڵێکی زیرەک بگرێ؛ ئەو قەت بەرگەی کەسێك نەگرێ کە هەوڵ دەدات لەخۆی زیرەکتر بێ. ئەو منداڵەکە ناچار دەکات هەر نزم بێ سەرباری ئەوەی کە بەردەوام دەبێ لە وتنی؛ منداڵەکەش رەفتارکردنەکە وەکو گەمژەیەك فێر دەبێ، چونکە کاتێك وەکو گەمژە رەفتار دەکات، هەموو شتێك بە باشی بەڕێوە دەچێ. هەموو شتێك بە تەواوی لە باشیدایە. لەوانەیە باوك لە رواڵەتدا وا پیشان بدات کە پێی ناخۆشە، بەڵام لە قووڵاییدا رەزامەندە. ئەو هەمیشە کەیفی بە گەمژەکانی دەوروبەری دێت. گەر بە گەمژە دەورە درابێت، ئەوا تێگەیشتووترین کەسە.

بەهۆی ئەمەوە، لەماوەی زیاتر لە سەد ساڵدا ژنان فێڵێك فێر بوون: قەت هەوڵ نادەن رووناکبیر بن– مێردەکە حەز ناکات. نەك لەبەرئەوەی رووناکبیر نین، ئەوان وەکو پیاوەکان رووناکبیرن– بەڵام دەبێ فێر ببن. تێبینیت نەکردووە؟ ئەگەر

ژنەکە خوێندەوارتر بێت ئەوا مێردەکە هەستێکی خراپی دەبێ. نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو لە شتە بچوکەکانیشدا: ئەگەر ژنەکە باڵای بەرزتر بێ، هیچ پیاوێ نایەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات. لەوانەیە تەنیا هۆکارەکە ئەوەش بێت کە ژنان بڕیاریانداوە لە رووی بایۆلۆژیشەوە زۆر باڵابەرز نەبن– لەوانەیە هۆکارێکی دەروونی لە پشت ئەمەوە بێت– ئەگینا مێردی دەست ناکەوێ. ئەگەر تۆ زۆر زیرەک بیت، مێردت دەست ناکەوێ. ژن دەبێ وا دەربیخات کە هەمیشە هەر بە منداڵی دەمێنێتەوە، منداڵ ئاسا دەبێ، بۆئەوەی مێردەکە ئاسودە بێ بەوەی کە ژنەکە پشتی پێ دەبەستێ.

لە خێزاندا، منداڵ دێتە ناو بارودۆخێکی حازربەدەستەوە. هەموو شتێک بە ئامادەیی هەیە، دەبێ خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت، دەبێ خۆی لەگەڵدا رابێنێت. ئەو ناتوانێ خۆی بێت، ئەگەر هەوڵ بدات خۆی بێت، ئەوا هەمیشە دەکەوێتە گرفتەوە و هەست بە گوناه دەکات. دەبێ خۆی رابێنێت– باجییەکە هەرچییەک بێت– مانەوە گرنگترین شتە، یەکەم شتە، شتەکانی تر لاوەکین. بۆیە هەموو منداڵێک دەبێ خۆی لەگەڵ خێزان، لەگەڵ دایک و باوک، لەگەڵ جوگرافیا، لەگەڵ مێژوو، لەگەڵ خاسیەتەکانی خەڵکانی دەوروبەریدا رابێت. بە هاتنی ئەو کاتەی کە تۆ بەئاگا دێیت یان کەمێک سەربەخۆ دەبیت، ئەوا ئەوەندە پرۆگرام بوویت، کە پرۆگرامەکە چووەتە ناو قوولایی خوێن و ئێسقان و مۆختەوە کە ناتوانیت لێی بێیتە دەرەوە.

تایبەتمەندییەکانی مرۆیەکی رۆشنبووەوە چییە؟

رۆشنگەری یان رۆشنبوونەوە بە سادەیی واتە کەسێک کە چیتر لە ژیانیدا پرسیاری نەماوە، هەموو شتێک حەل بووە. رۆشنبوونەوە واتە کەسێک کە بە

بەردەوامی لە هەمان دۆخی بێدەنگی، ئارامی و قەناعەتدایە هەرچییەك لە دەرەوە رووبدات، سەرکەوتن یان شکست، ئازار یان چێژ، ژیان یان مەرگ.

رۆشنبوونەوە واتە کەسێك کە شتێکی ئەزموون کردووە کە تۆش لە تواناتدایە، بەڵام تۆ تاقیت نەکردووەتەوە. ئەو بیست و چوار سەعات پڕە لە رووناکی، پڕە لە خۆشی، پڕە لە جۆش و خرۆش. ئەو تەقریبەن سەرخۆشە، سەرخۆشە بە ئیلاهیەت. ژیانی گۆرانییە، ژیانی سەمایە، ژیانی خۆشییە. ئامادەبیەکەی خۆشبەختییە.

ئەگەر دەتەوێ بیشیناسیت، دەبێ لەگەڵیدا بیت. تۆ ناتووانیت لە دەرەوەڕا لێی بڕوانیت، دەبێ لێی نزیك بیتەوە. دەبێ بێیتە ناو دۆخێکی ئینتیماوە. دەبێ بێیتە پاڵ قافڵەکەی، دەبێ دەستی بگریت. دەبێ لێی خۆیت، دەبێ رێگە بدەیت بێتە ناو دڵت. بەڵام تکایە لە دەرەوەڕا هەوڵ مەدە تایبەتمەندی بۆ بدۆزیتەوە، ئەمانە هەمووی ئەزموونی ناوەکین.

بەڵام هەندێ لە ئامازەکان هەمیشە دیارن. لە نزیك مرۆیەکی رۆشنبووەوەدا هەست بە جۆرێك لە هێزی مرگناتیسی، بەکێشبوونێکی مەزن، سەنتەرێکی کاریزمی دەکەیت. لەوانەیە لە ترسی خۆتەوە نزیك نەبیتەوە. نزیکبوونەوە لە کەسی رۆشنبووەوە مەترسیدارە، چونکە دەتووانیت نزیك بیتەوە بەڵام ئەو کاتە ناتووانیت دوور کەویتەوە. نزیکبوونەوە مەترسیدارە. ئەمە تەنیا بۆ قومارچییەکانە نەك بۆ بزنسمانەکان.

بەشی چوارەم

مرۆڤی نوێ

ماوەیەك لەمەوبەر كاتێك ئێمە سەردانی (سەنتەری ئاسمانیی كەنەدی)یمان كرد لە فلۆریدا، سەرەنجامی زانستمان بینی لە دۆزینەوەی فەزای دەرەوە و دروستكردنی "مرۆڤێكی باشتر" و سەنتەری "ئۆشۆ"ش لە پونە هەوڵێكە بۆ ئەزموونكردنی فەزای ناوەوە و دروستكردنی "مرۆڤی نوێ". ئەوەی یەكەمیان دەستپێكەری سەدەیەكی نوێی پاڵپشتیكراوە بە دەوڵەمەنترین و بەهێزترین وڵاتی جیهان. ئەمەیان دەفرێكی فرێوە بۆ ئاگایی نوێ و لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن هەژارترین وڵاتانی جیهانەوە رەت دەكرێتەوە. یەكێكیان ماددەیە و ئەویتر رۆحە. چی روودەدات؟

ئایدیای مرۆڤێكی باشتر، ئایدیایەكی زۆر كۆنە، ئەوەندەی مرۆڤ خۆی كۆنە. هەمووان بۆ مرۆڤێكی باشتر ئامادەن چونكە پێویستی بە گۆڕانكاریی رادیكاڵ نییە. مرۆڤی باشتر واتە شتێك بۆ تۆ ئیزافە كراوە؛ تۆ هەمان شت دەبیت، هەر بەردەوام دەبیت، پچڕانێك لەئارادا نییە. تۆ دەوڵەمەندتر دەبیت، باشترە.

بیرۆكەی مرۆڤێكی باشتر رەگی لە چاوچنۆكیدایە و لێرەوە هەمووان پشتگیری دەكەن. وڵاتانی دەوڵەمەند و وڵاتی هەژاریش پشتگیری دەكەن. هیندستان بە

تــەواوی لایــەنگیری مــەهاتما گانــدی بــوو چــونکە هــەوڵی دەدا مرۆڤێکــی باشــتر بێنێتەکایەوە.

بیرۆکەی مرۆڤێکی باشتر چاکسازییانەیە، شۆڕشگێڕانە نییە.

بــەڵام بیرۆکــەی مرۆڤــی نــوێ مەترسـیدارە، چــونکە پێویــستی بــە بوێرییــە. پێداویستییە بنچینەییەکە ئەوەیە کە دەبێ تۆ لە فۆرمە کۆنەکەتدا بمریت و سەر لەنوێ لەدایك بیتەرە- ئەمە لەدایکبوونەوەیە. بۆیە من دژایەتی دەکرێم. ئەمە تەنیا لێرەش نییە کە دژایەتی و ئیدانە دەکرێم، من لە هەموو شوێنێکی تری جیهان دژایــەتی و ئیدانــە دەکــرێم، تەنانــەت ئەگەرچــی لــە فلۆریــداش بم هــەمان شــت روودەدات.

لە راستیدا، ئەگەری دژایەتی لـە وڵاتێکی دەوڵەمەنـد و بەهێز زیاترە وەك لـە وڵاتێکی هەژاری لەبرسا مردوو، ئەمەش لەبەر هۆکاری سادەی ئەمەی کە ملیۆنان هیندی نازانن لێرە چی روودەدات. کاتیـان نییـە، ئارەزوومەنـد نـین. لـەدایکبوونی مرۆڤی نوێ بۆ ئەوان پرسێکی زیندوو نییە. کێشەی سەرەکی ئـەوان ئەوەیـە چۆن زیندوو بمێننەوە کەچی تـۆش باسـی لـەدایکبوونی مرۆڤـی نـوێ دەکـەیت! ئـەوان تەنانەت ناتووانن زیندووش بمێننـەوە. کێشەکانی ئـەوان سـەراپا جیـاوازە. ئـەوان نەخۆشن، ئەوان برسین، منداڵەکانیان نەخوێنـەوارن، ئـەوا بێکـارن، ئـەوان زەوییـان نییە، خۆراك و شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە- و تۆش باسی مرۆڤی نوێ دەکەیت؟ ئەوان ئارەزوومەند نین، ئەمە کێشەی ئەوان نییە.

بەڵام ئەگەر لە ئەمریکا باسی مرۆڤی نوێ بکەم ئەوا دەستبەجێ دەکوژرێم، بەند دەکرێم. من لەوێ بەهیچ شێوەیەك تەحەمول ناکرێم، چونکە ئەوە بەو مانایەیە کە مەترسییەك لەبەرانبەر تەواوی شێوازی ژیانی ئەمریکی لەئارادایە.

شێوازی ژیانی ئەمریکی پشت ئەستوورە بە تموحات و دەبێ مرۆڤی نوێی من بە تەواوی بێ تموح بێت. تەواوی شێوازی ئەمریکی ئەمەیە: دەبێ شتەکان باشتر بکرێن، دەبێ هەموو شتێك باشتر بکرێ. گرنگ نییە ئەمە بە کوێ دەگات، بەڵام دەبێ شتەکان باشتر و باشتر بن. ئەوان فرچکیان گرتووە بە بیرۆکەی باشترکردنی شتەکان. دەبێ تۆ خێراتر، میکانیکیتر بیت، تەکنۆلۆژیای باشتر، هێڵی شەمەنەفەری باشتر و ڕێگا و بانی باشترت هەبێت- هەموو شتێکی باشتر! بێگومان، بە هەمان شێوە، پێویستە مرۆڤێکی باشتریش بیت. ئەمە لەگەڵ تەواوی ستایڵی ژیانی ئەمریکیدا دێتەوە.

مرۆڤ بە هەمان شێوە وەکو کاڵا بیری لێدەکرێتەوە. وەکو چۆن پێویستت بە مانگای باشتر و سەگی باشتر و ئۆتۆمبێل و فڕۆکەی باشتر هەیە، پێویستیشت بە مرۆڤی باشتر هەیە! جیاوازی نییە: ئەمەش هەمان لۆژیکە.

من باسی مرۆڤی نوێ دەکەم. مرۆڤی نوێ مەرج نییە مرۆڤێکی باشتر بێت. ئەو ژیانخوازتر دەبێ، پڕ خۆشیتر دەبێ، بەئاگاتر دەبێ، بەڵام کێ چوزانێ باشتر دەبێ یان نا؟ لە ڕوانگەی سیاسییەکانەوە باشتر نابێ، چونکە نابێتە سەربازێکی باشتر- بەهیچ شێوەیەك ئامادە نابێ ببێتە سەرباز. کێبڕکێکار نابێ و سەراپای ئابووریی پێشبڕکێکارانە دادەڕمێت. ئەو تەنیا ئارەزوومەندی کەڵەکەکردنی زبڵ نابێت و هەموو ئابوورییەکە بەمەوە بەند دەبێ. هەموو ئاژانسەکانی ڕیکلامکردنت تەنیا بیرۆکەی کۆکردنەوەی زبڵی زیاتر دەخەنە ئەقڵتەوە.

مرۆڤی نوێ ڕوئیایەکی سەراپا جیاوازی بۆ ژیان دەبێ. ئەو بە شێوازێکی بەسۆزانەتر دەژیت، چونکە بەلای ئەوەوە ژیان دەوڵەمەندییە. ئەو دەزانێ کە پارە ناتووانێ خۆشەویستی-یان خۆشی بکڕێت. ئەو دەزانێ کە پارە سوودخوازانەیە، ئامانجی ژیان نییە.

سەراپای سیستەمی ئەمریکی بەندە بە کاری باشترەوە. "باشتر بیکە!" ئەوەی کە دەیکەیت گرنگ نییە. "ئەگەر خەڵك دەکوژیت، باشتر بیانکوژە!" دەتوانی بزانیت چی لە هیرۆشیما و ناگاساکی روویدا: ئەمریکا بە راستی بە شێوازێکی باشتر لە هەر کەسێکی تر کردی. "بگەرە سەر مانگ!" کەس پرسیار ناکات بۆچی؟ ئەگەر پرسیار بکەیت بۆچی ئەوا شێتیت، نابێ ئەم جۆرە پرسیارانە بکرێن. تاکە پرسیار کە شایەنی کردنە ئەمەیە: "چۆن بگەیتە سەر مانگ بە شێوازێکی باشتر لە هەر کەسێکی تر؟ روسیا ببەزێنە. دەبێ ئەوە ئەمریکی بێت کە بۆ یەکەم جار دەگاتە سەر مانگ" بۆچی؟ ئەمە پرسیارەکە نییە.

من بەش بە حاڵی خۆم، مەغزاکە نابینم. ئەمریکییە وەستاوەکەی سەر مانگ زۆر کەللەپوت دیارە! بەڵام ئەمە شێوازی بیرکردنەوەیانە، فەلسەفەکەیانە: "تەنانەت ئەگەرچی کەللەپوتیش دیار بیت، بەشێوەیەکی باشتر کەللەپوت دیار بە. هەموان ببەزێنە!"

مرۆڤی نوێی من واتە کۆتایی جیهانە کۆنەکە. ئەی بۆچی مرۆڤی نوێ ئیدانە دەکرێت؟ هەمیشە هەر ئیدانە کراوە. عیسا کوژرا چونکە باسی مرۆڤی نوێی دەکرد، نەك مرۆڤی باشتر. ماهاڤیرا نەکوژرا، بودا نەکوژرا، چونکە ئەوان باسی مرۆڤی باشتریان دەکرد. دەبێ جیاوازییەکە ببینیت.

عیسا بە (نیکۆدیمەس)ی وت، "تا جارێکی تر لەدایك نەبیتەوە ئەوا نابێ بێیتە ناو مەملەکەتی خوداوەندی منەوە". ئێستا تۆ ناتوانیت هیچ هاوتەرییەك لەگەڵ ماهاڤیرا، لەگەڵ موسا، لەگەڵ بودا دا بەدی بکەیت. عیسا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ یەکەم جار بەرانبەر بە رابردووت بمریت؛ تەنیا ئەو کاتە ئاگاییەکی نوێ لە تۆدا سەر هەڵدەدات. ئەو لە خاچ درا.

سوکرات باسی مرۆڤی نوێی دەکرد، بیرنە. ئەمە جیاوازییەکەیە. سوکرات بۆچی کوژرا؟ ئەسینا یەکێك بوو لە رۆشنبیرترین شارەکانی ئەو رۆژگارە، لە راستیدا نەك تەنیا ئەو رۆژگارە بەڵکو ئەمڕۆش هیچ شارێك بە ئەسینا بەراورد ناکرێ. بیست و پێنج سەدە تێپەڕیووە بەڵام نە نیویۆرك نە لەندەن نە پاریس و نە بۆمبای و نەك کەلکەتا و نە بێجینگ و نە مۆسکۆ و نە هیچ شارێکی تر نەیانتوانیووە بگەنە ترۆپکی کەلتوور، زیری، شارستانیەتی ئەسینا.

بەڵام بۆچی ئەو خەڵکە رۆشنبیرە ئەوەندە بوون بە درندە کە پیاوێکی وەکو سوکرات بکوژن؟ ئەو باسی مرۆڤی نوێی دەکرد. ئەگەر باسی پیاوی باشتری بکردایە ئەوا دەیانپەرست.

ئەوانەی باسی مرۆڤی باشتریان کردووە هەمیشە پەرستراون، چونکە ئەوان دەیانوت رابردوو جوانە، بەڵام دەکرێ جوانتریش بکرێ. ئەوان لەدژی رابردوو نین، ئەوان لەدژی تەقلیدەکان نین، ئەوان لەدژی نەریتەکان نین، ئەوا هەموویان لەگەڵیدان. دەبێ نەریت بناغە بێت و لەسەر ئەو بناغەیە دەتوانیت پەرستگایەکی باشتر، خانوویەکی باشتر بونیاد بنێیت.

لە باسکردنی مرۆڤی نوێدا (کول بوشان) مەترسیدارە. مرۆڤی نوێ واتە دابڕانی سەراپاگیر لە رابردوو، پچڕاندنی خۆت بە تەواوی لە رابردوو، نکوڵیکردن لە رابردوو و ژین لە ئێستادا. خووە کۆنەکانیش زۆر زوو دەمرن. ئێمە لەسەر بیستن لەبارەی مرۆڤی باشتر راهاتووین، چووەتە ناو سوڕی خوێنمانەوە. هەموو قەدیسێك، هەموو مەهاتماییەك باسی مرۆڤی باشتر دەکات، ئێمە دەزانین کە ئەوە ئیشەکەیەتی. بەڵام ئەی مرۆڤی نوێ؟ ئەو کاتە ئێمە دەترسین. ئەو شتێکی تەواو نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەو دەمانبات بۆ رووبەرێکی نەزانراو، ئەو هەوڵ دەدات لە ئاشنا ریشەکێشمان بکات. ئێمە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بە شێوازێکی دیاریکراو ژیاوین،

ئێمە بە هۆیەوە پرۆگرام بووین، بەشێکین لێی. تەنیا خەڵکێکی کەم لێی دێنە دەرەوە. لێرەوە پەیامەکەی منیش بە خەڵکانێکی کەم دەگات.

بیرت بێ، خووە کۆنەکان بە زەحمەت دەمرن- و ئایینەکانمان، فەلسەفەکانمان زۆر کۆنن، ستایلەکانی ژیانمان زۆر کۆنن. پێمان وایە کۆنە ئاڵتونە- و من دەڵێم کۆنە زبڵە! من لەگەڵ هێنری فۆرد کۆکم لەوەدا کە مێژوو پوچە. هەموو پڕوپوچە! دەبێ ئێمە خۆمان ئازاد بکەین لە هەموو ئەوەی کە پێشتر روویداوە و دەبێ مرۆڤ بە تەواوی و بەشێوەیەکی رەها ئازاد بکەین.

"دایکە، بۆچی تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ باوکم کرد؟"

دایک لە وەلامدا وتی "ئاه! کەواتە تۆش ئەو پرسیارەت هەیە!"

"من لە تەکساس تۆم ئەناسی؟"

"من قەت نەچووم بۆ تەکساس"

"منیش هەروا. لەوانەیە دوو کەسی تر بووبن".

ئەم سەرخۆشانە، ئەم خەڵکە بێ ئاگایانە خەریکی داگیرکردنی هەموو مرۆڤایەتی بوون.

رۆژێکی زۆر بارانلوییە. دوو پیاوی شێت لەناو پاسدا دانیشتوون. کاتێک پاسەکە لە ترافیک لایت دەوەستێت، شێتێکیان لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە دەرەوە و دەڵێت "سلاو، چارلی بڕوانە ئەو هەموو ئاوە! من دەچم حەمامێك بکەم!"

بۆیە پەنجەرەکە دەکاتەوە و خۆی فڕێ دەدات دەرەوە. پاش چەند چرکەیەك هاوڕێیەکەی گوێی لە هاوارێك دەبێت، "چارلی، کەمێ دوور خۆت هەڵدە، لێرە ئاوەکە زۆر تەنکە!"

خەڵکی شێت و سەرخۆش- ئەوان فاکتەری بڕیاردەر بوون لە رابردوودا. ئێمە قەت گوێمان لە خەڵکانی بێداربووەوە نەگرتووە. بێداربووەوەکان ناتووانن باسی باشترکردنی مرۆڤ بکەن. ئەمە وەکو ئەوە وایە بە کەسێکی نەخۆش بڵێیت "من دەرمانت دەدەمێ نەخۆشییەکەت باشتر بکەیت". کەسی نەخۆش نایەوێ نەخۆشییەکەی باشتر ببێت، ئەو دەیەوێ لێی دەرباز بێت، ئەو دەیەوێ تەندروست بێت.

تێڕامێنی ناخ

بیستوومە هەندێ جار دەکرێ تێڕامان لە ناخ بە زانست لەقەڵەم بدرێت و هەندێ جاریش وەکو هونەرێك. هەندێ جار تۆ بە بەهرە ناوی دەبەیت. تکایە روونی بکەرەوە.

تێڕامان لە ناخ رازێکی وەهایە کە دەکرێ بە زانست، بە هونەر، بە بەهرە ناو ببردرێت بەبێ هیچ ناکۆکییەك.

لە روانگەیەکەوە زانستە، چونکە تەکنیکێکی روون هەیە کە دەبێ پیادە بکرێت.ئەملا و ئەولای تیا نییە، ئەوە تەقریبەن وەکو یاسایەکی زانستی وەهایە. بەڵام لە روانگەیەکی جیاوازەوە دەشێ بوترێ هونەرێکە.

زانست درێژکراوەی ئەقڵە- ماتماتیکە، لۆژیکە، ئەقڵانیەتە. تێڕامان لە ناخ پەیوەندی بە دڵەوە هەیە، نەك ئەقڵ- لۆژیك نییە، لە دڵەوە نزیکترە. وەکو چالاکییە زانستییەکانی تر نییە، بەڵکو زیاتر وەکو مۆسیقا، شیعر، وێنەکێشان، سەماکردن وایە و لێرەوە دەشێ بە هونەر لەقەڵەم بدرێ.

بەڵام تێڕامان لە ناخ ڕازێکی وەها گەورەیە کە ناوبردنی بە "زانست" و "هونەر" تێکی نادات. ئەمە بەهرەیەکیشە- یان ئەوەتا بەدەستی دێنی یان بەدەستی نایەنی. بەهرە زانست نییە، خەڵك فێر ناکرێت. بەهرە هونەر نییە. بەهرە ڕازئامێزترین شتە لە تێگەیشتنی مرۆڤدا. بۆ نموونە، لەوانەیە تۆ تووشی ئەو کەسانە بوو بیت....هەندێ کەس بەهرەی ئەوەیان تێدایە کە دەستبەجێ دەبنە هاوڕێ، تەنیا بە بینین لە پاسدا بۆ چەند ساتێك و لەپڕ هەست دەکەیت زۆر لەمێژە یەکتری دەناسن. ناشتوانیت ئەوە دیاری بکەیت کە چی ڕوودەدات، چونکە تۆ یەکەم جار کابراکە دەناسیت....بەهرە شتێکی ڕازئامێزە، تەنیا چەند کەسێك دەتووانن پیادەی بیکەن.

کەسێك دەناسم کە دەتووانێ پەڕەی گوێکانی بجوڵێنێت! کەسێکی ترم نەدۆزییەوە کە بتووانێ پەڕەی گوێکانی بجوڵێنێت، ئێستا چی بە دەڵێیت؟- زانست یان چی؟ چونکە پرسیارم لە دکتۆرەکان کردووە ئاخۆ لەبارەی جوڵاندنی پەڕەی گوێکانەوە چی دەڵێن؟ ئەوان دەڵێن مەحاڵە. بەڵام من هاوڕێکەم هێنایە لای دکتۆرێك و وتم "پیشانی بدە..."

دکتۆرەکە وتی "ئەوی خوایە! دەتووانێ زۆر بە ئاسانی پەڕەکانی گوێی بجوڵێنێت، بەبێ هیچ گرفتێك".

لە ڕاستیدا، پەڕەکانی گوێ ئیمکانیەتی بایۆلۆژییان نییە بۆ جوڵان، تۆ کۆنترۆڵت بەسەریاندا نییە- تاقی بکەرەوە. ئەوانە پەرەکانی گوێی تۆن بەڵام دەسەڵاتت بەسەریاندا ناشکێ. بەڵام ئەو کابرایە تووانی ئەمە بکات. پرسیارم لێی کرد "چۆن ئەمە دەکەیت؟" وتی "نازانم. هەر لە سەرەتاوە ئەمەم کردووە".

بەشێوەیەکی وەها مەحاڵە، لەرووی جەستەییەوە مەحاڵە- چونکە بۆ جوڵاندنی ئەو پەڕانەی گوێ پێویستت بە سیستەمێکی دەمار هەیە بۆ کۆنترۆلکردنی و

سیستەمی دەماری تێدا نییە. پەڕەی گوێ تەنیا گۆشتە. تێڕامان لە ناخ دواجار، بەهرەیەکیشە.

هەربۆیە هەزاران ساڵە خەڵک خەریکی تێڕامانن لە ناخ، وانە دەڵێنەوە بەڵام خەڵکێکی زۆر کەم گەیشتووەتە بەرزاییەکانی تێڕامان لە ناخ و خەڵکێکی کەم تەنانەت تاقیشی کردووەتەوە.

زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤایەتیش تەنانەت خۆی ماندوو نەکردووە بیریشی لێ بکاتەوە. ئەمە شتێکە...تۆوێکە لەگەڵیدا لەدایك بوویت.

ئەگەر تۆ تۆوەکەت نەبێت، مامۆستای رۆحی دەتوانێ هەموو خۆشبەختیەکەیت بەسەردا بباریێنێت و هێشتا هیچ لەناو تۆدا روونەداوە.

ئەگەر تۆوەکەش لەوێ بێت، تەنیا ئامادەبی مامۆستا رۆحییەکە، تەنیا شێوازی روانینی لە چاوەکانی تۆ و شتێکی یەکجار گرنگ لە تۆ روودەدات— شۆڕشێك کە ناتوانیت بۆ کەسی روون بکەیتەوە.

ئەمە یەکێکە لە گرفتەکانی هەموو تێڕامێنەکانی ناخ کە ناتوانن بۆ هاوڕێکیانیان، خێزانەکانیان روونی بکەنەوە کە خەریکی چین. چونکە زۆرینەی مرۆڤایەتی ئارەزوومەند نییە بەرانبەری.

ئەوانەش کە بەهیچ شێوەیەك ئارەزوومەند نین بەرانبەری ئەوا بیر لەو کەسانە دەکەنەوە ئارەزوومەندن و پێیان وایە شتێك لە مێشکیاندا هەیە.

بە دانیشتن بە بێدەنگی و هیچ نەکردن، بەهار دێت و گژوگیا خۆی دەڕوێت— بەڵام هەر لە سەرەتاوە بۆ دەبێ تۆ خەمی گژوگژیات بێ. هۆنراوەکەی جوانەکەی (باشۆ)یان بەلاوە سەیر دەبێ. گژوگیا خۆی دەڕوێت چ ئەوەی بێدەنگ دانیشیت یان نا، بۆچی کاتت بەفیڕۆ بدەیت؟— گژوگیا خۆی دەڕوێت. لێگەڕێ بەهار بێت—

بەهار خۆی دێت، گیا خۆی دەڕوێ. بۆچی کاتت بەفیڕۆ بدەیت- لەهەمان کاتدا شتێکی تر بکە.

ئەگەر مرۆڤ هەنوکە لە دڵیدا شتێك نەبێ- تۆوێکی بچوك- ئەوە مەحاڵ دەبێ بۆی.

ئەو دەتووانێ تەکنیکەکە فێر ببێت، ئەو دەتووانێ هونەرەکە فێر ببێت.

بەڵام ئەگەر بەهرەکە نەبێ ئەوا سەرکەوتوو نابێت.

بۆیە هەزاران کەس دەستیان کرد بە تێڕامان لە ناخ، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان- ژمارەیەکی زۆر کەم کە دەکرێ بە پەنجەکانی دەست بژمێردرێن- تاوەکو ئێستا ڕۆشن بوونەتەوە. ئەگەر تێڕامان لەناخ نەشکاتە ڕۆشنگەری ئەوا تەنیا کاتت بەفیڕۆ داوە.

نیشانەکانی ئەوە چییە کە تێڕامانی کەسێك قووڵ دەبێتەوە؟

بە ڕاستی بەردێکی بناغە بوونی نییە- چونکە ڕێگەیەکی جێگیر بوونی نییە. هەموانیش لەسەر ڕێگەیەکی جیاوازن. ئێمە لەسەر یەك ڕێگا نین. تەنانەت ئەگەر تۆ تەنانەت یەك تەکنیکی تێڕامان لەناخ پیادە بکەیت، ئەوا تۆ لەسەر هەمان ڕێگە نیت، ناشتووانیت لەسەر هەمان ڕێگە بیت. ڕێڕەوێکی گشتی بوونی نییە. هەموو ڕێڕەوێك تاکەکەسی و کەسییە. بۆیە ئەزموونەکانی هیچ کەسێك لەسەر ڕێگاکە یارمەتیدەری تۆ نابێت، بەڵکو لەوانەیە زیانبەخشیش بن.

لەوانەیە کەسێك لەسەر ڕێگاکەی شتێك ببینێت. ئەگەر ئەو بڵێت ئەمە نیشانەی بەرەوپێشچوونەکەیە، لەوانەیە تۆ هەمان نیشانە لەسەر ڕێگاکە نەبینیت. لەوانەیە هەمان ئەو درەختانە لەسەر ڕێگاکەی تۆ نەبن؛ لەوانەیە هەمان ئەو بەردانە لەسەر ڕێگاکەی تۆ نەبن. بۆیە مەبەرە قوربانیی ئەو هەموو پڕوپوچییە. تەنیا هەندێ

هەستیی ناوەکی پەیوەندیدارن. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ لە بەرەوپێشچووندابیت، ئەوا هەندێ شت لەهەمان کاتدا روودەدەن. یەکەم، هەستی بە قەناعەتی زیاتر و زیاتر دەکەیت. بە راستی، کاتێك تێڕامان لە ناخ بە تەواوی جێبەجێ بوو، ئەوا مرۆڤ ئەوەندە بەقەناعەت دەبێت کە بیری دەچێتەوە تێڕامان لەناخ ئەنجام بدات– چونکە تێڕامان لەناخ هەوڵێکە، بۆ قەناعەتییەکە. ئەگەر رۆژێك لە رۆژان بیرت بچێت تێڕامان لە ناخ بکەیت و هەست بە موعتادبوون نەکەیت، هەست بە هیچ بۆشاییەك نەکەیت، وەکو پێشرووش بەقەناعەت بوویت، ئەوا بزانە نیشانەیەکی باشە. زۆر کەس هەن تێڕامان لەناخ ئەنجام دەدەن و ئەگەر نەیکەن ئەوا دیاردەیەکی سەیریان بەسەر دێت. ئەگەر بیکەن، هەست بە هیچ ناکەن. ئەگەر نەیکەن هەست بە بۆشاییەك دەکەن.

ئەمە تەنیا خوویەکە، وەکو جگەرەکێشان، وەکو مەشروب خواردنەوە، وەکو هەر شتێکی تر تەنیا خووە. تێڕامان لەناخ مەکە بە خوویەك. لێگەڕێ با زیندوو بێت! ئەو کاتە بێ قەناعەتی پەیتا پەیتا نامێنێ، هەست بە قەناعەت دەکەیت. نەك تەنیا ئەو کاتەش کە تێڕامان ئەنجام دەدەیت. ئەگەر تەنیا بەکاتی تێڕامان لەناخ شتێك روویدات ئەوا ساختەیە! هیپنۆتیزمە! باشییەکی دەبێت، بەڵام زۆر قووڵ نابێ. تەنیا لە بەراوردکردندا باشە. ئەگەر هیچ روونەدات، نە تێڕامان لەناخ، نە چرکەساتی خۆشبەختی، ئەوا نیگەران مەبە. ئەگەر شتێك روویدات، خۆتی پێوە هەڵمەواسە. ئەگەر تێڕامان لە ناخ بە رێکوپێکی، بە قووڵی، بەڕێوە بچێت ئەوا سەرانسەری رۆژەکە هەست بە وەرچەرخان دەکەیت. قەناعەتێکی قووڵ لە هەموو ساتێکدا ئامادەیی دەبێ. هەرچییەك کە بیکەیت، ئەوا هەست بە سەنتەرێکی خۆش دەکەیت لەناوەوەدا– قەناعەت.

هەڵبەت، ئەنجامەکان دەبن. تووڕەیی نامومکین و نامومکینتر دەبێ. بەرەبەرە بزر دەبێ. بۆچی؟ چونکە تووڕەیی، ئەقڵێکی سادە نەک تێرامێن؛ پیشان دەدات، ئەقڵێک کە لەگەڵ خۆیدا هێور نییە. هەربۆیە تۆ لەوانیتر تووڕە دەبیت. لە بنەڕەتدا تۆ لە خۆت تووڕەیت. لەبەرئەوەی لەگەڵ خۆت تووڕەیت، بەردەوام دەبیت لە تووڕەبوون لەوانیتر.

تێبینی ئەوەت کردووە کە تەنیا لەوانە تووڕە دەبیت کە لێتەوە نزیکن؟ چەندەی پەیوەندییەکە نزیکتر بێ، تووڕەیی زیاتر دەبێ. بۆچی؟ چەندەی دوورایی پەیوەندی نێوان تۆ و کەسەکە زیاتر بێ، تووڕەیی کەمتر دەبێ. تۆ لە غەریبەیەک تووڕە نابیت. تۆ لە ژنەکەت، لە مێردەکەت، لە کوڕەکەت، لە کچەکەت، لە دایکت تووڕە دەبیت. بۆچی؟ بۆچی زیاتر لەوانە تووڕە دەبیت کە پەیوەندیت لەگەڵیان گەرم و گوڕترە؟

هۆکارەکە ئەوەیە کە: تۆ لە خۆت تووڕەیت. چەندەی کەسەکە لەگەڵتدا گەرم و گوڕتر بێت، ئەوەندە زیاتر لەگەڵتا بووەتە یەک. تۆ لە خۆت تووڕەیت، بۆیە هەرکاتێک کەسێک لێتەوە نزیکە، دەتوانیت تووڕەییەکەت بەسەر ئەودا بباریێنیت. ئەو بووەتە بەشێک لە تۆ. لە ڕێگەی تێڕامان لە ناخ تۆ دڵخۆشتر دەبیت لەبەرانبەر خۆتدا- بیرت بێ، لەگەڵ خۆتدا. کاتێک مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دڵخۆشتر دەبێ موعجیزەیە. ئێمە یان لە بەرانبەر کەسێک دڵخۆشین یان لێی تووڕەین. کاتێک کەسێک لەگەڵ خۆیدا دڵخۆشتر دەبێت، ئەمە بە ڕاستی کەوتنە داوی خۆشەویستی خودە. کاتێکیش کەوتوویتە داوی خۆشەویستی خۆتەوە، تووڕەبوون سەختە. هەموو شتێک سەیر دەبێ. تووڕەییەکی کەمتر و کەمتر لەئارادا دەبێ؛ خۆشەویستی و دڵسۆزییەکی زۆر و زۆرتریش لەئارادا دەبێ. ئەمە نیشانەکانن- نیشانە گشتییەکان.

بۆیە پێت وا نەبێ تۆ کاتێک ڕووناکی دەبینیت یان ڕەنگی جوان ببینیت بە شتێکی زۆر گەیشتوویت. ئەمانە باشن، بەڵام هەست بە ڕەزامەندی ناکەیت تا

گۆڕانی دەروونی ڕاستەقینە ڕوونەدات: توڕەیی کەمتر، خۆشەویستی زیاتر، دڵڕەقی کەمتر، سۆزی زیاتر.

تا ئەمە ڕوونەدات، بینینی ڕووناکییەکان و ڕەنگەکان و بیستنی دەنگەکان تەنیا یاریی منداڵانە. ئەوانە جوانن، زۆریش جوان، باشە یارییان لەگەڵدا بکەیت- بەڵام ئەمە مەبەستی تێڕامان لەناخ نییە. ئەوانە لەسەر ڕێگاکە ڕوودەدەن، ئەوانە تەنیا بەرهەمی لاوەکین، بەڵام نیگەران مەبە. زۆر کەس دێنە لام و دەڵێن "ئێستا ڕەنگێکی شین دەبینم، ئەمە نیشانەی چییە؟ چەنێک بەرەو پێش چووم؟" ڕەنگی شین کەڵکی نییە چونکە توڕەییەکەت ڕەنگی سوور دەبەخشێتەوە. گۆڕانکارییە دەروونییە بنچینەییەکان مانابەخشن، بۆیە بەلای لەعابەکاندا مەچوو. ئەمانە لەعابەن، لەعابەی ڕۆحی. ئەمانە کۆتاییەکان نین. لە پەیوەندیدا، تێبینی بکە چی ڕوودەدات. ئێستا لەگەڵ ژنەکەتدا چۆن ڕەفتار دەکەیت؟ تێبینی بکە. گۆڕانێک ڕوویداوە؟ ئەو گۆڕانە واتادارە. لەگەڵ کارەکەرەکەتدا چۆن ڕەفتار دەکەیت؟ گۆڕانکاری هەیە؟ ئەو گۆڕانە گرنگە. ئەگەر گۆڕانیش نییە، ئەوا ڕووناکییە شینەکەت توڕ هەڵدە. کەڵکی نییە. تۆ خەریکی فریو خواردنیت و بەردەوام دەبیت لەو فریوخواردنە. ئەمانە فێڵی ئاسانن.

هەر بۆیە کەسێکی بەناو ئایینی وا هەست بە خۆی دەکات کە ئایینییە: چونکە ئێستا ئەو، ئەم شتە و ئەو شتە دەبینێت، بەڵام هەر وەکو خۆیەتی. ئەو تەنانەت خراپتریش دەبێت! پێویستە بەرەوپێشچوونی تۆ لە پەیوەندییەکانتدا تێبینی بکرێ. پەیوەندی ئاوێنەیەکە: ڕوخساری خۆتی تیا ببینە. هەمیشە بیرت بێ کە پەیوەندی ئاوێنەیەکە. ئەگەر تێڕامانەکەت قووڵ ببێتەوە، پەیوەندییەکانت جیاواز دەبن- سەراپا جیاواز! خۆشەویستی بنچینەی پەیوەندییەکانت دەبێ، نەک

توندوتیژی، ئێستا توندوتیژی بنچینەکەیە. تەنانەت ئەگەر تۆ بڕوانیتە کەسێك، بە چاوێکی توندوتیژانە لێی دەڕوانیت. بەڵام لەسەری ڕاهاتوویت.

بەلای منەوە تێڕامان لەناخ یاری منالآن نییە، وەرچەرخانێکی قووڵە. چۆن ئەم وەرچەرخانە بزانیت؟ لە هەموو ساتێکدا لە پەیوەندییەکانتدا ڕەنگ دەداتەوە، دەتەوێ ببیتە خاوەنی کەسێك؟ دە کەوایە توندوتیژیت. چۆن دەکرێ مرۆڤ ببێتە خاوەنی یەکێکی تر؟ دەتەوێ کەسێك ڕکێف بکەیت؟ کەوایە توندوتیژیت. چۆن دەکرێ کەسێك یەکێکی تر ڕکێف لکات؟ ناکرێ خۆشەویستی ڕکێف بکرێت، خۆشەویستی ڕکێف ناکرێت.

بۆیە هەر شتێك کە تۆ دەیکەیت، بەئاگا بە، تێبینی بکە و ئینجا بەردەوام بە لە تێڕامانی ناخ. بە زوویی هەست بە گۆڕانەکە دەکەیت. ئێستا لە پەیوەندییەکاندا خاوەندارێتی نییە. پەیتا پەیتا، خاوەندارێتی بزر دەبێت و کاتێك خاوەندارێتی نەما ئەوا جوانیی پەیوەندی هی خۆیەتی. کاتێك خاوەندارێتی هەبێ، هەموو شتێك پیس و درێو و نامرۆیی دەبێ. بەڵام ئێمە ئەوەندە فریودەرین کە لە پەیوەندییەکاندا ناڕوانینە خۆمان– چونکە لەوێدا دەکرێ ڕوخسارە ڕاستەقینەکە بەدی بکرێ. بۆیە ئێمە چاوەکانمان بەرانبەر پەیوەندییەکانمان دادەخەین و بەردەوام دەبین لە بیرکردنەوە لەوەی کە شتێك لەناوەوە دەبینرێ.

تۆ ناتوانیت هیچ شتێك لەناوەوە ببینیت. یەکەم جار لە پەیوەندییەکانی دەرەوەتدا هەست بە وەرچەرخان دەکەیت و ئینجا دەچیتە قووڵاییەوە. تەنیا ئەو کاتە لەناوەوەدا هەست بە شتێك دەکەیت. بەڵام ئێمە تێڕوانینمان لەبارەی خۆمانەوە جێگیر کردووە. بەهیچ شێوەیەك نامانەوێ بڕوانینە ناو پەیوەندییەکانمان چونکە ئەو کاتە ڕوخساری ڕووت دەردەکەوێت.

هاوسەرگیرییەکەی مەلا نەسرەدین لەلایەن باوکییەوە ڕێکخرا. هاوسەرێتییەکی ڕێکخراو بوو، بۆیە نەدەبووایە مەلا ڕووخساری ژنی داهاتووی ببینێت. پاشان لە ڕۆژی ژن گواستنەوەکەدا، کاتێک مەراسیمەکە تەواو بوو، ژنەکە سەرپۆشەکەی لابرد. زۆر ناشیرین بوو و لەکاتێکدا کە مەلا تازە شۆک ببوو، ژنەکە پرسیاری کرد "ئێستا خۆشەویستەکەم پێم بڵێ فەرمانت چییە". یەکەم شت کە ژنەکە دەیپرسێت ئەوەیە ژنەکە پرسیار دەکات "فرمانەکانتم پێ بڵێ خۆشەویستەکەم، لەبەرانبەر کێدا سەرپۆشم لەسەر بێ و ڕێگەم پێدراوە بەرانبەر کێ ڕوخسارم دیار بێ؟"

مەلا نەسرەدین – کەمێك بە نیگەرانییەوە– وتی "دەتووانی کێت حەز لێیە روخسارتی پیشان بدەیت، بەو مەرجەی کە پیشانی منی نەدەیت!"

ئێمەش لەگەڵ خۆماندا مەرجمان کردووە. بەردەوامین لەوەی رووخسارمان پیشانی هەموو کەس بدەین، بەڵام قەت خۆمان نا. ئەمە گرێبەستێکی قووڵە لەگەڵ خۆماندا هەمانە– هەست بە روخساری خۆمان نەکەین. شێوازی مانەوەش لە سەرپۆشدا ئەوەیە نەڕوانیتە ناو پەیوەندییەکانت، چونکە پەیوەندی تەنیا ئاوێنەیە. بۆیە سۆراخ بکە، بچۆرە ناو پەیوەندییەکانت و لەوێدا بڕوانە بۆئەوەی بزانیت تێڕامانەکەت لە ناخ بەرەوپێش دەچێت یان نا.

ئەگەر هەست بە خۆشەویستییەکی رووڵەگەشە، خۆشەویستییەکی بێ مەرج بکەیت، ئەگەر بەبێ هۆکار هەست بە سۆز بکەیت، ئەگەر هەست بە نیگەرانییەکی قووڵ بکەیت بۆ ریفاهیەتی هەموو کەسێك، تێڕامانەکەت لە گەشەدایە. ئەو کاتە هەموو شتێکی تر لەبیر بکە. بەم تێبینیکردنە تۆ تێبینی زۆر شتی تریش دەکەیت لەخۆتدا. بێدەنگتر دەبیت، ژاوەژاوی کەمتر لەناوەوەتدا دەبێت. کاتێك پێویستە قسە دەکەیت، کاتێك پێویست نییە بێدەنگیت. لەم حاڵەتەی ئێستاتدا ناتووانیت

لەناوەوەڕا بێدەنگ بێت. تۆ هەست بە هێوری و ئارامبوونێکی زیاتر دەکەیت. هەرچییەك کە دەیکەیت، تەقەلایەکی ئارام دەبێ، هیچ زەحمەتێك لەئارادا نابێ. کەمتر و کەمتر تەموح دەبێت. سەرەنجام، تەموح نامێنێ. تەنانەت تموحی گەیشتن بە مۆکشا* بوونی نابێ. کاتێك تۆ هەست دەکەیت تەنانەت تموحی گەیشتن بە مۆکشا نەماوە، ئەوا ئیتر گەیشتوویت بە مۆکشا. ئێستا تۆ ئازادیت، چونکە ئارەزوو کۆتوبەندەکەیە. تەنانەت ئارەزووی ئازادبوونیش کۆتوبەندە. تەنانەت ئارەزوو بۆ بێ ئارەزووییش کۆت و بەندە.

هەرکاتێك ئارەزوو –بۆ هەر شتێ– نامێنێ، ئەوا دەچیتە ناو نەزانراوەوە. تێڕامان لە ناخ گەیشتووەتە کۆتاییەکەی. ئەو کاتە خودی ئەم جیهانە ئازادبوونە. ئەو کاتە ئەم وشکانییە، وشکانییەکەی ترە.

جەنگاوەر

کە بزنسمان بم و پرۆفێشنالیش بم، چۆن دەتووانم لەهەمان کاتدا جەنگاوەریش بم؟ ئایا ڕۆشنبوونەوە لەدەست دەدەم؟

جەنگاوەربوون بەو مانایە نییە سەرباز بێت، ئەمە دۆخێکی ئەقڵە. دەتووانیت بزنسمان بێت و جەنگاوەریش بێت، دەتووانیت جەنگاوەریش بێت و بزنسمانیش بێت.

"بزنسمان" واتە ئەو دۆخەی ئەقڵ کە هەمیشە خەریکی سەفەقاتە، هەوڵ دەدات کەم بدات و زۆر بەدەست بێنێت. ئەمەیە مەبەستم کاتێك باسی بزنسمان دەکەم: هەوڵدان بۆ بەخشینی کەمتر و بەدەستهێنانی زیاتر، هەمیشە سەفقەکردنە،

---

* مۆکشا: بەپێی ئاینەکانی هیندستان، دەرچوونە لە سوڕی مەرگ و لەدایکبوونەوە (سەمسارە).

هەمیشە بیرکردنەوەیە لە قازانج. جەنگاوەریش دۆخێکی ئەقڵە، دۆخی قومارچییە، نەک هی سەفقەکار، دۆخی ئەوەیە کە دەشێ بەشێوەیەک لە شێوەکان هەموو شتێ بخاتە سەرکێشییەوە- ئەقڵێکی سازش نەکەرە.

ئەگەر بزنسمان بیر لە رۆشنبوونەوە بکاتەوە، ئەوا وەکو کاڵایەک لە کاڵاکانی تر بیری لێ دەکاتەوە. ئەو لیستێکی پێیە: دەبێ کۆشکێکی گەورە دروست بکات، دەبێ ئەمە و ئەوە بکڕێ و لە کۆتاییدا دەبێ رۆشنبوونەوەش بکڕێ؛ بەلام رۆشنبوونەوە هەموو کاتێ دواییینە- کاتێک هەموو شتێ تەواو بوو، کاتێک هیچ نەماوە بیکڕێ، ئینجا رووی تێدەکات. دەبێ ئەو رۆشنبوونەوەیەش بکڕدرێت چونکە تەنیا لە پارە تێدەگات.

جارێکیان پیاوێکی مەزن و دەوڵەمەند هاتە لای ماهاڤیرا. زۆر دەوڵەمەند بوو، دەیتوانی هەموو شتێک بکڕێ، تەنانەت مەملەکەتەکانیش. تەنانەت پاشاکانیش پارەیان لێ قەرز دەکرد.

ئەو هاتە لای ماهاڤیرا و وتی "زۆرم لەبارەی تێرامان لەناخ بیستووە و لەو ماوەیەشدا کە لێرە بوویت شێتییەکت لە خەڵکدا هێناوەتە کایەوە، هەمووان باسی دەکەن. ئەوە چییە؟ بایی چەندە و دەتووانم بیکڕم؟"

ماهاڤیرا کەوتە راڕاییەوە، بۆیە کابرا وتی "بەهیچ شێوەیەک بیر لە کولفەکەی ناکەیتەوە. هەر بیڵێ و من پارەکەی دەدەم، کێشە نییە".

چۆن لەگەڵ ئەم کابرایەدا قسە بکەیت؟ - ماهاڤیرا سەرگەردان بوو نەیدەزانی چۆن قسە لەگەڵ ئەو کابرایەدا بکات. دواجار ماهاڤیرا وتی "تۆ برۆ. لە شارەکەتدا پیاوێک هەیە، زۆر هەژارە، لەوانەیە ئەو ئارەزوومەند بێت (تێرامان لە ناخ)ەکەی بفرۆشێت. ئەو بەدەستیهێناوە و لەوانەیە ئامادەی فرۆشتنی بێت".

پیاوەکە سوپاسی ماهاڤیرای کرد، بەپەلە چووە لای کابرای هەژار. لە دەرگای ماڵەکەیدا و وتی "بە چەند ئەیفرۆشیت، دەمەوێ (تێڕامان لەناخ)ەکەت لێ بکڕم".

کابرا دەستیکرد بە پێکەنین. وتی "تۆ دەتوانیت من بکڕیت، ئەوە قەینا. بەڵام چۆن دەتوانی تێڕامان لە ناخەکەم بکڕیتەوە؟ ئەمە دۆخی بوونمە، کاڵا نییە".

بەڵام بزنسمانەکە هەمیشە بەو شێوەیە بیری کردووەتەوە. ئەوان کۆمەکبەخشینەکانیان بۆ کڕینە، پەرستگا دروست دەکەن بۆ کڕین. ئەوان دەبەخشنەوە بەڵام بەخشینەوەکانیشیان هەرگیز بەخشینەوە نییە، هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی شتێکە، وەبەرهێنانە.

کاتێك دەڵێم جەنگاوەر بە، مەبەستم ئەوەیە قومارچییەك بیت، هەموو شتێك بخەیتە ناو سەرکێشییەوە. ئەو کاتە ڕۆشنبوونەوە دەبێتە پرسی ژیان و مەرگ، نەك شتومەك، و تۆ ئامادەیت هەموو شتێکی لەپێناودا فرێ بدەیت. بیریش لە قازانج ناکەیتەوە.

خەڵك دێنە لام و پرسیار دەکەن "چیمان لە تێڕامانی ناخ دەست دەکەوێ؟ ئامانجەکەی چییە؟ قازانجەکەی چییە؟ ئەگەر سەعاتێك تەرخان بکرێت بۆ تێڕامان لە ناخ، دەستکەوتەکە چی دەبێ؟" تەواوی ژیانیان ئابوورییە.

جەنگاوەر بەدوای دەستکەوتەوە نییە، جەنگاوەر بەدوای ترۆپکەوەیە، بەدوای ترۆپکی ئەزموونکردنەوەیە. جەنگاوەر چی دەست دەکەوێ کاتێك لە جەنگدا دەجەنگێت؟ سەربازەکانت چیتر جەنگاوەر نین، ئەوان تەنیا خزمەتکارن، جەنگاوەران چیتر لەسەر ئەم زەوییە نین چونکە هەموو شتەکە بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە دەکرێ. تۆ بۆمبێك بە هیرۆشیمادا دەدەیت، فڕێدەری بۆمبەکە جەنگاوەر نییە.

هەر منداڵێك ئەتوانێ ئەمە بكات، هەر شێتێك دەتوانێ ئەوە بكات– بە راستی، تەنیا مرۆڤی شێت دەتـوانێ ئەمـە بكـات. بەردانـەوەی بۆمـب بەسـەر هیرۆشیمادا جەنگاوەربوون نییە.

جەنگ وەكو ئەوەی رابردوو نییە، ئێستا هەر كەسێك دەتوانێ بیكـات، زوو یـان درەنگ یان تەنیا ئامێرە میكانیكییەكان دەیكەن. فرۆكەی بێ فرۆكـەوان دەتـوانێ بیكات– و فرۆكە جـەنگاوەر نییـە. تایبەتمەندییەكـە نـەماوە. جـەنگاوەر رووبـەڕوو دەچووە بەردەم دوژمـن. رێك وێنـای ئـەو دوو كەسە بكـە كـە شمـشێرەكانیان لـە یـەكتری دەرهێنـاوە: دەتـوانن بـیر بكەنـەوە؟ ئەگـەر بـیر بكەنـەوە ئـەوا تیـشانە ناپێكن. بیركردنەوە دەتوەستێنێت، كاتێك شمشێرەكان دەرهێنـراون، بیركردنـەوە دەوەستێت. ئەوان ناتوانن پلان دابنێن چونكە ئەگـەر پـلان دابنـێن، لـەو سـاتەدا ئەویتر زەبر دەوەشێنێت. ئەوان بەشێوەیەكی ڕەمەكی دەجوڵێن، ئـەوان دەكـەونـە دەرەوەی ئەقڵ. مەترسییەكە زۆرە، ئەگەری مردن زۆر نزیكە، ناتوانرێ رێگـە بـە ئەقڵ بدرێ ئیش بكات. ئـەقڵ پێویـستی بـە كاتـە، لـە حاڵەتـە ئیمێرجێنـسییەكاندا ئـەقڵ رێگەپێـدراو نییـە. كاتێـك تـۆ لەسـەر كورسـی دانیـشتوویت دەتـوانی بـیر بكەیتەوە، بەڵام كاتێك رووبەڕووی دوژمنێك دەبیتەوە ناتوانیت بیر بكەیتەوە.

ئەگەر بە جادەیەكدا، بە جادەیەكی تاریكدا رەت ببیت و لەپڕ مارێكی ترسناك لە بەردەمتـەوە ببینیـت، چـی دەكـەیت؟ دەسـت دەكـەیت بـە بیركردنـەوە؟ نـا، بـاز دەدەیت. ئەم بازدانەش لە ئەقڵتەوە نابێت چونكە ئـەقڵ پێویـستی بـە كاتـە و مـار هیچ كاتی نییە، ئەقڵیان نییە. مار پەلامارت دەدات– بۆیە ئـەقڵ رێگەپێـدراو نییـە. تۆ لەو ساتەدا باز دەدەیت و ئەو بازدانە لە بوونتەوەیە، لەپێش بیركردنەوەدا دێت. تۆ یەكەم جار باز دەدەیـت ئینجـا بـیر دەكەیتـەوە. ئەمەیـە مەبەسـتم كـە دەڵێم تایبەتمەندیی جەنگاوەر: كردار پێش بیركردنەوە دێت، كردارەكە بەبێ ئەقڵە، كردار

سەراپاگیرە. تۆ دەتوانیت ببیتە جەنگاوەر بەبێ چوون بۆ جەنگ، پێویست بە چوون بۆ جەنگ ناکات.

سەراپای ژیان ئیمێرجێنسییەکە و لە هەموو شوێنێك دوژمن و مار و ئاژەڵی دڕندە هەن و ئامادەی پەلاماردانن. سەراپای ژیان جەنگێکە. ئەگەر تۆ بەئاگابیت ئەوا دەبینیت کە سەراپای ژیان جەنگە و لە هەر ساتێکدا دوور نییە بمریت، بۆیە ئیمێرجێنسییەکە جێگیرە. بەئاگابە، وەکو جەنگاوەرێك بە وەك بڵێی بەناو دوژمندا ڕێ دەکەیت. لە هەر ساتێکدا، لە هەر شوێنێکەوە بێ، دەشێ مەرگ باز بداتە سەرت، ڕێگە بە ئەقڵ مەدە. قومارچییەکیش بە- تەنیا قومارچییەکان دەتوانن ئەم بازە بدەن. بازەکە ئەوەندە گەورەیە کە ئەوانەی بیر لە قازانج دەکەنەوە ناتوانن بازبدەن. سەرکێشییە، گەورەترین سەرکێشییە، لەوانەیە تۆ لەدەست بچیت و هیچ شتێکیش بەدەست نەیەت. کاتێك تۆ دێیتە لام لەوانەیە هەموو شتێك لەدەست بدەیت و هیچ شتێکیش بەدەست نەهێنیت.

من یەکێك لە وتەکانی عیسا دووبارە دەکەمەوە: هەر کەسێك دەست بە ژیانەوە بگرێ، هەرکەسێك هەوڵ بدات پارێزگاری لێ بکات، لەدەستی دەدات و هەرکەسێك ئامادە بێت لەدەستی بدات، دەیپارێزێ.

ئەمەیە قسەکردن بە زمانی قومارچییەك: لەدەستی بدە- ئەمەیە ڕێگەی پارێزگاری لێکردنی. بمرە- ئەمەیە ڕێگەی ژیانی تاهەتایی، ژیانی نەمری.

کاتێك دەڵێم بزنسمان، مەبەستم ئەقڵێکی تەلەکەبازی حسابییە. ئەقڵی تەلەکەباز مەبە. هیچ منداڵێك بزنسمان نییە و سەختە پیرێك بدۆزیتەوە کە بزنسمان نییە. هەموو منداڵێك جەنگاوەرە و هەموو پیرەپیاوێك بزنسمانە. ئەوەی کە چۆن جەنگاوەر دەبێتە بزنسمان چیرۆکێکی دوور و درێژە: هەموو کۆمەڵگە، پەروەردە، کەلتوور، پرۆگرامکردن، زیاتر و زیاتر چاوترساوت دەکات. تۆ ناتوانیت سەرکێشی

بکەیت و هەر شتێك کە جوانە مەترسیداریشە. خۆشەویستی مەترسیدارە، ژیان مەترسیدارە. خودا مەترسیدارە.

خودا گەورەترین مەترسییە و تۆ لە رێگەی ماتماتیکەوە پێی ناگەیت- تەنیا بە ئەنجامدانی کۆتا سەرکێشی، بە خستنە مەترسی هەموو ئەوەی کە هەتە، پێی دەگەیت. تۆ نەزانراویش نازانیت، ئەوەی کە زانراوە سەرکێشی دەکەیت نەزانراوەکەش نازانیت.

ئەقڵی بزنسمان دەڵێت "ئەوە چی دەکەیت- لەدەستدانی ئەوەی کە هەتە بۆ ئەوەی کە کەس نازانێ هەیە یان نا؟ ئەوەی کە لەدەستتدایە هەڵیگرە و شاوات بۆ نەزانراو مەخوازە". ئەقڵی جەنگاوەر دەڵێت "زانراو هەنوکە زانراوە، هیچی تیا نییە، بووەتە بارێك و هەڵگرتنی بێ کەڵکە. پێویستە نەزانراو ئێستا بزانرێ و پێویستە سەرکێشی بە زانراوەوە بکەم بۆ نەزانراو".

ئەگەر بشتووانی سەرکێشی کەیت، سەرکێشییەکی سەراپاگیر، هیچ لای خۆت نەهێڵیتەوە، فێڵ لە خۆت نەکەیت، لەپڕ نەزانراو دەرگای تۆ دەکاتەوە. کاتێکیش کە دێت تۆ بەئاگا دێیت لەوەی کە ئەوە تەنیا نەزانراو نییە، ئەوە قابیلی زانین نییە. ئەمە دژی زانراو نییە، بەڵکو لە سەروو زانراوەوەیە. بۆ رۆیشتن بەناو ئەو تاریکییەدا بەبێ هیچ نەخشەیەك و بەبێ هیچ رێگایەك، بۆ رۆیشتن بە تەنیا بەناو ئەم موتڵەقەدا، تایبەتمەندیی جەنگاوەر پێویستە.

زۆرێك لە ئێوە هێشتا کەمێکتان لەو تایبەتمەندییە ماوە، چونکە ئێوە رۆژێك لە رۆژان منداڵ بوون، رۆژێك لە رۆژان خەوتان بە نەزانراوەوە دەبینی. ئەو منداڵێتییە شاراوەیە بەڵام ناتوانرێ لەناوببردرێت، هەر لەوێیە، هێشتا سوچێکی لە بوونی تۆ گرتووە. رێگەی بدە ئیش بکات، وەکو منداڵ بە و جارێکی تر دەبیتەوە بە جەنگاوەر. ئەمەیە مەبەستی من.

خەمباریش مەبە کە دوکانێك بەڕێوە دەبەیت و بزنسمانیت. خـەم مـەخۆ، تۆ لـە هەر شوێنێك بیت دەتوانیت ببیتـە جـەنگاوەر. سەرکێشیکردن تایبەتمەندییـەکی ئەقڵە، تایبەتمەندییـەکی منداڵـە- متمانـەکردن و چـوونە سـەروو ئـەر شـتەی کـە سەلامەتە.

گەورەترین جەنگاوەر هیچ پەیوەندی بە جەنگەوە نییە. ئەو هـیچ پـەیوەندی بـە شەڕکردن لەگەڵ ئـەوانیتر نییـە. ئـەو شـتێك هـەیـە بیکـات کـە لەناوەوەیدا هەیـە. ئەوەش شـەڕێك نییە، هەرچەندە سەرکەوتن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، جەنگێك نییە، ململانێیەك نییە. بەڵام دەبێ مرۆڤ جەنگاوەر بێ، رێك وەکو جەنگاوەر بەئاگا بێت. دەبێ مـرۆڤ وریـا بێـت، تێـڕامێن بێـت، چـونکە لـە تـاریکترین کیـشوەری هـەبووندا دەجوڵێتەوە...سەرەنجام رووناکایی هەیـە، رووناکییـەکی بـێ پایـان، بـەڵام دەبـێ مرۆڤ سەرەتا بە تاریکییەکی گەورەی رۆحدا رەت ببێـت. هـەموو جـۆرە خـەرەندێك هەیە، هەموو جۆرە ئەگەرێکی گومڕابوون هەیە و هـەموو جـۆرە دوژمنێکـی نـاوەوە هەیــە. ئەوانــە نــابێ لــەناوبرێن بکــوژرێن، ئەوانــە وەردەچــەرخێن، دەبــێ وەربچەرخێنرێن، دەبـێ بکرێنـە هـاورێ. دەبـێ تـورەیی بکرێتـە سـۆز، شـەهوەت بکرێتە خۆشەویستی و هیتر. کەواتـە ئێـستا جـەنگێك هەیـە، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە دەبێ جەنگاوەر بیت.

بەو شێوەیەیە کە لە ژاپۆن، هەموو جیهانی سامورای، جـەنگاوەر، لـە تێڕامـانی ناخ سەرچاوەی گرتووە و هەموو جۆرەکانی هونـەرەکانی شـەڕ بوونـە رێگـا بـەرەو ئارامی ناوەوە. شمشێربازی بوو بە یەکێك لە شتە هەرە پڕ تێڕامانەکان لـە ژاپـۆن. دەبێ مرۆڤ زۆر وریا بێت چونکە لە تاکە ساتێکی نائاگاییدا دەکوژرێیت.

شمشێربازی راستەقینە ئەوەندە بەئاگایە کە پێش ئـەوەی ئـەویتر هێـرش بکاتـە سەری دەزانێ. تەنانـەت پـێش ئـەوەی بیرۆکـەی هێرشـکردن بـە مێـشکی ئـەویتردا

هانبیَ؛ خۆی ئامادە کردووە. ئەو ئامادەیە. وریاییەکەی ئەوەندە قووڵ دەبێت کە دەست دەکات بە خوێندنەوەی بیرکردنەوەی ئەویتر. دەوترێ ئەگەر دوو ساموڕای راستەقینە شەڕ بکەن هیچیان نایبەنەوە. دەشێ شەڕەکە درێژە بکێشێت بەڵام کەس ناتوانێ بیباتەوە، چونکە هەردووکیان ئەقڵی یەکتری دەخوێننەوە. پێش ئەوەی تۆ بتوانی هێرش بکەیت، ئەویتر هەنوکە ئامادەیە بۆ بەرگریکردن.

شمشێربازی بوو بە یەکێك لە گەورەترین سەرچاوەکانی رۆشنبوونەوە. سەیرە، بەڵام ژاپۆن زۆر شتی بە راستی سەیری ئەنجام داوە. هەر لە چا خواردنەوە تا شمشێربازی، هەموو شتێك گۆڕدراوە بۆ تێڕامان لە ناخ. لە راستیدا دەکرێ هەموو ژیان بگۆڕدرێت بۆ تێڕامان لە ناخ، چونکە تێڕامانی ناخ بە سادەیی واتە بەئاگاتربوون.

بۆیە بچۆرە ناوەوە و بەئاگاتر بە. رۆژێك لە رۆژان تۆ سەرکەوتوو دەبیت– ئەمە بە شێوەیەکی رەها جێی دڵنیاییە. تەنیا دەبێ پێویستییەکە جێبەجێ بکەیت: دەبێ سەراپا بەئاگا بیت.

جارێکیان ساموراییەکی (زێن) زوو لە بەرەی جەنگ گەڕابووەوە و بینیبووی خزمەتکارەکە لەگەڵ ژنەکەی خەوتووە.

لەبەرئەوەی سەر بە قوتابخانەی (زێن) بوو بە خزمەتکارەکەی وت "نیگەران مەبە، تەنیا کارەکەت تەواو بکە. من لە دەرەوە چاوەڕێ دەبم. دەبێ تۆ شمشێرێك بە دەستەوە بگریت و شەڕم لەگەڵ بکەیت. هەرچی روودەدات ئاساییە. من لە دەرەوە دەبم".

ئەم خزمەتکارە داماوە دەستیکرد بە لەرزین. تەنانەت نازانێ چۆن شمشێریش بەدەستەوە بگرێت و گەورەکەی جەنگاوەرێکی بەناوبانگە، بە یەك لێدان سەری دەپەڕێنێت.

بۆیە لە دەرگای پشتەوە چووە لای مامۆستایەکی ڕۆحیی (زێن) کە ئەویش مامۆستای جەنگاوەرەکە بوو. بە مامۆستا ڕۆحییەکەی وت "من تووشی گرفت هاتووم. ئەمە هەموو هەڵەی من بوو، بەڵام ئیتر روویدا". گەورەکە گوێی لە بەسەرهاتەکە گرت و وتی "پێویست بە نیگەرانی ناکات. من فێرت دەکەم چۆن شمشێر بگریت و هەروەها پێت دەڵێم گرنگ نییە کە گەورەکەت جەنگاوەرێکی مەزنە. هەموو ئەوەی کە گرنگە ڕەمەکیبوونە. لە رەمەکیبوونیشدا تۆ باشتر دەبیت، چونکە پێدەچێت ئەو بڕوای بەخۆی بێت". زیندوومانەوەی ئەم خزمەتکارە جێی گومانە. تەقریبەن وەکو یاری پشیلە و جرج دەبێت.

"بۆیە نیگەران مەبە. خۆت کۆ کەرەوە و بە سەختی لێی بدە، چونکە ئەمە تاکە هەلی تۆیە بۆ مانەوە لە ژیاندا. بۆیە ترسنۆک مەبە، بیریش لەوە مەکەرەوە کە لەوانەیە لێت ببورێت. قەت ناتبوورێت. دەبێ شەڕی لەگەڵ بکەیت. تۆ وروژاندووتە و تەحەدات کردووە. بەڵام کێشە نییە: بە بۆچوونی من تۆ براوە دەبیت".

خزمەتکارەکە نەیدەتوانی بڕوا بکات و گەورەکە وتی "دەبێ تۆ لەوە تێبگەیت کە من مامۆستای ئەویشم و دەزانم بە گوێرەی ئەو مەشقەی پێیکراوە رەفتار دەکات. بە زانینی دڵنیایانەی ئەوەی کە دەییاتەوە ناتوانێ خۆی کۆ بکاتەوە- تۆش ئەلتەرناتیڤێکی ترت نییە جگە لەوەی کە گشتگیر بیت (سنووردار نەبیت). تۆ نازانیت لە کوێ بدەیت، چۆن لێ بدەیت، بۆیە لە هەموو شوێنێك بدە، شێتگیر ببە!"

خزمەتکارەکە وتی "ئەگەر تۆ وا بڵێیت، ئەوا ئەمە دەکەم. لە راستیدا هیچ هەلێکی زیندوو مانەوەم نییە. کەواتە بۆچی سەراپاگیرانە نەیکەم!"

کاتی شەڕەکە هاتبوو، ئەو فێر ببوو چۆن شمشێر بگرێت و هاتەوە و تەحەدای مامۆستاکەی کرد "ئێستا وەرە پێشەوە!"

مامۆستاکە نەیتووانی بڕوای پێ بکات. ئەو پێی وابوو خزمەتکارەکە دەکەوێتە سەر پێیەکانی و دەگرِیا و دەڵێت "تکایە بمبوورە!"

بەڵام لە جیاتی ئەوە خزمەتکارەکە وەکو شێر نەڕاندی و شمشێرێکی لە مامۆستاکەی (زێن) وەرگرتبوو. ئەویش شمشێرەکەی ناسییەوە و وتی "ئەوە لە کوێ هێناوتە؟"

خزمەتکارەکە وتی "لای مامۆستاکەت هێناومە. ئێستا وەرە، یا بیبرێنینەوە. یان من زیندوو دەبم یان تۆ، بەڵام ناکرێ هەردووکمان زیندوو بمێنینەوە".

گەورەکە هەستی بە لەرزینێك کرد لە دڵیدا، بەڵام هێشتا پێی وابوو "چۆن دەتووانێ ئەمە بکات؟ ئەمە مەشقی چەندەها ساڵی پێویستە...من چەندەها ساڵە لە شەڕەکاندا دەجەنگم و ئەم خزمەتکارە داماوەش..." بەڵام دەبووایە ئەو شمشێرەکە دەرکێشێت.

خزمەتکارەکە بە ڕاستی شێتگیر بوو، لەبەرئەوەی نەیدەزانی لە کوێی بدات، هەر شمشێرەکەی رادەوەشاند...ساموراییەکە سەری لێ شێوابوو، چونکە دەیتووانی لەگەڵ هەر جەنگاوەرێکدا شەڕ بکات کە دەزانێ شەڕ بکات- بەڵام ئەم کابرایە هیچ نازانێ و هەموو شتێك دەکات. خزمەتکارەکە ئەوی جووت کرد بە دیوارەکەوە و دەبووایە گەورەکە داوای لێبکات "تکایە بمبوورە. تۆ دەمکوژیت. تۆ نازانیت چۆن شەڕ بکەیت- ئەوە چی دەکەیت؟"

خزمەتکارەکە وتی "ئەوە پەیوەندی بە کردنەوە نییە. ئەمە دوایین ساتی منە، هەموو شتێك بەشێوەی گشتگیر ئەنجام دەدەم".

خزمەتکارە بردیەوە و جەنگاوەرەکەش چووە لای مامۆستاکەی و وتی "ئەوە تۆ چ موعجیزەیەکت ئەنجام دا؟ ئەو لە ماوەی پێنج خولەکدا بوو بە جەنگاوەرێکی مەزن و زەبری وەها دەوەشێنێت، ئەوەندە گەمژەیە کە دەیتووانی بمکوژێت. ئەو

هیچ نازانیٚ بەلام دەیتووانی بمکوژێت. پاڵینام بە دیواری خانووەکەمەوە، شمشێری لەسەر سنگم بوو. دەبووایە داوای لێخۆشبوون بکەم و پێی بڵێم ئەوەی کە دەیکات بە تەواوی ئاساییە".

مامۆستاکە وتی "دەبێ تۆ وانەیەك فێر بیت، دواجار ئەوە گشتگیرییە، رەهایی سەراپاگیرە...جا شکست لەگەڵ خۆی بێنێت یان سەرکەوتن گرنگ نییە. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە کابرا گشتگیر بوو و مرۆڤی گشتگیر قەت شکست ناهێنێ. گشتێتییەکەی، سەرکەوتنی بوو".

قومارچی

ژیان بە سەرکێشی چ مانایەکی هەیە؟

ژیان بەشێوەی سەرکێشی واتە ژیان. ئەگەر بە سەرکێشی نەژیت، ئەوا ناژیت. ژیان تەنیا لە مەترسیدا شکۆفە دەکات. ژیان قەت لە ئەمنیەتدا چرق ناکات. ئەگەر بەدوای ئەمنیەتدا وێڵ بیت، ئەوا دەبیتە حەوزێکی لیخن. ئەو کاتە وزەکەت چیتر جوڵە ناکات. ئەو کاتە تۆ دەترسیت، چونکە قەت نازانیت چۆن بچیتە ناو نەزانراو. بۆچی سەرکێشی بکەیت؟ زانراو سەلامەتترە. ئەو کاتە تۆ فرچك دەگریت بە ئاشنا و زانراوەوە. بەردەوام دەبیت لە بێزاربوون لێی، هەست بە نەگبەتی دەکەیت تیایدا، بەلام هێشتا ئاسودەبەخش و ئاشنایە. لانی کەم زانراوە. نەزانراو تووشی هەڵلەرزینت دەکات. هەر کە ئایدیای نەزانراو هاتە بەر باس ئەوا تۆ هەست بە ناسەلامەتی دەکەیت.

تەنیا دوو جۆر خەڵك لە جیهاندا هەن. ئەوانەی کە دەیانەوێ بە ئاسودەیی بژین– ئەوان سۆراخی مەرگ دەکەن. ئەوان گۆڕێکی ئاسودەیان دەوێ. ئەوانەش

كە دەیانەوێ بژین— ئەوان ژیانی سەرکێشانە هەڵدەبژێرن، چونکە ژیان تەنیا ئەو کاتە پێش دەکەوێ کە مەترسی هەبێ.

ئایا قەت بە شاخەکاندا سەرکەوتوویت؟ چەندەی بەرزتر سەرکەویت ئەوەندە هەست بە تازەبوونەوە دەکەیت، ئەوەندە هەست بە گەنجبوونەوە دەکەیت. چەندەی مەترسی بەربوونەوە زیاتر بێت، چەندەی خوارەوە هەڵدێرتر بێت، ئەوەندە زیاتر زیندوویت... ئەو کاتەی لەنێوان ژیان و مەرگدایت. ئەو کاتە چیتر بێزاری لەئارادا نییە، ئەو کاتە هیچ تۆزێکی رابردوو بەسەرتەوە نییە، ئارەزوویەك بۆ ئایندە نییە. ئەو کاتە ساتی ئێستا وەکو بڵێسە وایە. ئەوە بەسە. تۆ لێرە و لە ئێستادا دەژیت.

یان خلیسکەی سەر ئاو، یان خلیسکەی سەر بەفر. لە هەرکوێیەك مەترسی لەدەستدانی ژیان هەبێ، لەوێ خۆشیەکی گەورە هەیە. چونکە مەترسی لەدەستدانی ژیان لە ڕادەبەدەر زیندووت دەکات. هەر بۆیە خەڵکی بەلای وەرزشە پڕ مەترسییەکاندا بەکێش دەبن.

خەڵك بە شاخەکاندا هەڵدەگەڕێن. کەسێك پرسیاری لە (هیلاری) کرد، "بۆچی هەوڵتدا بە سەر شاخی ئێڤرێست-دا هەلگەڕێیت؟ بۆچی؟" هیلاریش وتی "چونکە لەوێ تەحەدییەکی بەردەوام هەبوو". مەترسیدار بوو، پێشتر خەڵکێکی زۆر مردبوون. بۆ ماوەی تەقریبەن شەست ساڵ، حەفتا ساڵ، گروپێك دەچوون و تەقریبەن مەرگێکی حەتمی بەدواوە بوو. بەلام خەڵك هەر دەچوون. بەکێشبوونەکە لە چیدا بوو؟

بە چوونە بەرزایی، زۆر دوور کەوتتەوە لە ژیانی جێگیر و ڕۆتینی، تۆ جارێکی تر دەبیتەوە بە کێوی، تۆ جارێکی تر دەبیت بە بەشێك لە جیهانی ئاژەڵ. تۆ جارێکی تر وەکو پڵنگ یان وەکو شێر یان وەکو رووبار دەژیت. تۆ جارێکی تر وەکو باڵندە

لە ئاسماندا بەرز دەبێتەوە، دوور و دوورتر دەڕوات. لە هەر ساتێکیشدا لە ئەمنیەت، حسابی بانک، ژن، مێرد، خێزان، کۆمەڵگە، کەنیسە، بەڕێزی...لە هەمووی دوور و دوورتر دەکەویتەوە. تۆ تەنیا دەبیت.

هەر بۆیە خەڵك ئەوەندە ئارەزوومەندی وەرزشن. بەڵام ئەوەش مەترسییەکی راستەقینە نییە چونکە تۆ زۆر شارەزا دەبیت. دەشێ تۆ فێری ببیت، دەکرێ تۆ مەشقت پێبکرێ. ئەم سەرکێشییە بە وردی حسابی بۆ کراوە- ئەگەر رێگەم بدەی ئەم دەربڕینە بەکاربێنم، سەرکێشی حساب بۆکراو. تۆ دەتوانیت بۆ شاخەوانی راهێنان بکەیت و ئامادەکارییەکان بکەیت.

یان پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل. دەتوانیت سەد مایل لە سەعاتێکدا لێبخوڕیت. ئەمە مەترسیدارە، خۆشە. بەڵام دەشێ شارەزایەتی زۆری تێدا پەیدا بکەیت، مەترسییەکەش تەنیا بۆ ئەوانەی دەرەوەیە، بۆ تۆ وا نییە. تەنانەت ئەگەر مەترسیش هەبێت، زۆر کەمە. ئەو کاتە، ئەم مەترسییانە تەنیا مەترسی فیزیکین، تەنیا پەیوەندییان بە جەستەوە هەیە.

کاتێك بە تۆ دەڵێم بە سەرکێشی بژی، تەنیا مەبەستم سەرکێشی جەستەیی نییە، بەڵکو سەرکێشی دەروونیشە و دواجار سەرکێشی رۆحیشە. ئایین سەرکێشییەکی رۆحییە. رۆیشتنە بەو ئەو بەرزاییانەی کە لەوانەیە گەڕانەوەی بەدواوە نەبێ. ئەمەیە مانای زاراوەی بودا- ئەو کەسەی قەت ناگەڕێتەوە.

چوونە بەرزایی وەهایە کە خاڵی گەڕانەوەی نییە، ئەو کاتە بزر دەبیت. قەت ناگەڕێیتەوە.

کاتێك دەڵێم سەرکێشانە بژی، ژیانێکی ئاسایی بەڕێزانە مەژی- ئەمەی کە تۆ قایقامی شارێك بیت یان ئەندامی بۆردی کۆمپانیایەك بیت. ئەمە ژیان نییە. یان

وەزیر، یان پیشەیەکی باشت هەیە و پارەی باشت دەست بکەوێ و خەریکی کۆکردنەوە بیت لە بانك و هەموو شتێك بەباشی بەڕێوە بچێت.

کاتێك هەموو شتێك بە باشی بەڕێوە دەچێت، تەنیا دیقەت بدە- تۆ دەمریت و هیچیش روونادات. لەوانەیە خەڵك زۆر ڕێزت بگرن و کاتێك دەمریت خەڵکێکی زۆر بەشداری ماتەمینییەکەت دەبێ. باشە، ئەمە هەموویەتی. وێنەشت لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە و ستوونت لەسەر دەنووسرێن و ئینجا خەڵك تۆی بیر دەچێتەوە. تۆش هەموو ژیانت بۆ ئەو شتانە ژیاویت. ئاگادار بە- دەشێ مرۆڤ هەموو ژیانی بۆ شتی ئاسایی و بێ تام لەکیس بچێت. ڕۆحانیبوون واتە لەوە تێبگەیت کە ئەم شتانە نابێ ئەوەندە گرنگییان پێ بدرێت. من ناڵێم بێ مانان. من دەڵێم واتادارن، بەڵام ئەوەندەش تا کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە.

پارە پێویستە. پێداویستییەکە. بەڵام پارە ئامانج نییە و ناکرێ بشبێتە ئامانج. بە دڵنیاییەوە خانوو پێویستە. پێداویستییەکە. من زاهیدێك نیم و نامەوێ خانووەکانتان تێك بدەن و بچنە هیمالایا. خانوو پێویستە- بەڵام خانوو بۆ تۆ پێویستە. بە هەڵە تێمەگە.

کە خەڵك دەبینم، هەموو شتەکە شێواوە. هەبوونیان وەهایە وەك بڵێی بۆ خانووەکە پێویستن. بەردەوامن لە ئیشکردن بۆ خانووەکە. وەك بڵێی ئەوان بۆ حسابی بانك پێویستن- هەر خەریکی خڕکردنەوەی پارە دەبن و ئینجا دەمرن. قەتیش نەژیاون. ئەوان قەت تاکە ساتێکی لێوانلێوبوون لە ژیانیان نەبووە. ئەوان تەنیا لە ئەمنیەت، شتی ئاشنا و زانراو، بەڕێزبووندا بەند بوون.

ئینجا کە تۆ هەست بە بێزاری بکەیت ئەوا سروشتییە. خەڵك دێنە لام و دەڵێن زۆر هەست بە بێزاری دەکەن. هەست دەکەن چەقیان بەستووە. چی بکرێت؟ ئەوان

پێیان وایه تەنیا به دووباره کردنەوەی نزا یان ڕێسایەك زیندوو و زیتەڵ دەبنەوە. ئەوه هەروا ئاسان نییه. ئەوان دەبێ هەموو ڕێسای ژیانیان بگۆڕن.

خۆشەویستی بکە، بەڵام پێت وا نەبێت که سبەی ژنەکە لەلات دەبێ. چاوەڕێ مەکە. ژن کورت مەکەرەوه بۆ هاوسەر. ئەو کاته تۆ بە سەرکێشی دەژیت. پیاو کورت مەکەرەوه بۆ مێرد، چونکه مێرد شتێکی درێوه. با پیاوەکەت پیاوت بێت و ژنەکەت ژنت بێت. سبەینێشت مەکه به شتێکی پێشبینیکراو. پێشبینی هیچ مەکه و ئاماده به بۆ هەموو شتێك. ئەمەیه مەبەستم کاتێك دەڵێم سەرکێشانه بژی.

چی بکرێت؟ ئێمه دەکەوینه داوی خۆشەویستی ژنێکەوه و دەستبەجێ دەچینه دادگا یان کەنیسه بۆ هاوسەرگیری. من نالێم هاوسەرگیری مەکە. ئەمە ڕەسمیاتێکه. باشه، کۆمەڵگه قایل بکە. بەڵام له قووڵایی ئەقڵتدا قەت مەبه به خاوەنی ژنەکە. قەت بۆ ساتێکیش مەڵێ "تۆ هی منیت". چونکه چۆن دەکرێ کەسێك هی تۆ بێت؟ کاتێك دەست دەکەیت به خاوەندارێتیکردنی ژنەکە، ئەویش دەبێته خاوەنی تۆ. ئەو کاته چیتر یەکتریتان خۆش ناوێ. ئێوه تەنیا یەکتری وردوخاش دەکەن و دەکوژن، یەکتری ئیفلیج دەکەن. خۆشەویستی بکە- بەڵام مەهێڵە خۆشەویستییەکه له هاوسەرێتیدا کورت ببێتەوە. ئیش بکە- ئیش پێویسته- بەڵام مەهێڵە ببێته هەموو ژیانت. دەبێ یاری له ژیانتدا، وەکو سەنتەری ژیانت بمێنێتەوە.

دەبێ ئیش ئامرازێك بێت بەرەو یاری. له فەرمانگه و له کارگه و له دوکان ئیش بکە، بەڵام با کات، دەرفەتت هەبێ بۆ یاری. مەهێڵە ژیانت کورت بێت بۆ ڕۆتینێکی ئیشکردن. چونکه ئامانجی ژیان یارییه. یاری واته کردنی شتێك لەبەر خاتری خۆی.

تۆ دێیتە لای من بۆ تێڕامان لە ناخ و تۆ تێڕامان لە ناخیش دەکەیت بە ئیشێك. تۆ پێت وایە دەبێ شتێك بەدەست بێت بۆ گەیشتن بە خوداوەند. ئەمە پوچە. تێڕامان لە ناخ بەم شێوەیە ناکرێ. دەبێ یاری بکەیت، دەبێ وەکو سەرگەرمییەك لێی بڕوانیت. تۆ نابێ جددی بیت لەبارەیەوە، دەبێ خۆشی لێ ببینیت.

کاتێك خۆشی لێ دەبینیت، گەشە دەکات. کاتێك وەکو ئیشێك لەبەرچاوی دەگریت، وەکو ئەرکێك کە دەبێ پیادە بکرێت– چونکە دەبێ بیکەیت، بۆ گەیشتن بە مۆکشا، نیرڤانا، ئازادبوون– ئەو کاتە جارێکی تر زاراوەکانت هێناوەتەوە ناو یاری. تێڕامان لە ناخ یارییە. تۆ لەپێناو خۆیدا خۆشی لێ دەبینیت.

ئەگەر تۆ خۆشی لە زۆر شتی تر ببینیت لە پێناو خۆیاندا، ئەوا زیندووتر دەبیت. بێگومان ژیانت هەمیشە لە مەترسیدا دەبێ. بەڵام دەبێ ژیان بەو شێوەیە بێت، سەرکێشی بەشێکە لێی. لە ڕاستیدا بەشێکی باشتری بریتییە لە سەرکێشی، باشترین بەشیەتی. جوانترین بەشیەتی. هەموو ساتێکی بریتییە لە سەرکێشی. لەوانەیە تۆ ئاگات لێ نەبێ، تۆ هەناسە وەردەگریت و هەناسە دەدەیتەوە. سەرکێشی هەیە. تەنانەت هەناسەدانەوەش، کێ چوزانێ ئاخۆ دەتوانیت هەناسە وەرگریتەوە؟ مایەی دڵنیایی نییە، گەرەنتی نییە.

بەڵام خەڵکێکی کەم هەن کە هەموو ئایینەکەیان ئەمنیەتە. تەنانەت ئەگەر باسی خوداش بکەن، ئەوا وەکو ئەمنیەتێکی باڵا باسی دەکەن. ئەگەر بیر لە خودا بکەنەوە، ئەوا تەنیا لەبەر ئەوە بیری لێ دەکەنەوە چونکە دەترسن. ئەگەر بچن نزا بکەن و لە ناخ ڕابمێنن، ئەوا تەنیا لەبەرئەوە دەیکەن کە لە کتێبە باشەکاندا بمێننەوە– لە کتێبە باشەکانی خوا دا. لەبەر خۆیانەوە دەڵێن "ئەگەر خودا هەبێ ئەوا دەزانێ من چووم بۆ کەنیسە، خواپەرستیم کردووە، دەتووانم ئەمە بڵێم". تەنانەت نزاشیان ئامرازێکە.

ژیانی سەرکێشانە واتە ژیان بە شێوەیەک کە هەر ساتێک کۆتایی خۆیەتی، هەر ساتێک بەها بنچینەییەکەی خۆیەتی، تۆش ناترسیت. دەشزانی مەرگ لەوێیە و تۆ ئەو راستییە قبوڵ دەکەیت کە مەرگ لەوێیە و تۆ خۆت ناشاریتەوە لێی، لە راستیدا، تۆ دەچیت رووبەرووی مەرگ بیتەوە. تۆ خۆشی لەو ساتانەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ دەبینیت– لە رووی جەستەیی، لە رووی دەروونی و لە رووی رۆحیشەوە.

ژیانی سەرکێشانە واتە، خۆشی بینین لەو ساتانەدا کە راستەوخۆ لەگەڵ مەرگدا لە پەیوەندیدایت، کە تیایدا مەرگ تەقریبەن دەبێتە واقعیەتێک.

خۆشەویستی لەگەڵ مەرگدا رووبەڕووت دەکاتەوە. تێرامان لە ناخ لەگەڵ مەرگدا رووبەڕووت دەکاتەوە، چوونە لای مامۆستای رۆحی واتە چوون بۆ لای مەرگی خۆت. چوونە لای کەسێک کە ون بووە، چوونە ناو چاڵێکە کە دەشێ تیایدا بزر بیت و دەشێ ببیتە نەگەڕاوەیەک.

ئەوانەی کە بوێرن، بەبێ بیرکردنەوە دەچنە ناوەوە. ئەوان سۆراخی هەموو دەرفەتەکانی مەترسی دەکەن. فەلسەفەی ژیانیان هی کۆمپانیاکانی تەئمین نییە. فەلسەفەی ژیانیان هی شاخەوانە. نەک تەنیا لە شاخەکانیش بەڵکو لە چیاکانی ناوەوەشیاندا شاخەوانی دەکەن.

بەڵام شتێکت بیر بێت– هەرگیزاوهەرگیز هونەری سەرکێشیکردنت بیر نەچێتەوە. هەمیشە توانای سەرکێشیت بمێنێت. لە هەر شوێنێکیش کە دەتووانیت دەرفەتێکی سەرکێشی بدۆزیتەوە، قەت لەکیسی مەدە و تۆ قەت دۆڕاو نابیت. سەرکێشی تاکە گەرەنتییە بۆ ژیانی راستەقینە.

ئەفرێنەر

لە رابردوودا هەموو هونەرمەندە بەناوبانگەکان لەبەر دیوە بۆهیمیەکەی* ژیانیان ناسراو بوون. ئۆشۆ، تکایە لەبارەی ئەفراندن و دیسپلین شتێك بڵێ؟

ژیانی بۆهیمی شایستەی ژینە! هەموو جۆرەکانی تری ژیان تەنیا ساردوسڕە. ئەمانە زیاتر ڕێگاکانی خۆکوشتنی لەسەرخۆن نەك ڕێگاکانی ژیان بە دڵخۆشی و بە چڕوپڕییەوە. لە رابردوودا ژیان لە یاخیگەریدا بۆ هونەرمەند حەتمی بوو، چونکە ئەفرێنەرێتی گەورەترین یاخیگەرییە لە هەبووندا. ئەگەر دەتەوێ ئەفراندن بکەیت ئەوا لە هەموو پرۆگرامبوونێك وەرە دەرەوە، ئەگینا ئەو کاتە ئەفرێنەرێتییەکەت هیچ نابێ جگە لە کۆپیکردن. تۆ تەنیا ئەو کاتە دەتوانیت ئەفرێنەر بیت کە تاکەکەسیت، تۆ ناتوانیت وەکو بەشێك لە سایکۆلۆژیای جەماوەر ئەفراندن بکەیت. سایکۆلۆژیای جەماوەر ئەفرێنەرانە نییە، ژیانێکی تاقەتبەرە، سەما نازانێ، گۆرانی نازانێ، خۆشی نابینێ، میکانیکییە.

بێگومان چەند شتێك هەن کە ئەگەر تۆ میکانیکی بیت لە کۆمەڵگەوە بەدەستیان دێنیت: ڕێز بەدەست دێنیت، پێزانین و ستایش بەدەست دێنیت. زانکۆکان دکتۆرای فەخریت ئەدەنێ، وڵاتەکان میدالی ئاڵتونت ئەدەنێ، لەوانەیە دواجار خەڵاتی نۆبڵ ببەیتەوە، بەڵام هەموو ئەم شتانە درێون.

مرۆڤی بلیمەتی راستەقینە هەموو ئەو شتە پڕوپوچانە رەت دەکاتەوە، چونکە ئەمە بەرتیلە. بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ رێك بەو مانایەیە کە خزمەتەکانت بۆ

---

* ئەو کەسەی کە ستایلێکی ژیانی جیگرەوە (بەدیل) هەڵدەبژێرێت.

دامەزراوەکە ڕێزی لێ دەنرێ، ئەمەی کە تۆ تەقدیر دەکرێیت چونکە کۆیلەیەکی باش بوویت، ملکەچ بوویت، ئەمەی کە تۆ بەلاڕێدا نەچوویت، ئەمەی کە شوێن ڕێگە قەرەباڵغەکە کەوتیت.

ئەفرێنەر ناتوانێ شوێن ڕێگەیەکی قەرەباڵغ بکەوێ، دەبێ ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، دەبێ جەنگەڵەکانی ژیان بپشکنێت، دەبێ بە تەنیا بڕوات، دەبێ لە ئەقڵی جەماوەر، لە سایکۆلۆژیای جەماوەر بێتە دەرەوە. ئەقڵیەتی دەستەجەمعی نزمترین ئەقڵە لە جیهاندا، تەنانەت ئەوانەی پێیان دەوترێ گەمژە بەرزترن لە گەمژەیی دەستەجەمعی. بەلام دەستەجەمعی بەرتیلی خۆی هەیە: ڕێز لە خەڵك دەگرێ، تەقدیری خەڵك دەکات، ئەگەر هەر سوور بن لەسەر ئەوەی کە ڕێگای ئەقلیەتی دەستەجەمعی تاکە ڕێگەی ڕاستەقینەیە.

لە زەرووڕەتێکی گەورەوە بوو کە لە ڕابردوودا، دەبووایە هەموو جۆرە ئەفرێنەرەکان– نیگارکێشان، سەماکەران، مۆسیقارەکان، شاعیرەکان، پەیکەر تاشان– دەستبەرداری ڕێز و تەقدیر بن. دەبووایە جۆرێك لە ژیانی بۆهیمی بژین، ژیانی گەڕیدە بژین، ئەمە تاکە ئەگەر بوو بۆئەوەی ئەفرێنەر بن. پێویست ناکات لە ئایندەدا وەها بێت. ئەگەر تۆ لە من تێدەگەیت، ئەگەر هەست بکەیت کە ئەوەی دەیلێم ڕاستی تێدایە، ئەوا لە ئایندەدا دەبێ هەمووان بەشێوەی تاکەکەسی بژین و ژیانی بۆهیمی پێویست نابێ. ژیانی بۆهیمی، بەرهەمی لاوەکی ژیانی بەڕێزانە، تەقلیدی، ئەرتەدۆکس و نەگۆڕ بوو.

تەقەلای من بۆ لەناوبردنی ئەقڵی دەستەجەمعی و زەمینەخۆشکردنە بۆ ئازادبوونی تاکەکەس تا خودی خۆی بێت. ئەو کاتە هیچ کێشەیەك نابێ، ئەو کاتە دەتوانیت بەو شێوەیە بژیت کە دەتەوێ. لە ڕاستیدا، مرۆڤایەتی بە ڕاستی تەنیا ئەو کاتە لەدایك دەبێ کە تاکەکەس لە یاخیگەرێتییەکەیدا ڕێزی لێ بنرێ.

مرۆڤایەتی هێشتا لەدایك نەبووە، هێشتا لە منداڵدانداية. ئەوەی کە وەکو مرۆڤایەتی دەیبینیت تەنیا دیاردەیەکی سەرلێ شێوێنەرە. مەگەر ئەوەی کە ئازادی تاکەکەسی بدەینە هەموو کەسێك، ئازادیی رەها بدەینە هەموو کەسێك بۆئەوەی خۆی بێت، بۆئەوەی بە شێوازی خۆی هەبێ... و بێگرمان نابێ دەستدرێژی بکاتە سەر هیچ کەسێك– ئەمە بەشێکە لە ئازادی. نابێ کەس دەست بۆ سەر کەسێکی تر درێژ بکات.

بەڵام لە رابردوودا هەموو کەسێك دەمی وەردەدایە کاروباری کەسێکی تر– تەنانەت ناو ئەو شتانەش کە بەشێوەیەکی رەها تایبەتن، کە هیچ پەیوەندییان نییە بە کۆمەڵگەوە. بۆ نموونە، تۆ دەکەویتە داوی خۆشەویستی ژنێکەوە– ئەمە چ پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە؟ ئەمە دیاردەیەکی تەواو تاکەکەسییە، نەك هی بازاڕ. ئەگەر دوو کەس رازی بن لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی، ئەوا نابێ کۆمەڵگە بێتە ناوەوە، بەڵام کۆمەڵگە بە هەموو کەرەستەکانیەوە، بە شێوازە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان تێدەخول دەکات. پۆلیس دەبێتە بەربەست لەنێوان خۆشەویستەکاندا، قازی دێتە نێوانیان. ئەگەر ئەمەش بەس نەبێت ئەوا کۆمەڵگاکان (خودا) دەکەن بە چاودێر بەسەرتەوە.

بیرۆکەی خودا بریتییە لە (تۆمی چاو بن) کە ناهێڵێت لە حەمامیش کاری تایبەتی خۆت بکەیت، کە لە کونی دەرگاوە چاوت لێدەکات، تەماشای ئەوە دەکات کە دەیکەیت. ئەمە درێوە. هەموو ئایینەکانی جیهان دەڵێن خودا بە بەردەوامی چاودێریت دەکات– ئەمە درێوە. چ جۆرە خودایەك وەهایە؟ ئایا ئیشی تری نییە جگە لە چاودێریکردنی هەمووان، شوێنکەوتنی هەمووان؟

مرۆڤایەتی پێویستی بە خاکێکی نوێ هەیە– خاکی ئازادی. بۆهیمیانیزم کاردانەوەیەك بوو، کاردانەوەیەکی پێویست، بەڵام ئەگەر روئیای من سەرکەوتوو

بێت ئەوا بۆهیمیانیزم بوونی نابێ چونکە ئەو بەناو ئەقڵە دەستەجەمعییە بوونی نابێ خەڵك داگیر بکات. ئەو کاتە هەموان لەگەڵ خۆیاندا نەرم دەبن. بێگومان پێویست ناکات تۆ دەست درێژ بکەیتە سەر کەس، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە ژیانتەوە هەیە دەبێ بە پێوەرەکانی خۆت بژیت. ئینجا تەنیا ئەو کاتە ئەفرێنەرێتی دەبێ. ئەفرێنەرێتی، بۆنی خۆشی ئازادی تاکەکەسییە.

تۆ دەڵێیت: ئۆشۆ، تکایە لەبارەی ئەفراندن و دیسپلین شتێك بڵێ؟

دیسپلین وشەیەکی جوانە، بەڵام هەموو وشە جوانەکانی تریش لە رابردوودا خراپ بەکارهێنراون. وشەی "دیسپلین" لە رەگی هەمان وشەی "شاگرد"ەوە دێت. مانای رەگوریشەیی وشەکە بریتییە لە "پرۆسەی فێربوون". ئەو کەسەی کە ئامادەیە فێر بێت شاگردە و پرۆسەی ئامادەبوون بۆ فێربوون دیسپلینە.

کەسی زۆرزان قەت ئامادەی فێربوون نییە، چونکە هەنوکە پێی وایە دەزانێ، ئەو زۆر لەناو مەعریفەکەیدا لەنگەری گرتووە. زانینەکەی هیچ نییە جگە لە گەورەکردنی نەفسی. ئەو ناتوانێ ببێتە شاگرد، ناتوانێ لە دیسپلینێکی راستەقینەدا بێت.

سوکرات دەڵێت: "من تەنیا یەك شت دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە هیچ نازانم". ئەمە دەستپێکی دیسپلینەکەیە. کاتێك تۆ هیچ شتێ نازانیت، ئاواتخواستنێکی گەورە بۆ سۆراخکردن و گەڕان سەرهەڵدەدات. ئەو ساتەش کە دەست دەکەیت بە فێربوون، فاکتەرێکی تر بە شێوەیەکی حەتمی سەرهەڵدەدات: هەر شتێك کە فێری بوویت دەبێ بە بەردەوامی بەلاوە بنرێ ئەگینا دەبێتە زانین و زانینیش رێگر دەبێ لەبەردەم فێربوون.

مرۆڤی راستەقینەی دیسپلین، قەت شت کەڵەکە ناکات، هەموو ساتێك لەبەرانبەر ئەو شتەدا دەمرێ کە زانیوویەتی و جارێکی تر نەزان دەبێتەوە. ئەو نەزانییە بە راستی رووناکاییە. من بە تەواوی هاوڕام لەگەڵ (دینۆسیەس) کە دەڵێ نەزانی

درەوشانەوەیە. ئەمەی کە لە دۆخێکی نەزانینی درەوشاوەدا بیت جوانترین ئەزموونی هەبوونە. کاتێك تۆ لەو دۆخەی نەزانیندایت ئەوا کراوەیت، تەگەرە بوونی نییە، تۆ هەنوکە ئامادەی گەڕانیت. هیندۆسەکان ناتوانن ئەمە بکەن- ئەوان هەنوکە زۆرزانن. مەسیحییەکان و ئایینەکانیش تریش ناتوانن ئەمە بکەن. شاگردەکانی من دەتوانن ئەمە بکەن، چونکە من مەعریفە ناگەیەنم، بە پێچەوانەوە؛ من زانینی ئێوە لەناودەبەم.

ئەمەش هەموو رۆژێك روودەدات...هەموو رۆژێك من گەلێك نامەم پێدەگات، پرسیاری زۆریان تێدایە. دۆستێك لە خۆرئاواوە هاتبوو. ئەو دەڵێت، سێ چوار ساڵە کتێبەکانی من دەخوێنێتەوە و زۆر دڵخۆش بوو؛ منی ئەوەندە زۆر خۆش دەویست کە ویستبووی هەرچی زووە بێتە دیدەنیم. ئێستا ئەو توانیوویەتی بێت، بەڵام لێرە هەست بە بێزاری دەکات. ماوەی چوار ساڵ لە خۆشەویستییەکی قووڵدا بووە بەرانبەر من و ئێستا دەڵێت "ناتوانم هەمان شت بڵێم، چونکە تۆ مایەی شۆکیت بۆ من. تۆ بێزارم دەکەیت، تۆ ئایدیا دڵگیرەکانی من سەرکوت دەکەیت".

کتێب خوێندنەوە ئاسانە چونکە کتێب لە دەستەکانتدایە. من لەناو دەستەکانی تۆدا نیم! تۆ دەتوانیت کتێبەکە بە گوێرەی ئایدیاکانت لێکبدەیتەوە، تۆ ناتوانیت من بە گوێرەی ئایدیاکانت لێکبدەیتەوە- من ئەوەندە کێشەت بۆ دروست دەکەم! ئەو منی خۆش نەدەویست، ئەو ئایدیاکانی خۆی خۆش دەویستن و لەبەرئەوەی پشتیوانی لەناو کتێبەکانی مندا دەدۆزییەوە، لە وەهمدا دەژیا. بەڵام بەلای منەوە دەبێ وەهمەکان تێکبشکێنرێن. من بۆ ئەوە لێرەم تا هەموو وەهمەکان بهێنمە لەرزە. بەڵێ، ئەمە هەراسانت دەکات، بێزارت دەکات- ئەمە شێوازی منە بۆ ئیشکردن و کارکردن. من هەر لە رەگەکانتەوە زیانت پێدەگەیەنم! تا ئەو کاتەی کە وەکو ئەقڵێك سەراپا لەناو نەبردرێیت، هیچ هیوایەك نییە بۆت.

دیسپلین به هەڵە لێکدراوەتەوە. هەزاران دەبێ و نابێ بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە و کاتێک مرۆڤ لەگەڵ هەزاران دەبێ و نابێ دا دەژیت ناتوانێ ئەفرێنەر بێت. ئەو زیندانییە، لە هەموو شوێنێک رووبەڕووی دیوارێک دەبێتەوە.

دەبێ کەسی ئەفرێنەر هەموو دەبێ و نابێیەکانی هەڵوەشێنێتەوە. ئەو پێویستی بە ئازادی، فەزای گەورە هەیە، پێویستی بە هەموو ئاسمان و هەموو ئەستێرەکان هەیە، تەنیا ئەو کاتە ناوەوەی بە شێوەیەکی ڕەمەکی دەست بە گەشە دەکات.

بۆیە بیرت بێت، مانای من بۆ دیسپلین ئەوەی ناو دە فەرزەکە نییە، من هیچ دیسپلینێکت نادەمێ، من تەنیا بەرچاوڕوونییەکت دەدەمێ بۆ ئەوەی کە چۆن بەردەوام لە فێربووندا بیت و قەتیش زۆرزان نەبیت. دەبێ دیسپلینەکەی تۆ لە دڵتەوە بێت، دەبێ هی تۆ بێت- جیاوازییەکی گەورەش هەیە. کاتێک کەسێکی تر دیسپلینت دەداتێ قەت ناکرێ بۆ تۆ بگونجێ، وەکو ئەوە وایە جلەکانی کەسێکی تر لەبەر بکەیت. یان بۆت تەسک دەبن یان گەورە و تۆش هەمیشە هەست بە پوچییەک دەکەیت کە لەبەرتدان.

بودا دیسپلینێکی دایە ملیۆنان بودایی، لەوانەیە بۆ خودی خۆی باش بووبێت، بەڵام ناشێ بۆ هەموو کەسێکی تریش هەروا بێت. دیسپلین دیاردەیەکی تاکەکەسییە، هەر کاتێک تۆ وەریدەگریت ئەوا دەست دەکەیت بە ژیان بە گوێرەی ئەو پرەنسیپە دانراوانە، پرەنسیپی مردوو. ژیانیش قەت مردوو نییە، ژیان لە هەر ساتێکدا بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە. ژیان تەوژمە.

هیراکلیتەس ڕاست دەڵێت: تۆ ناتوانیت دوو جار پێت بخەیتە ناو هەمان ئاوەوە. لە ڕاستیدا، من خۆم دەڵێم، تۆ ناتوانیت تەنانەت یەک جاریش پێ بنێیتە هەمان ڕووبارەوە، ڕووبارەکە ئەوەندە خێرا لە جوڵەدایە! دەبێ مرۆڤ وریا بێت،

بەئاگا بێت لە هەر بارودۆخێك و گۆڕانەكانی و دەبێ بە گوێرەی ساتەكە، نەك بە گوێرەی هەر وەڵامێكی حازربەدەستی ئەوانیتر وەڵامگۆی بارودۆخەكە بێت.

گەمژەیی مرۆڤایەتی دەبینیت؟ پێش پێنج هەزار ساڵ (مانو) دیسپلینێكی دایە هیندۆسەكان و ئەوان هێشتا پەیڕەوی لێدەكەن. پێش سێ هەزار ساڵ موسا دیسپلینێكی دایە جولەكە و ئەوان هێشتا پەیڕەوی لێدەكەن. پێش پێنج هەزار ساڵ (ئادیناسا) دیسپلینەكەی دایە (جەینا)كان و ئەوان هێشتا شوێنی دەكەون. هەموو جیهان بەهۆی ئەم دیسپلینانەوە شێت كراوە! ئەمانە بەسەرچوون، دەبووایە پێش ماوەیەكی زۆر لە گۆڕ بنرانایە. تۆ لاشەت هەڵگرتوون و ئەم لاشانە بۆگەنن. كاتێكیش كە لەناو لاشەكاندا دەژیت، دەكرێ چ ژیانێكت هەبێ؟

من ساتەكە و ئازادیی ساتەكە و بەرپرسیارێتیی ساتەكەت فێر دەكەم. لەوانەیە ئەم ساتە شتێك راست بێت و لەوانەشە ساتێكی تر هەڵە بێت. هەوڵ مەدە جێگیر بیت، ئەگینا مردوویت. تەنیا خەڵكانی مردوو جێگیرن. هەوڵ بدە زیندوو بیت بە هەموو ناجێگیرییەكانیەوە، و هەموو ساتێك بەبێ گەڕانەوە بۆ رابردوو و بەبێ روانین لە ئایندەش بژی. ئەم ساتە لە كۆنتێكست (سیاق)ی ئەم ساتەدا بژی و كاردانەوەكەت گشتگیر دەبێ. ئەم گشتێتییەش جوانییەكی هەیە و ئەفرێنەرانەیە. ئەو كاتە هەرچییەك كە دەیكەیت جوانی خۆی دەبێت.

پیربوون

دەكرێ شتێكم لەبارەی پیربوونەوە پێ بڵێیت؟

مرۆڤ یان دەبێت پیر ببێت یان گەورە ببێ. ئەو كەسەی كە پیر دەبێت بەهیچ شێوەیەك نەژیاوە. ئەو كاتی بەرێكردووە، بەڵام نەژیاوە. هەموو ژیانی جگە لە كەبتكردن شتێكی تر نییە. من فێرت دەكەم پیر نەبیت.

ئەمە بەو مانایە نییە کە پیر نابیت، بەو مانایەیە کە رەهەندێکی تـرت ئـەدەمێ: گەورەبوون. بە دڵنیاییـەوە تـۆ گـەورە دەبیـت، بـەڵام تـەنیا لـە جەستەدا. بەڵام ئاگابیت، تۆ، پیر نابن، تۆ تەنیا گەورە دەبیت. تۆ بەردەوام دەبیت لە پێگەیشتن.

بـەڵام هـەموو ئایینـەکانی جیهـان تـاوانی وەهایـان ئـەنجام داوە کـە قـابیلی لێخۆشبوون نین. ئـەوان فێریـان نـەکردوویت چـۆن بـژیت، ئـەوان فێـری ئـەوەیان کردوویت نـەژیت- چـۆن دەسـتبەرداری ژیـان ببیـت، چـۆن دەسـتبەرداری جیهـان ببیت. ئەم جیهانە، بەگوێرەی ئایینـەکان، سزایەکە. تـۆ لـە بەندیخانـەدایت. بۆیـە تاکە شتێك کە هەوڵی بۆ بدەیت راکردنی هەرچی زووە لە بەندیخانە.

ئەمە راست نییە.

ژیان سزا نییە. ژیان ئەوەندە بە نرخە کە ناکرێ سزایەك بێت، بەڵکو پاداشتێکە. دەبێت تۆش سوپاسگوزاری هەبوون بیت کە تـۆی هەڵبـژاردووە- لـە رێگـەی تـۆوە هەناسە دەدات، لە رێگـەی تـۆوە خۆشەویستی دەکـات، لـە رێگـەی تـۆوە گـۆرانی دەڵێت، لە رێگەی تۆوە سەما دەکات. ئەگـەر مـرۆڤ بـەردەوام بـێ لـە پێگـەیشتن و تێگەیشتن، ئەوا قەت پـیر نابێـت. مـرۆڤ هەمیـشە بـە گـەنجی دەمێنێتـەوە چونکە هەمیشە لە فێربووندایە. فێربوون بە گـەنجی دەتهێڵێتـەوە. مـرۆڤ هەمیـشە گەنجـە چونکە پڕ نەکراوە لە کەبت و لەبەرئەوەی پڕ نییە، کێشی سوکە، وا هەست دەکات کە منداڵێکە- ساوایەك کە تازە هاتووەتە سەر ئەم زەوییە.

بیستوومە دەڵێن سێ ئەشە دەچنە (پیتسبێرگ). دەگەنە پەنجەرەکـە بۆئـەوەی تیکتەکانیان بکڕن و ژنی پشت پەنجەرەکە کە تیکتەکانی دەفرۆشت زۆر جوان بوو. سنگی تەقریبەن بە دەرەوە بوو- مەمکەکانی جوان بوون. قەشـە هـەرە گەنجەکـە چووە نزیك پەنجەرەکە...بەڵام هـەموو شتێکی گەشتەکەی بـیر چووبووەوە. ئـەو

تەنیا دەیڕوانییە مەمکە جوانەکانی ژنەکە. ژنەکە پرسیاری کرد "ئەتووانم چیت بۆ بکەم؟"

وتی "سێ تیکت بۆ تیتسبێرگ*".

ژنەکە زندەقی چوو، وتی "تۆ قەشەیت!"

قەشەی دووەم بردیە ئەولاوە و بە ژنەکەی وت "تووڕە مەبە، تازەیە، بێ ئەقڵە. تەنیا سێ تیکتمان بدەیە بۆ تیتسبێرگ".

ژنەکە ڕوانی... "ئایا هەموو ئەم پیاوانە شێتن یان چی بووە؟"

"بیرت نەچێ دەمەوێ باقیەکەش بە (نیپڵ ئەند دایمز)* بێت".

ئێستا ژنەکە دەستیکرد بە هات و هاوار و قیژە "بەسە ئیتر!"

قەشە هەرە گەورەکە هاتە پێشەوە و وتی "کچم، تووڕە مەبە. ئەمانە لە پەرستگا دەمێننەوە، نایەنە دەرەوە، هیچ شتێکیش نابینن. دەبێ تۆزێ تێگەیشتنت هەبێ لەبارەی ژیانیانەوە. ئەوان دەستبەرداری ژیان بوون. فەرموو دانیشە... سێ تیکتم بۆ تیتسبێرگ بدەرێ".

ژنەکە نەیدەتووانی بڕوایان پێ بکات- هەرسێکیان لە گەمژە دەچوون!

قەشە پیرەکەش وتی " یەک شتت بیر بێ، ئامۆژگاریت دەکەم: جلوبەرگی باشتر لەبەر بکە بۆ داپۆشینی جەستە جوانەکەت. ئەگینا لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا قەدیس فینگەر، پیتەرەکەی ئەخاتە سەر تۆ!"

---

* تیت: واتە مەمک

* خۆی (نیکڵ ئەند دایمز)ە واتە وردەی دراوی ئاسن. بەڵام نیپڵ واتە گۆی مەمک.

ئەمەیە بارودۆخی ئینسانی فرچکگرتوو. چەندەی زیاتر نکوڵی لە ژیان بکەیت، ئەوەندە زیاتر فرچك بە هەمان ژیانەوە دەگریت. تارەکو ئێستا، ئێمە رێگەمان بە مرۆڤ نەداوە ژیانێك لە دەرەوەی فرچکگرتن بژیت.

هەموو ئایینەکان و حکومەتەکان لە من توڕەن تەنیا لەبەرئەوەی کە من لایەنگیری ئێوە، ئازادیی ئێوە و ژیانی فرچکنەگرتووی ئێوە دەکەم- هەڵرژانێکی سروشتی، بێگەرد، پڕ خۆشی، کە هەموو ژیانتان دەکاتە بەهەشت.

ئێمە لە هەورەکاندا بەدوای هیچ بەهەشتێکدا ناگەڕێین. ئەگەر لەوێ بێت، ئەوا دەیدۆزینەوە، بەڵام یەکەم جار دەبێ بەهەشتێك لێرە دروست بکەین، ئەمە ئامادەکاری ئێمە دەبێ. ئەگەر ئێمە بتوانین لە بەهەشتێکی سەر زەوی بژین، ئەوا لە هەر کوێیەك بەهەشت هەبێ، هی ئێمەیە، کەس ناتووانێ بیکاتە هی خۆی- لانی کەم ئەم قەشە و راهیبانە نا! هەموو ئەم خەڵکانە دەچنە دۆزەخ، چونکە لە رواڵەتدا شتێکن و لەناوەوەشدا رێك پێچەوانەن.

هەوڵ بدە سروشتی بیت.

سەرکێشی بە هەموو شتێکەوە بکە بۆ سروشتیبوون و زەرەر ناکەیت.

بۆچی دەربڕینێکی وەکو "پیرەپیاوی پیس" هەیە؟ من لە بەتەمەنداچووندام و پێم وایە خەڵك بە هەمان دەربڕین بیر لە من دەکەنەوە.

ئەمە بەهۆی کۆمەڵگەیەکی لەمێژینە کەبتکراوەوەیە کە پیرەپیاوی پیس هەیە. بەهۆی قەدیسەکانتەوە، بەهۆی قەشەکانتەوە، پرۆتستانەکانتەوەیە کە پیرەپیاوی پیس هەیە.

ئەگەر خەڵك رێگەیان پێبدرێت ژیانی سێکسییان بە خۆشی بەسەر ببەن، بە هاتنی ئەو کاتەی کە تەمەنیان نزیکی چل و دوو ساڵە -چل و دوو نەك هەشتاوچوار- ئەوا سێکس بەخەیان بەر دەدات. هەر وەکوچۆن لە نزیکی تەمەنی

چواردەساڵیش سێکس سەرهەڵدەدات و بەهێز دەبێ. ئەمە ڕەوگەیەکی سروشتییە. کاتێکیش سێکس نامێنێ، پیرەپیاو خۆشەویستییەک، سۆزێکی سەراپا جیاوازی هەیە. شەهوەت لە خۆشەویستییەکەیدا نییە، ئارەزووی تێدا نییە، ئەو نایەوێ هیچی لێ دەست بکەوێ. خۆشەویستییەکەی پاکییەک، بەراتەتێکی تێدایە، خۆشییەکی تێدایە.

سێکس چێژت دەداتێ. سێکس تەنیا ئەو کاتە چێژت دەداتێ کە چوویتە ناو سێکسەوە، ئەو کاتە چێژ ئەنجامی کۆتاییە. ئەگەر سێکس بوو بە شتێکی ناپەیوەندیدار- کەبت نەکرا، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەوەندە قووڵ ئەزموونت کردووە کە چیتر هیچ بەهایەکی نییە...ئەوا تۆ زانیووتە و زانینەکەش هەمیشە ئازادی لەگەڵ خۆیدا دێنێت. تۆ سەراپا زانیووتە و لەبەرئەوەی زانیووتە، رازەکە تەواو بووە، چیتر نییە بەدوایدا بگەڕێیت. لەو زانینەدا، هەموو وزەکە، وزە سێکسییەکە، دەگۆڕێ بۆ خۆشەویستی، بۆ سۆز. ئەو کاتە پیرەپیاو جوانترین پیاوی جیهانە، پاکترین پیاوی جیهانە.

لە هیچ زمانێکدا دەربڕینێکی وەکو پیرەپیاوی پاک نییە. من قەت نەمبیستووە. بەڵام ئەم دەربڕینە، پیرەپیاوی پیس، تەقریبەن لە هەموو زمانێکدا هەیە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە جەستە پیر دەبێ، جەستە بێتاقەت دەبێ، جەستە دەیەوێ لە هەموو لایەنێکی سێکس دەرباز بێت- بەڵام ئەقڵ، بەهۆی ئارەزووە کەبتکراوەکانەوە، هێشتا ئارەزووی هەیە. کاتێک جەستە ناتوانێ و ئەقڵ بە بەردەوامی دنەت دەدات بۆ شتێک کە جەستە ناتوانێ بیکات، بە راستی پیرەپیاو لە سەرگەردانیدایە. چاوەکانی سێکسین، شەهوانین، جەستەی مردوو و سستە. ئەقڵیشی بەردەوامە لە هاندانی. ئیتر نیگا و سەرنجی پیسی دەبێ، روخسارێکی پیسی دەبێ، شتێکی پیسی تیادا پەیدا دەبێ.

ئەمە بەسەرهاتی ئەو پیاوەم بیر دێنێتەوە کە بەدزیەوە گوێی لە ژنەکە و کچەکەی بوو باسی گەشتی بزنسی دەرەوەی شارۆچکەکەیان دەکرد. کچەکە هەر دەیوت دەبێ هاوسەرەکە نیگەرانی مێردەکەی بێت لەکاتێکدا کە لەو هۆتێلە گەورانە دەمێنێتەوە و پڕن لە ژنانی کارمەندی سەرنجڕاکێش و پاکیزە.

ژنەکە وتی "من نیگەران بم؟ بۆچی، ئەو قەت خیانەتم لێ ناکات. ئەو زۆر بەوەفایە، زۆر شایستەیە......زۆر پیرە".

جەستە زوو یان درەنگ هەر پیر دەبێ، هەر دەبێ پیریش بێت. بەڵام ئەگەر تۆ پڕ بە پێستی ئارەزووەکانت نەژیابیت ئەوا هەر لەلات دەمێننەوە، شتێکی پیسیشت هەر تیایدا دروست دەکەن. یان ئەوەتا پیرەپیاو دەبێتە جوانترین پیاو لە جیهاندا چونکە دەگاتە بەرائەتێکی وەکو هی منالّ؛ یان تەنانەت دەگاتە قووڵتر لە بەرائەتی منالّ- دەبێتە حەکیم. بەڵام ئەگەر ئارەزووەکان هێشتا هەبن، وەکو شەپۆلی ژێرەوە لە نەوژمدا بن، ئەوا تووشی سەرگەردانی دەبێت.

پیاوێکی زۆر پیر دەستگیر کرا لەکاتێکدا کە هەوڵیدەدا دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر کیژێك. بە بینینی پیاوێکی وەها پیر لە دادگا کە تەمەنی هەشتا و چوار سالّ دەبوو، قازی تۆمەتەکەی لە لاقەکردنەوە کەم کردەوە بۆ هێرشکردن بە چەکی سوك.

ئەگەر تۆ پیر ببیت، بیرت بێ کە تەمەنی پیری لوتکەی ژیانە. بیرت بێ کە دەشێ تەمەنی پیری جوانترین ئەزموون بێت- چونکە منالّ ئاواتی بۆ ئایندە خواستووە، لە ئایندەدا دەژیت، ئارەزووی گەورەی هەن بۆ کردنی ئەمە و کردنی ئەوە. هەموو منالّێك وا بیر دەکاتەوە کە دەبێتە کەسێکی تایبەت- ئەلێکزاندەری مەزن، جۆزێف ستالین، ماو زیدۆنگ- ئەو لە ئارەزووەکان و لە ئایندەدا دەژیت. گەنج بە ڕادەیەکی زۆر لەلایەن غەریزەکانیەوە خاوەنداریتی دەکرێ، هەموو

غەریزەکان تیایدا دەتەقنەوە. سێکس هەیە. توێژینەوەی مۆدێرن دەڵێت لە هەر سیٚ چرکەیەکدا پیاو لانی کەم جارێك بیر لە سێکس دەکاتەوە. ژنان کەمێك باشترن، ئەوان هەر شەش چرکە جارێك بیری لێدەکەنەوە. ئەمە جیاوازییەکی گەورەیە، تەقریبەن دووقاتە، کە لەوانەیە هۆکاری ناکۆکی زۆر بێت لەنێوان مێرد و ژنەکاندا.

هەر سیٚ چرکە جارێك سێکس بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ئەقڵدا دادەگیرسێت. گەنج لەلایەن ئەو هێزە سروشتییە گەورانە خاوەندارێتی دەکرێت کە ناتوانیٚ ئازاد بێت. نەوح لەوێیە و کاتیش بەخێرایی تێدەپەڕێت و دەبیٚ شتێك بکات و دەبیٚ ببێتە شتێك. دەبیٚ هەموو ئەو ئاوات و ئارەزوو و فەنتازیایانەی منداڵی تێر بکرێن، ئەو زۆر پەلەیەتی.

پیرەپیاو دەزانیٚ کە ئەو ئارەزووە منداڵکارانە بە راستی منداڵکارانە بوون. پیرەپیاو دەزانیٚ هەموو ئەو رۆژانەی گەنجێتی و سەرگەردانی بەسەرچوون. پیرە پیاو لە هەمان ئەو دۆخەدا دەبێت کە زریان تێپەڕیووە و بێدەنگی زاڵ بووە. دەشیٚ ئەو بێدەنگییە جوانی، قووڵایی، دەوڵەمەندییەکی بیٚ رادەی هەبێت. ئەگەر پیرەپیاو بە راستی پیٚ گەیشتبێت، کە بەدەگمەن وەهایە، ئەوا جوان دەبیٚ. بەلام خەڵك تەنیا بە تەمەن گەورە دەبن، پێناگەن. بۆیە کێشە دروست دەبیٚ.

گەورە ببە، زیاتر پێبگە، زیاتر وریا و بەئاگا بە. تەمەنی پیریش دوا دەرفەتە کە دەدرێت بە تۆ: پێش ئەوەی مەرگ بێت، ئامادە بە. ئەی مرۆڤ چۆن خۆی بۆ مردن ئامادە دەکات؟ کە زیاتر لە ناخ رابمێنێت،

ئەگەر هێشتا هەندیٚ ئارەزووی دنەدەر هەبن و جەستە پیر ببێت و نەتوانیٚ ئەو ئارەزووانە تێر بکات، ئەوا نیگەران مەبە. بەسەر ئەو ئارەزووانەدا تێڕامانی ناخ ئەنجام بدە، وریا بە، بەئاگا بە. تەنیا بەوەی کە هۆشیار و بەئاگا بیت، ئەو

ئارەزووانە و ئەو وزەیەی تیایاندا پەنگی خواردووە، دەگۆڕێن. بەڵام پێش ئەوەی مەرگ بێت، لە هەموو ئارەزووەکان ئازاد بە.

کاتێک کە دەڵێم لە هەموو ئارەزووەکان ئازاد بە، مەبەستم ئەوەیە لە هەموو شتەکانی پەیوەندیدار بەو ئارەزووانە ئازاد بە. ئەو کاتە ئارەزووکردنێکی پاک بوونی دەبێ. ئەو ئارەزووکردنە پاکە ئیلاهییە. ئەو کاتە ئەفرێنەرێتییەک دەبێ بەبێ شتێ بەبێ ناونیشان، بەبێ ئاراستە، بەبێ مەنزڵ- تەنیا وزەیەکی بێگەرد، حەوزێك لە وزە، کە ناچێتە هیچ شوێنێك. ئەمەشە بودییەت.

مامۆستای رۆحی

بەلای جیهانی خۆرئاواییەوە زاراوەکانی "سەربەستی" و "مامۆستای رۆحی" تەقریبەن دانەبڕاون لەیەکتری. بەلای ئەوانەوە کە تۆیان ناسیووە ئەمە زۆر نادروستە. چۆن "سەربەستی" و "مامۆستای رۆحی" بۆ تێگەیشتنی خۆرئاوایی پێناسە دەکەیتەوە؟

جیهانی خۆرئاوا پەی نەبردوو بەو واقعیەتە مەزنەی لە دیداری نێوان مامۆستای رۆحی و شاگردەکەی روودەدات. بێگومان، ئەمە نەبینراوە. رێك وەکو خۆشەویستی وەهایە، بەڵام زۆر گەورەترە و زۆر قووڵترە و زۆر رازئامێزترە.

خۆرئاوا قەدیس و شوێنکەوتەی ناسیووە. قەدیسەکان داوای ملکەچی دەکەن، قەدیسەکان داوای ئیمان دەکەن. ئەو ساتەش کە تۆ دەبیتە ئیماندار، ئەوا چیتر نیت، هەموو تاکێتییەکەت سڕدراوەتەوە. ئەو کاتە تۆ مەسیحیت و تۆ جولەکەیت، بەڵام تۆ نیت. دیاردەی مامۆستای رۆحی و شاگرد لە خۆرهەڵات لە رۆژگارە زێڕینەکەیدا روویدا، کاتێك خەڵکانی وەکو (لاو تزو) و (زەردەشت) و (گواتام بودا) هەبوون. ئەوان جۆرێکی سەراپا نوێی پەیوەندییان هێنایە کایەوە.

هەموو کەسێك ناتووانێ وەکو پیکاسۆ نیگار بکێشێت، نە هەموو کەسێکیش دەتووانێ وەکو مایکڵ ئەنجێلۆ بێت. خۆرئاوا نەیتوانیووە گواتام بودای هەبێ. عیسا بەو بەراورد ناکرێ. عیسا لەسەر ڕێبازی جولەکە بوو، بڕوای بە هەموو دۆگماکانی جولەکە هەبووە. ئەو ئیماندار بوو– لە ڕاستیدا، کەمێك زیاتریش. گواتام بودا یاخییە، ئەو شوێنکەوتەی کەس نییە. نە (لاو تزو)ش شوێنکەوتەی کەس نییە. ئەوان هیچ دەقێکی پیرۆزیان نییە؛ هیچ سیستەمێکی بیروباوەڕیشیان نییە. ئەوان بە تاقی تەنیا گەڕاون– سەرکێشییان کردووە، چونکە لەسەر ڕێچکەیەکی تەنیا لە قەرەباڵغی دوور کەوتوونەتەوە بەبێ ئەوەی بزانن کە ئەم گەشتە لە کوێ کۆتایی دێت، بەڵام متمانەیەان بە دڵیان کردووە، نیشانەی بچوك بچوکیان لەمەڕ ئەوەی کە ئارامی لە گەشەدایە ئەزموون کردووە، ئەو خۆشەویستییە شکۆفە دەکات، ئەو بۆنە خۆشە نوێیە گەیشتووەتە بوونیان، کە چاوەکانیان چیتر پڕ نییە لە تۆز، لە ڕابردوو...ڕووناکاییەکی مەزن هاتووەتە بوون و ئەوان دەزانن کە لەسەر ڕێگای ڕاستن. ڕێنوێنی لێ نییە. تۆ لەسەر ڕێگاکە کەس نابینیت تا پێت بڵێ زۆر لە مەنزڵەوە دوور نیت.

ئەمە فڕینە لە تەنیاوە بۆ تەنیا. بەڵام هەر کە مرۆڤ بە تەنیا ڕاستی دۆزییەوە، بەشێوەیەکی سروشتی بەئاگا دێت لەوەی کە هیچ ئایینێکی ڕێکخراو پێویست نییە– ئەمە گۆسپە– کە هیچ قەشەیەك، هیچ تێراپمێنێکی ناخ پێویست نییە، ئەوان ڕێگەت نادەن بگەیتە ڕاستی. مرۆڤێکی وەها، کە ڕاستی دۆزیووەتەوە، دەبێتە مامۆستای ڕۆحی. جیاوازییەکە ئاڵۆزە و دەبێ لێی تێبگەیت. شاگرد شوێنکەوتە نییە، شاگرد تەنیا کەوتووەتە ناو خۆشەویستییەوە. تۆ عاشقەکان بە شوێنکەوتە ناو نابەیت. شتێك لە بوونیدا ڕوویداوە، لە حزووری کەسێکدا.

ئەمە پەیوەندی نییە بەوەی کە بە ئایدیاکانی رازی بووە یان نا. ئەمە بیروباوەڕێك نییە، ئەمە وەرگەڕانێك نییە، ئەمە وەرچەرخانە. ئەو ساتەی کە سۆراخکەرێك دەچێتە ناو پەیوەندی ئەو کەسەی دۆزیویەتەوە، هاوزەمەنییەکی گەورە روودەدات. بە ڕوانین لە چاوەکانی یەکتری، بەبێ وتنی وشەیەك، شتێك کە قەت خەویان پێوە نەبینیووە لەپڕ دەبێتە گەورەترین واقیع.

ئەمە باوەڕێك نییە، چونکە باوەڕ هەمیشە لە فەلسەفەکاندایە، لە ئایدۆلۆژیاکاندایە. ئەوە ئیمان نییە، چونکە ئیمان لەو چیرۆکانەدا هەیە کە کەس ناتوانێ بەلگەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە- ئەوە متمانەیە. ئەوەی کە مامۆستا بە شاگردەوە دەبەستێتەوە متمانەیە. متمانە بەرزترین خاڵی شکۆفەکردنی خۆشەویستییە. خۆشەویستیش چۆن دەتوانێ کەس بکاتە کۆیلە؟ هەر ئەو راستییەی کە ئەوە خۆشەویستییە مامۆستا و شاگرد بەیەکەوە گرێ دەدات، نیشانەیەکی کافییە بۆ ئەمەی کە مامۆستاکە هەموو ئەگەرێك فەراهەم دەکات بۆ سەربەستیی شاگردەکە. بە پێچەوانەوە، ئەو خیانەت لە خۆشەویستی دەکات و هیچ مامۆستایەکیش ئەمە ناکات.

خۆشەویستی واقعیەتی سەرەنجامە. دەبێ ئەو بیخاتە کردارەوە، وشەکانیەوە، پەیوەندییەکانیەوە، بێدەنگییەکانییەوە. هەرچییەك کە دەیکات، دەبێ تەنیا یەك شت بەدی بێنێت: ئەویش خۆشەویستییەکەیەتی. ئەگەر کەسێکیش لە تاریکاییدا دەست بکوتێت، ئەوا شاگردێتی بەسەردا هاتووە... تەنیا قەشە دەتووانێ ئیستیغلالی بکات، سیاسەتمەدار دەتووانێ ئیستیغلالی بکات. ئەوان سۆراخی شوێنکەوتەکان دەکەن- هەردووکیان بەدوای شوێنکەوتەدا وێڵن، هەم قەشە و هەم سیاسی.

سیاسی و قەشە لەسەر یەك خاڵ کۆکن، ئەمەی کە پێویستیان بە شوێنکەوتەیە، تەنیا ئەو کاتە دەتووانن ببنە کەسێك. ئەوان رووبەرەکانیان دابەش کردووە: سیاسی جیهانی ماددی گرتووە و قەشەش رۆحی. لەنێوانیاندا، هەموو مرۆڤایەتییان کردووە بە کۆیلە. ئەوان سەربەستیی هەموو کەسێکیان لەناوبردووە.

گەورەترین هاوبەشیکردن تەنیا لەو چەند مامۆستایەوە بووە کە نەك تەنیا ئازادیی خۆیان بەڵکو ئازادیی ئەوانەشیان بەڕێوەبردووە کە خۆشیانویستوون. ئەمە دەرك ناکرێ...ئەگەر تۆ منت خۆش بوێ، چۆن دەتووانم بتکەم بە کۆیلە؟ ئەگەر خۆشت بوێم، ئەو کاتە تەنیا لە سەربەستی تۆدا خۆشی دەبینم. کاتێك من گرانەوەی باڵەکانت دەبینم کە لە ئاسماندا بەرەو نەزانراو دەفڕیت، دوور دوور، بەرەو راز...ئەمە خۆشیی من دەبێ، نەك ئەمە کە دەستەمۆی دۆگمایەك، بیروباوەڕێك، ئایینێك، فەلسەفەیەك بوو‌بیت. ئەمانە هەمووی ناوی جیاجیای کۆت و زنجیرن کە لەلایەن خەڵکانی جیاجیا دروستکراون، بەڵام هەمان مەبەستیان هەیە.

لەبەرئەوەی خۆرئاوا مامۆستای نەناسیووە، تەنیا پاپاکانی ناسیووە، پەیامبەرەکانی ناسیووە، رزگارکەرەکانی ناسیووە، قەدیسەکانی ناسیووە، بەشێوەیەکی رەها بێ ئاگایە لەوەی رەهەندێك بزرە. ئەو رەهەندەش بەنرخترینە. لەبەرئەوەی بەدی نەکردووە، خراپ تێگەیشتنێکی گەورە سەریهەڵداوە.

لەوانەیە تۆ چیرۆکی (ئەیسۆپ)ت بیستبێت. ڕێوییەك هەوڵ دەدات، ئەوەندەی لەتوانایدا بێ بە توندی باز دەدات بۆئەوەی بگاتە ئەو ترێ پێگەیشتووە جوانەی کە رێك لە سەر سەرییەوە شۆڕ بووەتەوە. بەڵام بازەکەی بچوکترە لە بەرزایی ترێکە. لەکاتێکدا کە ماندوو بووە و عەرەقی کردووەتەوە و چەند جارێکیش کەوتووە، سەیری دەوروبەری دەکات بۆئەوەی بزانێ کەس تەماشای دەکات.

کەرویشکێکی بچوک کە لەناو دەوەنێکی بچوکدا خۆی حەشار داوە، تەماشای دەکات. ئەمە مەترسیدار بوو، ئەم کەرویشکە دەیتووانی هەواڵەکە بڵاو بکاتەوە. ڕێوییەکە لە مێوەکە دوور کەوتەوە. کەرویشکەکە دوای کەوت و پرسیاری کرد "مامە، تەنیا پرسیارێك. چی روویدا؟ بۆ نەتتوانی بگەیتە ترێیەکە؟" ڕێوییەکە زۆر تووڕە بوو. وتی "هەر کە تۆم بینی، گومانی ئەوەم لا دروست بوو کە لەوانەیە بچیت دەنگۆ لەبارەی منەوە بڵاو بکەیتەوە. من بڕیاری ئەوەم نەداوە ئەو ترێیە لێ بکەمەوە چونکە نەگەیشتووە. ئەگەر گوێم لە کەسیش بێت باسی ئەو ترێیە بکات، ئەوا دەتکوژم، چونکە تۆ تاکە شایەتی".

ئەمە چیرۆکێکی بچوکە، بەڵام مانایەکی گەورە هەڵدەگرێت: تۆ ناتووانیت پێی بگەیت کەچی حوکمی لەسەر ئەدەیت- ترێکە نەگەیشتووە.

ئێوە پرسیار دەکەن بەلای جیهانی خۆرئاواییەوە زاراوەکانی "سەربەستی" و "مامۆستای رۆحی" تەقریبەن دانەبڕاون لەیەکتری. بەلای ئەوانەوە کە تۆیان ناسیوە ئەمە زۆر نادروستە. چۆن "سەربەستی" و "مامۆستای رۆحی" بۆ تێگەیشتنی خۆرئاوایی پێناسە دەکەیتەوە؟

وشەی مامۆستا پشێوی دروست دەکات. بیرۆکەی ئەوەت دەداتێ کە تۆ بوویتە کۆیلە، کەسێك بووەتە مامۆستا و گەورەی تۆ. لە خۆرهەلات، وشەکە بەو مانایە بەکار دێت کە تۆ بوویتە مامۆستای خۆت، کە تۆ چیتر کۆیلە نیت، کە تۆ گەیشتوویت بە سەربەستی. زمانە جیاجیاکان، کەش و هەوای جیاواز و خەڵکی جیاجیا، ئەزموونە جیاجیاکان ئەو جۆرە پشێوییە دروست دەکەن.

بوون بە مامۆستای خۆ، لە ئاگایی خۆرئاواییدا قەت ئامانجێك نەبووە- هەمیشە ئەوە بووە چۆن ئەوانیتر ڕکێف بکەیت، چۆن مامۆستای ئەوانیتر بیت. زۆر وشەی خۆرهەلاتی هەیە تەرجەمەکردنیان بۆ زمانی خۆرئاوایی قورسە. هەمان کێشەش

دروست دەبێت ئەگەر بتەوێ فیزیای کوانتەم وەربگێڕیت بۆ زمانەکانی خۆرهەلات، تۆ وشەی راستەقینە نادۆزیتەوە، چونکە پێش ئەوەی زمان بێتە ناوەوە، دەبێ ئەزموون لەوێ بێت. ئەزموون زمان دروست دەکات.

ئەگەر هەوڵیش بدەیت ئەوە بکەیت، شتی زۆر سەیر ڕوودەدەن. وشەی خۆرهەلاتی بۆ مامۆستای رۆحی بریتییە لە (ئاچاریا). وشەی ئاچاریا واتە ئەو کەسەی کە بەشێوەیەکی رەسەن دەژیت، بەپێی ئاگایی و هۆشیارییەکەی خۆی. ئەگەر تۆش لەو کەسە نزیك بیتەوە دەتووانێ چیت بداتێ؟ بە بوون لەگەڵیدا تەنیا یەك شت فێر دەبیت: چۆن لە سەربەستی، هۆشیاری، قووڵایی یەکپارچەیی و شکۆدا بژیت. ئێمە وشەی مامۆستای رۆحی (ماستەر) بۆ وشەی ئاچاریا بەکار دێنین.

وشەی "شاگرد" دەوڵەمەنترە، چونکە وشەی (شیشیا) و وشەی "شاگرد" هەمان مانایان هەیە- لەبەر هۆکاری جیاواز، بەڵام واتاکان هەر یەکن. شاگرد کەسێکە کە هەوڵ دەدات شت فێر بێت. واتای ریشەیی وشەی "شاگرد" یەکە لەگەڵ مانای ریشەیی وشەی "دیسپلین". ئەمە واتە خۆئامادەکردنت بۆ فێربوون، بۆ تێگەیشتن.

هەرچی وشەی "مامۆستای رۆحی"یە...شاگرد عاشقی بووە و دەیەوێ هەمان ئازادی، هەمان سەرڕاستی، هەمان یەکپارچەیی، هەمان بەرزایی ئاگایی لێوە فێر بێت. پرسی ملکەچی و پرسی باوەڕ سەرهەڵنادەن. لە حزووری مامۆستادا، لە کەش و هەوای مامۆستادا، شاگردەکان بەو رەهەندە نوێیەدا گەشە دەکەن کە پێیان وانەبوو تیایاندا بێت.

مامۆستای رۆحی هیچیان ناداتێ جگە لە خۆشەویستییەکەی- ئەمەش ناتووانرێ بوترێ ئەیانداتێ. ئەمە کتومت داباریینە، وەکو چۆن خۆر تیشکەکانی بەسەر

گوڵەکاندا، بەسەر باڵندەکاندا، بەسەر هەموو ئاژەڵەکاندا پەخش دەکات، هەر کەسێك لە مامۆستای ڕۆحییەوە نزیك بێت دەکەوێتە بەر شەستەبارانی خۆشەویستی.

ئەگەر تۆ لە گەڕاندایت، ئەگەر تۆ ئامادەی فێربوونیت، ئەگەر هەنوکە فێر نەبوویت، ئەگەر هەنوکە شانازیت بەر نەکەوتووە، ئەگەر هەنوکە ئیماندار نیت، ئەگەر تۆ هەنوکە ڕۆحت بە ئایینێك، بە ئایدۆلۆژیایەك نەفرۆشتووە ئەوا تەنیا بە نزیکبوون لە مامۆستایەکەوە، شتێك دەست دەکات بە گوزەر کردن.

ئەمە ڕەتبوونی ڕووناکییە. لە خۆرهەڵات بەو شێوەیە زانراوە: گوزەرکردنی ڕووناکی لە دڵێکەوە، کە خۆی گڕی گرتووە، بۆ دڵێکی تر کە لە تاریکیدا دەست دەکوتێت.

بیر لە دوو مۆم بکەرەوە، یەکێکیان داگیرساوە و یەکێکیان نا، کە لە یەکتر نزیکتر و نزیکتر دەکەونەوە. ساتێك دێت کە تیایدا لەپڕ سەرت دەسوڕمێت- هەردوو مۆمەکە داگیرساون. گڕەکە بازیداوەتە سەر مۆمەکەی تر. ئەم نزیکییە گومان هەڵناگرێت...خۆشەویستی ئەو نزیکییە دروست دەکات و گڕەکە لە دڵێکەوە باز دەداتە سەر دڵێکی تر. ملکەچبوونی کەس و باوەڕهێنانی کەس لەئارادا نییە.

بەڵام پرسیارەکەی تۆ گرنگە، چونکە تەنانەت لە خۆرهەڵاتیش تۆ بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو مامۆستایە نادۆزیتەوە کە من داکۆکی لێ دەکەم. خۆرهەڵات کەوتووەتە تاریکاییەکی قووڵەوە. ڕۆژگاری گۆتام بودا چیتر واقعیەتێك نییە، بەڵکو تەنیا یادەوەرییەکی جوانە، خەونێکە کە لەوانەیە ڕوویدا بێت و لەوانەشە کەسێك هاتبێتە خەویەوە.

بەیانییەك پاشایەکی مەزن (پراسینتیجا) هاتە لای گوتام بودا. ئەو گوڵێکی (لۆتەس) لە دەستێکیدا بوو و لە دەستەکەی تریشیدا گرانبەهاترین ئەڵماسی ئەو

رۆژگاره هەبوو. ئەو بەهۆی سووربوونی ژنەکەیەوە هاتبوو "کاتێك گواتام بودا لێرەیە، تۆ کاتی خۆت لەگەڵ گەمژەکاندا بەفیڕۆ دەدەیت، لەبارەی شتی ناپێویستەوە قسە دەکەیت".

ئەو ژنە هەر لە سەروەختی منداڵییەوە دەچووە لای گواتام بودا، ئینجا شوی کرد. پراسێنجیتا ئەو نیازەی نەبوو بەڵام لەبەرئەوەی ژنەکەی مکوڕ بوو، وتی "ئەمێنێت لانی کەم سەردانێ بکەیت و بزانیت ئەو چ جۆرە پیاوێکە". بەڵام ئەو پیاوێکی نەفس گەورە بوو، بۆیە گرانبەهاترین ئەڵماسی لە گەنجینەکەی دەرهێنا بۆئەوەی پێشکەشی گواتەم بودای بکات.

نەیویست تەنیا وەکو کەسێکی ئاسایی بچێت. دەبووایە هەمووان بزانن...لە راستیدا دەیویست هەمووان بزانن "کێ مەزنترە- گواتام بودا یان پراسێنجیتا؟" ئەو ئەڵماسە ئەوەندە گرانبەها بوو کە زۆر شەڕ و زۆر جەنگ لەسەری بەرپا ببوو.

ژنەکەی پێکەنی و وتی "تۆ بەشێوەیەکی رەها بێ ئاگایت لەو پیاوەی کە من ئەتبەمە لای. وا باشترە کە گوڵێك ببەیت نەك بەردێك بۆ پێشکەشکردنی". ئەو نەیتوانی تێبگات، بەڵام وتی "زەرەری نییە، دەتووانم هەردووکیان بێنم. با بزانین".

کاتێك ئەو گەیشتە ئەوێ، ئەڵماسەکەی خستەڕوو، بوداش وتی "فڕێی بدە!" ئیتر ئەبێ چی بکەیت؟ فڕێیدا. ئەو پێی وابوو لەوانەیە ژنەکەی راستی وتبێ. لە دەستەکەی تریدا گوڵێکی (لۆتەس)ی پێبوو و هەوڵیدا بیداتێ، بودا وتی "فڕێی بدە!"

ئەویشی فڕێدا و کەمێك ترسی لێ نیشت: پێدەچێ پیاوەکە شێت بێ، دە هەزار شاگردیشی لێ بوو... و ئەویش لەوێ وەستابوو و بیری لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە خەڵکەکە بە گەمژەی لەقەڵەم بدەن. بودا بۆ سێیەم جار وتی "تۆ گوێ لە

من ناگریت؟ فرێی بده!" پراسێنجیتا وتی "ئەو کابرایە چی دەڵێ. ئێستا ئەڵماسەکەم فڕێ داوە. گوڵە لۆتەسەکەم فڕێ داوە. ئێستا هیچم پێ نییە". لەو ساتەشدا، (سارییوتا) کە کۆنە شاگردێکی گواتام بودا بوو دەستیکرد بە پێکەنین. پێکەنینەکەی وایکرد کە پراسێنجیتا رووی تێبکات و پێی بڵێت "تۆ بۆچی پێدەکەنیت؟"

وتی "تۆ لە زمانەکە تێناگەیت. ئەو ناڵێت ئەڵماسەکە فڕێ بدە، ناشڵێت گوڵە لۆتەسەکە فڕێ بدە. ئەو دەڵێت خۆت فڕێ بدە، نەفست فڕێ بدە. تۆ دەتوانیت ئەڵماسەکەت پێ بێت و گوڵە لۆتەسەکەشت پێ بێت. بەڵام نەفست فڕێ بدە. هەڵیمەگرەوە".

ئەو رۆژگارە زۆر جوان بوو. لەپڕ ئاسمانێکی نوێ بەڕووی پراسێنجیتا کرایەوە. ئەو لەبەردەم گواتام بودا بەوپەڕی خاکەڕاییەوە خۆی بەردایەوە و قەت نەڕۆیشت. ئەویش بوو بە بەشێك لەو کاروانەی کە شوێن گواتام بودا کەوتبوو. هەموو شتێکی لەبارەی پاشایەتییەکەی بیرچووەوە، هەموو شتێکی بیر چووەوە. تاکە شتێك کە مایەوە ئەو پیاوە جوانە بوو، ئەو نەرم و نیانییە مەزنە بوو، ئەم موگناتیزمە نەبینراوە بوو، ئەم چاوانە و ئەم بێدەنگییە بوو. ئەویش گیرۆدەی هەموو ئەمە بوو.

ئەمە پەیوەندی بە باوەڕەوە نییە. پەیوەندی بە وەرگەڕان، بە بەلگاندنەوە نییە، پەیوەندی بە بەرزترین چۆنایەتی خۆشەویستییەوە هەیە.

ئەمڕۆکە قورسە مامۆستایەکی رۆحی بدۆزیتەوە کەچی زۆر هەن خۆیان وا دەردەخەن. یەکێك لەو شتانەی کە دەکرێ لەبارەی خۆ دەرخەرانەوە بوترێت ئەوەیە کە دەتوانیت دەستبەجێ بیانناسیتەوە. ئەو ساتەی کە داوات لێدەکەن باوەڕ بە شتێك بێنیت، ئەو ساتەی کە داوات لێدەکەن پەیرەوی لە رێسایەکی دیاریکراو بکەیت، ئەو ساتەی کە داوات لێدەکەن ئیمانت پێیان هەبێ...کە دەڵێن

قەت گومان مەکە، قەت پرسیار مەکە، ئیمانێکی دڵنیات هەبێ– ئەمانە نیشانەکانی خۆدەرخەرەکەن. لە هەر کوێیەک ئەمانەت بینی، ئەوەندەی بۆت دەکرێ خێرا لەدەستیان راکە.

بەڵام ئەم خەڵکانە لە هەموو شوێنێکی جیهان هەن، نەک تەنیا لە خۆرئاوا بەڵکو لە خۆرهەڵاتیش. بە دەگمەن دەگەیتە مامۆستایەک کە شکۆمەندیت دەداتێ، کە خۆشەویستیت پێدەدات، کە ئازادیت پێ دەدات، کە هیچ کۆت و زنجیرێکت پێوە هەڵناوەسێت و هیچ گرێبەستێکیش ناکات و ناشیەوێ سێبەری بیت– ئەو دەیەوێ خۆت بیت. ئەو ساتەی کە دەتوانیت کەسێکی وەها بدۆزیتەوە، گەورەترین ساتی ژیانت گەیشتووە. لەکیسی مەدە. خۆدەرخەران زۆرن، بەڵام مامۆستا رەسەنەکان یەکجار دەگمەنن.

ئەمە نەگبەتی سەردەمەکەمانە، هی رۆژگارەکەمان کە ئێمە رەهەندێکی دیاریکراومان بە تەواوی بیر چووەتەوە– ئەمەش تەنیا لە خۆرئاوا نا. لە خۆرئاوا قەت نەیاندۆزیتەوە، بەڵام لە خۆرهەڵات ئێمە دۆزیمانەوە و لەدەستمانچوو. ئەگەر چیتر ئەو مامۆستایانەش نەبن کە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی ئیمکانیەتی خۆیان، کە لەخۆیاندا بوونەتە (خودا)یەک، ئەوا زۆر قورسە بۆ ئەو شاگردانەی لە تاریکیدا، لە کوێراییدا، لە هەموو جۆرە گومڕاییەکدا دەست دەکوتن بۆ دۆزینەوەی شکۆی خۆیان؛ خودی خۆیان.

تەقەلای من لێرە بۆ دروستکردنی شاگرد نییە– ئەمە تەنیا پێشەکییەکە– بەڵکو بۆ دروستکردنی مامۆستایانی رۆحییە، زۆرترین مامۆستای مومکین. جیهان یەکجار زۆر و بەپەلە زۆرێك لە خەڵکانی هۆشیاری؛ خەڵکانی خۆشەویستی، هی ئازادی، هی سەرڕاستی پێویستە. تەنیا ئەم خەڵکانە دەتوانن فەزایەکی رۆحیی دیاریکراو

بهێننەکایـەوە کـە بکـرێ ڕێگـر بێـت لـەوەی لەلایـەن هێـزە خۆکوژەکانـەوە وێـران بکرێت– کە زۆر بەهێزن، بەڵام لە خۆشەویستی بەهێزتر نین.